# کولتوور و کێشەکانمان

سەرۆ قادر



# کولتوور و کێشەکانمان

پێشکەشە بە کاکە سەهەندی کوڕە گەورەم و هێلینی
هاوسەری کە نموونەیەکی نەوەی نوێ و بنیاتنانی کولتوورێکی
مرۆڤانەن.

# پێڕست


ئەم کتێبەم بۆچی نووسی

بەشی یەکەم ١

کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان ١

بەشی دوویەم ٦

کولتوور وەک بنەمای کۆمەڵگای کوردستان ٧

٢-١ کولتوور چییە ٧

٢-٢ ئەرکەکانی کولتوور کامانەن ١٢

٢-٣ ستراکتۆری کولتووری کوردستان ١٧

٢-٦ کولتووری یەک نەتەوە یان یەک کۆمەڵگا ٤١

٢-٧ کولتووری هەرێمایەتی ٤٣

٢-٨ کولتووری کیشوەری (قارەیی) ٤٧

٢-١٠ هێزی کولتوور ٥٦

بەشی سییەم ٦١

٣-١ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کوردستان و بەجیهانیبوون ٦٢

٣-٢ فەرهەنگی باو ٨٠

٣-٣ جیۆگرافیا و کولتوور ٨٣

٣-٤ پێگەی داب و نەریت ٨٦

٣-٥ دین و کولتوور ٩٠

٣-٦ کولتوور چۆن دەگۆردرێ ٩٥

٣-٧ چیی لە خۆماندا بگۆڕین ١٠١

چی لەدەست دەدەین ١٠٤

٣-٩ کەسایەتی و بنەما و باوەڕییەکانی ١١١

٣-١٠ مێژوو و کولتوور ١١٧

بەشی چوارەم ١٢٣

٤-١ پەروەردە و فێرکردن ١٢٣

٤-٣ خۆرافە، ئەفسانە، ئوستوورە لە ژیانی ئەمڕۆی کوردستاندا ١٣٦

٤-٤ ئەخلاق و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی ١٤٣

٤-٥ لێبووردەیی و بەخشەندەیی ١٤٩

٤-٦ کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا ١٥٤

٤-٧ کێشەی زمان لە کوردستان ١٦٣
٤-٨ ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای کوردستان ١٧٢
٤-٩ نیشتیمانپەروەریی، نەتەوایەتی، ناسیۆلیزم ١٨٥
٤-١٠ سیاسەت و دەوڵەت ١٩٠
ئەنجامی گشتی ١٩٦
سەرچاوەکان ١٩٨
نوایە ٢٠٦

# ئەم کتێبەم بۆچی نووسی

لەم کتێبەدا من هەوڵم داوە پێناسەیەک لە کولتوور و چەمکە پێویستەکانی بکەم. مەبەستیشم لەم کارە هەنگاونان بوو بۆ مناقەشەکردنی مێژوو و جۆری پێکهاتنی هەیکەلی کولتووری کوردستان. کۆشاوم تا هەموو پاڵوەکانی وجوودی کۆمەڵگای کوردستان کە ئەم باسە بیگرێتەوە بخەمە بەرچاو و ڕای خۆمی لەسەر بدەم. جۆری بیرکردنەوە و ئەو واقیعەی تێیدا دەژین، وەسف کراوە و دەرهاویشتەکانیم باس کردوون. هەوڵم داوە سرووشتی کۆمەڵگای کوردستان لە داگیرکرانی مێژووییدا باس بکەم و تەبیعەتی بناسێنم. کێشەی زمان و پەروەردەم خستوونەتە بەر باس و زەمینەی سەرهەڵدانی سیاسییەکانی و جۆری بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەییم لە پەنجەرەی واقیعبینییەوە نمایش کردووە. هەوڵم داوە باسی کاریگەریی لێکدابڕانی چوارپارچەیی بکەم و فکرێک بۆ داهاتووی دوای ڕزگاربوونی هەر پارچەیەک بهاوێم. جیاوازییەکانم خستوونەتە بەر باس و هەوڵم داوە یارمەتیی ڕوانگای واقیعبینانە بۆ هاوکاریی نێوان پارچەکان بدەم.

سرووشتی کولتووری هەر کۆمەڵگایەک وەک فاکتۆرێکی گرینگ خواست و ئامانجەکانی درووست دەکات، لە کوردستانیش ئەوە ئاستی کولتووری کۆمەڵگاکەمانە جۆری درووست کردووە. بزووتنەوە سیاسییە ڕزگاریخوازییەکەمان و ڕابەرەکانی دەرهاویشتەی ئەم واقیعەن. ئەگەر بمانەوێ لە تەجرەبەی شکستەکانمان فێر ببین، ئەوا دەبێ زەمینەی هاتنەکایەی سەرکردەکانمان شی بکەینەوە ئینجا لە کاستییەکان تێدەگەین.

زەمینەی کۆمەڵایەتیی دین و باوەڕە باوەکانی کوردستانم پێناسە کردوون، ئایدیۆلۆژیاکانم ناساندوون و هەوڵم داوە گرفتە سەرەکییەکانی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکەم. نیازم بووە

دەریچەیەك بۆ تێگەیشتن لە سروشتی بزووتنەوەی سیاسیی ڕزگاریخوازی کوردستان بکەمەوە تا بەرەو چاککردنی هەنگاو بها و ێین .

لە نووسینی ئەم باسانەدا هەوڵێکی زۆرم داوە و زەمانێکی درێژم بۆ تەرخان کرد. ماوەی دوازدە ساڵ بە ئامادەکردنییەوە خەریك بووم، بەشێکی زۆریم بە وتار لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کردوونەتەوە و بە گشتی پڕۆژە نووسراوەکەم بۆ زۆر شارەزا و ئاکادیمی نارد، سوپاسی هەندێکیان دەکەم کە تێبینیی زۆر بە نرخیان پێدام. جیا لە بەشداریکردنم و تەجرەبەم لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی چەپ و ناوەڕاست، ئاگاداربوونم لە شێوەی کاری سی ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان، دە ساڵی کارکردنم لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان دەرفەتێکی زۆری پێدام تا لە دیققەتدانی واقیعی و کەڵکوەرگرتن لە مەعریفەی زانستی بۆ پێداچوونەوەی کۆتاییی ئەم کتێبە دڵنیا بم. سەرباری ئەوەش ئەم کارەم هەوڵێکە و تێبینی و کامڵکردن هەڵدەگرێ، بۆیە هیوادارم دوای بڵاوبوونەوەی، لە ڕەخنە و تێبینییەکان بێبەش نەبم. ئامانجی من دەوڵەمەندکردنی ڕوانگای سیاسەتمەدارانی نوێیە و ڕووی نووسینەکەم لە چالاک و بەشدارانی جیددیی ناو بزووتنەوەی سیاسیدایە.

سەرۆ قادر

هەولێر / ئاداری٢٠٢١

# بەشی یەکەم

## کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان

کۆمەڵگای کوردستان لە بەشی باشووریدا، بە دەست هەندێک کێشەی بنەڕەتییەوە گرفتارە. وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە تایبەتمەندیی خۆی لەو کێشانەدا هەیە. من دەمەوێ ڕێگای چارەسەرییەکان بدۆزمەوە. بۆ هێندێش پێویستە خودی کۆمەڵگاکەمان شی بکەمەوە تا لە پێکهاتەکانی بزانم و لە گرفتەکانی تێبگەم. دوای ئەو کارەش، دەشێ گەلاڵەم بۆ پێشکەوتن و کرانەوە هەبێت.

کوردستان خاوەنی یەکپارچەییی کۆمەڵایەتی نییە. ئەوەش لە ئاکامی پارچە پارچەبوونییەوە هاتووە، کە سەد ساڵە بەسەر چوار دەوڵەتدا بەش کراوە. هەڵبەت چوارسەد ساڵ بەر لەو چوار پارچەییە، بەسەر هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویدا بەش کرابوو. ئەو دابەشبوونە دەرهاویشتەی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان نییە. بۆیە خودی کۆمەڵگاکە لێی بێبەرییە و بەسەریدا سەپێندراوە. بە درێژاییی پێنجسەد ساڵ دابەشبوون، تا ئێستایش ئەو یەکە ئیتنیکییە ناسنامەی خۆی لە لاگیریی نەتەوەییدا دەردەبڕێ و بەردەوام داوای لاچوونی دەستبەسەری دەکات و ئاواتاکانی لە سەربەخۆییدا دەبینێ.

بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کێشەی کوردستان پچڕانی کۆمەڵایەتییە. مەبەستم لەو پچڕانە نەبوونی پەیوەندیی بەردەوامە لەناو دانیشتوانی کوردستاندا. هەر پارچەیەی، بیەوێ و نەیەوێ، لە ژێر کارتێکردنی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی باڵادەستدایە. لەگەڵ کولتووری نەتەوەی باڵادەستدا لە وەرگرتن و ڕەفزکردندا دەژی. هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەردەوام نابێت. بۆیە هەر پارچەیەی کوردستان لەو ڕووەوە، ناچارە

هاوســووی ڕەوت و چەمکەکانــی نەتــەوەی باڵادەســت بێــت. کــە ئەویــش لــە کۆیــدا بــە خــۆی و کــوردەوە، کۆمەڵگایەکــی دەســتکردی لــێ پێــک دێــت. هــەر لــەو پرۆســەیەدایە، کــورد هەوڵــی کۆمەڵایەتییانــەی خــۆی دەدات، تــا بوونــی خــۆی لــە توانــەوە لــە نەتــەوەی باڵادەســتدا بپارێــزێ. بۆیــە توونــد دەســت بــە تایبەتمەندییەکانییــەوە دەگــرێ و کولتــووری خــۆی دەپارێــزێ، کــە وەک بەشــێکی لاوەکیــی کولتــووری باڵادەســت کار دەکات. ئــەو حاڵەتــە هەریــەک لــە چــوار پارچەکانــی کوردســتان دەخاتــە پرۆســەیەکی وەرگرتــن و فڕێــدان (جــذب و دفــع). واتــا لەگــەڵ کۆمەڵــگای دەوڵەتــی ڕەســمی تێکەڵــە و بەشــێکە لــەو، لــە هەمانکاتــدا خــۆی لــێ دەپارێــزێ و لێــی دوور دەوەســتێ. ئــەو حاڵەتــە هــەر بەشــێکی کۆمەڵــگای کــورد دەخاتــە ناکۆکییەکــی قووڵــەوە و توانایــی پێشــکەوتنی تێــدا کــەم دەکاتــەوە. ئــەو دواکەوتنــە ڕێژەییــە، بــە هــەر چــوار پارچــەی کوردســتانەوە دەبینــدرێ.

ئــەو دۆخــەی مــن وەســفی دەکــەم، میللەتێکــە لــە بارێکــی ســایکۆلۆژیی نالەبــاردا دەژی، بۆیــە جیــا لــە هەوڵــدان بــۆ خۆرزگارکــردن، هیــچ پرۆژەیەکــی کۆمەڵایەتــی دیکــەی نییــە. ڕەنگدانــەوەی ئــەو بــارە، لەســەر کەســەکانی نــاو کۆمەڵــگا لاوەکییەکــەی کــورد، وایکــردووە ئاســتی ڕۆشــنبیری نــزم بێــت و لــە ســنووری زانیاریــی سیاســیی ڕزگاریخوازیــدا بوەســتێ. بــە گشــتی زمانێکــی بەهێــز کــە هەڵگــری زانیارییەکــی تۆکمــە و فــراوان بێــت، نییەتــی. زمانــی کــوردی قەدەغەیــە و تەنیــا لــە پەراوێــزدا، بەشــێک لــە خێزانــەکان پێیدەدوێــن و لــە ناوچەییەکــی مشــوورنەخوراودا ماوەتــەوە. هەروەهــا زمانــی نەتــەوەی باڵادەســت، کــە زمانــی کولتــووری کۆمەڵــگای خــاوەن دەوڵەتــە، تەنیــا لــە ســنووری قوتابخانــە و پێویســتییە سیاســی و ئیدارییــەکان لــەلای کــوردان بــەکار دێــت. بۆیــە ئەویــش زمانــە بەکارەکــەی کۆمەڵــگای لاوەکیــی کــوردان نییــە. لــەم حاڵەتــەدا کۆمەڵــگای کــورد ئەزموونــی کۆمەڵایەتیــی خوێندنــەوە و قــووڵ بیرکردنــەوەی نابــێ. ئەنجامــی ئــەو دۆخــە کۆمەڵایەتییــە، کەمخوێندنــەوە و ســادە بیرکردنەوەیــە.

نەخوێندەواریی موتڵەق یەکێکی دیکەیە لە دیاردەکانە، کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان دەگرێتەوە. ئەوەش وا دەکات نەخوێندەوار لە پرۆسەی زانین و تێکەڵبوونی گۆڕان و پێشکەوتن بێبەش بێت. نەخوێندەواری زەمینەیەکی بەپیتی مانەوەی باوەڕی خورافییە. باوەڕی خورافی، پانتاییەکی زۆری ئاگایی دانیشتوانی کوردستان دەگرێتە خۆی. ئەوە جیا لەو بارەی کە نەخوێندەواری، بۆ مانەوە و بەردەوامی لە نەزانی و خورافاتدا دەیڕەخسڕنێت.

وەک دیارە، گشت کۆمەڵگا تەقلیدییەکان (سوننەتییەکان) لە قۆناغی بڕوای دینی موتڵەقدا دەژین. کۆمەڵگای کوردستانیش تا ئێستا لە تەقلیدێتیدایە و سەرباری لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بەجیهانیبوون و گۆڕان لە زۆر بواردا، دیسان مۆرکی بڕوای دینی تێیدا زاڵە. ئەم کۆمەڵگایە تا ئێستا، بە چەشنێک نوێ نەبووەتەوە، کە بە سیستەماتیک بیخاتە سەر ڕێچکەیەکی نوێی ئەوتۆ، ئامادەیی قبووڵکردنی سیستەمێکی زانستی یان هاوچەرخی هەبێت. لە پاڵ ئەوەشدا، داب و نەریتی کۆنی کوردەواری کە زۆربەیان تەواوکاری خۆپارێزیی پەروەردەی دینین، لە برەودایە و بە ئەندازەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی خۆیان، دەستی تاک لە جووڵان بەرەو سیستەمێکی نوێ دەبەستێ.

ئەو تەونە بڕوایانەی باسم کردن، ئامادەیی بەپارێزی (موحافەزەکاری) وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییانەی بەربڵاو، لەناو کۆمەڵگای کوردستان درووست کردووە. ئەوەش زەمینەی توندڕۆیی و توندوتیژی نواندنی بەرانبەر دیاردە و حاڵەتی نوێ ئامادە کردووە، تێشووی فکری و باوەڕی توندڕەوانەی بۆ دەستەبەر کردوون. مقاوەمەتکردن لەبەرانبەر نوێبوونەوەدا، یەکێکە لە سیما دیارەکانی کۆمەڵی کوردستان. هەرچەند ڕاددەی ئەو مقاوەمەتە زۆر کەمترە لەوەی لە وڵاتانی دیکەی موسوڵماندا دەبیندرێ، بەڵام ئەو بڕستەی تێدایە کە هەمیشە کار لە ڕووداوەکانی وڵاتانی دیکەی موسوڵمان وەربگرێ و ڕوو بکاتە توندوتیژیی زیاتر (میلانی، ١٩٨٨).

باوەڕ بەخۆنەبوون، دیاردەیەکی دیکەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگاکەمانە. ڕیشەی ئەم نەخۆشییە لەناو ئێستا و ڕابردووی کورددا دەدۆزرێتەوە. ئێمە هیچ مەڵبەندێکی لێتۆژینەوەی کۆمەڵایەتیمان نییە تا زانیاریی وردمان بداتە دەست. بەڵام مێژووی ژێردەستەیی، هەمیشە سایکۆلۆژیای تەپەسەری و ملکەچی و بێگاری درووست دەکات (حجازی، ٢٠٠١). میللەتێکی دوور لە زانست و خوێندەواری، ڕووداو و دیاردەکانی ژیانی خۆی پێ لێک نادرێتەوە و دەستەوەستان دەبێ. کاتێک گوێ لە مێژووی خۆی دەگرێ یان پێیدا دەچێتەوە، جیا لە کڵۆڵی و ستەم و سوکایەتی، هیچی دیکە نابینێ. بۆیە ناتوانێ گیانی باوەڕبەخۆبوون لەخۆیدا بخوڵقێنێ (کوش، ٢٠٠٤).

باوەڕبەخۆنەبوون لەخۆیدا، هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر دانواندن و پەنابردن بۆ لایەنی باڵادەست (حجازي، ٢٠٠١). بۆیە کۆمەڵگای نیولەتی کوردەواری، ناچارە خواستە ڕۆژانەییەکانی خۆی، لە زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەستدا دەستەبەر بکات. هەر لەوێیشدا، ئەدەبی، زانستی، نموونەی کامڵ و باڵای خۆی دەستنیشان دەکات؛ کە هیچیان لە کولتووری نەتەوەی خۆیدا نابیندرێن. هەڵبەت بۆ سیاسییەکان، زیاتر چاوی لە خۆیەتی نەک لە نەتەوەی باڵادەست. فکری سیاسیی ئەو وڵاتانەی کوردیان داگیر کردووە، نوقمی شۆڤێنیزم و دیکتاتۆری و خوێنڕشتنن، لە نکوڵیکردن لە کورد، کوشتار و بنەبڕکردنیدا درووست بووە. بۆیە ئاسان نییە ببنە جێی پەسندی دانیشتوانی کوردستان (کلیفورد، ١٩٧٣).

زمانی نەتەوەی باڵادەست، بە گوێرەی ئەو قەدەغە و بەکارنەهێنانەی لەسەر زمانی کوردی هەیە، خۆی دەبێتە زمانی ڕەسمی و کوردیش بە کاری دێنن. هەڵبەت ئەو زمانانە قەت نەیانتوانی ببنە زمانی ڕاستەقینەی دانیشتوانی کوردستان، نەک لەبەر بەهێزیی زمانی کوردی، بەڵکووو لەبەر هۆکاری خۆسەپاندنیان. زمانی کوردی چونکە لایەنی هەرە

بەهێـزی ناسـنامەی نەتەوەیـی و کولتووریـی کوردانـە، هەمیشـە جێـی بایەخـی ئاخێوەرەکانـی بـووە. ئـەوەش بـە سرووشـت، کاردانەوەیەکـی ئاسـاییە. بەردەوامیـی مێـژووی ئـەو کردەوەیـە وایکـردووە، زمـان ببێتـە پێناسـەی نەتەوەییـی کـورد. وەک دیـارە کوردبـوون بـە زمانـە، نـەک ڕەگـەز و پشـت و مەزهـەب و دیـن. هـەر کەسـێک بـە زمانـی کـوردی قسـەی نەکـرد بـە تـواوە دەژمێـردرێ و، سیاسـەتی تواندنـەوەی نەتەوەییـیش، لـە جەوهـەردا تواندنـەوەی زمـان بـووە.

یەکێکـــی دیکـــە لـــە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی کۆمەڵـــگای کوردســـتان گومانـــە. گومـــان نەخۆشـــییەکی کۆمەڵایەتیـــی زۆر بەرفراوانـــە، ئـــەوەش ســـەرچاوەکەی لـــەو بندەســـتییەوە دێـــت کـــە تێیـــدا دەژییێـــت. گومـــان (وەک نەخۆشـــی) یەکرِیـــزی و هـــاوکاری لەنـــاو کۆمەڵـــی کوردســـتاندا کردووەتـــە کارێکـــی زەحمـــەت و هەڕەشـــە لـــە هەمـــوو پـــلان و پڕۆژەیەکـــی بنیاتنـــەر دەکات. گومـــان، ڕاســـتەوخۆ تـــرس و دڵەڕاوکـــێ درووســـت دەکات. ئـــەو شـــڵەژانە دەروونییـــە کۆمەڵایەتییـــە لـــەو شـــێواوییە گشـــتییەوە دێـــت، کـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتان لـــە ئەنجامـــی ســـتەمی نەتەوایەتـــی و ڕێگرتـــن لـــە پێشـــکەوتن گیـــرۆدەی بـــووە. دیـــاردەی تـــرس و گومـــان لـــە هەنـــاوی خۆیانـــدا گیانـــی پیلانگێـــڕان و ناهەماهەنگـــی درووســـت دەکـــەن. لـــە مەیدانـــی بـــە کـــردەوەدا، پیلانگێـــڕان بەربەســـتێکی گەورەیـــە لەبـــەردەم کۆکردنـــەوەی توانـــاکان و گڕدانـــی پڕۆســـەی کار و بەڕێوەبردنـــدا.

لاگیریـــی ناوچەیـــی، لێکترازانـــی زمـــان، ســـەرەنجام لێکدوورکەوتنـــەوەی ناوچەکانـــی کوردســـتان، بووەتـــە گرفتێکـــی ســـەرەکیی هەرێمـــی کوردســـتان. ئەگـــەر جـــاران لاگیریـــی خێڵەکـــی هەڕەشـــەی لـــە یەکێتیـــی نەتەوەیـــی دەکـــرد، لـــەم ڕۆژگارەدا لاگیریـــی ناوچەیـــی لەســـەر بناغـــەی دوو شـــێوەزاری ســـۆرانی و کرمانجـــی، بووەتـــە کیشـــەیەکی ترســـناک. ئـــەو دیـــاردە ناســـاغڵەمە لێکۆڵینـــەوە و چارەســـەری دەوێـــت.

نەبوونـی هیـچ هـۆکار و هاندەرێـک بـۆ پێشـکەوتن، گیانـی کارنەکـردن و سایکۆلۆژیای تەمبەڵیـی بـە نـاو خەڵکدا هەمەگیـر کـردووە. لـە هەرێمـی

کوردستانی بەشی عێراقدا کە تاکە پارچەی ئازادبووی کوردستانە، ئەنجامی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کوێر کردەوە. بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی کۆتایی پێهات و کۆمەڵگا لەسەر دەستی حکوومەت دەژێیت.

نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی کۆن (تەقلیدی)، کێشەیەکی فراوانی کۆمەڵگای کوردستانیشە. کێشەی ژنان و ستەمڕەواییی بەردەوام بەرانبەریان، گرفتێکی هێندە گەورەیە کە نیوەی دانیشتوانی کۆمەڵگایەکەی بەلاوە ناوە. بەبێ چارەسەرکردنی ئەوە، کۆمەڵگا بڕستی هەڵسانەوە و پێشکەوتنی وەبەرنایەت. ڕوانگای کۆنانە بەرانبەر خواست و پەروەردەی لاوان، وایکردووە نەوەی نوێ خۆی بە ستەملێکراو دابنێ و هەمیشە لە سایکۆلۆژیەتی ناڕازیدا بژێیت (گر تد رابرت، ١٣٨٨). نابەرابەری بەرانبەر کەمینە دینی و نەتەوەییەکان، پشووی نابەرابەریی ناو کۆمەڵگا گەرمتر دەکات و ترازانی کۆمەڵایەتی ئاسانتر دەکات. گیانی هاوکاری و باروبۆکردنی پەککەوتە و لێقەوماوان زۆر لاوازە، تا لێواری نەبوون. ئەوەش تلانەوەی بەشێک لە کۆمەڵگای، بە بەرچاوی زۆرینەوەی کردووە بە دیاردەیەکی ئاسایی. دڵڕەقی و بێبەزەیی کردووەتە دیاردە، گیان و ڕەسمی هاوکاری مرۆڤانەی کۆمەڵایەتی بنەبڕ کردووە.

من بە کورتی ئیشارەم بە کێشە سەرەکییەکان کردووە، بەو هیوایەی لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا لێیان بکۆڵمەوە و هەوڵ دەدەم ڕێگای چارەسەریان بۆ پێشنیاز بکەم. ئەمە دەروازەی ڕوانگای منە بۆ کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستان. هەڵبەت لە چارەسەرییەکان جەختی سەرەکیم لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە تاکە پارچەی ئازادی کوردستانە و دەتوانێ نموونەی پێشکەوتن بێت بۆ داهاتووی پارچەکانی دیکە.

## بەشی دوویەم

# کولتوور وەک بنەمای کۆمەڵگای کوردستان

## ٢-١ کولتوور چییە

پێویستە پێناسەیەکی سادە و ئاسانفام بۆ کولتوور بکەم. ئەویش بریتییە لە تێکڕای بوار و شێوازەکانی مەعنەوی و ماددیی ژیانی کۆمەڵگا. لە بواری مەعنەویدا هەموو داب و نەریت و باوەڕەکان و سیستەمەکانی پەروەردە و ڕێکخستنی یەکەکانی پێکهێنەری کۆمەڵ، هەر لە خێزانەوە تا تیرە و عشیرەت و دەوڵەت و دین دەگرێتەخۆ. بەم بوارەیان دەگوترێ فەرهەنگ. بوارە ماددییەکەشی بریتییە لە بەرهەمی هەستپێکراوی ماددیی ژیانی کۆمەڵ. وەک سیستەمی نیشتەجێبوون کە خانوو و ڕێگاوبان و ئاودێری و پیشە و پیشەسازی وهونەر دەگرێتەوە (سالزمن، ١٣٨٨). ئەم بوارەشیان پێیدەگوترێ شارستانییەتە. بۆیە پێشنیاز دەکەم لە زمانی کوردیدا کولتوور بەسەر دوو بواری فەرهەنگ و شارستانییەتدا بەش بکەین. ئاوها باشتر لە ناوەرۆکە ڕاستەقینەکەی تێدەگەین.

کولتوور دیاردەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگایە. مەبەستم لە دیاردەیە واتا بەرهەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. شتێک بە ناوی کولتوور لە دەرەوەی کۆمەڵگای مرۆڤ بوونی نییە، بەڵام گرینگییەکەی لەوەدایە وەک دیاردەی سەرەکی دەردەکەوێ و سیستەمی هەرە بەرفراوانە بۆ داهاتنی سیستەمەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا.

دەمەوێ هەندێک زیاتر ئەو قسانەی سەرەوەم ڕوون بکەمەوە: کە دەڵێم کولتوور دیاردەی سەرەکییە، چونکە هیچ سیستەمێک و دیاردەیەک دانایەت ئەگەر کولتوور هەڵنەکەوتبێت. کولتوور وردە وردە لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤ دەخەملێت و شێواز و پێکهاتەی خۆی وەردەگرێت. جا بۆیە دەتوانین بڵێین، دوای لەدایکبوونی بایۆلۆژی، ئینسان لە قۆناغی دووەمدا لەناو کەشی کولتووردا

درووســـت دەبـــێ. ئـــەوە کولتـــووره تاکـــەکان پـــەروەردە دەکات و لـــە پەیوەندیـــی تاکەکانیـــش شـــێوازی تایبەتـــی کۆمەڵـــگا درووســـت دەکات. واتـــا کۆمەڵـــگا لـــە ڕێـــی کولتـــوورەوە خـــۆی دەردەخـــات و جیاوازیـــی کۆمەڵگاکانیـــش بـــە شـــێوەی ســـەرەکی لـــە کولتوورییاندایـــە (میلـــنر و براویـــت، ١٣٩٤).

کۆمەڵـــگا لـــە پڕۆســـەی درووســـتبوونی خۆیـــدا، لەگـــەڵ گەشەســـەندنی هـــۆش لـــە مرۆڤـــدا و بەکارهێنانـــی دەنگـــەکان بـــۆ واتـــا و چەمکدانـــان لەســـەر شـــتەکانی دەوروبـــەری خـــۆی، ئینجـــا دیاریکردنـــی بوونەوەرەکانـــی دەوروپشـــتی خـــۆی و ناســـین و هەوڵـــدان بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە مانایـــان، زمـــان درووســـت بـــووە. سیســـتەمی ســـەرەکی بـــۆ پاشـــەکەوتکردنی زانیارییـــەکان و بیرهاتنـــەوەی ڕێـــگا و شـــوێن و شـــیوازی گونجـــاو بـــۆ دەســـتەبەرکردنی پێویســـتییەکانی ژیـــان، کولتـــووری داهێنـــا. کەواتـــا کولتـــوور پێویســـتییەکی ژیانـــە. دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانی بایۆلـــۆژی مەیســـەر نابـــن ئەگـــەر کولتـــوور درووســـت نەبێـــت. ئـــەو درووســـتبوونەش کردەوەیەکـــی حەتمییـــە و کۆمەڵـــگا ئەنجامـــی دەدات. کولتـــوور پێویســـتییەکی مرۆڤانەیـــە، بـــەڵام تـــاک بـــە تەنیـــا پێـــی درووســـت ناکـــرێ. بـــۆ درووســـتبوونی، پێویســـت بـــە پەیوەندیـــی زەروری نێـــوان زیاتـــر لـــە کەســـێک هەیـــە. کۆمەڵێـــک کـــەس دەتوانـــن ســـەرەتاییترین جـــۆری کولتـــوور دابێنـــن. هـــەروەک چـــۆن بـــۆ درووســـتبوونی زمـــان پێویســـتی بـــە زیاتـــر لـــە کەســـێک هەیـــە. جـــا لێـــرەوە پەیوەندیـــی ئۆرگانیکـــی نێـــوان زمـــان و کولتـــوور دەردەکەوێـــت (بشـــیریە،١٣٨٧).

کەرەســـتەی ســـەرەکیی درووســـتبوونی کولتـــوور زمانـــە، چونکـــە مانـــا و چەمـــک ڕایەڵـــەی بەشـــەکانی ناوخـــۆی هـــەر کولتوورێـــک پێکـــەوە دەبەســـتنەوە. زانیارییـــە ســـەرەتاکانی مـــرۆڤ لـــە مێـــژوودا، دوای پەیدابوونـــی زمـــان هاتنـــەدی و پاشـــەکەوت کـــران. زمـــان پێویســـتییەکی بایۆلۆژییـــە کـــە بەبـــێ ئـــەو مرۆڤـــی هۆشـــمەند درووســـت نەدەبـــوو (چامســـکی،١٣٩٣). ئـــەو بوونـــەوەرەی بـــە تیـــرەی ســـەرەکیی مرۆڤـــی

ئــەم زەمانــە دادەنــدرێ، ئەگــەر زمــان نەبــا لــە ئاســتی جۆرێکــی دیکــەی نزیــک لــە گۆریــلاکان تێنەدەپــەڕی.

کــۆدی بایۆلۆژیــی زمــان، لــە جینــی بەشــەردا هەیــە و لەنــاو کۆمەڵــدا دەردەکــەوێ. واتــا ئەگــەر منداڵــی مــرۆڤ لەنــاو خێــزان نەژییــت و پــەروەردە نەکرێــت، ئــەوا ســەرەڕای توانایــی جینــی، بــەڵام هــەر زمــان ناگرێــت. کەواتــا دەرکەوتــن و دەوڵەمەندبوونــی زمانیــش دەبەســترێتەوە بــە کۆمەڵایەتیبوونــی مــرۆڤ. ســتراکتۆری (هەیکــەل) زمــان بــە شــێوە گشــتییەکەی لــە کــۆدە جینیتیکییەکەیــدا پاشــکەوت کــراوە، بۆیــە دەبینیــن بەپێــی بارودۆخــی جیۆگرافــی و کۆمەڵایەتیــی هــەر کۆمەڵگەیــەک زمانــی تایبەتــی درووســت دەبــێ، هەمــوو زمانەکانیــش لەنــاو بازنــە گشــتییەکەی ســتراکتۆری زمانــدا، هەیکــەل و ڕێزمانــی خۆیــان دادەڕێــژن (ترســک ،١٣٨٠).

هــەر کاتێــک لای کەســێک زمــان تووشــی گرفــت بێــت، ئــەوا کولتووروەرگرتنــی ئــەو کەســەش دەوەســتێ. بــۆ نموونــە ئــەو کەســانەی لــە ئەنجامــی ڕووداوێکــدا ســەریان زەبــری بەردەکــەوێ و ئــەو بەشــەی تایبەتــە بــە زمــان لــە کار دەکــەوێ، ئیــتر لــەوەولا نــە زانیــاری پــێ زیــاد دەکــرێ و نــە توانایــی تێکەڵیــی کۆمەڵایەتــی وەک جــاران دەمێنــێ. کەواتــا ڕۆڵــی کولتــووری ئــەو کەســە کۆتایــی دێــت. هەڵبــەت ئــەو بەشــە لــە زانیــاری کــە پێشــدان هەیبــووە، لای باســکراو، لەوانەیــە هەربمێنــێ؛ بــۆ نموونــە لەوانەیــە کەســەکان بناســێتەوە، بــەڵام لــەوە زیاتــر ڕۆڵێکــی دیکــەی نابــێ. هــەر بۆیــەش ئەوانــەی لــە زکماگــدا کــەڕ بــن، زمــان فێــر نابــن و کارتێکردنــی کولتوورییشــیان زۆر نزمــە. ئــا لێــرەوە دەکــرێ دڵنیــا ببیــن کــە ســتراکتۆری کولتــوور لەژێــر کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی زماندایــە. هەربۆیــەش میتــۆدی ســتراکتۆرالیزم (پێکهاتەخــوازی) کــە لــە زمانــەوە دێــت، لەبارتریــن شــێوازە بــۆ شــیکردنەوەی کولتــوورەکان و لێتێگە یشــتنیا ن .

ئەرکی بنەڕەتیی کولتوور لە کۆمەڵگادا، گواستنەوەی هەموو پێکهاتەکەی خۆیەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی نوێ و پەروەدەکردنییەتی لەسەر شێوازی تایبەتی خۆی. هەر کولتوورێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕاهێنان و چاودێریکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵگاکەی. چاودێریی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمەڵگا و هەندێک لە دەزگاکانی بەسەر تاکەکانیدا هەیانە. ئەو چاودێرییە، باش تێگەیاندنی تاکەکانە لە باوەڕ و داب و نەریت و ڕاهێنان لەسەر بەهاکان و شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری، پاراستنی پلە کۆمەڵایەتییەکان، جۆرەکانی بەرهەمهێنان، مافی خاوەندارێتی، کۆڵانەکانی جووڵانی کۆمەڵایەتی، ڕەچاوکردنی نەریتەکانی پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری ماددییە.

کولتوور ڕێگا و سەرچاوەکانی بەردەوامیی ژیانی بۆ کۆمەڵگا دیاری کردووە. ئەو زانیارییانەی لە کۆمەڵگادا پاشەکەوت کراون، دەیخاتە دەست ئەندامەکانی. چاودێریی لادان دەکات و لە لادەرەکان دەپێچێتەوە، هەروەها چەشنی پەسندەکانی دیاریی کردووە و بەردەوام بەرهەمی دێنێتەوە. بۆیەش لە کەشێکی یەک کولتووریدا تیپی لێک دەچن. هەر کولتوور لەناو خۆیدا دەرفەتەکانی کارێزمایی و سەرکردەیی بۆ تاکەکانی دەستنیشان کردووە. بە کێبڕکێ و بەربەرەکانێی کۆمەڵایەتی، هەریەک لە ئەندامانی کۆمەڵ بۆیان هەیە بگەنە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی بتوانن کار لەسەر هەموو کۆمەڵگا بکات. کولتوور لەوەدا یەکسانی دابین کردووە. هەرچەند کردەوەکە زۆر سەخت و گیانپڕوکێنە.

جووڵانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە جێگۆڕکێکردن لە پلە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و دەرگا کرانەوە لەسەر نەوە و تاقمە بێبەشەکانی پێشوو، تا لەمڕۆدا ڕۆڵی بە ویست و توانایی خۆیان ببینن. ئەم جووڵانە لەگەڵ خۆیدا داب و نەریت، بڕوا و بەها و زانیاریی نوێ دێنێتە ناو کۆمەڵگاوە. دەست بە گۆڕینی ئەو بەشە لە کولتوور

دەکات کــە بــۆ ئــەو زەمانــە تواناییــی ژیانــی نەمابــێ. لەوێــوە بەرەنــگاری کولتــووری لــە ڕێــگای ئــەو بەشــەی کۆمەڵــگا دەســت پــێ دەکات کــە بەرژەوەندییــان لــە بــاوی کۆندایــە و هاتــووی نــوێ قبــووڵ ناکــەن. بــەم چەشــنە کێشــە و زۆرانبازیــی کۆمەڵایەتــی دەســت پــێ دەکات. ئــەو کێشــەیە زۆر ئاســاییە و لەگــەڵ سرووشــتی ژیــان بــۆ بەردەوامیــی نوێبوونــەوە، یــەک دەگرێتــەوە.

دەکــرێ لــە زۆر ڕووەوە ئەرکــی کولتــوور لــە نــاو کۆمەڵــگادا دەستنیشــان بکــرێ. مــن ئەرکــە ســەرەکییەکان نــاو دێنــم کــە بریتیــن لــە: لــە گواســتنەوەی زانیــاری، داب و نەریــت و بــاوەڕەکان و ئیــمان، شــێوازەکانی پــەروەردە و سیســتەمی خێــزان و تیپــی، میزاجــی گشــتی، عەقڵیەتــی تایبەتــی ئــەو کۆمەڵگایــە. کولتــوور لــە ڕێــگای ئەوانــەوە مێــژووی کۆمەڵگایــەک لــە پشــتێکەوە بــۆ ئەویــتر دەگوازێتــەوە. زاکیــرەی مرۆڤایەتــی لــە کەناڵەکانــی کولتــوورەوە دەپارێــزرێ و نــەوە بــە نــەوە دەستاودەســت دەکات. کولتــوور ئــەو سیســتەمە گشــتییەی پیکهێنــەری کۆمەڵگایــە کــە زەمینــە بــۆ سیســتەمەکانی دیکــە دەڕەخســێنێ. بۆیــە مۆرکــی هــەر کولتوورێــک بەســەر سیســتەمە پێکهێنەرەکانــی کۆمەڵگاکانــدا دیــارە. بــۆ نموونــە ئــەو کۆمەڵگایانــەی موســوڵمانن، هەموویــان پەیــڕەوی لــە بــاوەڕە گشــتییەکانی ئــەو دینــە دەکــەن، بــەڵام لــە پەیڕەوکردنیــدا بــە کەناڵــی کولتــووری خۆیانــدا تێدەپــەڕن. کۆمەڵــگای موســوڵمانی پاکســتانی، مەغریبــی، تورکیــا، ئێرانــی و کوردســتانی لــەوەڕا لێــک جیــا دەکرێنــەوە.

هــەر کولتوورێــک بەپێــی هەڵکەوتــی جیۆگرافیایــی، مێژوویــی، بــاوەڕە پێکهێنەرەکانــی، چەشــنێکی لــێ هەڵدەکەوێــت کــە بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە تاکەکانیــدا ڕەنــگ دەداتــەوە. وەک دەبینیــن چەشــنی بــەدەوی لــە ســوێدی جیایــە. ڕۆژهەڵاتــی بــە ڕوانــگای دینــی و ئەفســانەیی و پابەنــد بــە داب و نەریــت، لــە ئەمەریکایــی کــە زیاتــر کردەوەیــی و بەرژەوەندخــوازە، جیــا دەکرێتــەوە. چەشــنی هــەر کولتوورێــک بەپێــی

قۆناغـــی پێشـــکەوتنی کۆمەڵگاکـــەی بـــەراورد دەکـــرێ، نـــەک بـــە بـــاش و خـــراپ لێکدانەوەیـــان. بۆیـــە هـــەر کولتوورێـــک هەڵگـــری بـــاری مێژوویـــی کۆمەڵگاکـــەی خۆیەتـــی. واتـــا گۆڕانەکانـــی میـــژووی ئـــەو کۆمەڵگایـــە ڕەفتـــار و بـــاوەڕ و ســـایکۆلۆژیای تایبەتـــی بـــۆ تاکەکانـــی دەخوڵقێنێـــت.

هـــەر کولتوورێـــک بـــەو پێکهاتەیـــەی باســـم کـــرد، عەقڵیەتێکـــی تایبەتـــی کـــە وەڵامـــدەرەوەی خواســـتە ژیارییەکانـــی ئـــەو کۆمەڵگایـــە بێـــت، درووســـت دەکات و دەبێتـــە کەناڵـــی ســـەرەکی بـــۆ بیرکردنـــەوە و جـــۆری پەیوەندیـــی تاکەکانـــی ئـــەو کۆمەڵگایـــە. وەک عەقڵیەتـــی دینـــی، خێڵەکـــی، زانســـتی، گشـــتگیر و زۆری تریـــش (میـــد، ١٣٨٥).

هـــەر لـــەم ســـۆنگەیەوە، کولتـــوور بەپێـــی قۆناغـــی خـــۆی، ڕێـــگا و شـــێواز و ســـایکۆلۆژیای تایبەتـــی بـــۆ مانـــەوە لەســـەر بیـــروڕای کـــۆن یـــان هەڵپەکـــردن بـــۆ زانســـت و داهێنـــان لای تاکەکانـــی درووســـت دەکات. لـــە کۆتاییـــدا مەعریفەیەکـــی (دانـــش، نۆڵـــەج) تایبەتـــی بـــۆ کـــۆی کۆمەڵگاکـــە هەڵدەچنێـــت کـــە دەبێتـــە ســـەرچاوە بـــۆ بـــاوەڕ و ڕوانـــگای.

## ٢-٢ ئەرکەکانی کولتوور کامانەن

لێـــرەدا وەک سەرەباســـێکی ســـەربەخۆ لێـــی دەدوێـــم، نـــەک بـــۆ یارمەتیدانـــی باســـی دیکـــە. گواســـتنەوەی بەهـــا کۆمەڵایەتییـــەکان ئەرکێکـــی ســـەرەکیی کولتـــوورە. بەهـــاکان بریتیـــن لـــەو بـــاوەڕ و ڕوانگایانـــەی کـــە دەبـــێ لـــە کۆمەڵـــدا بێنـــە دی و ببنـــە بەشـــێک لـــە ژیانـــی خەڵـــک. ئـــەو بەهایانـــە دەستنیشـــانی چاکـــی و خراپیـــی ئـــەو کردارانـــە دەکـــەن کـــە وەک پێشـــنیاز لـــە بەردەمـــی تـــاک دادەندرێـــن. لـــە پرۆســـەی پـــەروەردەدا تـــاک پێـــی گـــۆش دەکرێـــت. بەهـــاکان لەســـەر بنەمـــای بـــاوەڕە گشـــتییەکانی کۆمەڵـــگا دادەڕێژرێـــن، ڕوانـــگای زۆر ڕووت و گشـــتی و خاوەنـــی پێـــوەری هاوبەشـــن بـــۆ بڕیاردانـــی کۆمەڵایەتـــی. وەک باوەڕبـــوون بـــە ئازادیـــی تـــاک، هەلـــی هاوبـــەش بـــۆ هەمـــووان، ڕێزگرتـــن لـــە ئازادیـــی

ئافـــرەت، یارمەتیدانـــی پەککەوتـــە و لێقەومـــاوان (عضدانلـــو،١٣٨٤)، هەروەهـــا لەوانەیـــە بەهاکانـــی کۆمەڵـــگا پێچەوانـــەی ئـــەو چەمکانـــەی ســـەرەوە بـــن. بـــۆ نموونـــە بـــاوەڕی بـــە ئازادیـــی فـــەردی، مافـــی ژنـــان و بەرابەریـــی دینـــەکان نەبێـــت. کولتـــوور ئـــەو بەهایانـــە لـــە ڕێـــی دامـــودەزگا پەروەردەییـــەکان و ناوەنـــدە کۆمەڵایەتییەکانـــی وەک خێـــزان، تاقمـــی دۆســـتان و هـــاوکار دەخاتـــە نـــاو زەمیـــری تاکـــەوە. ئینجـــا بـــەردەوام کۆنترۆڵیشـــی دەکات تـــا لێیـــان لا نـــەدات.

بەهـــاکان وەک بـــاوەڕەکان جێگیـــر و ئیلزامـــی نیـــن، تـــاک دەتوانـــێ زۆر و کەمیـــان تێـــدا بـــکات، هەندێکیـــان بـــەلاوە بنـــێ، هەندێکیـــان بـــە گرینگـــتر لەوانـــی دیکـــە وەربگـــرێ. ئـــەوەش لـــە تاکەکانـــدا دەردەکـــەوێ. ئـــەوە کولتـــوورە دەتوانـــێ بـــە فراوانـــی و بـــە بەردەوامـــی کەناڵـــی گواســـتنەوەی بەهـــاکان دابیـــن بـــکات، بەردەوامـــی بـــە سیســـتەمی بەهـــاکان دەدات. ئەگـــەر گۆڕانیـــان تێـــدا کـــرا وەریدەگـــرێ و دەیخاتـــە نـــاو کـــۆی بەهاکانـــی دیکـــەوە و بـــۆ جیلەکانـــی دوایـــی پێشکەشـــی دەکات.

ئەرکێکـــی دیکـــەی کولتـــوور، خەملاندنـــی چەمکەکانـــی لێکدانـــەوە و شـــیکردنەوەیە. ئـــەوەش وەک ئامـــڕازی لێتێگەیشـــتنی میراتـــی کولتـــووری لەلایـــەن تـــاک و کۆمەڵـــەوە بـــە کار دێـــت. گشـــت بـــاوەڕ، بەهـــا، داب و نەریـــت و دەســـتکەوتەکانی شارســـتانییەت، بـــەو سیســـتەمە لێکدانـــەوە و شـــیکردنەوەیە گـــۆش دەکرێـــت کـــە کولتـــوور دەیداتـــە دەســـت کۆمەڵـــگا و تـــاک. بـــۆ حاڵیبـــوون ناچـــارە بـــە کاری بێنـــێ. هـــەر لـــەو پرۆســـەیەدایە کۆمەڵـــگا وێـــڕای وەرگرتنـــی میراتـــی کولتـــووری، دەتوانـــێ لـــە پرۆســـەی شـــیکردنەوەدا، ڕەگـــەزی نوێـــی پێـــوە زیـــاد بـــکات و هەندێکـــی کـــۆن بـــەلاوە بنـــێ. پێداویســـتییەکانی ڕۆژگار، پێشـــکەوتنی زانســـت و تێکنۆلۆژیـــا، جـــۆری پەیوەنـــدی و خواســـتەکان دەگـــۆڕێ و ڕەگـــەزی نـــوێ لـــە کولتـــووردا دێنێتـــە کایـــەوە. ئـــەو کردەوەیـــە شـــیکردنەوە و ســـەرلەنوێ درووســـتکردنەوەی کولتـــووری پێدەگوتـــرێ. بـــەم چەشـــنە، زیندووێتیـــی کولتـــوور دەردەکـــەوێ و مـــرۆڤ توانـــای پێشـــکەوتنی دەبـــێ.

لــە هــەر کۆمەڵگایەکــدا، دامــودەزگای گونجــاو لەگــەڵ ژیانــی کۆمەڵایەتــی هــەن کــە ئەرکــی بەڕێوەبــردن دەگێــڕن. لەوانەیــە ژمارەیەکــی زۆری سیســتەمی بەڕێوەبەرایەتیــی نــاو کۆمەڵــگاکان لێــک بچــن، بــەڵام لــە وردەکاریــدا جیاوازییــان هەیــە و تــەواو کۆپیــی یەکــدی نیــن. ئەمــە تایبەتمەندێتیــی هــەر کۆمەڵگایــەک نیشــان دەدات و پلــەی بــەرزی و نزمیــی پێشــکەوتن دەپێــوێ. بــۆ نموونــە لــە هەمــوو کۆمەڵگاکانــدا سیســتەمی پــەروەردە هەیــە، بــەڵام بەپێــی بــاوەڕ و بەهاکانــی هــەر کۆمەڵگایــەک پلــەی پێشــکەوتنی زانســتی و ئاســتی تێکنۆلۆژیاکــەی، هەروەهــا بــوارە مێژووکردەکانــی هــەر کۆمەڵگایــەک لێــک جیــا دەبنــەوە. جــا ئەگــەر باســی سیســتەمی دەوڵەتــی و سیاســی بکەیــن، بۆمــان دەردەکــەوێ کۆمەڵــگاکان لــە گەیشــتن بــە یــەک ئامانــج چەنــدە لێکــدی جیــاوازن. بــۆ نموونــە دیمۆکراســی لــە هــەر وڵاتێــک هەیکەلــی تایبەتــی خــۆی هەیــە. لــە بەریتانیــا پاشــایەتی، لــە ئوســتڕالیا پاشــایەتیی دەرەکــی، لــە ئەمەریــکا کۆماریــی فیدراڵــی، لــە فەڕەنســا کۆمارێکــی مەرکــەزی، لــە سویســڕا کۆمارێکــی کۆمۆنــی، لــە ژاپۆنــدا ئیمپڕاتۆرێکــی خەڵکپەســندی پــڕ داب و نەریــت و لــە هەندێــک وڵاتــدا لەســەر بنەمــای پێکهاتنــە. گومانیشــمان نییــە لــە هەموویانــدا دیمۆکراســی پەیــڕەو دەکــرێ.

هــەر ئــەو جیاوازییــە کولتوورییانــە وایانکــردووە ژیانــی سیاســی و پلــە و پایــەی سیاســەتمەداران لــە هــەر وڵاتێکــدا شــێوەی تایبــەت بەخۆیــان بــن. نموونــەی هیــچ وڵاتێــک بــە خــڕی بــە کەڵکــی وڵاتێکــی دیکــە نایــەت. لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا سیاســەت دەســت بەســەر ســامان و چارەنووســی وڵاتــدا دەگــرێ، لــە ڕۆژاوادا سیاســەت لــە کەناڵــی یاســاییدا جموجــۆڵ دەکات.

هــەر میراتــی کولتــووری شــێوازی بەڕێوەبەرایەتیــی کار و داهێنــان لــە ژیانــی تایبەتیــدا لــەلای تاکــەکان درووســت دەکات و، دەرفەتەکانیــان بــۆ دەڕەخســێنێت. هــەر بۆیــەش ســەرمایەدار و پیشــەوەرێکی کــورد وەک هاوشــێوەی خۆیــان لــە هیندســتان یــان ئەمەریــکا نیــن.

بەکۆمەڵایەتیکــردن یــان پەروەدەکــردن ئەرکێکــی دیکــەی کولتــووره. کولتــوور لــە ڕێــگای ئــەو بنەمــا گشــتییەی بــۆ کاری بــە سیســتەمکردنی کردەوەکانــی نــاو کۆمــەڵ دەیــکات، زەمینــەی ئــەو سیســتەمە پەروەردەییــەش دەڕەخسـێنێ کــە دەبــێ بــۆ کاری پــەروەردە درووســت بێــت. مــرۆڤ لــە سرووشــتدا لــە گیانــداره هــەره لاوازەکانــە، کاتێــک کۆرپــە لەدایــک دەبێــت، بــۆ مانــەوە پێویســتییەکی ڕاســتەوخۆی بــە یارمەتیــی دەوروبــەری هەیــە. هەروەهــا بەپێچەوانــەی گیاندارانــی دیکــە کــە بەچکەیــان زوو ســەرپێ دەکــەوێ و بــە غەریــزە ئامــادەی خــواردن و دیفــاع لەخۆکردنــە، منداڵــی مــرۆڤ چەندیــن ســاڵی دەوێ تــا پــێ دەگــرێ و زمــان فێــر دەبــێ و عەقڵــی گەشــە داکات و کەمێــک تێــدەگات. مــرۆڤ بــۆ مانــەوە پێویســتی بــە کولتــووره؛ ئەویــش بەرهەمــی کۆمەڵگایــە و بــە ڕاهێنــان و فێرکــردن لــە خێــزان و کۆمەڵــگاوە دەگوازرێتــەوە بــۆ منــداڵ. هەربۆیــە دەکــرێ کولتــوور بــە هــۆکاری ســەرەکیی مانــەوەی وەچــەی مــرۆڤ بناسرێــت. ئەگــەر کولتــوور نەبێــت، مــرۆڤ توانایــی ژیانــی (وەک ئــاژەڵ) نییــە و بــەرەو نەمــان دەڕوات. ئەگــەر زمــان وەک بەرهەمــی بایۆلــۆژی، توانــای مانابەخشــینی بــە دەنگــەکان داوە و زانیارییــەکان بــۆ میشــک دەنێرێــت و لــەوێ کــۆ دەبێتــەوە، پڕۆســەی دەرەنجــام و ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانــی فکــری لــە مێشــکدا بــە مــرۆڤ بەخشــیوە، ئــەوە کولتــوور بــە پاراســتن و گواســتنەوەی زانیــاری و پەیوەندییەکانــی نێــوان تاکــەکان و، مــان بــە زاکیــرەی کۆمەڵــگا دەدات و بــە شــێوەی سیســتەمێکی بەرفــراوان هەمــوو بوارەکانــی ژیانــی کۆمەڵــگا ڕێــک دەخــات و قودرەتــی بەرهەمهێنانــەوەی پــێ دەدات. بەرهەمهێنانــەوە ئــەو سیســتەمە فەرعییانەیــە کــە کولتــوور لــە نــاو ســتراکتۆری خۆیــدا جێگیــری کــردوون. پــەروەردە لــە سیســتەمە هــەره کاراکانــی بەرهەمهێنانــی تاکــی مرۆڤــە و لــە خۆیــدا شــێوەی جۆراوجــۆر کــۆ دەکاتــەوە، وەک پــەروەردەی خێــزان، کۆمەڵــگا، قوتابخانــە، زانکــۆ و شــێوازەکانی دیکــەی تەکنیکــی پەروەردەیــی.

خۆگونجانــدن لەگــەڵ دەوروبــەری جیۆگرافیایــی و کۆمەڵایەتــی،

تواناییەکـــی دیکەیـــە کولتـــوور لـــە مرۆڤـــدا درووســـتی دەکات. شـــێوازەکانی خۆگونجانـــدن لـــە کولتـــووردا بـــە تاکـــی نـــاو کۆمەڵـــگا فێـــر دەکرێـــن و، ســـەرەنجام کۆمەڵـــگا تواناییەکـــی زەبەلاحـــی لـــە گونجاندنـــدا بـــۆ درووســـت دەبـــێ. خۆگونجانـــدن ئامرازێکـــی کاریگـــەری کۆمەڵگایـــە بـــۆ بەردەوامـــی لـــە ژیـــان. هـــەر ئەوەشـــە جۆراوجـــۆری داوەتـــە کولتـــوورەکان. خۆگونجانـــدن لـــە بنەڕەتـــدا توانایـــی هەمـــوو گیانـــداران و زیندەوەرانـــە بـــۆ مانـــەوە، بـــەڵام لـــە مرۆڤـــدا بـــە درووســـتبوونی کولتـــوور بووەتـــە هێزێکـــی گـــەورە. مرۆڤـــەکان بەپێـــی بارودۆخـــی جیۆگرافیایـــی و چۆنییەتیـــی ســـەرچاوەکانی وزە، خۆیـــان دەگـــۆڕن و شـــێوازێک دادەهێنـــن کـــە مانـــەوە بـــە کۆمەڵـــگا بـــدات. نـــەژادی جیـــا جیـــای مـــرۆڤ، بـــاوەڕ و شـــێوازی کار، ســـەرەنجام شارســـتانییەتی جـــودا بەرهەمـــی ئـــەو گونجاندنـــەن.

هـــەر ناوچەیـــەک کـــە تایبەتمەندیـــی داب و نەریـــت و پەیوەندیـــی کۆمەڵایەتیـــی جیـــا لـــە شـــوێنەکانی دیکـــەی هەبێـــت، لەگـــەڵ کۆمەڵێـــک خسوســـیاتی دیکـــە جیـــای بکاتـــەوە، پێیدەگوتـــرێ جوغـــزی کولتـــووری. لـــە جوغـــزی کولتووریـــدا هەمـــوو ڕەگـــەزە پێکهێنەرەکانـــی ســـتراکتۆری کۆمەڵایەتـــی و کولتـــووری دەستنیشـــان دەکرێـــن، جیاوازییـــە بابەتییەکانـــی ئـــەو کۆمەڵگایـــە لـــە پێکهاتـــەی کولتوورەکەیـــدا شـــیی دەکرێنـــەوە. هەندێـــک جـــار لـــە نـــاو یـــەک نەتـــەوەدا جوغـــزی کولتووریـــی جیـــاواز هـــەن، یـــان لەنـــاو پەیڕەوانـــی دینێکـــدا، جوغـــزی کولتووریـــی جیـــاواز دەبیندرێـــن. بـــۆ نموونـــە لـــە کوردســـتاندا چـــوار جوغـــزی کولتووریـــی جیـــاواز هـــەن کـــە تایبەتمەندییـــان داوەتـــە دانیشـــتوانەکانی. ئـــەو جوغزانـــەش ناوچـــەی ســـۆران، ناوچـــەی کرمانجـــان، ناوچـــەی هەورامـــان، ناوچـــەی زازایـــان. هەروەهـــا لـــە نێـــوان دوو بەشـــی ئیرلەنـــددا، دوو جوغـــزی کولتـــووری لەســـەر بنەمـــای مەزهەبـــی هـــەن. جوغـــزی کولتووریـــی پەیڕەوانـــی شـــیعەی عێـــراق و ئێـــران لێکـــدی هەڵدەبـــڕێ.

بەپێـــی هەڵکـــەوت و تایبەتمەندییـــە مێژووییەکانـــی هـــەر کۆمەڵگایـــەک، جوغـــزی کولتـــووری (هەرێمـــی کولتـــووری) دەخوێندرێتـــەوە و کارکـــرد

یـــان ئەرکەکـــەی دەردەکـــەوێ. وەک دیـــارە لـــە هەندێـــک کۆمەڵـــگا هـــۆکاری دیـــن یـــان مەزهـــەب، لـــە هەندێکـــی دیکـــە هەســـتی نەتەوەیـــی یـــان زمـــان، لـــە هەندێـــکان تایبەتمەندیـــی جیۆگرافیایـــی دەبێتـــە مایـــەی دابەشـــبوونی ســـەرزەمینێکی دیاریکـــراو. ئـــەو دابەشـــبوونە لەوانەیـــە بـــە ئاقـــاری لێکجیابوونـــەوە بـــڕوات. بـــۆ نموونـــە لـــە ســـەرەتای دەیـــەی شەســـتەکانی ســـەدەی رابـــردوودا، هـــەردوو وڵاتـــی میســـر و ســـووریا چوونـــە نـــاو چوارچێـــوەی یـــەک دەوڵـــەت کـــە زمـــان و نەتـــەوە و دیـــن و مەزهەبیشـــیان یـــەک بـــوو، بـــەڵام هـــۆکاری جیۆگرافیایـــی وەک جوغـــزی کولتـــووری، یەکێـــک بـــوو لـــە پاڵنەرەکانـــی لێکترازانیـــان و بوونەوەیـــان بـــە دوو دەوڵـــەت.

هەرێمـــە کولتوورییـــەکان وەک جوغـــزی کارا، کاریگەرییـــان بەســـەر یەکدییـــەوە هەیـــە و ڕەگـــەز دەهاوێنـــە نـــاو یەکـــدی. هـــەر جوغـــزە کاتێـــک ڕەگەزێکـــی کولتـــووری لـــە هەرێمێکـــی دیکـــە وەردەگرێـــت کتومـــت دووبـــارەی ناکاتـــەوە. بەڵکـــووو وەک دیاردەیەکـــی نـــوێ لەگـــەڵ بینـــای کولتـــووری خـــۆی دەیگونجێنێـــت و خۆشـــی دەکات، تـــا ببیتـــە بەشـــێکی خۆماڵـــی لـــە کولتـــووری کۆمەڵـــگا. بـــەو پرۆســـەیە دەگوتـــرێ کولتـــوور وەرگرتـــن. بـــۆ نموونـــە جەژنـــی ئایینیـــی قوربـــان و ڕەمـــەزان لـــە هەمـــوو وڵاتانـــی موســـوڵمان لـــە وردەکاریـــدا وەک یـــەک یـــاد ناکرێنـــەوە.

## ٢-٣ ستراکتۆری کولتووری کوردستان

ســـتراکتۆر بـــەو پەیوەندییـــە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆیانەی نـــاو کۆمەڵـــگا دەگوتـــرێ کـــە لـــە نێـــوان کەســـەکان و ڕۆڵیـــان، لـــە نێـــوان چینـــەکان و پێگـــە ئابـــووری و کۆمەڵایەتییەکانیـــان، لـــە نێـــوان دەزگاکان و بنەمـــای بـــاوەڕ و بەهاکانـــدا هەیـــە. ســـتراکتۆری کولتـــوور ڕەگـــەزە پێکهێنەرەکانـــی هـــەر کولتوورێـــک و پەیوەندییـــان بـــە تـــاک و کـــۆی کۆمەڵـــگاوە نیشـــان دەدات، شـــوێنی بـــاوەڕ و بەهـــاکان، ڕاددەی

پابەندیی تاک و کۆی کۆمەڵ پێیانەوە دیاری دەکات. لە ستراکتۆری کولتووردا، کارگەی بەرهەمهێنی کردار و کاردانەوەکان کەشف دەبن، دەکرێ هۆکاری کرداره کۆمەڵایەتییەکان و جۆری کارلێکیان بزانین. چونکە ناکرێ هەر لە خۆمانەوە لێکدانەوە بۆ باری ناوخۆی کۆمەڵگایەک و کولتوورەکەی بکەین، ئەگەر پەیوەندییەکانی ناو هەناوی کەشف نەکەین و ئامانجی کاردانەوەکان شی نەکەینەوە. بەهۆی ستراکتۆرەوە بنەما (قاعیدە) و بەهاکان تێدەگەین و دەزانین لە کام کەناڵەوە، کام کاردانەوە یان کام کردار لەلای تاک یان کۆمەڵ درووست دەبێت. جا لەوێوە دەکرێ تێبگەین لە کام پەیوەندییەوە کۆمەڵ ئامادەیی بیرکردنەوەی دیکەی هەیە و دەتوانێ باوەڕی نوێ بەرهەم بێنێ. ئەوسا لێکی بدەینەوە باوەڕە نوێیەکان کام کردار و پەیوەندیی نوێ درووست دەکەن. بەم چەشنە جووڵان و گۆڕان لە کۆمەڵدا درووست ببێ. کەسان و ڕێکخراوەی نوێخواز لە مێژووی کوردستاندا زۆرن، بەڵام ناکامییان لەوەدا بووە کە بە ئیرادەگەرایی داوایان لە خەڵک کردووە واز لە باوەڕەکانیان بێنن و شێوازی نوێ لە ژیانیاندا پەیڕەو بکەن. ئەوەش ڕەفزی توندی کۆمەڵگا وەردەگرێ. لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا، نوخبەی گۆڕانخواز حکوومەتیشیان بەدەستەوە گرت و یاساکانیشیان گۆڕیون، بەڵام کۆمەڵگا بەرەنگاریان بووەتەوە و سەرەنجام ڕووخاون. منموونەی تەجرەبەی کۆمۆنیزم لە یەمەنی باشوور، ئەفغانستان، ئەلبانیا لە میللەتانی موسوڵمان و بەشی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا، ئەزموونی لەو چەشنەن. لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی موسوڵمانیشدا، تەجرەبەی فەرمانڕانیی قەرمەتییەکان شاهیدی بزووتنەوەی گۆڕانخوازیی ناواقیعبینە. هەروەها تەجرەبەی کۆڵۆنیالیزم لە ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکای لاتین، سەرباری ئەو نوێکارییەی خستیانە ناو جیهانی وەستاوی تەقلیدی و پاشکەوتووەوە، کەچی نەیتوانی بوونی ئەو کولتوورانە بسڕێتەوە. لە دواییدا هەر ئەو میللەتانە لێیان ڕاپەڕین و دەریانکردن.

بـــۆ شـــیتەڵکردنی بـــاوەڕ و داب و نەریتەکانـــی کوردســـتان، پێویســـتە بـــە دوای ئـــەو ســـەرچاوانەدا بگەڕێیـــن کـــە لـــە نـــاو کولتـــوورەوە بەرهـــەم دێندرێـــن. یەکێـــک لـــەو ســـەرچاوانە پاشـــماوەی سیســـتەمی دەرەبەگایەتییـــە. دەرەبەگایەتـــی، خـــۆی وەک سیســـتەمی پەیوەندیـــی کۆمەڵایەتـــی لـــە نـــاو کوردســـتان نەمـــاوە، بـــەڵام پاشـــماوەی چەمکەکانـــی مـــاون، وەک پێگـــە و داب و جۆرێـــک لـــە هەســـتکردن بـــە لاگیریـــی عەشـــیرەت و خێـــڵ. تـــا ئێســـتایش بنەماڵـــەی ئاغـــاکان لەلایـــەن ئەندامانـــی عشـــیرەتەکەیانەوە ڕێزیـــان دەگیـــرێ، لـــە کاتـــی تەنگانـــە و لـــە بۆنـــە کۆمەڵایەتییـــەکان هانایـــان بـــۆ دەبـــەن. ئاغاکانیـــش بـــە هەمـــان شـــێوە پشـــتیان بـــە ئەندامانـــی عشـــیرەتەکانیان گەرمـــە. ئـــەوە لـــە کـــردەوەی کۆمەڵایەتیـــدا بـــاوەڕە کۆمەڵایەتییەکانـــی ســـەردەمی خێڵایەتـــی ئـــاو دەدات و لـــە بەرانبـــەر بـــاوەڕە نوێیـــەکان مقاوەمـــەت دەکات.

کۆتاییـــی سیســـتەمی دەرەبەگـــی لـــە کوردســـتاندا، لـــە دوای پێگەیشـــتنی سیســـتەمێ نـــوێ کـــە دەبـــێ ســـەرمایەداری بێـــت، نەهاتـــووە. لەژێـــر گوشـــاری هـــۆکاری دەرەکـــی و پەرەســـەندنی بزووتنـــەوەی شۆڕشـــگیری لـــە عێـــراق و کوردســـتان کـــە مەیلـــی دژی ســـەرمایەداری هەبـــووە، دەوڵەتـــی عێـــراق و دەســـتەڵاتی شۆڕشـــگێڕیی کوردســـتان، وردە وردە زەوی و دەســـتەڵاتیان لـــە دەرەبەگـــەکان ســـەندەوە و کردیانـــە مڵکـــی گشـــتی یـــان دەوڵەتـــی. ئەمـــەش جیـــا لـــەوەی ڕیشـــەیەکی مێژوویـــی لـــە سیســـتەمی ئابووریـــی ڕۆژهەڵاتـــدا هەیـــە، لـــەم ڕۆژگارەدا لەژێـــر کاریگەریـــی ڕاســـتەوخۆی بیـــری کۆمۆنیســـتیدا بـــووە. حکوومـــەت شـــوێنی خـــاوەن مڵکـــی گرتـــەوە، جووتیـــاران لـــە بەکارهێنانـــی زەوییەکانیـــان بـــەردەوام بـــوون، بەبـــێ ئـــەوەی هەســـت بکـــەن خۆیـــان خاوەنـــی زەویـــن. ئـــەو سیســـتەمی خاوەندارێتیـــی دەوڵەتییـــە، هەســـتی خاوەنبوونـــی لای بەرهەمهێنـــەری جووتیـــار دروســـت نەدەکـــرد، بەڵکـــووو جۆرێـــک لـــە خانەبەدووشـــی دروســـت دەکـــرد. لـــە ئەنجامـــدا هەمیشـــە دڵەڕاوکێـــی مڵکدارێتـــی دەمایـــەوە و جووتیـــاری پـــاڵ دەنـــا لـــە گوندێکـــەوە بـــۆ ئەویـــتر بچـــێ، بتوانـــێ لەوێیـــش پارچەیـــەک زەویـــی دەوڵەتـــی دەســـت بکـــەوێ.

کەچی ئەگەر ملکی خۆی بێت ماندگارتر دەبێ و پاڵی پێوە دەنێ بیر لە پێشخستنی کارەکەی بکاتەوە و ناشتوانێ بە ئاسانی گونداوگوند بکات. گرفتی ملکنەداری، سایکۆلۆژیای نەنیشتوو و ڕاڕا درووست دەکات، بەرهەمهێنەر پێناگەیێنێ و لە کولتووری خانەبەدووشی دووری ناخاتەوە. ئەوەش زەمینەی زانیاری و تەجرەبەی تۆکمە لەق دەکات، بێپڕۆژەیی دەکاتە ژیانی زۆر ئاسایی جووتیاران. مرۆڤی بێپڕۆژە گۆڕان لە ژیانیدا ون دەبێ، هەمیشە لەو بازنە بەرتەسکەدا دەخولێتەوە کە ژیانێکی سادەی بۆ درووست کردووە.

لە ئەنجامی ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و داگیرکرانی ڕۆژهەلات لەلایەن دەولەتانی کۆلۆنیالییەوە، ژمارەیەکی زۆر دەولەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی، دینی هەروەها بۆ بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیزم درووست بوون. ئەو دەولەتە نەوبنیاتانە سەرەتای داخلبوونی ڕۆژهەلات بوو بۆ قۆناغی نوێ کە بە مۆدێرن ناسراوە. لە قۆناغی مۆدێرندا دامودەزگای حکوومەتی درووست بوون، چینێکی نوێ پەیدا بوو ئەویش کارمەندانن. ئەو چینە ژمارەی لە زۆربووندا بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ کارمەندانیشدا هەر حکوومەت تەرەفی دیکە بوو. هەڵبەت زیادبوونی کارمەندان نیشانەی زیادبوونی خوێندەوارانیش بوو. بۆیە بە پەرەسەندنی فەرمانگا حکوومەتییەکان، جوولانێکی هەستپێکراو کەوتە ناو کۆمەڵگای وەستاوی ڕۆژهەلاتییەوە، لەوانیش کوردستان. ئەگەر پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی جووتیار بە حکوومەت، باوەڕی وەستاوی نازانستی بەرهەم دەهێنایەوە، ئەوە پەیوەندیی کارمەند بە حکوومەتەوە لەسەر بنەمای هەنگاونان بەرەو بە زانستیکردنی مەعریفەی (دانش) کۆمەلگا بوو. لەگەڵ خۆیدا شیوازی نوێ و مۆدیلی تازەی ژیانی دەهێنا.

هەڵبەت ئەو شێوازە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەی سیستەمی بیرۆکراسی (فەرمانگا میرییەکان) لەگەڵ خۆی دەیهێنا، ڕەسەن و خۆژیەن نەبوو، بەڵکوو لاساییکردنەوە و وابەستەیی بە ڕۆژاوا

بـــوو، هیـــچ ڕەگوڕیشـــەی گەشەســـەندنی ناوخۆیـــی تێـــدا نەبـــوو. بۆیـــە هـــەم خـــۆی بـــە هێواشـــی پـــەرەی دەســـەند و هـــەم کاریگـــەری بەســـەر زۆرینـــەی دانیشـــتوانی وڵاتـــەوە لاواز بـــوو. لـــە ڕاســـتیدا شـــار و کولتـــووری شارســـتانی دوای دەوڵەتـــە مۆدێرنـــەکان لـــە کوردســـتان پەیـــدا بـــوو. هەڵبـــەت نموونـــەی شـــارەکانی ســـلێمانی، کەرکـــووک، ئامێـــدی، کۆیـــە، ڕەوانـــدز، ســـنە، ورمـــێ و دیاربەکـــر، لـــە پێـــش کۆڵۆنیالیزمیـــش هـــەن، بـــەڵام زۆر لـــەو سیســـتەمە شارســـتانییە دوور بـــوون کـــە شـــاری هاوچـــەرخ لەگـــەڵ خۆیـــدا هێنـــای. شـــارەکانی زەمانـــی عوســـمانی و قاجـــاری، شـــاری ڕۆژهەڵاتیـــن کـــە ئـــەو چیـــن و زانیارییـــە تازەیەیـــان تێـــدا نیـــن، تەنیـــا کۆوەبوونێکـــی دانیشـــتوانی بـــازرگان و پیشـــەییە کـــە زۆری مابـــوو تـــا بـــە شـــێوەیەکی ئاســـایی گەشـــە بـــکات و تایبەتمەندییەکانـــی خـــۆی نیشـــان بـــدات. لـــە ڕاســـتیدا ڕۆژاوا نەیهێشـــت ئـــەو پرۆســـەیە لـــە هیـــچ کوێیەکـــی جیهانـــی بندەســـتەی کۆڵۆنیالیـــزم ســـەربگرێ، چونکـــە دەســـتی لـــە هەمـــووی وەردا و کەتەلۆگـــی بـــۆ هەموویـــان دانـــا.

یەکێکـــی دیکـــە لـــە دیاردەکانـــی ســـەرهەڵدانی نوێـــکاری لـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتاندا، پەیدابوونـــی چینـــی کرێـــکارە. هەڵبـــەت چونکـــە کوردســـتان وڵاتێکـــی ســـەربەخۆ نەبـــوو، بۆیـــە چینەکانـــی ئـــەو قۆناغـــە ئاســـتەم و مێژووییـــەی، بـــە وابەســـتەیی بـــەو دەوڵەتـــەی کـــە پێیـــەوە لکابـــوو، پـــەرەی دەســـتاند. بۆیـــە هەمـــوو دیـــاردە تازەکانـــی کۆڵۆنیالیـــزم بەســـەر چـــوار دەوڵەتەکـــە ســـەپاندبووی، بـــە وابەســـتەییەکی دووجارەکـــی و بـــە شـــێوەیەکی پڕکەموکـــوڕی دەهێندرایـــە کوردســـتان. کرێـــکاران بـــە ڕێژەیەکـــی کـــەم هاتنـــە کایـــەوە و بـــە جۆرێکـــی وەرزی زۆرینەیـــان کاریـــان دەســـت دەکـــەوت. هەڵبـــەت لـــە هەندێـــک بـــواری ســـەر بـــە حکوومـــەت، دەرفەتـــی کار درێژتـــر بـــوو: وەک شـــەمەندەفەر، درووســـتکردنی بەنـــداوەکان، کانگاکانـــی دەرهێنانـــی نـــەوت. تەرەفـــی بەرانبـــەری کرێکارانیـــش هـــەر حکوومـــەت بـــوو. چینـــی ســـەرمایەدار بـــە ئاســـانی درووســـت نابـــێ و بـــە ڕاســـپاردەی دەرەوە ڕێوشـــوێنی خـــۆی هەڵناگـــرێ. بۆیـــەش ســـایکۆلۆژیای کرێکارانـــی هەمیشـــەیی زیاتـــر لـــە

سـايكۆلۆژیای کارمەنـدان نزیـک بـوو. مامەڵـەی حکوومەتیـش لەگـەڵ ئـەو چینـە جیاوازانـە لێـک نزیـک بـووە.

ئـەو داب و نەریـت و باوەڕانـەی بەسـەر کەشـی کولتـووری کوردسـتاندا زاڵ بـوون، سـەرچاوەکانی ڕەگیـان لـە تەقلیدیـەت نەقرتابـوو و هـەر لەوێـوە وزەیـان وەردەگـرت. بۆیـە مۆرکـی نوێـکاری لەنـاو کولتـووری کوردسـتاندا زۆر لاواز و شـێواو بـوو.

پەیدابوونـی سـەرمایەداری دیاردەیەکـی بـەکاری دیکـەی کۆمەڵـگای ڕووەو نوێبوونەوەیـە. چینـی سـەرمایەدار بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە، نیشـانەی وەرچەرخانێکـی بنچینەییـە لـە کۆمەڵـگای کوردسـتاندا. چەقاندنـی ڕەگـەزی نـوێ بـە چینـی سـەرمایەدارەوە بەنـدە، هـەر ئـەو چینـە دەتوانـێ کۆمەڵـگا لـە ڕیشـەوە بگـۆڕێ و ڕەسـەنایەتی پـێ ببەخشـێ. بـە ئابووریـی کۆمەڵـگا پەیوەندییـەکان دێنـە گۆڕیـن و ڕوانـگای نـو تێنـە وجـوود. ئـەوە جیـا لـەو نابەرابەرییـەی سـەرمایەداری لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنـێ. ئەویـان باسـێکی دیکەیـە.

لـە کۆنـەوە بازرگانیـی تەقلیـدی لـە ڕۆژهـەڵات هەبـووە و پێـش هاتنـی کۆلۆنیالیـزم، خاوەنـی نەریـت و پێگـەی کۆمەڵایەتیـی تایبەتـی خـۆی بـوو. بازرگانـی لـە کوردسـتانیش بارتەقـای هێـزی ئابووریـی کۆمەڵگاکـە هەبـووە. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو بازرگانییـە، ڕەسـەنی و ناوابەسـتەیی بـوو. ڕەسـەنیی بازرگانـی، تایبەتمەندیـی شـارەکانی ڕۆژهـەڵات بـوو، چونکـە هیـچ گوشـارێکی دەرەکـی لەسـەر نەبـوو و بـە تواناییـی ناوچەکـە هەڵدەسـوڕا و دەژیـا و لـە نێـوان ناوەنـدە بازرگانییەکانیـش ئاڵوگـۆڕی کاڵایـی هەبـوو. بۆیـە ئـەو ناوچانـەی پیشـەگەریی تێیـدا گەشـەی نەکردبـا، بازرگانییشـی لـێ پەیـدا نەدەبـوو. کوردسـتان د ڤـێ بارودۆخێـدا دژیـا. هەڵبـەت کۆلۆنیالیـزم لەگـەڵ هەمـوو ناوچەکـە، ژیانـی ئێمەشـی دەسـەکاری کـرد.

لـەو چـوار دەوڵەتـەی کوردسـتانیان پێـوە لکێنـدراوە، سـەرمایەداری

وابەستە بە حکوومەتی محەلی و دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست درووست بوو. وەک پەراوێزی ئابووریی کۆڵۆنیالیزم دەژیا و هیچ سەربەخۆییەکی نەبوو. ئەو دیاردەیە لە کوردستان بە دووقات وابەستەییەوە لەژێر گوشاردا بوو. بۆیە سەرمایەداری لاوازترین چینی ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستانە. ئەو حاڵەتە تا ئێستایش بەردەوامە.

لە دوای کودەتا سەربازییەکەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق، کۆمەڵگای کوردستان کەوتە قۆناغێکی سیاسیی نوێوە. بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانە، بووە ئامانجی سەرەکیی دانیشتوانی کوردستان. لەوێوە کاریگەریی بزووتنەوەی چەکداری- سیاسیی شۆڕشگێڕانە بەسەر کۆمەڵگاوە زیاتر لە پێشان دەرکەوت. ئەو قۆناغە هیچ هاوکاریی پەرەسەندن و گەشەپێدانی چینی سەرمایەداری وابەستەی کوردستانی نەکرد. بەپێچەوانەوە ئەو دەرفەتانەی هەیبوون بەرتەسک کرانەوە. لەلایەکی دیکە عێراق خۆی کەوتە بەر کاریگەریی بزووتنەوەیەکی سیاسیی مەزاج سۆسیالیستی. بۆیە سیاسەتە ئابوورییە نیوەچڵەکانی دەوڵەتی عێراق ڕووی لە بەربەست دانان لە پێش گەشەسەندنی چینی سەرمایەدار بوو. لەوەڕا سەرمایەداریی کوردستان لە دوو لاوە بەرتەسک دەکرایەوە: لایەک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی- چەکداریی کوردستان و لایەکەی دی کردەوە سۆسیالیستییەکانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق.

قۆناغی دەستەڵاتداریێتیی بەعس لە کوردستاندا لە ساڵی١٩٧٠ تا ١٩٩١، هیچ بواری بۆ شێوە وابەستەییەکەی چینی سەرمایەداری کوردستان نەهێشتەوە و بەرەو نەمان پاڵی پێوە دەنا. ستراتیژی بەعس تواندنەوەی میللەتی کورد بوو. دەستی کرد بە وێرانکردنی گوندەکان و هەندێک لە شارەکان، هەروەها ڕاگواستنی زۆرەملێی بۆ ناو ئۆردووگاکان پەیڕەو کرد. لە قۆناغی سێیەمدا دەستی بە کۆمەڵکوژیی دانیشتوان کرد کە بە ئەنفال ناسراوە. لەو قۆناغەدا بە کردەوە شتێک بە ناوی سەرمایەداری وابەستەی کوردستان نەما.

ئەوانــەی خۆیــان بــە پــڕۆژە ســەربازییەکانی بەعــس بەســتبۆوە، تەنیــا هەندێــک لــە ســەرمایەی وشــکی خۆیــان وەک پاشــەکەوت دەپاراســت، بــەڵام هیــچ وجوودێکــی کۆمەڵایەتییــان نەمــا.

دوای ڕاپەڕینــی ســاڵی ١٩٩١ی کوردســتان، ســەرلەنوێ ســەرمایەداری وابەســتە کــە لــە جــۆری بازرگانــن، دەســتیان بــە جموجــۆڵ کــردەوە و لــە ئابوورییەکــی لاوازدا بــووە پاشــکۆی سیاســەتمەدارانی شۆڕشــگێڕ. ئــەو شۆڕشــگێڕانەی تــا پێــش ئــەوە گیانــی خۆیــان لەســەر لەپــی دەســت دانابــوو و بــۆ ڕزگاریــی نیشــتیمان خۆیــان فیــدا دەکــرد، لــە دوای ڕزگاری، دەســتیان بەســەر ســامانی گشــتیدا گــرت و دزێوتریــن چەشــنی گەندەڵییــان لــە خۆیــان نیشــان دا. لــە ڕاســتیدا ئــەوە کاریگەریــی کەلەپــوور و کولتــووری بەعــس بــوو لــە کوردستانیشــدا شۆڕشــگێڕان دووبارەیــان کــردەوە. چینــی ســەرمایەداری کوردســتان ئێســتایش خاوەنــی پێگــەی ئابووریــی بەهێــز نییــە و وەک مشــەخۆر هەڵدەســوڕێت. چینــی ســەرمایەداری کوردســتان هیــچ ڕوانگایەکــی زانســتیانەی نەهێناوەتــە نــاو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان و خــۆی لەژێــر کەشــی بــاوەڕە بــاوە تەقلیدییەکانــی پێــش سیســتەمی ســەرمایەداری دەژییێــت. بۆیــە هەســت بــە ڕۆڵــی کۆمەڵایەتیــی ئــەو، بــۆ گۆڕانــی کولتــووری ناکرێــت.

جیــا لــە چینــە کۆمەڵایەتییــەکان، دەزگا دینییەکانــی کوردســتان لایەکــی دیکــەی پێکهێنــەری ســتراکتۆری کولتــوورن. دەزگا دینییــەکان بریتیــن لــە مزگــەوت، تەکیــە، خانەقــا، کەنیســە، حوســێنییە، مەزارەکانــی ئێــزدی و کاکەییــەکان. ئــەو دەزگایانــە چاودێریــی پــەروەردەی ئایینــی و جێبەجێکردنــی لــە ژیانــی تــاک و کــۆی نــاو کۆمەڵــگادا دەکــەن. هــەر ئەوانیــش فەرمــان و بڕیــاری نــوێ لــە چوارچێــوەی فەتــوا دەردەکــەن . هەڵبــەت شــێوازی کار و قەبــارەی دەزگاکان لــە دیــن و مەزهەبێکــەوە بــۆ ئەویــتر فــەرق دەکات. بــەڵام ئەرکــی هەموویــان ســەرکردایەتیکردنی دینییــە لــە کۆمەڵــدا. دینــە جیــاوازەکان ناوەرۆکــی ئەرکــی دەزگاکانیــان

بـــە دەســـتەوایی لێکـــدی وەرگرتـــووە.

لـــە بنەمـــای پـــەروەردەی کۆمەڵـــگادا، بـــاوەڕە دینییـــەکان ســـەرەکیترین ســـەرچاوەی زانیاریـــن. بۆیـــە مۆرکـــی بیرکردنـــەوەی مرۆڤـــی کوردســـتانی، دینیانەیـــە. داب و نەریتـــەکان لەگـــەڵ بـــاوەڕە دینییـــەکان گونجێنـــدراون. وەک ســـەرچاوەی دووەمـــی زانیاریـــی تـــاک کاریـــان پـــێ دەکـــرێ. مۆرکـــی کۆمەڵگاکەمـــان وەک هـــەر کۆمەڵگایەکـــی دیکـــەی ڕۆژهەڵاتـــی، تەقلیـــدی و خۆپارێزانەیـــە.

تـــا ناوەڕاســـتی ســـەدەی رابـــردوو، ناوەنـــدە ســـۆفیگەرییەکان شانبەشـــانی دیـــن، کاریگەرییـــان بەســـەر کولتـــووری کۆمەڵـــگای کوردســـتانەوە هەبـــوو، بـــەڵام لـــە پەنجـــا ســـاڵی ڕابـــردوودا، وەک هەمـــوو کۆمەڵـــگا موســـوڵمانەکانی دیکـــە، لـــە کوردســـتانیش ســـۆفیایەتی پاشەکشـــەی کـــرد و تەکیـــە و خانەقـــاکان بـــەرەو بزووتنـــەوەی کۆمەڵایەتـــی ڕۆیشـــتن و وردە وردە کوێـــر بوونـــەوە. نەوەکانـــی شـــێخە گـــەورەکان بـــەرەو مەدەنییـــەت و ژیانـــی دوور لـــە عیرفـــان چـــوون. بەتایبەتـــی لـــە ســـەدەی ڕابـــردوودا ناوەنـــدە ســـۆفییە بـــە دەســـتەڵاتەکانی کوردســـتان، زۆر خێـــرا لـــە بزووتنـــەوەی نەتەوەیـــی و یەکســـانیخوازەکان نزیـــک کەوتنـــەوە، لـــە هەندێکێشـــیاندا ڕۆڵـــی ســـەرکردایەتییان وەرگـــرت. بـــۆ نموونـــە نەوەکانـــی تەکیـــەی بـــارزان ســـەرکردایەتیی بزووتنـــەوەی نەتەوەییـــان وەرگـــرت و پشـــتیان لـــە ســـۆفییێتی کـــرد. ئـــەوان پەیڕەوانـــی تەکیەکـــەی خۆیـــان ڕاکێشـــایە نـــاو سیاســـەت. نموونـــەی دووەم نەوەکانـــی تەکیـــەی هەقەیـــە کـــە زیاتـــر لـــە حیزبـــی شـــیوعیی عێـــراق نزیـــک کەوتنـــەوە و پەیڕەوانـــی خۆیـــان بـــۆ نـــاو بزووتنـــەوەی کۆمۆنیســـتی هانـــدا (وان بریيـــن ســـن، ١٣٧٨).

لـــە کوردســـتاندا جیـــا لـــە موســـوڵمانی ســـوننە کـــە زۆرینـــەی دانیشـــتوانن، هاووڵاتـــی شـــیعەش هـــەن. کـــوردە شـــیعەکانی نـــاو کوردســـتان لەژێـــر کاریگەریـــی ناســـیۆنالیزمدان و لەگـــەڵ پاراســـتنی مەزهەبەکـــەی خۆیـــان، ڕۆڵـــی بەرچاویـــان لـــە بزووتنـــەوەی ڕزگاریـــی نیشـــتیمانیدا هەیـــە. جیـــا لـــە

کـــوردی موســـوڵمان بـــە هـــەردوو مەزهەبـــەوە، هەندێـــک لـــە دانیشـــتوانی کوردســـتان کـــوردن و موســـوڵمان نیـــن، ئەویـــش ئێـــزدی و کاکەییەکانـــن. ئـــەو دوو دینـــە، دەقـــە پیرۆزەکانیشـــیان بـــە زمانـــی کوردینـــە و باوەڕەکانـــی خۆیـــان بـــە تێکەڵەیـــەک لـــە دیـــن و بـــاوەڕە کۆمەڵایەتـــی و عیرفانییەکانـــی ناوچەکـــە بنیـــات نـــاوە. مێـــژووی هـــەردووک دینەکـــە بـــە شـــێوەی جیـــاواز پـــڕن لـــە فەرمـــان و پەلاماردانـــی دینـــی لەلایـــەن هاوزمانـــە غەیرەدینـــە موســـوڵمانەکانیان. هـــەر بۆیـــەش بـــە درێژاییـــی مێـــژوو ناچـــار بـــوون پەیـــڕەوی لـــە مەبدەئـــی تەقییـــە بکـــەن و خۆیـــان لـــە نـــاو موســـوڵماناندا بـــە شـــاردنەوەی باوەڕەکانیـــان بپارێـــزن. ئـــەو دوو دینـــە لـــە ناوەنـــدە ســـۆفی و عارفـــە یاخییەکانـــی کوردســـتان ســـەریانهەڵدا و لـــە ناوچەیەکـــی دیاریکـــراودا پەرەیـــان ســـەند.

جیـــا لـــە مەزهـــەب و دینـــە جیاوازەکانـــی کـــورد، نەتـــەوەی دیکـــەش بـــە دینـــی جیـــاواز لـــە کۆنـــەوە لـــە کوردســـتاندا ژیـــاون. هەندێکیـــان وەک ئاشـــوور کلـــدان، پێـــش هەبوونـــی کـــورد لـــەم ســـەرزەمینە، ئـــەوان هەبـــوون. ئەوانـــە پەیڕەوانـــی دینـــی مەســـیحین بـــە مەزهەبـــی جیـــاوازەوە، بـــەڵام زمانیـــان هاوبەشـــە و بـــە سریانـــی قســـە دەکـــەن. مەســـیحییەکانی کوردســـتان کاریگەرییەکـــی زۆریـــان لەســـەر کولتـــووری کوردســـتان هەیـــە. ئـــەو کاریگەرییـــە هـــەر ئـــەم ڕۆژگارە نییـــە، بەڵکـــوو مێژوویەکـــی درێـــژی هەیـــە. کرانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی لـــەلای مەســـیحییەکان زۆر لـــە پێشـــەوەی موســـوڵمان، ئێـــزدی و کاکەییەکانـــە. لـــە ڕاســـتیدا هـــەر ســـێک دینەکـــەی کـــورد، داخراوییەکـــی کوشـــندەیان تێدایـــە. دینـــی ئیســـلام پابەنـــدی شـــەریعەتە و بـــە زەحمـــەت لەســـەر دیـــاردەی نـــوێ دەکرێتـــەوە. ئێزدییـــەکان و کاکەییەکانیـــش جیـــا لـــە پابەندیـــی قـــورس بـــە شـــەریعەتی تایبەتـــی خۆیـــان، تەقیـــە و خۆپاراســـتن بووەتـــە بڕوایەکـــی ژیـــاری و لـــە بنـــی دەرناچـــن.

مەســـیحییەکان بـــە ئاســـانتر لەگـــەڵ مەدەنییـــەت خـــۆ دەگونجێنـــن. هـــەر ئـــەوەش وایکـــردووە حزورێکـــی چالاکیـــان لـــە بـــواری خزمەتگـــوزاری

و گەشـــتوگوزاردا هەبێـــت. هەڵبـــەت مەســـیحییەکانیش بـــە پارێـــزەوە تێکـــەڵ دەبـــن، بـــەڵام تەقیەیـــان نییـــە و لـــە مێـــژووی پەیوەندییـــان لەگـــەڵ موســـوڵمانانی کوردســـتاندا، هەمیشـــە خۆیـــان دەرخســـتووە و نکوڵییـــان لـــە ئینتـــمای دینـــی خۆیـــان نەکـــردووە. کەچـــی لـــە ڕابـــردوودا ئێـــزدی و کاکەییـــەکان لـــە زۆر بـــواردا خۆیـــان لەژێـــر نـــاوی موســـوڵمانبوودا دەشـــاردەوە. ئـــەوەش بـــۆ دوژمنایەتیـــی ئایینـــی دەگەڕێتـــەوە کـــە جارناجـــار لـــە کوردســـتان ســـەریهەڵداوە و بووەتـــە مایـــەی ســـتەم و زۆرداری لـــە هەرســـێک دینەکـــەی دیکـــە. بـــە گشـــتی پەیوەندیـــی نێـــوان دینەکانـــی کوردســـتان، جۆرێـــک لـــە هێـــوری بەســـەردا زاڵ بـــووە کـــە ئـــەوەش تایبەتمەندییـــەک دەداتـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتان و لێبوردەییـــی کۆموڵایەتـــی لەچـــاو کۆمەڵـــگا موســـوڵمانەکانی دیکـــە، زیاتـــر کـــردووە. هەڵبـــەت نابـــێ زیادەڕۆیـــی لـــەو جـــۆرە پێکەوەژیانـــەدا بکـــرێ، چونکـــە لـــە کۆتاییـــدا بـــە دەســـتەڵاتی دینـــی ئیســـلام تـــەواو بـــووە و دینەکانـــی دیکـــە هیـــچ کاتێـــک بـــە هاوکوفـــی ئیســـلام دانەنـــدراون. لـــە شـــەش دەیـــە لەمەوپێـــش مەســـیحییەکان و پێشـــتر جولەکـــەکان، دەبوایـــە بچنـــە بـــن باڵـــی یەکێـــک لـــە عەشـــیرەتە کـــوردە موســـوڵمانەکان تـــا لـــە دەســـتدرێژی پارێزرابـــان. ئـــەو عەشـــیرەتە کـــوردەی چەنـــد گوندێکـــی مەســـیحییان پاراســـتبایە، دەیانگـــوت: ئەڤـــە فەلێـــت مەنـــە ( رانـــدل،١٣٩٧).

زمـــان ڕەگەزێکـــی دیکـــەی کولتـــوورە و لـــە هەمـــوو ڕەگەزەکانـــی دیکـــە زیاتـــر کاریگـــەری بەســـەریەوە هەیـــە. بەکارهێنانـــی هاوچـــەرخ زمـــان زینـــدوو ڕاددەگـــرێ و دەوڵەمەنـــدی دەکات. هـــەر زمانێـــک نەبێتـــە زمانـــی دەوڵەتیـــی کۆمەڵگاکـــە، ئـــەوا تووشـــی چەقیـــن و هـــەژاری دێـــت و ســـەرەنجام دەتوێتـــەوە. زمـــان سیســـتەمێکی زینـــدووی کۆمەڵگایـــە، درووســـتبوون و توانەوەشـــی هەیـــە. کولتـــووری کوردســـتان خاوەنـــی چـــوار زمانـــە: کـــوردی، عەرەبـــی، تورکـــی، سریانـــی. زمانـــی عەرەبـــی وەک زمانـــی دەوڵەتـــی داگیـــرکار کاری. کـــردووە. بۆیـــە ســـەرەڕای فراوانـــی و پلـــەی بـــاڵای دەوڵەمەنـــدی، بـــەڵام بـــە زمانـــی کاریگـــەری کولتـــووری کوردســـتان داناندرێـــت. ئـــەو زمانـــە لـــە دوو دەیـــەی دواییـــدا

خەریکــە پاشەکشــە لەنــاو کۆمەڵــی کوردســتان دەکات. هەرســێک زمانەکــەی دیکــە بــە ڕاددەی جیــاواز لاوازن. کــوردی بــە هــەردوو شــێوەزارەکەیەوە لــە پێشــکەوتنێکی بەردەوامدایــە، بــەڵام تــا ئێســتایش نەبووەتــە زمانــی دابینکــەری پێداویســتییە هاوچەرخەکانــی کۆمەڵــگای کوردســتان. زمانــی تورکــی و سریانــی زۆر بەرتەســکن و تەنیــا لەنــاو نەتەوەکــەی خۆیانــدا بــە کار دێــن و ڕۆڵــی زانیارییــان نییــە. پەیوەنــدی و کارلێکــی نێــوان زمانەکانــی کوردســتان هەســتی پــێ دەکــرێ و قــەرز بــە یەکــدی دەدەن.

پێگــە و بەهاکانــی کۆمەڵایەتــی، دوو ڕەگــەزی دیکــەی نــاو ســتراکتۆری کولتــووری کوردســتانن. خــاوەن پێگــە کۆمەڵایەتییــەکان (کاراکتێــرەکان) جیــا لــەو ڕۆڵــەی دەیبینــن، لەســەر تۆڕێــک بەهــای کۆمەڵایەتــی دەجووڵێــن کــە لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــەوەی کولتووریــدا کاریگــەرن. هیــچ بەرهەمهێنانەوەیەکــی کولتــووری، دەق وەک پێشــوو دەرناچێــت. هــەر بۆیــەش بــەو گۆڕانــە وردانــە خــودی پێگــە و باهاکانیــش دەجووڵێــن و دەگۆڕێــن. کاراکتێــر بریتییتــە لــە خۆجێیــی کــە پەیــڕەوی لــە بەهــا ناوچەییــەکان دەکات و دەتوانێــت بــۆ ڕۆڵــی کۆمەڵایەتیــی خــۆی بەکاریــان بهێنێــت. کاراکتێــر دەکــرێ بــاش یــان خــراپ بێــت. چەمکــی بەهــا بریتییــە لــەو بــاوەڕە ناوچەییانــەی کــە شــوێنێکی گرینــگ لــە سیســتەمی مەعریفــی (دانــش) خەڵکــی خۆجێــی داگیــر دەکات. بەهــاکان لەوانەیــە پێشــکەوتوو یــان پاشــکەوتوو بــن، لــە خزمەتــی ئەخلاقــدا بــن یــان دژی ئەخــلاق بــن. بــۆ نموونــە باوەڕبــوون بــە ئــازادی و ڕزگاریــی مــرۆڤ لەســەر بنەمــای یاســا، پێشــکەوتووە و ئەخلاقییــە، بــەڵام بــە کەمزانیــن و پلــەدوو حیســابکردنی ژن، بەهایەکــی پاشــکەوتوو و دژی ئه خلا قییــه .

پــەروەردە سیســتەمێکی بەرفــراوان و جۆراوجــۆرە لــە پرۆســەی کارلێکــی کۆمەڵایەتیــدا. پــەروەردەی یەکــەم لــە نــاو خێــزان دەســت پــێ دەکات. ئەویــش بریتییــە لــە بەخێوکــردن و پاراســتن و فێرکردنــی منــداڵ.

دوایـــی ڕۆڵـــی ڕاســـتەوخۆی کۆمەڵـــگا لـــە ڕێـــی تێکەڵبـــوون لەگـــەڵ گرووپـــی بـــرادەران و گـــەڕەک و گونـــد یـــان شـــار دەســـت پـــێ دەکات. لەوێیـــش تـــاک ڕۆڵ و پێگـــەی خـــۆی درووســـت دەکات و جێـــی خـــۆی دەکاتـــەوە. سیســـتەمی هـــەرە فـــراوان و بـــە پڕۆگـــرام، پـــەروەردەی ڕەســـمییە کـــە دەوڵـــەت بـــە ئەســـتۆی خـــۆی گرتـــووە. لەوێـــدا بـــە مونەززەمـــی بەهـــا و چەمـــک و بـــاوەڕە ددانپێدانـــراوەکان دەرخـــواردی قوتابـــی دەدرێـــت.

سیســـتەمی پـــەروەردەی ڕەســـمی کاریگەرتریـــن دەزگای گۆڕانـــکاری و درووســـتکردنی جیلـــی نوێیـــە. لەوێـــوە نـــەوەی ئامادەکـــراو بـــۆ قۆناغـــی نـــوێ بەرهـــەم. دێنـــدرێ، تواناییـــی زانســـتی و زانیاریـــی کۆمەڵایەتیـــی پێویستیشـــی پـــێ دەدرێ. بۆیـــە لـــە کۆمەڵـــگا کراوەکانـــدا پـــەروەردە بـــە بزوێنـــەری گۆڕانـــی کۆمەڵایەتـــی دادەنـــدرێ. وزەی ئامـــادە بـــۆ تێگەیشـــتن و کارکـــردن بـــۆ گـــۆڕان دابیـــن دەکات.

## ٢-٤ زمان و کولتوور

زمـــان وەک سیســـتەمێکی زینـــدوو، ئامـــاژە و دەنـــگ بـــە کار دەهێنـــێ و مانایـــان پـــێ دەگوازێتـــەوە؛ ئامرازێکـــە، مـــرۆڤ بـــۆ مانـــەوەی خـــۆی درووســـتی کـــردووە. گومانـــی تێـــدا نییـــە ئەگـــەر زمـــان نەبێـــت، نـــەک هـــەر مـــرۆڤ درووســـت نابێـــت، بەڵکـــوو وەک گیاندارێکـــی لقـــی ئاژەڵەکانیـــش توانـــای بەردەوامیـــی نابێـــت و ســـەرەنجام قـــڕ دەبێـــت. جـــا ئەگـــەر زمـــان ئـــەو زەروورەتـــە ژیارییـــەی مـــرۆڤ بێـــت، لەلایەکـــی دیکـــەش پێشـــزەمینەی داهاتنـــی کولتـــوور بێـــت و لەســـەر ســـتراکتورێکی نزیـــک لـــە زمـــان دامـــەزرێ، دەتوانیـــن بپرســـین، ئـــەری کولتـــوور پێویســـتییەکی بایۆلـــۆژی نییـــە؟

بـــۆ دۆزینـــەوەی وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە، دەتوانیـــن پەنـــا بـــۆ لێکۆڵینـــەوە زانســـتییەکان ببەیـــن. وەک دیـــارە تـــا ئێســـتا تەنیـــا شـــوێنی زمـــان لـــە نـــاو مێشـــکدا دۆزراوەتـــەوە. شـــوێنێک نییـــە تایبـــەت بـــە داهێنانـــی ژێنێتیکـــی کولتـــوور بێـــت. کولتـــوور لـــەلای تـــاک کاتێـــک زیـــان دەبینـــێ کـــە زمـــان

زیانــی دیتبــێ. کەواتــا دەکــرێ بڵێیــن کولتــوور دەرهاویشــتەی دەرەوەی بایۆلۆژیــای زمانــە، لــە دەورگێڕانــی زمــان لــە کۆمەڵــگادا دەردەکەوێــت. بەوپێیــە تێدەگەیــن، زمــان بەبــێ درووســتبوونی کولتــوور هیــچ کەڵکێکــی بــۆ مــرۆڤ نابێــت و ئامانجەکانیشــی ناپێکێــت (مارتــان، ٢٠١٠). هەروەهــا لــەو بــوارەدا زانــای ڕووســیایی ســەرگێی ســافیاێف ســەرۆکی تاقیــگای پێگەیشــتنی سیســتەمی عەســەبی لــە ئاکادیمیــای زانســتیی ڕووســیا، لێکۆڵینــەوەی تایبەتــی هەیــە لەســەر ڕەفتــاری مــرۆڤ و ڕاهاتنــی هەندێــک شــوێنی مێشــک لەگــەڵ ئــەو ڕەفتارانــە کــە کولتووریــش دەگرێتــەوە. بەوپێیــەی کولتــوور لــە نــاو سیســتەمی عەســەبی مرۆڤەکانــدا جێــی تایبەتــی هەیــە (ســافیاییف، ٢٠١٩).

دەبــێ بــاوەڕ بێنیــن هەمــوو ئــەو سیســتەمە زیندووانــەی مــرۆڤ لــە ژیانــدا بــە بەردەوامــی بەکاریــان دەهێنــێ، پێویســتیی ژیاریــن بــۆ ژیــان و مانــەوەی خــۆی. نابــێ ئــەم قســەیە لەگــەڵ سیســتەمەکانی نــاو کۆمەڵــگا کــە بــە نــاوەرۆک ســەرەکین، تێکــەڵ بکەیــن وەک سیســتەمی پــەروەردە، دیمۆکراســی و دیکتاتــۆری. ئەوانــە ئەلتەرناتیڤیــن، چونکــە دەکــرێ یــەک لــە ئەویــتر پێویســتتر بــێ، یــان یەکــدی پــاڵ پێوەبنێــن. ئــەو دیــاردە بەردەوامانــەی ژیانیــان پێــوە بەســتراوەتەوە، دەبــێ بــە پەتێــک بــە ئەرکێکــی ژێنێتیکــی بەســترابنەوە. ڕێــک پەیوەندیــی نێــوان زمــان و کولتــوور لەوێدایــە.

کولتــوور وەک سیســتەمێکی هەمەگیــر بــۆ ژیــان پێویســتە، هــەر بۆیــە مێــژووی ئــەو بــە درێژاییــی مێــژووی کۆمەڵــگای بەشــەرییە. مــرۆڤ بــۆ مانــەوەی خــۆی، بــۆ ئــەوەی لــە ڕووی نەســلەوە بمێنــێ و قــڕ نەبێــت، دەبــوا خــۆی لەگــەڵ سرووشــت بگونجێنێــت. بــۆ ئــەوەش دەبــوا تواناییــی نوێــی ئەوتــۆ لــە خۆیــدا بخوڵقێنــێ، کــە چانســی بەردەوامــی پــێ ببەخشــێت. زمــان و کولتــوور ئــەو دوو تواناییــە پێویســتە بــوون.

زۆر دەپرسرێــت کامیــان پێشــی کامیــان داهاتــن، زمــان یــان کولتــوور؟ لــە ڕاســتیدا ئــەو پرســیارە بێبنەمــا نییــە. ئــەرێ کامیــان پێشــدا داهاتــن؛

مریشـــک یـــان هێلکـــە؟ ئـــەم دوو پرســـیارە هاوشـــێوەن. کاتێـــک لـــە ڕووی پرۆســـەی گۆڕانـــی بایۆلۆژییـــەوە ســـەیر دەکەیـــن ئەســـڵەکە لـــە مریشـــکدایە و هێلکـــە ئامـــرازی زاوزێیـــە. لـــەوەی کۆمەڵگایشـــدا بەردەوامیـــی نەســـلی مـــرۆڤ ئەســـڵەکەیە و زمـــان و کولتـــوور بەرهەمـــی کۆمەڵـــگان. بـــەڵام زمـــان ڕاســـتەوخۆ ســـەرچاوەی بایۆلـــۆژی هەیـــە و زەمینەکـــەی لـــە فـــەرددا خـــۆش کـــراوە، کولتـــوور بەرهەمـــی پەیوەندییەکانـــی مـــرۆڤ و بەکارهێنانـــی زمانـــە بـــۆ زانیـــاری گۆڕینـــەوە و پاراســـتنی بەرهەمـــی مێژوویـــی خـــۆی. کولتـــوور بەرهەمـــی ڕاســـتەوخۆی کۆمەڵگایـــە (میلـــنر و براویـــت، ١٣٩٤).

زمـــان بـــە تەنیـــا ناتوانـــێ پەیوەندییەکانـــی نـــاو کۆمەڵـــگا بگوازێتـــەوە ئەگـــەر بەهـــۆی کولتـــوور تۆمـــار نەکرێـــت و بەردەوامـــی پێنەدرێـــت. ئـــەوە پاشـــەکەوتی ماناکانـــی زمانـــە (زاکیـــرە) کـــە لـــە مێشـــکدا وەک پرۆســـە دەکـــرێ و بـــە هـــۆی کولتـــوور لـــە کۆمەڵـــگادا دەردەکـــەوێ و مانـــا دەبەخشـــێ. کولتـــوور دیاردەیـــەک نییـــە تەنیـــا بـــۆ چەنـــد قۆناغێـــک پێویســـت بێـــت، بەڵکـــوو لەگـــەڵ مـــرۆڤ دەژییێـــت و لەگـــەڵ پێشـــکەوتنی پەیوەندییەکانـــی کۆمەڵـــگا دەوڵەمەنـــد دەبێـــت و لەگـــەڵ زمـــان خـــۆی دەگۆڕێـــت. زمـــان کەرەســـتەی بەرهەمەمهێنانـــی مانـــاکان و گواســـتنەوە و لێکدانەوەیـــە بـــۆ کولتـــوور. بەرهەمـــی کارلێکـــی کۆمەڵایەتـــی لـــە ڕێـــی زمانـــەوە مانـــا وەردەگـــرێ، بـــەڵام لـــە کولتـــووردا خـــۆی دەردەخـــات. ســـتراکتۆری کۆمەڵـــگا بـــەو دوو کەرەســـتەیە درووســـت دەبـــێ، کولتـــوور ســـەرچاوەی ســـتراکتۆرەکانی دیکـــەی نـــاو کۆمەڵگایـــە. هـــەر بۆیـــە ســـتراکتۆری کۆمەڵایەتـــی لـــە کولتوورێکـــەوە بـــۆ ئەویـــتر دەگـــۆڕێ.

زمـــان بـــە هـــۆی نیشـــانە و چەمکەکانـــەوە کەرەســـتەی تەونـــی کولتـــوور ئامـــادە دەکات. نیشـــانە بریتییـــە لـــە هەمـــوو دیـــاردە فیزیاییەکانـــی سرووشـــت یـــان کۆمەڵـــگا کـــە مـــرۆڤ لـــە ناویـــدا دەژییێـــت و پەیوەنـــدی پێیانـــەوە هەیـــە. وەک دەنـــگ، وشـــە، هەســـت، تـــام، جووڵـــە، ئاپـــۆڕە و هتـــد. مـــرۆڤ ئەوانـــەی بـــە ئەزموونـــی خـــۆی دەرک کـــردوون و

مانـــای بـــۆ دانـــاون. نیشـــانە، قۆناغـــی یەکەمـــی دروووســـتبوونی زمـــان و فراوانبوونـــی مانایـــە. لـــە تێکەڵکێشـــکردنی مانـــا، چەمـــک درووســـت دەبـــێ. چەمـــک بریتییـــە لـــەو وەســـف و مانایانـــەی بـــۆ دیاردەکانـــی سرووشـــت و کۆمەڵـــگا دادەندرێـــن، ئامانـــج و خواســـتەکانی مرۆڤـــی نـــاو کۆمەڵگایەکـــی دیاریکـــراو دەردەخـــات. لـــە پرۆســـەی دەوڵەمەندبوونـــی ماناکانـــی زمانـــدا چەمکیـــش دەوڵەمەنـــد دەبێـــت و لـــە دیـــاردە سرووشـــتییەکان تێدەپـــەڕێ. بـــە شـــێوەی ڕووت و دەرکێـــشراو مەبەســـتی جیاجیـــا دەردەبـــڕێ. بـــۆ نموونـــە ڕووخـــان لـــە سرووشـــتدا هەبێـــت ئـــەوە چەمکـــی ئـــازادی یـــان دیمۆکراســـی لـــە پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــە ئاڵۆزەکانـــدا درووســـت دەبـــێ و پەیوەنـــدی بـــە سرووشـــتەوە نییـــە. چەمکـــی دەرکێـــشراوی دووقـــات و ســـێ قـــات لـــە زانیاریـــی مرۆڤـــدا هەیـــە کـــە لـــە پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکانیشـــدا هەســـت پـــێ ناکرێـــن، بـــە دەوڵەمەنـــدی و بـــە ڕووتـــی بیرکردنـــەوە دەیانخوڵقێنـــێ، وەک ئایدیۆلۆژیـــا، بـــاوەڕ، دیـــن، بەختـــەوەری هتـــد.

زمـــان وەک کەرەســـتەی ســـەرەکیی کولتـــوور، لـــە هەمـــوو جۆرەکانـــی نیشـــانە و چەمـــک دەچنـــدرێ. هەربۆیـــە دەرفەتێکـــی زیـــادە لـــە پێویســـت بـــە بیرکردنـــەوەی مـــرۆڤ دەدات کـــە چەمـــک و مانـــای ســـەرابیانە درووســـت بـــکات و لـــە ژیانـــی کۆمەڵـــدا بیانچەســـپێنێ. هەمـــوو خوڕافـــە، ئەفســـانە، داب و نەریـــت و بـــاوەڕە کـــۆن و نوێـــکان لـــەوەوە درووســـت بـــوون و پەیوەندییەکانـــی تـــاک و کۆمەڵیـــان داڕشـــت. کولتـــوور بـــەو فراوانییـــە لەلایەکـــەوە مانـــای بـــە ژیـــان و کۆمـــەڵ داوە، بـــەڵام لـــە لایەکـــی دیکـــەوە مرۆڤـــی تووشـــی نامۆیـــی کـــرد و ئازادییەکانـــی تاکـــی کـــەم کردنـــەوە، لـــە زۆر مافـــی سرووشـــتی بێبەشـــی کـــرد. کولتـــوور بـــەو چەشـــنە ســـنووری بـــۆ مەیلەکانـــی (درایـــڤ) تـــاک دانـــا و لـــە ڕاددەی ئەرێنـــی تێپـــەڕی و نەرێنییەکانـــی بەســـەر مرۆڤـــدا زاڵ بـــوون. مرۆڤایەتـــی بـــە جیابوونـــەوەی مێـــژووی دووورودرێـــژی خـــۆی لـــە جیهانـــی ئـــاژەڵان، پرۆســـەیەکی ســـەخت و بێتەجرەبـــەی لـــە ڕێکخســـتنی پەیوەندییەکانـــی کۆمەڵایەتـــی گرتەبـــەر، تاکـــو ئازارەکانـــی خـــۆی کـــەم بکاتـــەوە، مانایـــەک

بــە بوونــی خــۆی بــدات. هەڵچنینــی هەمــوو ڕیزەکانــی تەونــی زانیــاری و باوەڕەکانــی لــە کولتــووردا جێگیــر دەبــوون و لەنــاو سیســتەمێکدا هەڵدەســوڕان و چاودێریــی کــردەوەی تاکەکانــی پــێ دەکــرد. دەتوانیــن چیرۆکەکانــی نــاو تــەورات و قورئــان بــەو کــردەوە کولتوورســازییە دابنێیــن کــە پێغەمبــەران بــۆ ئیســڵاحی ڕەفتــاری دڕندانــە و ئاژەڵانــەی مرۆڤــە ســەرەتاییەکان پێیهەڵدەســتان. ئامۆژگارییەکانــی ئیبراهیــم بــۆ دانانــی ســنوورێک لــە پێــش کــردەوەی دڕندانــە و خوڕافییانــەی قوربانیکردنــی کــچ و کــوڕەکان، یــان هەوڵەکانــی لــوت بــۆ ڕێکخســتنی ئەخلاقــی جنســی لــە نــاو خێــزان، لەنــاو کۆمەڵــگا دوو نموونــەی گویــای دیکــەن.

لــە نــاو کولتوورەکانــی میللەتــان بنەمــا و بەهــاکان، چەمکــە ئەخلاقییــەکان زۆر قــورس دانــدران و تاکیــان تووشــی نامۆیــی کــرد. ســەرەتایەکی نوێیــان بــۆ کۆتکــردن و توندوتیــژی دانــا کــە تاکــو ئــەم ڕۆژگارەش مــرۆڤ لەگەڵــی لــە کێشــەدایە. ئــەوەش کاردانەوەیەکــی ڕێکخەرانــەی ئیســڵاحی بــوو لــە بەرانبــەر ڕەفتــاری ئاژەڵیانــەی ئــەژدادە ســەرەتاییەکانی مرۆڤایەتــی.

کاتێــک بنەمــا و بەهــاکان کرانــە بــاوەڕ و لــە بنیاتــی کولتــووردا وەک بەهــا جێگیــر بــوون، ئیــتر لەوێــوە بێبەشــکردن بــووە مافێکــی کۆمــەڵ و باوەڕەکانــی بەرانبــەر بــە تــاک. بــۆ ئــەوەش پێویســت بــە سیســتەمێکی ســەختی پــەردوەردە و ســزا هەبــوو. ئــەو سیســتەمە لــە هەمــوو کولتوورەکانــدا هەیــە. ســزا و پاداشــتەکان دەکــرێ زەمینــی بــن وەک ســەرکۆنەکردن، لێــدان، تەڵاقــدان، زیندانیکــردن، کوشــتن یــان ئافەریــن، پیاهەڵگوتــن، پێشکەشــیی پێــدان، دیــاری و خەڵاتکــردن... یــان ئوخــرەوی بــن وەک بەهەشــت و دۆزەخ.

پەیدابوونــی کولتــوور دیــاردەی ســەرەکییە لــە پرۆســەی پەیدابوونــی مــرۆڤ و بەکۆمەڵایەتیبوونــی. هەربۆیــە کولتــوور بــە بــاوەڕ و بنەماکانــی خــۆی مرۆڤــی لــە قۆناغــی وەحشــێتییەوە بــەرەو پابەندبــوون

بــە بیرکردنــەوەی هۆشــمەندانە پــاڵ دەنــا. ئــەو پرۆســەیە زیادەڕۆیــی تێدابــوو. بــاوەڕ و بنەمــا کولتوورییــەکان لــە ئەزموونێکــی کــۆڵ و هــەژاردا دادەڕێــژران. هەربۆیــە لــە میانــەی ئــەو تەنزیمــەی بــۆ ژیانــی کۆمەڵایەتــی دایدەنــا، تاکــی لــە زۆر مافــی سرووشــتی بێبــەش کــرد. ئــەو مافــە مەدەنییانــەی لــەم ڕۆژگارەدا بــە ڕەخنــەی عاقڵانــە وردە وردە بــۆ تاکەکانــی کۆمەڵــگا دەگێڕدرێنــەوە، لەوکاتــدا زەوت کــراون. بــۆ دەرچــوون لــە حاڵەتــی ئاژەڵــی، دەبــوا کۆمەڵــگا ئــەو کاروانــە ببــڕێ کــە ســەرگەکەی زەمانــی ئێمەیــە. بــەڵام ئــەوە بــەو مانایــە نییــە ناڕەوایــی و بێبەشــکردنەکان ڕاســت بــن.

تایبەتمەندییەکــی دیــاری دیکــەی کولتــوور، دانانــی بنەمــای عەقڵییەتــی کۆمەڵایەتییــە. ئــەو بنەمایــە کار لــە پــەروەردە و توانایــی تــاک دەکات، ســنووری داهێنانیشــی بــۆ دیــاری دەکات. هــەر بۆیــە ئــەو چاوەڕوانییــەی بــۆ داهێنــان لــە کۆمەڵــگاکان دەکــرێ، لێکــدی جیــاوازن. بــۆ نموونــە چاوەڕوانــی لــە تاکێکــی دانیشــتووی کوردســتان یــان هــەر وڵاتێکــی ئەفریقایــی یــان ڕۆژهەڵاتیــی موســوڵمان، ناکــرێ داهێنــان لــە بوارێکــی تێکنۆلۆژیــادا بــکات کــە لــە پێشــەوەی وڵاتانــی دیکــە بێــت. هەروەهــا ئــەو چاوەڕوانییەشــیان لــێ ناکــرێ کــە داهێنــەری بیروڕایەکــی کۆمەڵایەتیــی نوێــی پێشــەنگ بــن بــۆ جیهــان. چونکــە لــە بنەڕەتــەوە کولتــووری خۆپارێــز کۆدەکانــی ڕۆژهەڵاتــی بــە پارێــز و دوودڵ و پابەنــد بــە نەریتــی بێمانــا، گەورەبــوون لــە سیســتەمێکی پەروەردەییــی تێکــەڵ بــە ڕەگــەزی نازانســتی دادەڕێــژێ. ئــەم قســەیەی مــن بــە مانــای دداننــان بــە بــڕوای ڕەگەزپەرســتیی ســەرەتای ســەدەی بیســتەم نییــە، کــە ئەورووپایــی و ئەمەریکاییــەکان هەیانبــوو. چونکــە ئەگــەر یەکێکــی ئــەو کۆمەڵگایانــەی وەک نموونــە نــاوم هێنــان، لــە منداڵییــەوە لــە کۆمەڵگایەکــی کــراوەی ئــازاددا گــەورە و پــەروەردە ببێــت، وەک هــەر تاکێکــی ئــەوێ، چاوەڕوانیــی هەمــوو داهێنانێکــی لــێ دەکــرێ. بــۆ؟ چونکــە پــەروەردە و کەشــی کۆمەڵایەتیــی ئــەو کۆمەڵگایــە وەردەگــرێ کــە تیایــدا گــەورە دەبــێ. دەکــرێ کۆچــەر بیــرکاری کــورد بــە نموونــە

بێنینەوە کە وەک داهێنەر لە ماتماتیکدا، لە بەریتانیا گەورەخەڵاتی جیهانی وەرگرت.

## ٢-٥ کولتوور و مانەوەی مرۆڤ

ئەگەر داهێنانی زمان لەلایەن بوونەوەرێک کە وەک هەموو بوونەوەرەکانی دیکەی سەر گۆی ئەم زەویە، پێویستییەکی سەرەکی بوویێت بۆ مانەوەی وەک گیاندارێک تا نەژادەکەی قڕ نەبێت، ئەوکات باشتر لە زەرورەتی درووستبوونی کولتوور تێدەگەین. وەک قۆناغی دووەمی پێداویستیی مانەوەی ئەو نەژادەی کە سەرەنجام مرۆڤی لێ درووست بوو.

ئەو ڕەچەڵەکەی نەژادی مرۆڤی لێ درووست بوو، وەک گیانەوەرێک، هێندە کۆڵەوار و بێدەستەڵات بوو کە دەبوا بە جۆرێک مانەوەی خۆی دابین بکات، ئەگینا لە برسان و لە دەست گیاندارە درندەکان کۆتایی بە بوونی دەهات. گیاندارێکی ڕووتی کەم موو، میوە و گیاخۆری ناو جەنگەڵەکان، بەڵام بە جەستەیەکی بێهێز کە دەست و پا و ددانەکانی توانایی خۆپاراستن و دابینکردنی خۆراکیان پێ نەدەدا. خێرایی ڕاکردن و توانایی بەدەنی لە ئاستێکی نزمدا بوو. دەبوا یەکێک لە تواناییە جەستەییەکانی دیکەی بخاتە گەڕ، تا قەرەبووی ئەوانی دیکەی بکاتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بەکارهێنانی دەنگ و ئیشارەتی جووڵەیی، هەماهەنگی لەگەڵ گۆڕانێکی چلۆنایەتیی مێشک هەبوو. لەو پەیوەندە بایۆلۆژییە ئالۆزەدا، ئامرازە جەستەییەکانی سنگ و قوڕگ و دەم و چاو و مێشک زمانیان درووست کرد و قودرەتی خەزنکردنی مانای دەنگەکانیان لە مێشکدا خولقاند.

بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین، چۆن زمان بەرهەمێکی خۆڕسکە و بۆ بەردەوامیی ژیان پێویست بووە، ئەوە کولتووریش بەرهەمی پلە دووەم و بە واسیتەی خۆڕسکییە، بە هیچ شێوەیەک بە پلان

دانەڕێــژراوە. لێــرەدا مەبەســتی مــن مێــژووی داهاتنــی کولتــووره لــە لای مــرۆڤ، نــەک کولتــوور لــە ســەردەمی نوێــدا. زمــان مانــا بــە بوونەکانــی دەوروبــەری خــۆی دەدات و لــە مێشــکدا تۆماریــان دەکات، بــەڵام لــە بەکارهێنانەوەیــدا لــە ڕێــی ئــەو تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەوە دەبێــت کــە کولتــووری لــێ دروســت بــووە. لەوێــدا مانــا زمانییــەکان ســەرلەنوێ دادەڕێژرێنــەوە و پەیوەنــدی لــە نێــوان ماناکانــی دیکــەدا دروســت دەکات، چەمــک و داب و بــاوەڕەکان دروســت دەبــن (اســمیت،١٣٨٧).

هەرچەنــد زمــان ســەرەتایی و کۆڵــەوار بێــت، بــە هەمــان ڕاددە کولتووریــش ســنووردار و ســادە دەردەچێــت و چەمــک و باوەڕەکانــی ســەرەتایی دەبــن. بــۆ نموونــە زمانــی ئەفســانەکان ســادەیە، چەمــک و باوەڕەکانیشــی ســنووردار و ســەرەتایین. مەبەســتم لــە مانــای ســەرەتایی، ســنووری نزیکــی نێــوان کولتــوور و وەحشــییەتە. بــۆ نموونــە کاتێــک لــە زمانــی تــەوڕات ورد دەبینــەوە، تێدەگەیــن زمانــی ســەرەتایی جیاکردنــەوەی مرۆڤــە لــە کــرداری حەیوانــی و وەحشــییانە. ســەرباری دووپاتبوونــەوەی ئەفســانەکان زۆر بــە فراوانــی لــە نــاو تەوڕاتــدا، تێدەگەیــن ئەفســانە دەخاتــە نــاو سیســتەمێکی ســەرەتایی و ســادە بــۆ ڕێکخســتنی کۆمــەڵ. کێشــەی لــوت پێغەمبــەر بــۆ ڕێکخســتنی ئەخلاقــی خێزانــی و ســەپاندنی مەحــرەم لــە پەیوەندییــە سێکســییەکاندا بــوو، هــەروا بەردەوامیــی ئــەو ئامۆژگارییانــە لــە ڕۆژگاری داوود و ســولەیماندا هەیــە. هەوڵــی ئیبراهیــم پێغەمبــەر بــۆ کۆتاییهێنــان بــە قوربانیکردنــی مــرۆڤ و جێنشــینکردنی ئاژەڵــە لــەو کارەدا. مــەودای ئــەو کولتــووره زۆر دووربــڕ نییــە. بــە تایبەتــی لــە بەشــە ســەرەتاکانی تەوڕاتــدا. لــە وردبوونــەوەی زمانــی ئینجیلــدا فراوانتربوونــی چەمــک و بیرکردنــەوەی ســەربەخۆ دەبینیــن. مەبەســتم بیرکردنــەوەی ڕووتــە (مجــرد). لەوێــدا باســی چەمکــی خــودا و بەندەکانــی، بەهاکانــی لێبووردەیــی و دادپــەروەری دەکــرێ. لــەو کارەشــدا پشــت بــە پێشــینەیی تــەوڕات دەبەســتێ. زمانــی ئینجیــل فراوانــتر و چەمکەکانــی لــە پێویســتییەکانی ڕۆژانــەی مــرۆڤ بــۆ مانــەوە زیاتــرە. ئــەو کولتــوورەی ئینجیــل تیایــدا

داڕێـــژراوە، لـــەوەی پێـــش خـــۆی دەوڵەمەندتـــرە. کاتێـــک تەماشـــای زمانـــی قوڕئـــان دەکەیـــن لـــە هـــەردوو کتێبەکـــەی ناوبـــراو دەوڵەمەندتـــرە و چەمکەکانـــی مەودایەکـــی کۆمەڵایەتیـــی فراوانتریـــان دەوێ. ئـــەو زمانـــە، توانـــای داڕشـــتنی یاســـای هەیـــە، کەموکوڕییەکانـــی پێـــش خـــۆی شـــیی دەکاتـــەوە و داوای پەیوەندییەکـــی کۆمەڵایەتیـــی زۆر فـــراوان دەکات کـــە بـــە یاســـا پابەنـــد بێـــت. قوڕئـــان بەشـــی کەمـــی ئامۆژگاریـــی ئەخلاقـــی و پـــەروەردەی خوداییـــە، بەشـــە زۆرەکـــەی یاســـای ڕێکخســـتنی کۆمەڵـــە. هـــەر بۆیـــەش ئـــەو کولتـــوورەی لەســـەر بنەمـــای قوڕئـــان دەســـکاری کرابـــێ، کولتوورێکـــی ئاڵـــۆز و ڕەقـــە.

مەبەســـتم لـــە زمانـــی ئـــەو ســـێ کتێبـــە دینییـــە، لێکدانـــەوەی زمـــان و کولتـــوورە نـــەک شـــیکردنەوە و بەراوردکردنـــی پرۆســـەی پێگەیشـــتنی بـــاوەڕە دینییـــەکان. ئـــەو بـــەراوردەم تـــا ڕادەیـــەک لـــە کتێبـــی (کۆمەڵـــگا، دیـــن و توندوتیـــژی) ئەنجـــام داوە. چەنـــد کۆمەڵـــگاکان بـــەرەو پێشـــەوە چووبـــن ئـــەوە کولتـــووری فراوانـــتر و بـــە چەمـــک دەوڵەمەندتریـــان پێویســـتە. ئیـــتر لـــەوە بـــەولا بیرمەندەکانـــی کۆمەڵـــگا دەســـتیان لـــە بژارکـــردن و دەوڵەمەندکردنـــی کولتـــووردا دەبێتـــەوە. وەک چـــۆن لـــە دوای پەیدابوونـــی ئەلفبـــا، تاکـــەکان دەســـتیان کەوتـــە نـــاو دەوڵەمەندکردنـــی زمـــان. کولتـــوور تاکەکانـــی کۆمـــەڵ پـــەروەردە و پشـــتیوانی دەکات تـــا بـــەو باوەڕانـــە ڕەفتـــار بکـــەن کـــە کۆمـــەڵ ڕەوایـــی پـــێ داوە. هـــەر ئەوەشـــە کەســـەکان بـــە ســـیمای کولتوورەکانیـــان دەناسرێنـــەوە.

مێـــژوو ڕووداوی نـــاو کولتوورەکانـــە. بـــۆ پەروەردەکردنـــی کۆمـــەڵ لەســـەر ئـــەو ڕێوشـــوێن و باوەڕانـــەی لـــە کولتـــووردا جێگیـــر کـــراون، سیســـتەمی تایبـــەت بـــۆ هـــەر قۆناغێـــک هەیـــە. لـــە ڕێـــی ئـــەو سیســـتەمانەوە بیروبـــاوەڕ، جموجـــۆڵ، پێکدادانەکانـــی نـــاو، یـــان نێـــوان کۆمەڵـــگاکان جێگیـــر دەکرێـــن و بیـــر و خولیـــای فراوانخـــوازی و پانخـــوازی ڕەوایـــی پـــێ دەدرێ. ڕەواییـــی کولتـــووری، ســـایکۆلۆژیای تایبەتـــی بـــۆ تاکەکانـــی دروســـت دەکات و بـــۆ دیفـــاع و پەلامـــاردان ئامادەیـــان دەکات. چەمکـــی

فیـــداکاری، قوربانـــی، شـــەهیدایەتی لـــە نـــاو کولتـــوورەکان مانایـــان هەیـــە و لـــە کولتوورێکـــەوە بـــۆ ئەویـــتر جیـــاواز یـــان دژی یەکدیـــن. کەواتـــا ئـــەو چەمکانـــە نســـبین.

هەمـــوو بـــاوەڕ و ڕووداوەکانـــی هـــەر کۆمەڵگایـــەک لـــە ڕێـــگای کولتـــوورەوە تۆمـــار دەکرێـــت و بـــۆ نـــەوەی دواتـــر دەگوازرێنـــەوە. هـــەر کـــردە و باوەڕێـــک ڕەوابوونـــی خـــۆی لـــە کولتـــوور وەرنەگرێـــت، لەنـــاو دەچـــێ و ناگوازرێتـــەوە. ئـــەم قســـەیەم بـــە تایبەتـــی بـــۆ چەنـــد ســـەد ســـاڵ لەوەوبـــەر ڕاســـتە. لـــە مێـــژوودا زۆر ڕووداو، بـــاوەڕ، نووســـین کوێـــر کرانـــەوە و لـــەم ڕۆژگارەدا شـــتێکی ئەوتۆیـــان لـــێ نازانیـــن. بـــۆ نموونـــە شـــتێکی ئەوتـــۆ لـــە کولتوورەکانـــی کۆنـــی پێـــش ئیســـلام لـــە ناوچەکەمـــان نازانیـــن، زۆربـــەی دەقەکانـــی موعتەزیلـــە و قەرمەتییەکانمـــان بەدەســـت نەگەیشـــتن و نەمـــان، هیـــچ پاشـــماوەیەکی مێـــژووی پێـــش موســـوڵمانبوونی ناوچەکەمـــان نەمـــا و دووبـــارە نەینووســـینەوە. بۆیـــە مێـــژووی مرۆڤایەتـــی بریتییـــە لـــەوەی کـــە ڕەواییـــی تۆمارکردنـــی لـــە کولتـــووردا وەرگرتـــووە. ئـــەوەش مانـــای حەقیقەتـــی ڕووداوەکانـــی ژیانـــی مـــرۆڤ نـــادات.

کولتـــوور تاکـــەکان لەســـەر شـــێوازێکی دیاریکـــراوی ڕەفتارکـــردن ڕادێنـــێ، بـــەوەش توانایـــی بـــە مـــرۆڤ دەدا تـــا خـــۆی لەگـــەڵ بارودۆخـــی سرووشـــتی و کۆمەڵایەتـــی ڕابێنـــێ. لـــە دەرەوەی شـــێوازی دیاریکـــراوی کولتـــووری، تـــاک دەبێتـــەوە ئاژەڵێکـــی وەحشـــی و دەکەوێتـــە بـــەردەم هەڕەشـــەی سرووشـــتی دەوروبـــەری خـــۆی، نەمـــان چاوەڕێـــی دەکات. لـــەو حاڵەتـــەدا تـــاک پشـــت بـــە توانـــا سرووشـــتییەکانی دەبەســـتێ و هیـــچ شـــارەزاییەکی غەیـــری خـــۆی بـــۆ نەقـــڵ ناکـــرێ، کەچـــی لـــە تاکـــی کولتووریـــدا هەمـــوو تواناییەکانـــی کۆمەڵـــگای بـــۆ نەقـــڵ دەکـــرێ و زانیاریـــی پێویســـتی بـــۆ خۆپاراســـتن پـــێ دەدرێ، لەلایـــەن کۆمەڵـــگاوە هـــاوکاری و پشـــتیوانی دەکـــرێ. بۆیـــە مـــرۆڤ لـــە ڕێـــی کولتـــوورەوە بـــە کۆمەڵایەتـــی دەبـــێ و ســـیفەت و توانـــا مرۆییـــەکان وەردەگـــرێ.

هـــەر لـــەو پێپلەکانـــە پێگەیشـــتنەدایە کـــە مـــرۆڤ تەجرەبەکانـــی پێـــش

خـــۆی وەردەگـــرێ و لـــە ژیانـــی خۆیـــدا بەکاریـــان دەهێنـــێ، جـــا شـــارەزایی خۆیشـــی دەخاتـــە ســـەر. بـــەم چەشـــنە پێگەیشـــتن لـــە ژیانـــی کۆمەڵـــدا ڕوو دەدات و لـــە تاکـــدا دەبینـــدرێ و هەســـتی پـــێ دەکـــرێ. پرۆســـەی پێگەیشـــتن لـــەو کـــۆدەدا دەخوێندرێتـــەوە و تواناکانـــی کۆمـــەڵ نیشـــان دەدات.

لێـــرەدا ڕاســـتییەکمان بـــۆ دەردەکـــەوێ، ئەویـــش دروســـتبوونی زمـــان و تەنینـــی کولتـــوورە، ســـەرباری ئـــەو گرینگییـــە ژیارییەیـــان بـــۆ پەیدابـــوون و پێگەیشـــتنی مرۆڤایەتـــی، هیـــچ داهێنانیکـــی ئاگایانـــەی تێـــدا نییـــە. بۆیـــە بـــە هونـــەر ناژمێـــردرێ. بـــۆ؟ وەڵامەکـــەی ئاســـانە؛ گیاندارێـــک کـــە لقێکـــە لـــە نـــەژادی مەیموونـــەکان، لەســـەر لێـــواری قڕبـــوون بـــوو، ناچـــار بـــوو بەشـــێک لـــە ئەندامـــە بایۆلۆژییەکانـــی خـــۆی بـــەکار بێنـــێ بـــۆ خۆگونجانـــدن لەگـــەڵ سرووشـــت، مقاوەمەتکـــردن بەرانبـــەر نەمـــان. هەندێـــک لـــە ئەندامەکانـــی لەشـــی بـــۆ دروســـتکردنی زمـــان خســـتە کار، ســـەرەنجام زمانـــی مانـــادار و ئامـــاژەکان کولتووریـــان لـــێ دروســـت بـــوو. بـــەو چەشـــنە ئـــەو گیانـــدارە خـــۆی لەگـــەڵ سرووشـــت گونجانـــد. هـــەر وەک چـــۆن گیاندارەکانـــی دیکـــە بـــە جۆرێکـــی دیکـــە، خۆیـــان گونجانـــدووە. ئـــەم پرۆســـەیە لـــەم ڕۆژگارەدا زانســـت ڕوونـــی کردووەتـــەوە. ئەگـــەر بـــۆق یـــان حەربـــا توانایـــی ڕەنـــگ گۆڕینیـــان هەیـــە تـــا خۆیـــان بپارێـــزن و نێچیرەکانیـــان وەگیـــر بێخـــن، ئـــەوە هونـــەر نییـــە بەڵکـــوو توانایـــی خۆگونجاندنـــە. ئـــەو گیاندارانـــەی نەیانتوانـــی بگونجێـــن، لەناوچـــوون. دایناســـۆڕ نەگونجـــا و لەنـــاو چـــوو.

پێـــش داهاتنـــی زمـــان و کولتـــوور بوونەوەرێـــک بـــە نـــاوی مـــرۆڤ نەبـــوو، خۆگونجانـــدن هێنایـــە وجـــوود. ئـــەوەش هیـــچ بیرکردنـــەوە و پلانێکـــی تێـــدا نەبـــووە. هـــەر بۆیـــەش دوای چەنـــد ملیـــۆن ســـاڵ لـــەو پرۆســـەیە، هـــۆش لـــەو گیانـــدارەدا دروســـت بـــوو، ئینجـــا کەوتـــە خۆناســـین و کۆڵینـــەوە لـــە پەیدابوونـــی خـــۆی، بـــەڵام هیچـــی لـــە ڕابـــردووی خـــۆی نەدەزانـــی. بۆیـــەش بـــە خوڕافـــە و ســـیحر و ئەفســـانە دەســـتی بـــە بیرکردنـــەوە کـــرد.

دوای بەکارهێنانـــی عەقـــڵ لـــە ڕێـــی هـــۆش، وردبوونـــەوە لـــە پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان، هەوڵـــدان بـــۆ دەربڕیـــن و ئاســـانکردنی بەردەوامیـــی وجـــوودی مـــرۆڤ، کردەکانـــی تـــاک مانـــای داهێنانیـــان دەدا. ئـــەو داهێنانـــە بـــووە هەوێنـــی باوەڕەکانـــی کۆمـــەڵ.

کولتوور سەرچاوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە؟

بەوپێیـــەی لـــە ســـەرەوە باســـم کـــرد، کولتـــوور ڕووە کۆمەڵایەتییـــە هەمیشـــە بەرهەمهێنەکـــەی زەمانـــە کـــە لـــە ناوخۆیـــدا زەمانیـــش دەکاتـــە بەشـــێک لـــە سیســـتەمی خـــۆی. کەواتـــا کولتـــوور دەبـــێ یەکەمیـــن سیســـتەمی نـــاو کۆمەڵـــگا بێـــت، دوای ئـــەوە سیســـتەمەکانی دیکـــە زەمینـــەی درووســـتبوونیان بخەملێـــت. بۆیـــەش دەبـــێ بـــە سیســـتەمی سیســـتەمەکان دابنـــدرێ. مەبەســـت لـــەو نـــاوە بـــۆ کولتـــوور ئەوەیـــە، کـــە بەبـــێ بوونـــی پێشـــەکییانەی ئـــەو، سیســـتەمەکانی دیکـــە ناتوانـــن خۆیـــان دەرخـــەن و درووســـت بـــبن. هەڵبـــەت ئـــەو پێشـــەکیبوونەی کولتـــوور بـــەو مانایـــە نییـــە بەرهەمهێنـــەری ســـەرەکیی سیســـتەمەکانە یـــان ڕۆڵـــی ئـــەوان دیـــاری دەکات. هـــەر سیســـتەمەی کۆمـــەڵ لـــە ژمارەیـــەک پەیوەنـــدی پێـــک دێـــت و لەنـــاو ســـتراکتۆری کۆمەڵایەتیـــدا جێـــی خـــۆی دەکاتـــەوە. کۆمـــەڵ لـــە ژمـــارەی ئـــەو سیســـتەمانە پێـــک دێـــت کـــە لـــە ئەنجامـــی کـــردە و پەیوەندیـــی تاکـــەکان لەســـەر بنچینـــەی بەرژەوەنـــدی درووســـت دەبـــن.

کولتـــوور ســـەرچاوەی درووســـتبوونی سیســـتەمەکانی دیکەیـــە، چونکـــە کەرەســـتەی مانـــا، پەیـــام، مـــاف، بـــاوەڕ و ئەرکەکانیـــان بـــۆ دابیـــن دەکات. دەبـــێ کولتـــوور هەمـــوو پێداویســـتییەکانی درووســـتبوونی سیســـتەمێک ئامـــادە بـــکات تـــا ئـــەو سیســـتەمە بتوانـــێ بکەوێتـــە گـــەڕ و ڕۆڵ و ئەرکـــی خـــۆی ببینـــێ. وەک لـــە پێشـــوودا باســـم کـــردووە، کولتـــوور کەرەســـتە و ئامانجـــی بیرکردنـــەوەی تاکەکانـــی کۆمـــەڵ درووســـت دەکات، دەرفەتـــی بەشـــداریی نـــوێ و گواســـتنەوە بـــۆ نـــەوەی دواتـــر دەڕخســـێنێ. هـــەر بۆیـــە عەقڵییـــەت یـــان مەنتالیتـــەی کۆمەڵـــگا درووســـت دەکات.

## ٢-٦ کولتووری یەک نەتەوە یان یەک کۆمەڵگا

کولتـــوور دیـــاردە و تایبەتمەندیـــی نەتەوەیـــە، یـــان دیـــاردە و پێداویســـتیی ســـەرەکیی پەیدابوونـــی کۆمەڵگایـــە؟ گومانـــی تێـــدا نییـــە وەڵام بـــە لای دووەمدایـــە. واتـــا هەمیشـــە کولتـــوور تایبەتمەندیـــی کۆمەڵگایـــە. پێناســـەی کۆمەڵـــگا بریتییـــە لـــەو ژمـــارە زۆرەی خەڵـــک کـــە لـــە ســـنوورێکی جیۆگرافیایـــی دیاریکـــراودا دەژیێـــن، داب و نەریـــت و بـــاوەڕ، ســـتراکتۆرێکی هەڵقـــوولاوی ئـــەو بـــاوەڕ و زانیارییەیـــان لـــێ درووســـت دەبـــێ کـــە بـــۆ بەردەوامیـــی ژیـــان خۆیانـــی پـــێ ڕێـــک دەخـــەن، ئـــەرک و مافەکانیـــان دیـــاری دەکات. لەوانەیـــە کۆمەڵگایـــەک لـــە یـــەک نەتـــەوە پێـــک هاتبێـــت یـــان چەندیـــن نەتـــەوەی تێـــدا بێـــت. هیچـــکام لـــەو دوو حاڵەتـــە تایبەتمەندییەکانـــی کۆمەڵـــگا ناگۆڕێـــت.

ئـــەو کۆمەڵگایانـــەی لـــە یـــەک نەتـــەوە پێکهاتـــبن، خاوەنـــی یـــەک زمانیشـــن، کولتووریـــان یەکدەســـترە لـــەو کۆمەڵگایانـــەی چەندیـــن نەتـــەوە و زمانیـــان تێدایـــە. لەوانـــەدا ژمارەیەکـــی زۆر کولتـــووری لاوەکـــی درووســـت دەبـــن کـــە ڕەنگاوڕەنگـــی و فرەییەکـــی زیاتـــر دەدەن بـــە کولتـــووری ســـەرەکی. بـــۆ نموونـــە کۆمەڵـــگای فەرەنسـایی نموونـــەی کۆمەڵـــگای یـــەک نەتـــەوە و یـــەک زمـــان و کولتـــووری یەکدەســـتە، بـــەڵام ئێـــران نموونـــەی کۆمەڵـــگای فرەییـــە کـــە چەنـــد نەتـــەوە و چەنـــد زمانێکـــی تێدایـــە. هەڵبـــەت کۆمەڵـــگا فرەییەکانیـــش بـــە یـــەک زمانـــی ســـەرەکی کـــە بـــە زمانـــی ڕەســـمی دادەنـــدرێ، کار دەکـــەن.

ئـــەو وڵاتانـــەی بـــە زمانێکـــی هاوبـــەش دەدوێـــن یـــان لـــە ڕووی مێـــژووی درووســـتبوونی نەتەوەییـــەوە هاوبەشـــن، بـــەڵام لـــە دەوڵەتـــی جیاجیـــادا دەژیـــن، ســـەرەنجام کۆمەڵـــگای جیاوازیـــان لـــێ درووســـت بـــووە. ئەوانـــە خاوەنـــی یـــەک کولتـــوور نیـــن، لـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی و تاکەکانیانـــدا وەک یـــەک نیـــن. دەکـــرێ وڵاتانـــی عەرەبـــی وەک نموونـــە لـــە بەرچـــاو بگریـــن. جیاوازیـــی نێـــوان کۆمەڵگاکانـــی عەرەبـــی هێنـــدە زەقـــە کـــە بـــە

هیــچ شــێوەیەک ناتوانــن بــە ئاســانی لەگــەڵ یەکــدی بژیــن. لــە دەیــەی شەشــەمی ســەدەی رابــردوودا، میســر و ســووریا بڕیاریــان دا ببنــە یــەک دەوڵــەت، بــەڵام دوای ماوەیــەک شکســتیان هێنــا. ئــەو شکســتە تەنیــا لــە ئایدیۆلۆژیــای ناســیۆنالیزمی عەرەبیــدا نەبــوو، بەڵکــوو دوو کۆمەڵگاکــەش ئامــادەی پێکەوەژیــان نەبــوون. هەروەهــا وڵاتانــی ئینگلیــزی زمــان و ئیســپانیۆلی زمــان بەهەمــان شــێوەیە، زمــان نەبووەتــە مایــەی یەکێتیــی کۆمەڵگاکانیــان.

لــەم ڕوانگایــەوە، کوردســتان کــە چــوار پارچەیــە، ناکــرێ بــە یــەک کۆمەڵــگا دابنــدرێ و یــەک کولتووریشــی نییــە. ئــەوە ســەرباری بندەســتەیی و بەکارنەهێنانــی زمانــی کــوردی، لەگــەڵ هەبوونــی زمانــی هاوبــەش و هەندێــک داب و نەریتــی هاوبــەش، بــەڵام دیســان خاوەنــی ڕەگــەزە ســەرەکییەکانی کولتــووری هاوبــەش نییــە. بەپێــی ئــەو واقیعــەی تێیــدا دەژیــت، ناکــرێ بــە کۆمەڵگایــەک دابنــدرێ کــە بــاوەڕ و ڕوانــگای هاوبەشــی بــۆ پێشــکەوتن هەبێــت. هیــچ کاتێــک زمــان، دیــن، مێــژووی هاوبــەش نابنــە تاکــە بنچینــەی یــەک کولتــووری، ئەگــەر لــە چوارچێــوەی یــەک دەوڵــەت و ســنووری فەرمانڕانیــی کولتوورێکــی هاوبەشــدا نەژیــن. لێکدابڕانــی ســەد ســاڵەی کۆمەڵــگای کــورد و چــوار پارچەبوونــی، دیــاردەی چــوار کولتــووری درووســت کــردووە. مەبەســتی مــن لــەو چــوار کولتوورییــە ســڕانەوەی مۆرکــی نەتەوەیــی نییــە.

داگیرکــران هەمیشــە کاریگەریــی خــۆی لەســەر نەتــەوەی بندەســت دادەنــێ، بەتایبەتــی ئەگــەر مێژوویەکــی زۆر و درێــژی بەســەردا تێبپەڕێــت. بــۆ نموونــە کاتێــک ســەردانی چــوار پارچــەی کوردســتان بکەیــن، بــە وردی لــە پێکهاتــەی کولتــووری، داب و نەریــت ورد ببینــەوە بــە ئاســانی هەســت بــەو جیاوازییانــە دەکەیــن کــە درێژاییــی ڕۆژگاری داگیــرکاری درووســتی کــردووە، چــوار تیپــی کــوردی لــە چــوار پارچەکەمانــدا دەبیندرێــن. ئــەوە لــە هەڵســوکەوت و شــێوەزار و کۆمەڵێــک ڕەفتــاری دیکــەدا دەردەکەوێــت. ( وان بروییــن ســن ،١٣٧٨).

بندەستەیی هەمیشە نائاسایی و شێوان لەگەڵ خۆی دێنێ. ئەو شێوانە لە کولتووری کۆمەڵگاکەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو دۆخەی کوردستانیش زۆر بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی شێواویی کۆمەڵایەتییە. بەکارنەهاتنی زمان یەکەمین کەرەستەی دەربڕین و ناسین و خۆناسین لە مرۆڤ وەردەگرێتەوە و تووی دەستبەسەری و تەپەسەری دەچێنێ و هەڵچوو و کۆڵەوار درووست دەکات. مرۆڤی کۆڵەوار هیچ کاتێک داهێنەر نابێت. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای بندەست کۆمەڵگایەکی کۆڵەوار و توڕە و هەڵچووە. ئەو جۆرە کۆمەڵگایە هەموو تواناییی خۆی دەداتە تێکۆشان بۆ دەرچوون لە بندەستەیی و ڕۆیشتن بەرەو ئازادی. لە ئازادیدا خۆی دەدۆزێتەوە و هەست بە کەموکورییەکانی دەکات. لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا دوای ڕزگاری و درووستبوونی حکوومەتی میللی، هەست بە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگای کوردستان کرا و پرۆسەی ڕەخنە دەستی پێ کرد.

## ٢-٧ کولتووری هەرێمایەتی

لە هەرێمێکی فراوانی هەندێک زیاتر لە پانتاییی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جوغزێکی کولتووری هەیە کە ڕەگە گشتییەکانی لەناو هەموو کۆمەڵگاکانی ناوخۆیدا چاندووە، ئەویش لە تورکیاوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە میسر، وڵاتانی موسوڵمانی ڕۆژاوای ئەفریقا، هیندستان، بەشێک لە ئاسیای ناوەڕاست، بە ئێراندا تێدەپەڕی و دەگاتەوە تورکیا. ئەم هەرێمە سەرچاوەی ئەفسانە و ئوستوڕە و دین و باوەڕە لەمێژینەکانمانە. بۆیەش کولتووری خاڵس لەناو هیچ کۆمەڵگایەکی ناو ئەو جوغزە نابیندرێ. لەو جوغزەدا، ئایینی ئیسلام زۆرینەیە، هەموو ئەو مەزهەب و تایفە دینییانەی لە ئیسلامەوە جیا بوونەتەوە لەوێدا هەن، وەک ئێزدی، کاکەیی، دروز، سیک، بەهایی و لقە زۆرەکانی عەلەویی و هتد. جیا لە ئیسلام، دینەکانی مەسیحی و یەهودی، بودی و هیندۆزیشی لێیە (داود اوغلو، ٢٠١٠).

جیـــا لـــە دینـــەکان، بازرگانـــی، شـــەڕ و داگیـــرکاری، هاموشـــۆ لـــە ناوچەکانـــەوە بـــۆ یەکـــتری هەبـــووە، لـــەوەڕا یەکـــدی ناســـین و کارتێککـــردن درووســـت بـــووە. بـــە شـــێوەی جیـــاواز ئەفســـانە و ئوســـتورەکانیان بـــۆ یەکـــدی گواســـتۆتەوە و ڕوانـــگای تایبـــەت بـــە خۆیـــان لەســـەر یەکـــدی درووســـت کـــردووە. کۆچـــی بەرفـــراوان و یەکـــدی داگیرکـــردن، کولتوەرەکانـــی لێکـــدی موتوربـــە کـــردووە. وەک خشـــانی خێڵەکانـــی ئاریایـــی لـــە هیندســـتانەوە بـــۆ ناوەڕاســـتی ئاســـیا، تیشـــکی عیرفانیـــی و هینـــدۆز بـــەرەو ناوەڕاســـتی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، بڵاوبوونـــەوەی ئایینـــی زەردەشـــت لـــە زەمانـــی هەخامەنشـــی و ساســـانییەکان، هاتنـــی ســـوپای یۆنانییـــەکان بـــۆ ڕۆژهـــەڵات، خشـــانی جەنگاوەرانـــەی مەغۆلییـــەکان بـــۆ هەمـــان ناوچـــە. باوەڕەکانـــی هیـــچ کۆمەڵێکـــی ئـــەم هەرێمـــە نادۆزرێتـــەوە کـــە کاریگەریـــی ئـــەو ڕووداوانـــەی پێـــوە دیـــار نە بێ .

ڕەگـــە ســـەرەکییەکانی کولتـــووری ئـــەو هەرێمـــە لـــە کاری کشـــتوکاڵ و پیشـــەی دەســـتی، بـــاوەڕی دینـــی بـــە ســـەرچاوە ئەفســـانەیی و ئوســـتوورییەکان، پـــەروەردەی ڕووحـــی -عیرفانـــی و ڕەفتـــاری ســـۆفییانە دەردەکـــەوێ. جەوهـــەری ســـەرەکیی کولتـــووری هەرێمـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، جەنـــگاوەری بـــاوەڕدار و داگیـــرکار بـــووە. لـــە پـــاڵ ئـــەوەدا ئەزموونـــی کشـــتوکاڵ و پیشـــەیی و دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانی شـــارەکان هەمیشـــە لـــە زۆرانبازیـــدا بـــووە بـــۆ خۆپاراســـتن لـــە دەســـت ئـــەو جەنگاوەرانـــە.

ئـــەو ڕەگەزانـــەی ســـەرەوە هەموویـــان بـــە موتوربەکـــراوی لـــە داب و باوەڕەکانـــی کۆمەڵـــگای کوردســـتاندا هەیـــە. هـــەر ئـــەوەش وایکـــردووە هاوژیانـــی لەژێـــر دەســـتی کۆمەڵگاکانـــی دراوســـێدا زۆر قـــورس و تەحەموولنەکـــراو نەبـــێ. ئەفســـانە، ئوســـتورە، دیـــن، عیرفانـــی هاوبـــەش، بنەمـــای ڕەوشـــت و بەهـــا و دابەکانـــی کوردســـتان پێـــک دێنـــێ. لـــەو دۆخـــە کۆمەڵایەتییـــەدا، لـــە لێـــواری ڕووبـــارەکان و پانتایـــی دەشـــتەکان، لـــە دۆڵـــی

چیـــا عاســێیەکاندا کارەســاتە ترســناکەکان و پاڵەوانــە فریادڕەســەکان، پێغەمبــەرە ئامــۆژگارەکان، فەرمانــڕان و ســوپاکانیان درووســت بــوون. نــوح و یوونــس پەیامبــەری دەربازبــوون لــە ئەفســانەکانن. لــوت و ئیبراهیــم ڕێکخــەری ئەخلاقــی ســەردەمی جیابوونــەوە لــە ڕەفتــاری پانێــری و مەشــاعین. داوود و ســولەیمان تەواوکاریانــن (تــورات، ســفر التکوین/قران،ســورة الصافــات ۱۳۹)، مووســا و عیســا پەیامبــەری ســەرەتای ئیمپڕاتــۆری و داگیرکاریــی بەرفراوانــن. محەممــەد پەیامبــەری کامڵکردنــی ڕێنوینییــە ڕێکخەرەکانــی کۆمەڵــگا و گواســتنەوەی ئامۆژگارییــە بــۆ یاســای دیایکــراو و دامەزراندنــی ئیمپڕاتۆریــی یاســاداری بــە بــاوەڕی دینــی. هەمــوو ئەوانــە نــەوەی کولتوورەکانیانــن و لــە بــاوەڕی مرۆڤــی کوردســتانیدا جێگایــان هەیــە. بۆیــە پێویســتە لــە کاتــی کۆڵینــەوە و تۆژینــەوە لــە ناوەرۆکــی کولتــووری کوردســتان، ئــەو هەرێمــە کولتوورییــە ڕۆژهەڵاتییــە ڕەنگاورەنگەمــان لــە بیــر بێــت.

ڕوویەکــی هاوبەشــی دیکــە لەنــاو کۆمەڵگاکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، تێکەڵیــی زمانەکانــە. بەشــێکی زۆری وشــە و ســەرچاوەکانی دەگەڕێنــەوە ســەر یەکــتر و بــە کەمێــک دەســکارییەوە خزاونەتــە نــاو زمانەکانــی دیکــەوە. هەڵبــەت هــەردوو زمانــی فارســی و عەرەبــی پشــکی قەڵەویــان لەنــاو زمانەکانــدا هەیــە. ئــەوەش بــۆ باڵادەســتیی دینــی و فەرمانڕانیــی ئــەو دووانــە دەگەڕێتــەوە. لێکوەرگرتنــی وشــە لــەو زمانانــەدا پڕۆســەیەکی ئاســایی ژیانکــردە و هیــچ کەمیــی تێــدا نییــە. هــەر ئــەوەش جۆرێــک لــە ئاشــنایی لەنــاو ئاخافتنکارانــی زمانەکانــی ئــەو ناوچەیــە درووســت کــردووە. زمانــەکان ڕەنگــدەرەوەی کولتوورەکانــن. جیــا لــە بــاوەڕەکان، ڕێوڕەســمە دینییــەکان و بەشــێکی زۆری داب و نەریتــەکان وەک یەکــن یــان زۆر لێکــدی نزیکــن (کالفــی ،۲۰۰۸).

لێکــدی نزیکــی تیپــی، خاڵێکــی دیکــەی هاوبەشــیی کولتوورەکانــی ئــەو جوغــزە کولتوورەیــە گەورەیەیــە. پێکهێنــەرە ســەرەکییەکانی تیپــی، لــە بــاری جیۆگرافــی، کەرەســتە و شــێوەکانی بەرهەمهێنــان، بــاوەڕ

و ڕەگــی هاوبەشــی داب و نەریــت، ئەفســانە و ئوســتورەی لێکــدی نزیــک، هەروەهــا لــە هەموویــان گرینگــتر ســایکۆلۆژیای هاوبەشــە. ئــەو ســایکۆلۆژیا هاوبەشــە جێــگای ســایکۆلۆژیای تایبەتــی هــەر کۆمەڵگایــەک ناگرێتــەوە، بــەڵام ڕەگــی هاوبەشــی خــۆی لــە هەمووانــدا دەچێنــێ (دیورانــت،٢٠١٣). لێــرەدا لەســەر خاڵــە هاوبەشــەکان وەســتاوم، باســی مــن لەســەر تایبەتمەندییــە جیاوازەکانــی کۆمەڵــی کوردســتان نییــە. بــاوەڕە بەرزەکانــی هاوبەشــی ئــەو جوغــزە هاوشــێوەن: ئەویــش بریتییــە لــە دەمارگیریــی ناوچەیــی، دینــی، داب و نەریتــی هاوبــەش پاراســتن. بــۆ نموونــە لــە پاکســتانەوە تــا کوردســتان، شــیوازی کار، کشــتوکاڵ و ئامــرازە ســادەکانییەتی کــە هیــچ کاتێــک پــڕۆژەی ســەرمایەیەکی گــەورەی لــێ درووســت نابــێ. دوای ئــەو، کاری نــاو شــارە نیوەچڵــەکان دێــت کــە بریتیــن لــە ئــاڵ و وێــری ســادە، کارمەندیــی، بازرگانیــی وابەســتە (الــوردی، ١٣٧١). بــاوەڕەکان لەســەر دیــن و داب و نەریتــەکان کــۆ دەبنــەوە و زۆر خۆپارێــزن. پانتاییــی زانیــن و دانــش (مەعریفــە) زۆر بەرتەســک و ســادەیە. بــە شــێوەیەک دەکــرێ لــە ســنگەوە بــۆ ســنگ بگوازرێتــەوە. گرفتــە کۆمەڵایەتییــەکان هەموویــان لەســەر بنەمــای بەهاکانــە و لەســەر ملــی ژنــان بــار کــراون. بەختــەوەری لــەو خۆپارێزییــەدا تاریــف دەکــرێ و خەونــی گــەورەی تێــدا نابینــدرێ. نانەزگــی و نەهێنانــی بەرهەمــی مشــە لــە بنەمــا ســەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتییــە. دیــن و داب و نەریتــە هاوتەریبەکانــی، ڕێــگا لــە ســەرمایەگوزاری هاوچــەرخ دەگــرێ و بــە بیــری ســەرمایەی زل بــار ناهێنــدرێ. ڕێنوێنییــە دینــی و کۆمەڵایەتییــەکان لــە ئازادییەکانــی تــاک کــەم دەکەنــەوە. ئــەوەش وایکــردووە هەمیشــە بــە چــاوی دیدەوانــی ســەیری یەکــدی بکــرێ و لــە ڕەفتــاری تــاک بــە گومــان بــن. گومــان و باوەڕبەخۆنەبــوون ســیفەتێکی کولتووریــی هاوبەشــی ئــەو جوغزەیــە (الــوردی، ٢٠١١).

شــێوەی کار و بیرکردنــەوەی ئابووریــی ناوچەکانــی نــاو جوغــزی کولتــووری ناوبــراو، زۆر لێکــدی نزیکــن، ســەرچاوەکانی ســامانی

سرووشـــتییان پێکـــەوە بەســـتراون و یەکـــدی تـــەواو دەکـــەن. هەربۆیـــە ئایینـــدەی ئـــەو ناوچەیـــە لـــە یەکەیەکـــی بەرفراوانـــی ئابـــووری و فرەیـــی کولتـــووری ناوچەیـــی و سیســـتەمێکی نەرمـــی سیاســـیدا ئۆقـــرە دەگـــرێ. ئەوانـــە هەموویـــان لـــە زۆمێکـــی گـــەورەدا دەبـــێ یـــەک بگـــرن. جـــا ئـــەوە کۆنفیدراڵـــی یـــان شـــێوەیەکی فراوانـــتر بێـــت، هیـــچ لـــە زەرورەتەکـــە کـــەم ناکاتـــەوە. کاری هەڵســـوڕانی ئابـــووری زەبەلاحـــی ئـــەم زەمانـــە، پێویســـتی بـــە شـــلکردنی ســـنوورەکان و تێکەڵبـــوون هەیـــە. یەکێتییەکـــی سیاســـی و ئابـــووری بـــۆ ئـــەو جوغـــزە پێویســـتە کـــە لـــە ڕۆژهەلاتـــی ناوەڕاســـت فراوانـــترە. مـــن ئایینـــدەی ئارامیـــی ئـــەم ناوچەیـــە لـــەوەدا دەبینـــم (قاســـملو، ٢٠١٤) و (هنجتنغتـــون،١٩٩٩).

## ٢-٨ کولتووری کیشوەری (قارەیی)

پێکـــدی لـــە بەســـترانەوەی کۆمەڵگاکانـــی نـــاو کێشـــوەرێک، ئـــەو کولتـــوورە هەمەگیـــر و گشـــتگیرە درووســـت نـــاکات کـــە لـــە بازنـــە کولتوورییەکانـــدا هەیـــە. کیشـــوەری ئاســـیا وەک نموونەیـــەک دادەنێـــم. ڕەگـــی کولتـــووری تەنـــک و نیمچـــە سەرانســـەری تێدایـــە، بـــەڵام ناگاتـــە ئـــەو ڕاددەیـــەی کـــە لـــە بازنـــە کولتوورییەکـــەی ڕۆژهەلاتـــدا باســـم کـــرد. ئەگـــەر کیشـــوەری ئاســـیا وەک نموونـــە وەربگـــرم (چونکـــە زانیاریـــم لەســـەر پێکهاتەکانـــی زیاتـــرە)، دەتوانیـــن ڕەگـــە کولتوورییەکانـــی ئاوهـــا دیـــاری بکەیـــن: هـــۆکاری جیۆگرافیـــا لـــە پێکەوەبەســـتنی ســـەرزەمینی کۆمەڵـــگا جێگیـــرەکان ڕۆڵـــی ســـەرەکی دەبینـــێ. لـــەم ســـەر بـــۆ ئـــەو ســـەری ئاســـیا هاتوچـــۆ هەبـــووە بەبـــێ هیـــچ بەربەســـتێکی سرووشـــتی. هـــەر بۆیـــەش لـــە زۆر کۆنـــەوە پەیوەنـــدی لـــە نێـــوان بەشـــەکانی ئـــەو کێشـــوەرە بـــەردەوام بـــووە. هـــەر لـــە بازرگانـــی، گەڕیدەیـــی، بانگـــەوازی ئایینـــی و بـــاوەڕی تـــا دەگاتـــە هێـــرش و جەنگـــە داگیرکارییـــەکان بـــۆ ســـەر یەکـــدی. دەکـــرێ ڕێـــگای ئاوریشـــم (طریـــق الحریـــر) بـــە نموونـــەی پەیوەندیـــی پێـــش ســـێ هـــەزار ســـاڵ لـــە نێـــوان بەشـــە ســـەرەکییەکانی ئاســـیا بێنینـــەوە. ئـــەو ئاســـانییە لـــە

هاتوچــۆدا، کاری دەکــردە ســەر شــێوە پەیوەندییەکانــی دیکــەی کۆمەڵــە ئا ســـیا ییە کا ن .

لــە کۆنــەوە هەمــوو ئاســیاییەکان دەزانــن ئاوریشــم و کاغــەز لــە چینــەوە دەگەیشــتە بازاڕەکانیــان. کاغــەز هۆکارێکــی وەرچەرخێنــەری مێژووییــە لــە پڕۆســەی پێگەیشــتنی ئەندیشــەی بەشــەری. کاریگەریــی دیــن و بــاوەڕەکان لەنێــوان بەشــەکانی ئاســیادا لــە خــۆر ئاشــکراترە. بیــر و بــاوەڕی عیرفانــی، ئایینەکانــی هینــدۆس، بودایــی لەســەر پێگەیشــتنی بــاوەڕ و دینەکانــی ڕۆژهــەڵات حاشــاهەڵنەگرە. هەروەهــا گەیشــتنی بانگــەوازی دینەکانــی ڕۆژهــەڵات بــە هینــد و چیــن، لەلایەکــەی دیکــەوە بــە ڕۆم و شــام و ئێــران کارێکــی ئاســان بــووە. ئەگــەر بــەدوای ڕەگــی هاوبەشــی کێشــەوەریدا بگەڕێیــن، ئــەوا دەبــێ لــەو هــۆکارە گشــتییانەوە دەســت پــێ بکەیــن ( دیورانــت،٢٠١٣ب).

دەکــرێ دوو منوونــەی دیکــە لــە کاریگەریــی جیۆگرافیــای پچــڕاو بەســەر پەیوەندییەکانــەوە بێنینــەوە: کاتێــک تاریقــی کــوڕی زیــاد لــە ســاڵی ٧١١ی میــلادی ویســتی لــە ســوچێکی ئەفریقــاوە بــەرەو ئەورووپــا بپەڕێتــەوە، هــەوڵ و وەختێکــی زۆری ویســت. ســەرەنجام هــەر شکســتی هێنــا. هەروەهــا لــە ســاڵی ١٤٥٣دا هەمــان کێشــە بــۆ ســوڵتان محەممــەدی فاتیــح درووســت بــوو، کاتێــک دەیویســت کونســتانتینپۆڵ (ئیســتانبووڵ) بگرێــت. ئــەو دوو ســەردارە ســوپاییەی ئیســلام، توانیــان بەشــێکی زۆری ئەورووپــا داگیــر بکــەن، بــەڵام کولتوورەکانیــان پــێ تێکــەڵ نەکــران. لــەوەڕا بناغــەی پتــەوی کولتــووری کێشــوەریمان بــۆ دە ر دە کـــە و ێ .

ئەگــەر جیۆگرافیــا، دیــن و بازرگانــی بەســەر کولتــووری کیشــوەریدا زاڵ بووبــن، داب و نەریتــەکان وا نیــن. ئــەوەی دوایــی بــە زەحمــەت بــڵاو دەبێتــەوە و کــەم بــڕ دەکات. هــەر بۆیــە هیــچ کیشــوەرێک لەســەر بنەمــای داب و نەریــت تاریــف ناکــرێ. داب و نەریتــەکان تایبەمتەندیــی کۆمەڵگاکانــن و بــە لاوازتــری لــە بازنەکانیشــدا دەبیندرێــن.

لـــە کێشـــوەرێکدا لەوانەیـــە یـــەک نـــەژاد هەبێـــت، هەروەهـــا دەکـــرێ چەنـــد نەژادیـــش بێـــت. ســـەیری ئەفریقـــا دەکـــەی یـــەک نـــەژادی ڕەش هەمـــوو کیشـــوەرەکەی لـــێ پێـــک هاتـــووە بـــەڵام لـــە ئاســـیا چەندیـــن نـــەژاد دەژیـــن. ئەگـــەر یـــەک نـــەژاد لـــە کیشـــوەرێکدا بژیێـــت، ئـــەوا نەژادەکـــە دەبێتـــە بەشـــێک لـــە ناســـنامەی تـــاک. وەک ڕەشـــی بـــۆ ئەفریقاییـــان. کەچـــی لـــە ئاســـیا نـــەژادەکان جیـــاوازن و کاریـــش لـــە ئینتیـــمای کیشـــوەری نـــاکات.

لـــە تیپـــی کاریگەریـــی کیشـــوەری دەبینـــدرێ، بـــەڵام زۆر بـــە تەنکـــی. بـــۆ نموونـــە لایەنـــی زاڵـــی عیرفانـــی، ئایینـــی و پـــەروەردەی خاکـــی (تـــەوازوع) لـــە ئاســـیاییدا هەیـــە. ئەفریقایـــی بـــە جووڵەیـــە، ســـەتحییە و پابەنـــدی داب و نەریتـــی قەبیلەییـــە و بـــاوەڕی ئەفسـانەیی و خورافـــی تێـــدا زاڵـــە.

## ٢-٩ کولتووری جیهانی

دەکـــرێ بپرســـین، ئـــەرێ شـــتێک بـــە نـــاوی کولتـــووری جیهانـــی هەیـــە؟ کاتێـــک ئـــاوڕ لـــە مانـــا و مەنشـــەئی ســـەرهەڵدانی دیـــاردەی کولتـــوور دەدەینـــەوە، دەبـــێ کۆمەڵگایـــەک هەبێـــت کـــە بـــۆ خواســـتی جۆراوجـــۆر، تاکەکانـــی تـــەک تـــەک یـــان بـــە تاقـــم پێکـــەوە پەیوەنـــدی دەکـــەن تـــا ژیـــان بـــەردەوام بێـــت. بـــۆ ئـــەو کارەش زمانێـــک دەبێتـــە کەرەســـتەی گۆڕینـــەوەی خواســـتەکانیان. لەمـــڕۆی جیهانـــدا پەیوەندییـــەکان ســـنووری دەوڵەتەکانیـــان بڕیـــوە، ڕۆژانـــە بـــە بەردەوامـــی پەیوەنـــدی لـــە نێـــوان دانیشـــتوانی جیهانـــدا هەیـــە. ئـــەو پەیوەندییـــە هـــەر لـــە پێویســـتییە ماددییـــەکان و بەرهەمـــە زانســـتییەکان و خواســـتە هونەرییەکانـــەوە دەســـت پـــێ دەکات تـــا هاتوچـــۆ و کار، هاوکاریـــی سیاســـی، کارگێـــڕی، توریســـتی هتـــد. (ماتـــلار، ٢٠٠٨).

هیـــچ کۆمەڵگایـــەک بەبـــێ بەرهەمـــی وڵاتانـــی دیکـــە ناتوانـــێ ژیانـــی ئـــەم ســـەردەمەی پـــەرە پـــێ بـــدات. تەنانـــەت نـــان و میـــوەی ڕۆژانەمـــان بەرهەمـــی هاوکاریـــی چەندیـــن دەوڵەتـــە. ئـــەوەش مۆرکـــی کولتـــووری

چەندیـــن کۆمەڵـــگای پێوەیـــە. کاتێـــک کاڵایـــەک دەکـــڕی، ناچـــاری ســـەیری کەتەلۆگەکـــەی بکەیـــت تـــا بزانـــی چـــۆن و بۆچـــی بـــە کار دێـــت. واتـــا ئـــەو کۆمەڵگایـــەی ئـــەم کاڵایـــەی درووســـت کـــردووە، چۆنـــی بـــە کار دێنـــێ تـــا تۆیـــش وا بکەیـــت. لێـــرەوە کولتـــووری ئەوانـــت بـــۆ نەقـــڵ دەبێـــت. هـــەر وەک چـــۆن ســـەد و چەنـــد ســـاڵێک بـــەر لـــە ئێســـتا برنـــج و چامـــان لـــە باشـــووری ڕۆژهەڵاتـــی ئاســـیاوە بـــۆ هـــات، لـــە لێنـــان و چاندنیـــدا بەرهەمێکـــی کولتـــووری چینـــی و هینـــدی و دراوســـێکانیانمان وەرگـــرت. بـــە هاتنـــی توتـــن، جگەرەکێشـــان پەیـــدا بـــوو، بەویـــش بەرهەمێکـــی دیکـــەی کولتـــووری ئەمەریکامـــان وەرگـــرت هتـــد.

کۆمەڵـــگای کوردســـتان وەک کۆمەڵگاکانـــی دیکـــە بـــۆ وەرگرتنـــی زانســـت بـــەردەوام لەگـــەڵ ئەمســـەر و ئـــەو ســـەری دنیـــا لـــە پەیوەندیدایـــە. شـــێواز و مانـــا و زانیـــاری بـــە زمانـــی جیـــا جیـــا وەردەگریـــن، دواجـــار بـــەکاری دەهێنیـــن. بەمەیـــش زۆر بـــە قووڵـــی بەرهەمـــی کولتـــووری بیانیـــی مۆدێـــرن داخلـــی ســـتراکتۆری ژیـــان و بیرکردنـــەوە و کارمـــان دەبێـــت. لەلایەکـــی دیکـــە هـــەروەک چـــۆن زمـــان بـــە پێویســـتییە بایۆلـــۆژی و کۆمەڵایەتییەکـــەی، لەگـــەڵ جیـــاوازی لـــە دەنگەکانـــدا، بـــە ڕێزمانێکـــی لێکـــدی نزیـــک لـــەلای هەمـــوو کۆمەڵـــگاکان درووســـت بـــوو، کولتووریـــش بـــە هەمـــان شـــێوە، بـــڕوا و نەریتـــی هاوبەشـــی لای گشـــت کۆمەڵـــگاکان خوڵقانـــدووە. وەک بیرکردنـــەوەی فەلســـەفیانە، ئاییـــن و پەرســـتن، ئەفســـانە، لێبوردەیـــی و میوانـــداری، جۆرەکانـــی دان و ســـتاندن و بازرگانـــی هتـــد. ئـــەو چەنـــدان بـــاوەڕ و نەریتانـــە لای هەمـــوو کۆمەڵگاکانـــی دنیـــا هـــەن و بەپێـــی هەڵکەوتـــی جیۆگرافیایـــی و مێژوویـــی خۆیـــان، تایبەتمەندیـــی هـــەر یەکێـــک لەوانـــەی پێوەیـــە. ئەمـــە جەوهـــەری ڕەگـــە گشـــتییەکانی کولتـــووری جیهانییـــە کـــە پـــردی هـــەرە کۆنـــن بـــۆ لێکـــدی حاڵیبوونـــی مرۆڤـــی کۆمەڵـــە جیـــاوازەکان. کەواتـــە بنەمایـــەک بـــۆ تێکەڵبوونـــی کولتـــوورەکان لـــە کۆنـــەوە هەبـــووە. ئێســـتا لـــە ســـەردەمی مۆدێرنیتـــە و پێشـــکەوتنی تێکنۆلۆژیـــادا خێرایـــی و ناوەرۆکێکـــی فراوانـــی وەرگرتـــووە. بـــە درێژاییـــی مێـــژوو هەرکاتێـــک کۆمەڵێـــک ڕەگێکـــی کولتـــووری لـــە

کۆمەڵێکــی دیکــە وەرگرتبــێ، دوایــی لێــی پاشــگەز نەبۆتــەوە و لەگــەڵ زمــان و دابەکانــی ژیانــی خۆیــدا گونجاندوویەتــی. بۆیــە دەبــێ لــەم ڕۆژگارەدا خۆمــان لــە کاریگەریــی بەرچاوتەنگانــەی محەلــی قورتــار بکەیــن، هەرچــی بەرهەمــی مــاددی و مەعنەویــی کولتــووری میللەتانــی دیکــە هەیــە - ئەگــەر پێویســتمان پێــی بــوو وەریبگریــن. ئــەو تواناییــە دەروونییــە لــە خۆمــان و جیلــی بەردەســتمان بپەروەرێنیــن کــە هیــچ حەساســییەتێکی بەرانبەریــان نەبێــت.

ئــەو یاســا و پەیماننامــە و مەڵبەنــدە جیهانییانــەی بەســەر هەمــوو مرۆڤایەتیــدا گشــتێندراون، تەبایــی و گەشــانەوەی جیهانــی پــێ دەســتەبەر دەکــرێ. بەردەوامیــی ئــەو ڕەگــە کولتوورییــە ئینســانییە گشــتییانەن کــە لــە بنەماکانــی کولتــووری جیهانیــدا هــەن. هــەر بۆیــەش مقاوەمەتــی ناوچەییــی کولتووریــی یــەک وڵات لــە بەرانبــەر دەســتکەوتە جیهانییەکانــی مرۆڤایەتیــدا، خــۆی دەخاتــە نــاو گۆشــەگیری و قەیــران. ئــەو وڵاتــە یاخییــە هیــچ ئاییندەیەکــی دابینکــراوی نابــێ و ســەرەنجام هــەرەس دێنــێ. دینــەکان، دابــەکان و ناســیۆنالیزمی بەرچاوتەنــگ ســێ ســەنگەری بەرەنگاربوونــەوەی تێکەڵیــی جیهانیــن و بــەردەوام خۆپارێــزی، دژایەتیــی بیانــی و پابەندبــوون بــە بــاوەڕ و دابــە خۆییــەکان بــڵاو دەکەنــەوە.

شــەڕ و داگیرکاریــی نێــوان کۆمەڵــگاکان، بڵاوبوونــەوەی دینــەکان و بازرگانــی، لــە کۆنــەوە کولتوورەکانــی تێکەڵــی یەکــدی کــردوون. لــە ســەردەمی داگیرکاریــی کۆڵۆنیالیســتی بــە تەوژمێکــی زیاتــر و بــە تۆبــزی، کولتــوور و زمانــەکان پێکــدی ئاشــنا بــوون و کەوتنــە کاریگــەری لەســەر یەکــدی. کۆڵۆنیالیــزم دنیــای کۆنــی تێــک شــکاند و ســنوورەکانی لەســەر بنەمــای بەرژەوەندیــی دەوڵەتــە کۆڵۆنیالیســتەکان داڕشــتەوە و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی هەژانــد و، بــەرەو ســەردەمێکی نــوێ پاڵــی پێوەنــان. بایەخــی مێژوویــی ســەردەمی کۆڵۆنیالیــزم لــە مێــژووی پێگەیشــتنی کۆمەڵــگاکان لەوەدایــە (ماتیــل، ١٣٨٤). هەڵبــەت

مــن ڕووداوە مێژووییــەکان نانووســمەوە تــا باســی کارە ڕەقەکانــی کۆلۆنیالیســتەکان لــە تــاڵان و کوشــتن و کۆیلەکــردن بکــەم. ئەویــان باســێکی دیکەیــە و مــن خــۆم لــە قــەرەی نــەداوە. مــن تەماشــای ســەمت و ســووەکەی پێشــکەوتن لەســەر ئاســتی گێتــی دەکــەم، جــا لەوێــوە دەمــەوێ بڵێــم پێویســتە کوردســتان چــۆن کێبڕکــێ بــۆ پێشــکەوتن لــە زمــان و کولتــووردا بــکات.

ئــەو هۆکارانــەی ســەرەوە بــوون کــە دیــاردەی گەڕیــدە و توێــژەر و نووســەرە بیردۆزییەکانــی لــە نــاو کۆمەڵــگاکان درووســت کــرد. لــە ڕووی زانیارییــەوە بایەخــی ئــەو ســێ دیــاردە بەرهەمهێنــەرە بــۆ خەڵکــی جیهــان دەکەوێتــە نــاو بنەمــا ســەرەکییەکانی پێشــکەوتن. بیرمەندەکانــی یۆنانــی و گەڕیدەکانــی ڕۆژهــەڵات و ئەورووپــا، کاری فکریــی نووســەرەکانی ئــەوکات و توێــژەر و بیردۆزەکانــی ئــەم ڕۆژگارە، بوونەتــە خەزێنــی بیرکردنــەوەی مرۆڤایەتــی. بــاوەڕی دینــی و ئیجتیهــادی مەزهەبــی و زانیاریــی گشــتیی میللەتــان لەســەر یەکــدی، ڕوانــگای تایبەتــی بــۆ پێشــکەوتنی ژیــان لای هــەر میللەتێــک، بــۆ ئەوانــە دەگەڕێتــەوە و ئەوانــەش نموونــەی جیهانێتــی کاری پێشــکەوتنی مرۆڤایەتیــن.

لـە تێکەڵکردنـی جیهـان و پێکـدی ناسـاندنی کولتـوورەکان ئاسـیا و ئەورووپا پێشدەسـت بـوون و، مۆرکـی خۆیـان لەسـەر ئاییـندەی کولتـوورەکان دانـا. لـە مێـژوودا ئاسـیا و لـە ئاسیایشـدا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە لانکـە و سـەرچاوەی یەکەمـی بڵاوبوونـەوە و ڕێکخسـتنی کولتـوور دادەنـدرێ (دیورانـت، ٢٠١٣ت). ئەفسـانە و ئوسـتورەی نـاو دینـەکان لـە لێـواری هـەردوو زێـی دیجلـە و فـورات و چیاکانـی زاگـرۆس و قـەراغ دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت درووسـت بـوون. هەڵبـەت لـە قۆناغـی دواییـدا سـەرزەمینی میسـر و لێـواری ڕووبـاری نیـل کەوتنـە نـاو ئـەو پرۆسـە کولتوورسـازییە جیهانییـە. ئـەو ناوچانـە بوونـە کارگـەی دینسـازی و ژمارەیەکـی زۆر ئایینـی جیاوازیـان تێـدا درووسـت بـوون. سـێ دینـە ئاسـمانییە کاریگەرەکـەی لـێ درووسـت بـوون کـە یەهـودی و

مەسیحی و ئیسلامن. لە سەدەی شەشەمی پێش زایینڕا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەوتە جموجۆڵی فەرهەنگی و بازرگانی. هیندستان و چین و ژاپۆن مەکۆی ئایینە زەمینییە هێمنەکانن (دیورانت ،٢٠١٣، ت). دینەکانی بودایی و شینتۆ و هیندۆس، لەوێ درووست بوون (هاردی فرید هلم). بە دراوسێیەتیی ئەوانەوە فەرهەنگ و شارستانێتیی ئێرانیش درووست بوو کە پردی نێوان هەردوو بەشەکەی ئاسیا بوو. واتا لە چینەوە بۆ شام. کولتووری ساسانیی کۆن (کە کوردیش بەشێکییەتی) بە بەرهەمی ماددی و مەعنەوی و ئایینی خۆی، کاری کردە سەر بەشەکەی دیکەی ڕۆژهەڵات و شێوەیەکی دیکە لە ئایین و مەزهەب و شارستانییەت درووست بوو کە دواجار لە سێکوچکەی مێژوویی عەبباسی و عوسمانی و سەفەویدا چەسپا. کاریگەریی ئەو سێ شارستانییەتە دینی - فەرهەنگییە، مۆرکی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو جوغزە کولتوورییە دیاری دەکات کە من ئاماژەم پێی دا. کۆنە ئێرانییەکان جیا لە دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژهەڵات، بۆ یۆنانیش پەڕینەوە بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا (پیرنیا، ١٣٩٨).

لە بەشێکی ئەورووپادا پێشکەوتن کاری دەکردە سەر دەوروبەر و پەڕییەوە بۆ ئاسیا و ڕۆژاوای ئەفریقا، ئەویش فکر و شارستانێتیی یۆنان و ڕۆم بوو. یۆنانییەکان بۆ ماوەیەک ڕۆژهەڵاتیان داگیر کرد و بیر و شارستانییەتی خۆیان بڵاو کردەوە. ئەندێشەی یۆنانییەکان تێکەڵی بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان بوو و کرایە بەشێک لە دەرهاویشتە ئایینی و کارگێڕییەکانی داهاتوو (الجابری، ٢٠٠١) ڕۆمانییەکانیش هەر وابوون. ئەوان شارستانییەت و فەرمانڕانیی خۆیان بە ڕۆژهەڵات ناساند و ئایینی مەسیحییان لەو ناوچەیە وەرگرت و بە ئەورووپادا بڵاویان کردەوە. ئەو ئایینە ئێستا بەسەر بەشێکی زۆری جیهاندا بڵاو بووەتەوە و ناوەرۆکە ڕۆژهەڵاتییەکەی بەتاڵ کراوە و تێکەڵی کۆمەڵگا و کولتووری ڕۆژاوا کراوە (دیورانت، ٢٠١٣پ).

ئیمپڕاتۆریی ڕۆما لە ئەنجامی زیندوویّتی و پێشکەوتنی ئاسیا پووکایەوە. ئیدی بۆ ماوەی هەزار ساڵ (لە ٦٠٠زایینی بەدواوە) ڕۆژهەڵات بە دین و ئیمپڕاتۆری و فکر و زانستەوە فەرمانی بەسەر جیهانیدا دەڕۆیشت. ئیمپڕاتۆریی ڕۆژهەڵاتی (ئیسلام) بە شێوەیەکی نوێتر لە جاران، کولتوورەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپای پێکدی ناساند. لە هەر سێ سوچەوە پەرەی بە جیهانگوشایی خۆی دەدا: لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە باشوورەوە بەرەو ئەفریقا، لە ڕۆژاواوە بەرەو ناخی ئەورووپا دەجمی (امین، ١٩٣٢).

هەردووک دینی ئیسلام و مەسیحی، ببوونە ناسنامەی دوو کیشوەری دژ بە یەکدی؛ ئاسیا بە فەرمانڕانیی ئیسلام و ئەورووپا بە فەرمانڕانیی مەسیحی. نزیک هەزار ساڵ جەنگ لە نێوان ئەو دوو کولتوورە بەردەوام بوو. پێشکەوتنی زانستیی ئەورووپا توانای دەستبەسەرداگرتنی جیهانی دایە ئەو کیشوەرە و ئایینی مەسیحییەت کەوتە پەرەسەندن. بەڵام لەم قۆناغەدا مۆرکی کولتووری ئەورووپا لە دینەوە دەگۆڕا بەرەو عەلمانییەت. زانست و دۆزینەوەی نوێ دروشمی ئەورووپا بوون، بەبێ ئەوەی پشت لە دینی مەسیحییەت بکات. لە نوێکاریدا ئاسیا هیچ دەستپێشخەرییەکی پێ نەدەکرا بۆیە وردە وردە داڕما و کەوتە بەردەستی ئەورووپا. لەوێوە حەزی ئۆرۆ سێنتەری لە ئەورووپا خەملا و دژایەتی و بەکەمزانینی ئاسیاییەکان بووە ئایدیۆلۆژیا (سعید، ٢٠٠٦)

بوژانەوە و پێشکەوتنی ئەورووپا، کەشفکردنی گێتی و دۆزینەوەی بەردەوامی زانستی و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای کردە بنەمای جموجۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی. باوەڕە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دوای ئەوە هاتن و ڕێگای سەختی کامڵبوون و پەرەسەندنیان بڕی. لە کەشفکردنی گێتیدا، وڵات و کولتووری نوێ دۆزرانەوە و هەندێکی تازە دروست بوون. دینەکان و باوەڕە گشتگیرەکان یەکدییان ناسی و بەرەنگاری یەکدی بوونەوە. کیشوەری ئەمەریکا گۆڕانی

بنەڕەتـــی تێکـــەوت و وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا و کەنـــەدا و ئوســـتڕالیا بەرهەمـــی ئـــەو جیهانگیرییـــەی ئەورووپـــان. ئەمەریـــکای لاتیـــن خرایـــە نـــاو کورەیەکـــی گۆڕانکاریـــی دینـــی و زمـــان و شارســـتانی. لـــە دەڤـــەری کاریـــب میللـــەت و زمانـــی نـــوێ درووســـت بـــوون کـــە بەرهەمـــی کۆچپێکـــردن و ســـەرلەنوێ نیشـــتەجێکردنەوەی پێکهاتـــە ئیتنییـــەکان بـــوون. هـــەردووک کیشـــوەری ئەفریقـــا و ئاســـیا ســـەرلەنوێ داڕێژرانـــەوە و کرانـــە ئـــەو دەوڵەتانـــەی کـــە ئێســـتا بەرپـــان و بـــوون بـــە مێـــژوو و ناســـنامەی دانیشـــتوانەکانی (ترســـک، ١٣٨٠).

دۆزینـــەوەی زانســـتی ئـــەو لۆکۆمۆتیڤـــە بـــوو کـــە توانایـــی بـــە مـــرۆڤ بەخشـــی، دوور لـــە مێـــژووی ئەفســـانەیی و ئوســـتورەیی و دینـــی بیـــر بکاتـــەوە و یاســـا و ڕێســـای نـــوێ دابنێـــت کـــە لـــە بەرژەوەندیـــی خۆیدایـــە. پێشـــکەوتنی تێکنۆلۆژیـــا توانایـــی مرۆڤـــی زیاتـــر و فراوانـــتر کـــرد. نـــەک هـــەر جیهـــان بەڵکـــوو تاکەکانیشـــی لـــە سەرانســـەر گێتـــی پێکـــەوە بەســـتەوە. ئـــەو دۆخـــە مرۆڤایەتـــی خســـتە نـــاو ئـــەو قۆناغـــەی ئێســـتا کـــە بەجیهانـــی بـــووە و چارەنووســـی دنیـــای پێکـــەوە بەســـتۆتەوە. بمانـــەوێ و نەمانـــەوێ ئەورووپـــا و ئەمەریـــکا خاوەنـــی ئـــەو گۆڕانـــە جیهانییـــەن. هەڵبـــەت کولتـــووری نـــوێ مۆرکـــی ئەوانـــی پێـــوە دەبـــێ. مـــن پێموایـــە لـــەوەدا ڕۆژهەڵاتییـــەکان پێویســـتە واقیعبیـــن بـــن و حەســـاس نەبـــن.

بەجیهانیبـــوون قۆناغێکـــی حەتمیـــی پێشـــکەوتنی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتییـــە. سیســـتەمی ئابـــووری و زانســـت و تێکنۆلۆژیـــا تێکەڵبوونـــی بەهـــا و داب و مـــۆدەکان، بنەمـــای واقیعیـــی ئـــەو قۆناغـــەن. لـــە بەجیهانیبوونـــدا چارەنـــووس و بەرژەوەندیـــی مرۆڤایەتـــی لێکـــدی نزیـــک دەکەونـــەوە و ئینتـــمای تـــاک بـــۆ چوارگۆشـــەی جیهـــان ڕوو لـــە زیـــادی دەکات. هـــاوکاری و هەمبەســـتەیی جیهانـــی لـــە هەمـــوو بـــوارەکان پـــەرە دەســـتێنێ و پێشـــکەوتنی کۆمەڵـــگاکان بـــە تەنیـــا بووەتـــە مەحـــاڵ و، پێویســـتە ئەزمـــوون و زانیـــاری و هـــاوکاری لـــە یەکـــدی وەربگـــرن. لـــە بەجیهانیبوونـــدا ڕەگەکانـــی کولتـــووری هاوبـــەش بـــە شـــێوەیەکی تەنـــک

درووســـت بـــوون و لێکحاڵبیـــوون و لێکـــدی وەرگرتـــن بووەتـــە کارێکـــی ئا ســـا یی.

## ٢-١٠ هێزی کولتوور

وشـــە و چەمـــک لـــە خیتابەکانـــی زمانـــدا، لـــە نـــاو خۆیانـــدا زانیـــاری و پەیـــام و مانـــای فـــراوان هەڵدەگـــرن. بەپێـــی زەمـــان گونجایشـــی ئەوانـــە بـــۆ لەخۆبارکردنـــی مانـــا زیاتـــر دەبـــێ. ئـــەو حاڵەتـــە بەرژەوەنـــدی و ڕوانـــگا و تـــرس و تەئیـــد، یاخیبـــوون و ملکەچـــی، شـــادی و خـــەم هتـــد..، لای مـــرۆڤ درووســـت دەکات. کەواتـــە زمـــان بـــە هەمـــوو وردەکارییەکانییـــەوە وزە و هێـــز دەگوازێتـــەوە. ژیانـــی ئینســـان بەبـــێ وەرگرتـــن و خوڵقاندنـــی وزە و گۆڕینـــی بـــۆ هێـــز هیـــچ مانایەکـــی نابـــێ و ناتوانـــێ بـــەردەوام بێـــت. بـــا کەمێـــک وردی کەمـــەوە؛ هەمـــوو بیرکردنـــەوە و داهێنانـــی تاکـــە کەســـێک، وزەیەکـــی نوێـــی وەبـــەر دەنـــێ و ئامـــادەی دەکات لـــە پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکانیـــدا بـــەدوای ڕۆڵێکـــدا بگـــەڕێ کـــە بەرژەوەنـــدی بـــۆ دابیـــن بـــکات. بەرژەوەندییەکانیـــش گشـــت پێویســـتییە جەســـتەیی و دەروونـــی و کۆمەڵایەتییـــەکان دەگرێتـــەوە. لـــەوەڕا بـــاری دەروونیـــی ئـــەو کەســـە بـــۆ هەڵوێســـت یـــان ئەنجامدانـــی کارێکـــی دیاریکـــراو گۆڕانـــی بەســـەردا دێـــت و دەرهاویشـــتە دەروونییەکانـــی خـــۆ نیشـــان دەدەن. ئەگـــەر دەســـتکەوتی هەبێـــت ئـــەوە شـــاد و بـــوژاوە دێتـــە بەرچـــاو و ئامادەییـــی ئەنجامدانـــی کاری دەبێـــت. ئەگـــەر هەڕەشـــەی لەدەســـتدان یـــان لەمپەردانانـــی لـــێ بـــکات، ئـــەوە دامـــان و خۆبەدەســـتەوەدانی لـــێ دەردەکـــەوێ (صفـــوی، ١٣٩٩).

زمـــان کەرەســـتەی ســـەرەکیی کولتـــوورە و ماناکانـــی بـــۆ دەگوازێتـــەوە. هەمـــوو ڕەگەزەکانـــی نـــاو کولتـــوور لەنـــاو خۆیانـــدا پەیامـــی هێزیـــان حەشـــار داوە. پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان لەســـەر بنەمـــای بەرژەوەنـــدی و هێـــز درووســـت دەبـــن. بـــۆ نموونـــە لـــە کۆمەڵـــگای تەقلیدیـــدا هاوســـەرگیری

دەبــێ بــە ئاشــکرا و بەپێــی ڕێپێدانــی بەهــا و مافــە ددانپێدانــراوەکان بێــت. ئەگــەر بەندێــک لەوانــە کــەم بێــت ئــەوا پێگــە و دەزگاکانــی نــاو سیســتەمی کولتــوور، ســەرپێچیکار ســزا دەدات. هەمــوو پێکهاتەکانــی کولتــوور بــەم جۆرەیــە و لەســەر بنەمــای هێــز کار دەکــەن. بەوپێیــە ئارامــی و بەردەوامیــی ژیانــی مرۆڤــەکان دابیــن دەکــرێ.

وزە لــە پەیوەندیــی نێــوان کەســێک و یەکێکــی دیکــەدا یــان زیاتــردا دەگــۆڕدرێ و دۆخێــک درووســت دەبــێ، کــە پێــی دەگوتــرێ دەســتەڵات. دەســتەڵات لــە ڕێــی هێــزەوە کاریگەریــی خــۆی نەقــڵ دەکات و ئامانجەکانــی دێنێتــە دی. دەســتەڵات لــە یەکــە کۆمەڵایەتییەکانــدا درووســت دەبــێ وەک، خێــزان، خێــڵ، دیــن، مەزهــەب، نەتــەوە، دەوڵــەت. شــێوەی ڕێکخســتنی هێــز لــە هــەر کام لــەو یەکانــەدا تایبەتــە بــە خۆیــان و یەکێــک لــەوی دیکــە جیــاوازە. لــە کۆمەڵــگا تەقلیدییەکانــدا (ســوننەتی) داب و نەریــت و بــاوەڕە کولتوورییــەکان شــێوە و ئامــڕازی بەکارهێنانــی هێــز دیــاری دەکــەن. وەک فەرمانــی بــاوک یــان براگــەورە لــە خێزانــدا، ئاغــا و میــر لــە خێڵــدا، پیاوانــی ئایینــی لــە دینــدا، ســەرکردەی نەتەوەیــی لــە میللەتێکــدا، پادشــا یــان فەرمانــڕان یــان ســەرۆککۆمار لــە دەوڵەتــدا. هەڵبــەت لــە کۆمەڵــگا نوێیەکانــدا دەســتەڵات بــە ئاگایــی و پەســندی هاووڵاتییــان بــە یاســا ڕێــک دەخــرێ (چامســکی، ١٣٨٩).

سیســتەمی بەڕێوەبەرایەتیــی هــەر دەســتەڵاتێک لــە ڕێ و شــوێنی تایبەتیــدا هەڵدەســوڕێ. بــەوە دەڵێــن فەرهەنگــی تایبــەت بــە دەســتەڵات بەڕێوەبردنــی سیســتەمێکی دیاریکــراوی نــاو کۆمەڵگایەکــی دیاریکــراو. زۆر جــاران ئــەو فەرهەنگــە بــە مانــا فراوانەکــەی کولتــوور بــەکار دەهێنــدرێ و بــە کولتــووری دەســتەڵات نــاوی دەبــەن. ئــەوە بێدیققەتییــە لــە بەکارهێنانــی چەمکەکانــدا، ئەگینــا فەرهەنــگ لــە نــاو کەشــی کولتــووردا دەخەملــێ و تابعــی کولتــوورە. هەڵبــەت لــەلای خۆیــەوە هــەر فەرهەنگێکــی دەســتەڵاتداری، ڕێوشــوێنی نــوێ دەخاتــە نــاو کولتــوور و دەبێتــە هــۆی گۆڕانــکاری. لــەو حاڵەتــەدا مانــا و لێکدانــەوە

و بەرژەوەندیـــی دەســـتەڵاتداران لـــە وڵاتانـــی نادیمۆکراتـــدا لـــە توێـــی چەمـــک و دەســـتەواژەدا بـــار دەکـــرێ. دەســـتەڵاتدارانی نـــاو سیاســـەت و زانایانـــی نـــاو زانســـتەکان و کۆمەڵایەتییـــە دەسترۆیشـــتووەکان بـــەم شـــێوازە زمـــان دەگـــۆڕن و دەوڵەمەنـــدی دەکـــەن. بۆیـــە دەوڵەمەندیـــی زمـــان پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بـــە بوونـــی فەرمانڕانیـــی سیاســـییەوە هەیـــە. ئـــەو کۆمەڵانـــەی لـــە پەراوێـــزدا ژیـــاون و دەســـتەڵاتیکی بەکاریـــان نەبـــووە، زمانەکانیشـــیان ســـادە و دەســـتکورتن.

پـــەروەردە، پـــردی ســـەرەکیی گواســـتنەوەی مانـــاکان و هێـــزە لـــە نەوەیەکـــەوە بـــۆ دوای خـــۆی. پـــەروەردەی نـــاو خێـــزان و کۆمەڵـــی خۆجێیـــی، ئەگـــەر لـــە نـــاو سیســـتەمێکی دەســـتەڵاتدار نەبێـــت، ئـــەوا تەنیـــا کولتـــووری خۆجێیـــی و ســـادە دەگوازێتـــەوە و هەمیشـــە لەبـــەر هێرشـــی کولتـــوورە بەهێزەکاندایـــە کـــە لـــە دەرەوەڕا دەســـتی بـــۆ درێـــژ دەکـــەن، بـــەڵام پـــەروەردەی سیســـتەمداری نـــاو دەســـتەڵاتی میللـــی بـــە پرۆگـــرام و کاریگەرییەکـــی بەهێـــزەوە کولتـــوور دەگوازێتـــەوە بـــۆ نەوەکانـــی داهاتـــوو. هەروەهـــا لـــە پرۆســـەی ژیانـــدا بـــەردەوام مانـــای نـــوێ دەخاتـــە ســـەر خەزێنـــەی زانیاریـــی کۆمەڵایەتـــی. پـــەروەدە کار لـــە مـــرۆڤ دەکات و هێـــز لـــەودا جێگیـــر دەکات. کەواتـــە هێـــز لـــە مرۆڤـــدا ئۆقـــرە دەگـــرێ و دەکەوێتـــە گـــەڕ. هـــەر لەوێیشـــدا مانـــا پەیـــدا دەکات. ئەویـــش لـــە ڕێـــگای بـــاوەڕ و پەیوەندیـــی تایبەتـــی.

کولتـووری کوردسـتان لـە گواسـتنەوەی چەمـک و ماناکانـی هێـزدا کەموکـوڕی و گرفتـی هەیـە، چونکـە کوردسـتان هیـچ کاتێـک خاوەنـی دەسـتەڵاتی خـۆی نەبـووە و دەسـتی لـە بەڕێوەبردنـی خۆیـدا نەڕۆیشـتوە. کولتـووری کـوردی و زمانەکـەی لـە کاری دەسـتەڵات و زانسـت و وردەکارییەکانـی فەرهەنگـدا ڕابردویەکـی دەوڵەمەنـدی نییـە، زمانەکـەش توانـای گەیانـدن و گواسـتنەوەی مەعریفـەی کۆمەڵگاکانـی دیکـەی بـە تێروپـڕی تێـدا نییـە. ئـەوە وایکـردووە بـە زەحمـەت و کۆمەڵـگا لـە نیـاز و ڕوانـگای یەکـدی تـێ بگـەن. لـە هەندێـک بـواردا ژانـی نەبوونـی

ڕوانگا هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەناڵی زانیاری و مەعریفەتگەیەنەر کە زمانە.

بزووتنەوەی سیاسی و ڕوانگای کامڵیان لەسەر چەمک و ماناکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی نییە و بە زەحمەت دەتوانن لێکدی تێ بگەن. بۆ نموونە دوای هەموو ڕێککەوتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرچوونی هەر یاسایەک، گەڕی لێکدی حاڵینەبوون و لێکدانەوەی یەکتەرەفە دەست پێ دەکات.

کوردستان لە سیستەمی پەروەردەدا بەدحاڵیبوون و لێکتێنەگەیشتنێکی کوشندەی هەیە. لەو سیستەمەدا ڕوانگایەکی ڕوون نابیندرێ و لە نیواونیویدا دەژییێت. ئەو نیواونیویە لەسەر بڕواکان نییە هەندەی لەسەر سادەیی زمان و لێڵیی ماناکاندا هەیە. هەروەها نەبوونی زەمینەی واقیعییە بۆ چەسپاندنی سایکۆلۆژیای یەک ڕێنووسی و دۆزینەوەی ڕێگای دەوڵەمەندکردنی زمان لە ناخەوەڕا، نەک بە ڕواڵەت. بۆیە هەست دەکەم کەناڵەکانی ئەم کولتوورە، بڕستێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە بتوانێ بە ئاسانی، بە تاقەتە کلاسیکییەکەی خۆی ببێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ نوێبوونەوە. بۆیە پێویستە بە دوا ئەو بەشانەیدا بگەڕێین کە توانایی هەیە و جۆرێکی نوێ لە مانا و ڕەفتار و باوەڕ درووست دەکات. ئەوەش تەنیا بە وردبوونەوە لە پێکهاتە و وردەکارییەکانی تەونی (ستراکتۆر) کۆمەڵایەتی و کولتووری دێتە دی. هەموو کولتوورەکان بۆ ژیان درووست بوون و سەرەڕای توومند داخرانیان، جا هەر تاقەتی کرانەوە و هەنگاونان بۆ پێشەوەیان هەیە. هونەر لە دۆزینەوەی دەرگاکانی کرانەوەی کولتووری کۆمەڵگاکاندایە.

لە کوردستان، ئەوە سیستەمی پەروەردە و چاکسازیی ئابوورییە کە سەرنجی تاک بۆ بە سوودبوونی مۆدیلێکی نوێ رادەکێشن. مناقەشەکردنی دەوری دین لە تەنزیمی سیاسیدا لەلای خەڵک ڕەوایە، بە مەرجێک خودی دین بریندار نەکرێ و لەولایش باوەڕە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا سووک نەکرێن. نابێ کرانەوەی کۆمەڵایەتی

بــە هەڵگیرســاندنی جەنگــی دژی دیــن یەکســان بگیــرێ. جەنگــی دژی دیــن هیــچ ئامانجێــک ناپێکــێ و کۆمەڵــگا بــە دیفــاع لەخۆکردنــەوە ســەرقاڵ دەکات و ڕێــگا بــۆ هاتنەپێشــەوەی توندڕۆیــی دەکاتــەوە. لــە دیمۆکراســی و مەدەنییەتــدا، دینیــش جێــگای خــۆی هەیــە. لەلایەکــی دیکــەوە فەرهەنگــی ڕزگاریخوازانــەی بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕیی کوردســتان پابەندیــی خــۆی بــە ئــازادی و دیمۆکراســی ڕاگەیانــدووە، بۆیــە بــە متمانــەوە هاووڵاتــی گــوێ لــە پرەنســیپەکانی تەنزیمــی دنیایــی دەگــرێ. مافــی ژنــان و لاوان و پێکهاتــە دینــی و نەتەوەییەکانــی دیکــە لــەو فەرهەنگــەدا جێگیــر بــوون، بۆیــە دەکــرێ هەریــەک لەوانــە دەرگایــەک بــن بــۆ زیاتــر کرانــەوەی کۆمەڵــگا و خۆنوێکردنــەوەی کولتوورەکــەی. لێشــاوی زانیــاری و ئامڕازەکانــی گەیانــدن و پەیوەندییــەکان (ئامــڕازە دیجیتاڵییــەکان و بــوارە فراوانەکــەی نــاو ئەنتەرنێــت) زەخیــرەی زانســتی و ئەزموونــی جیهــان و تێکەڵبــوون بــە دنیایــان ئاســان کــردووە. هــەر تاکێــک کوردســتانییە لــە هەمــان کاتــدا جیهانیشــە (جهانبگلــو، ١٣٨٨).

مەیلــی خەڵــک بــۆ بەشارســتانیبوون هۆکارێکــی دیکــەی کرانــەوەی کۆمەڵایەتییــە. جیــا لــەو پرۆســە مێژووییــەی کــە لــە دیــاردەی پەیدابوونــی شــار لــە کوردســتاندا هەیــە، کۆڵۆنیالیــزم و ڕاگواســتن دوو هــۆکاری دیکــەی پاڵنــەری کۆمەڵــگا بــوون بــۆ وازهێنــان لــە گونــد و بــوون بــە شارســتانی. کۆڵۆنیالیزمــی ئینگلیــز بــە درووســتکردنی دەوڵەتــی عێــڕاق، هەرێمــی کوردستانیشــی خســتە پرۆســەیەکی نوێــوە و شــارەکانی گەورەتــر کــردن و، سیســتەمی ژیانــی تێــدا گــۆڕی. یارمەتیــی پەرەپێدانــی خوێنــدن و نووســینی بــە زمانــی کــوردی (زاری ســۆرانی) بەخشــی.

سیاســەتی ڕاگواســتنی گوندەکانــی کوردســتان لەلایــەن حکوومەتــی داگیرکــەری بەعــس، کۆمەڵــی کوردســتانی بــە ئاگــر و ئاســن داخلــی قۆناغێکــی نــوێ کــرد: خواحافیــز گونــد، مــن لــە شــار دەژیــم! ئــەو گۆڕانــە هەنــدە قــووڵ بــوو تەنانــەت قۆناغــی ڕزگارییــش نەیتوانــی ئــۆردووگاکان و گەڕەکــە قەراغییەکانــی شــارەکان بســڕێتەوە و بیانگەڕێنێتــەوە

گوندەکانیـــان. کۆمەڵــگا هەرکاتێــک گۆڕانـــی تێکــەوت ئیــدی ناگەڕێتــەوە دۆخـــی جارانـــی، بەڵکــوو ئۆقرەیەکـــی دیکــە وەردەگــرێ و بــەرەو پێشــەوە دەڕوات. ئێمــە تــا ئێســتا لــەو گۆڕانــە و بنەمــا ســایکۆلۆژییەکەی تێنەگەیشــتووین، بۆیــە هــەر شــین و ڕۆڕۆمــان بــۆ گوندەکانمانــە. گونــدەکان بوونــە بیرەوەریـــی شــیرین، بــەڵام لەســەر ژیانـــی شــاری و دەســتکەوتەکانی ڕاهاتوویـــن، بۆیــە بەجێـــی ناهێڵیــن. جــا پێویســتە بیــر بکەینــەوە لــەم حاڵەتــەدا چــۆن بەرهەمـــی کشــتوکاڵی ببوژێتــەوە؟! ئەمــە موســتەحیل نییــە و بــە پێشــکەوتنی تێکنۆلۆژیــای ئــەم زەمانــە و ســەرمایەگوزاریی زل دەکــرێ.

کولتــووری کوردســتان لــەم قۆناغــەدا ئۆردووگاییــە، واتــا نــە گوندییــە و نــە شــاری راستەقینەشــە. ئێمــە لــە گوزەردایــن (انتقالـــی). گــوزەر پۆتانســیەلی خــۆی هەیــە و ئامادەییـــی زوو گۆڕانـــی تێدایــە. لۆیــە دەکــرێ لــەو حاڵەتــە کەڵــک وەربگریــن و بــەرەو گۆڕانــکاری پاڵـــی پێــوە بنییــن.

# بەشی سییەم

## ٣-١ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کوردستان و بەجیهانیبوون

پێشـــکەوتنی بوارەکانـــی تێکنۆلـــۆژی، زانســـت، ئابـــووری و کولتـــوور، مرۆڤایەتـــی خســـتە نـــاو قۆناغێکـــی نوێـــوە کـــە پێـــی دەگوتـــرێ بەجیهانیبـــوون. ئـــەو قۆناغـــە چارەنووســـی کۆمەڵگاکانـــی توونـــد پێکـــەوە بەســـتۆتەوە و لـــە چوارچێـــوەی سیســـتەمێکی جیهانیـــدا شـــەتەکی داون. مـــن دەمـــەوێ لـــەو پەیوەندییانـــە ورد ببمـــەوە کـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتانی بـــەو سیســـتەمە گێتییـــە فراوانـــەوە بەســـتۆتەوە. بەهـــەر حـــاڵ ئێمـــەش ماڵێکیـــن لـــەو گونـــدەی هیربـــرت مارشـــاڵ مـــەک لوهـــان لـــە ســـاڵی ١٩٦١ نـــاوی لێنـــا "گونـــدی جیهانـــی." لـــەو گونـــدەدا هەمـــوو ماڵـــەکان خاوەنـــی مێـــژوو و کولتـــوور و بەرژەوەندیـــی تایبەتـــی خۆیانـــن و پێکـــەوە لـــە دان و ســـتاندندان. پێویســـتە یەکـــدی بناســـن و هـــەر یەکـــە و بـــە دەوری خـــۆی، پێگـــەی بـــۆ دیـــاری دەکـــرێ. کوردســـتان لـــەو گونـــدەدا لـــە کام پێگەیەدایـــە؟ چارەنووســـی چییـــە؟

دوای ســـی ســـاڵ لـــەو نووســـینەی مـــەک لوهـــان، بـــە کـــردەوە چارەنووســـی دنیـــا لێکـــدی نزیـــک کەوتـــەوە و کۆمەڵـــگاکان بـــە زەرورەتـــی ژیـــان لێکـــدی کـــۆ بوونـــەوە. کێبڕکێـــی نێـــوان هـــەردوو سیســـتەمی ســـەرمایەداری و کۆمۆنیســـتی بـــە ڕووخانـــی کۆمۆنیـــزم کۆتایـــی هـــات و، پڕۆســـەی بـــە جیهانیبـــوون بەخێراتـــر کـــەوت. لـــەو ســـۆنگەیەدا بـــوو کوردســـتانیش وەک ماڵێکـــی وێرانکـــراوی گوندەکـــە، کەوتـــە بـــەر دەســـتی بەرگـــری و هـــەرەوەزی جیهانـــی و لـــە ســـاڵی ١٩٩١، لـــە بەشـــی ســـەر بـــە عێـــڕاق، بـــە هاوکاریـــی ڕاســـتەوخۆی کۆمەڵـــگای جیهانـــی، مافـــی ڕزگاربوونـــی پـــێ درا. لـــەو کاتـــەوە ئێمـــە لـــە قۆناغێکـــی نوێـــدا دەژیـــن.

لێشـــاوی زانیـــاری و پێکـــەوە بەســـترانی گەڕانـــی ئابـــووری، دانیشـــتوانی

دنیـــای بـــۆ یەکـــدی هێناوەتـــە ســـەر ســـوێی بـــان و، هەمـــوو کاتێـــک یەکێـــک لـــە کـــوێ و لەگـــەڵ کـــێ بیـــەوێ، دەتوانـــێ ئـــەو پەیوەندییـــە بکاتـــەوە کـــە خـــۆی دەیـــەوێ. ئاڵوگـــۆڕی زانیـــاری بووەتـــە پیشـــەی ڕۆژانـــە و هـــەر کەســـێک هەرچیـــی بیـــەوێ لـــە زانیـــاری دەســـتی دەکـــەوێ. بۆیـــە تـــاک بـــە خێرایـــی پـــێ دەگات و توانایـــی بەشـــداریکردن و ڕایدانـــی هەیـــە. ئـــەوەش توانایەکـــی زۆر دەداتـــە پۆتانســـیەلی شـــاراوەی کۆمەڵـــگا بـــۆ ڕاپســـان و جووڵەکـــردن بـــەرەو خۆگۆڕیـــن. ئـــەو دۆخـــە جیهانییـــە وایکـــردووە هیـــچ کۆمەڵگایـــەک، بچـــووک یـــان گـــەورە، نەتوانـــێ دەرگا بـــە ڕووی خـــۆی دابخـــات و کار لـــە جیهانیـــان وەرنەگرێـــت و خۆیشـــی کاریـــان لـــێ نـــەکات. ئـــەو کۆمەڵـــەی دەرگا بەســـەر خۆیـــدا دابخـــات، لێـــی لـــە ڕێســـمە دەبـــەن و دەیکەنـــەوە. کۆمەڵـــگا بـــۆی نییـــە خـــۆی دابخـــات و تاکەکانـــی لـــە نەزانـــی و تەقلیدییەتـــدا بهێڵێتـــەوە. ئەوەیـــە کـــە منـــی وا لـــێ کـــرد باســـی ئـــەو کاریگەرییـــە بکـــەم کـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتان لـــە جیهـــان وەریدەگرێـــت. پێویســـتە بپرســـم، ئـــەدی کوردســـتان چ میکانیزمێکـــی خوڵقانـــدووە تـــا پێـــی تێکەڵـــی تـــۆڕی هەمەلایەنـــەی جیهانـــی بێـــت؟

بەجیهانیبـــوون دیاردەیەکـــی مودێرنـــە و بەرهەمـــی پێشـــکەوتنی بەرفراوانـــی مرۆڤایەتییـــە. مۆدێرنێتیـــی بەجیهانیبـــوون لـــە ناوەرۆکیـــدا دەردەکـــەوێ کـــە کۆمەڵـــە تەقلیدییـــەکان هەڵدەوەشـــێنێ و ناچاریـــان دەکات بـــەرەو نـــوێ، بـــەو ڕێچکەیـــەی جیهانیـــان کەوتوونەتـــە ســـەری، خـــۆی لـــە نـــوێ داڕێژێتـــەوە. کەرەســـتەی ئـــەو داڕشـــتنەوەیە زانیارییەکـــی فراوانـــە کـــە هیـــچ نهێنییـــەک لـــە بوونـــی مـــرۆڤ و پەیوەندییەکانیـــدا ناهێڵێتـــەوە. کۆمەڵـــگا دەخاتـــە دەمەتەقێـــی یەکـــدی و تاکـــەکان بـــەرەو گۆڕینـــی شـــێوازە کۆنـــەکان هـــان دەدات و فێریـــان دەکات چـــۆن بیـــر لـــە نـــوێ بکەنـــەوە و لەگـــەڵ تایبەتمەندییەکانـــی کۆمەڵگاکەیـــان بیگونجێنـــن. بەجیهانیبـــوون، تـــاک بـــزۆز و کونجـــکاو دەکات (لیلکلریـــک، ٢٠٠٤).

حـەز و فکـری بەجیهانیبـوون تـازە نیـن. کەشـفکردنی گـۆی زەوی و بڵاوبوونـەوە پێیـدا، کاری یەکەمـی نـەژادی سـەرەتایی مـرۆڤ بـوو.

گـەڕان بـە دوای شـوێنی نـوێ و زانیاریـی تـازە و شـێوازی نوێـی ژیـان لـە زاتـی مرۆڤـدا جێگیـرە. بـۆ وایـە؟ نهێنـی پڕۆسـەکە لـە گەڕانـی مرۆڤدایـە بـە دوای ئاسـانکردنی ژیـان و چاککردنـی پەیوەندییـە ناهەموارەکانـی کۆمەڵایەتـی. ئەوانـەش کاتێـک نـوێ دەبنـەوە و دەگۆڕێـن کـە زانیاریـی نـوێ دەسـت بکـەوێ و ئامـرازی تـازەی بەرهەمهینـان وەدەسـت بێـت تـا بتوانـێ داب و بـاوەڕە لەکارکەوتـووەکان بـەلاوە بنێـت. لێـرەدا دەردەکـەوێ کـە میکانیزمـی کـردەوەی بەجیهانیبـوون لـە تێکشـکاندنی پەیوەندییـە کۆنـەکان و هەڵوەشـاندنەوەی بـاوەڕە بێفایدەکانـدا دەردەکـەوێ. لـە بەجیهانیبوونـدا ترسـی مرۆڤـی تەقلیـدی لـە هەڵوەشـاندنەوەی بـاوەڕی کـۆن و پەیوەندییـە کـۆت و بەندییەکانـی دەشـکێنێ. ئـەوە ڕەگەزێکـی گرینـگ و گشـتگیری قۆناغـی بەجیهانیبوونـە.

کۆچـــی خێڵـــە گـــەورەکان لـــە کێشـــوەرێک یـــان ســـەرزەمینێکەوە بـــۆ جێگایەکـــی دیکـــەی مناســـبی حاڵیـــان، شـــەڕ و داگیرکاریـــی نێـــوان ئێمپڕاتۆریـــەکان، پەیدابوونـــی ئایینـــەکان و شـــێوازی بڵاوبوونەوەیـــان، پێکـــدی ئاشـــنابوونی کولتـــوورەکان و کارتێککـــردن و یەکـــدی تواندنەوەیـــان، ئەوانـــە و شـــێوازی دیکـــەی تێکەڵبـــوون، زەمینـــەی پێکـــدی ئاشـــنابوونی کولتـــوور و کۆمەڵگاکانـــی دەڕەخســـاند. وەک دیـــارە لـــە جەوهـــەردا حـــەزی ئینســـان لـــە دۆزینـــەوە و یەکـــدی ناســـین و یەکـــدی خســـتنە ژێـــر کاریگـــەری بـــووە. هەڵبـــەت ئـــەم قۆناغـــە جیهانییـــەی ئێســـتا تێیـــدا دەژیـــن، لـــە ئەوانـــەی پێشـــوو زۆر جیـــاوازە. زانیاریـــی مشـــە، هێـــز و دەستڕۆیشـــتوویی قەبـــەی مـــرۆڤ، ڕێـــگای زوو تێکەڵبـــوون و زووتـــر تواندنـــەوە و یەکدەســـتکردنی کۆمەڵگاکانـــی لـــە گویـــن کـــردووە. تـــاک لـــەم جیهانیبوونەیـــدا ژمارەیەکـــی زۆر ســـەرچاوەی زانیـــاری هـــەن و دەتوانـــێ خـــۆی سەرپشـــکی ســـەرچاوەکانی زانینـــی خـــۆی بێـــت. هـــەر بۆیـــە ســـیحریەتی داب و نەریـــت و پیرۆزیـــی بـــاوەڕ و ســـەرزەمینەکان بـــەرەو پووکانـــەوە دەچـــن و، هـــەر بوونێـــک کەڵکـــی خـــۆی نەســـەلمێنێ، بـــەرەو نەمـــان دەچـــێ (جهانبگلـــو،١٣٨٢).

لــە پرۆســەی بەجیهانیبوونــدا چەنــد بنەمایەکــی ســەرەکی هــەن پێویســتە لــەلای کۆمەڵــگاکان ڕەچــاو بکرێــن، ئەگینــا نــەک هــەر دوا دەکــەون، بەڵکــوو دەبنــە پاشــکۆ و تووشــی قەیرانــی قــووڵ دەبــن. سیســتەمی ئابــووری، پــەروەردەی هاوچــەرخ، ئاســتی پێشــکەوتنی تێکنۆلۆژیــا و ڕەخســاندنی توانایــی بــۆ پێشــکەوتنی بــەردەوام لــەو بــوارەدا، سیســتەمی حوکمڕانیــی هاوچــەرخ و بــاش، واتــا پێشــکەوتنی ئابــووری و بــە زانســتیکردنی پــەروەردە و دابینکردنــی زەمانەتــی تەندرووســتی بــۆ هەمــووان و دیمۆکراســی و دابینکردنــی مافەکانــی مــرۆڤ بــە هەمــوو وردەکارییەکانییــەوە. سیاســەتێکی نێودەوڵەتییانــەی چــالاک و لــە بەرژەوەندیــی خــۆ، واتــا پراگماتییانــە کار بکــرێ. لەنــاو ئــەو بنەمایانــەدا لــە پلــەی یەکــەم سیســتەمی ئابــووری دێــت. هــەر وڵاتێــک ســەرچاوە ســامانییەکانی وەگــەڕ نەخــات و ڕوانگایەکــی زانســتییانە و واقیعیانــەی بــۆ گەشــەپێدانی ئابــووری و مرۆیــی نەبێــت، ناتوانــێ زەمینــە بــۆ بنەماکانــی دیکــەی نــاو سیســتەمی بەجیهانیبــوون بڕەخســێنێت. بــۆ نموونــە ناکــرێ دیمۆکراســی لــە کۆمەڵــگای دواکەوتــووی برســیدا هەبێــت. مافەکانــی مــرۆڤ لــە ڕەفــا و گەشــەی ئابووریــدا مانایــان دەبــێ (ســن امارتیــا، ١٣٨٣).

گەشــانەوەی ئەورووپــا و پەلوپــۆ هاویشــتنی بــۆ دۆزینــەوە و داگیرکردنــی ناوچــە و ســەرزەمینی نــوێ لــە جیهانــدا، بــە کۆلۆنیالکردنــی هەمــوو کێشــوەرەکانی ســەر گــۆی زەوی، ڕۆڵێکــی زۆری لــە بەجیهانیکردنــدا هەبــوو. کۆلۆنیالیــزم ســەرباری جەوهــەرە داگیــرکاری و چەوســاندنەوە و بــە کۆیلەکردنــی میللەتــان، لەلایەکــی دیکــەوە ســەرزەمینە دوورەکانــی کەشــف کــردن و ســامانەکانی دەستنیشــان کــردن و پێکهاتــە ئیتنییەکانــی دنیــای ئاشــکرا کــرد، بەمــەش میکانیزمــی تواندنــەوە و ئاشــنابوون بــە یەکــدی درووســت کــرد. لــەو پرۆســەیەدا کۆمەڵــگای نــوێ درووســت بــوون کــە دواجــار ڕۆڵــی ســەرەکیانەیان لــە پێشــکەوتنی جیهانــدا بینــی، وەک ئەمەریــکا، کەنــەدا، ئوســتڕالیا، وڵاتەکانــی ئەمەریــکای ناوەڕاســت، گۆڕانــی ئایینــی و زمانــی لــە ئەمەریــکای لاتیــن، جووڵاندنــی ئەفریقــا و

هەوڵــدان بــۆ گۆڕانــی زمــان و دیــن و ڕوانگاکانیــان. درووســتبوونی وڵاتانــی وەک ئەفریقــای باشــوور و هیندســتان، ناچارکردنــی ژاپــۆن و چیــن بــۆ کرانــەوە و نوێبوونــەوە بــە شــێوەی تایبەتــی خۆیــان (مجموعــە مقالات/جهانــی شــدن، جهانــی ســازی).

تێکۆشــانی ڕزگاریخوازیــی میللەتانــی ژێردەســتی کۆلۆنیالیــزم، هــەردوو جەنگــی یەکــەم و دووەمــی جیهانــی، درووســتبوونی سیســتەمی کۆمۆنیســتی و کێشــەی جیهانــی لــە نێــوان ســەرمایەداری و کۆمۆنیزمــدا، ســەرەنجام ڕووخانــی کۆمۆنیــزم، ڕۆڵــی مێژووییــان لــە قۆناغــی نوێــی بەجیهانیبوونــدا گێــڕا. ئــەم جیهانــەی ئێســتا یەکــدی دەناســێ و لــە تەبــا و ناتەباییــی بەرژەوەندییەکانیــان ئــاگادارن، لــە تیژیــی ڕق و دوژمنایەتیــی نێــوان ئاییــن و کولتــوورەکان کــەم بووەتــەوە و ســۆز و هــاودەردی و هــاوکاری و هەســتی ئینتیــمای جیهانیبــوون لای کۆمەڵــگاکان و تاکەکانیــان درووســت بــووە. ڕازی ســەرکەوتنی ســەرمایەداری لیبــڕاڵ لــەو کرانەوەیــە بــوو کــە لــە سیســتەمی ئابــووری پەیــڕەوی دەکــرد (فریدمــان، ٢٠١١). سیســتەمی کۆمۆنیســتی لــەو بــوارەدا شکســتی هێنــا و درووشــمی یەکســانی و بەرابــەری پــێ نەهاتــەدی، ســەرەنجام بەســەر ناکۆکییەکانــی خۆیــدا دارمــا. گەلانــی جیهانــی ســێیەم واتــا ئــەو دەوڵەتانــەی بــە تێکۆشــان لــە دەســت کۆلۆنیالیــزم ڕزگاریــان ببــوو، ســەرباری ئــەو ئیلهامــەی لــە فکــری ئازادیخوازانــەی کۆمۆنیســتی وەریانگرتبــوو و هەمیشــەش هاوپەیمانــی بــوون، ناچــار بــوون بــەرەو ســەرمایەداری بگەڕێنــەوە. لــەم ڕۆژگارەدا ئــەو کێشــانە یــەکلا بوونەتــەوە و هیــچ لایــەک مشــتومڕ لەســەر چۆنیەتیــی پێشخســتنی کۆمەڵــگاکان نــاکات و بیروبــاوەڕی ئامادەکــراو (ئایدۆلۆژیــا) نابێتــە هەوێنــی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی. بەڵکــوو زانســت و تەجرەبــەی ســەرکەوتووی جیهانــی، پێنــاوی هەمــوو دەوڵەتانــە بــۆ خۆدۆزینــەوە و پێشــکەوتن (هایامــی، ١٣٩٧). هیــچ وڵاتێــک ناتوانــێ هەنــگاو بــۆ پێشــەوە بنــێ ئەگــەر زانســتییانە خــۆی شــیی نەکاتــەوە و ســامان و توانایــی و هــۆکارە یاریــدەدەرەکان و ڕێــگای گونجــاو بــۆ

تێکەڵبوونی بە سیستەمی ئابووریی جیهان نەدۆزێتەوە. شتێک بە ناوی خۆ لاتەریکگرتن لە پەنای ئەزموونی میللی و خودکەفایی و خۆ دابڕین لە جیهانیان، لە تەجرەبەی بەشەردا بە سەرکەوتوو تۆمار نەبووە و دارمان و دواکەوتنی قورسی بەدوادا هاتووە. سەرمایەی وڵات ئەگەر بە پلانی زانستییانە وەگەڕ نەخرێت، نابێتە بنەمای پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گەشەسەندنی توانایی بەشەری. ئەوە پلانی لێتوێژراوەی دیراسەکراو بە بنەمای زانستییە کە دەبێتە سەرچاوەی بووژانەوەی توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگا، نەک فەرمان و حەزی تاکڕەوانە. بواری ئابووری، یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ پەیڕەویان لێ بکرێ (کسرایی، ١٣٨٤).

ئابووریی باش بووژانەوەی خێرا بەدوا خۆیدا دێنێ و لە ناویدا پەیدابوون و پەرەسەندنی ڕاگەیاندن دەستەبەر دەکات. ڕاگەیاندن بوارێکی پێویستی پێشکەوتنی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. بەبێ ڕاگەیاندنێکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو لە تەکنیکدا، کۆمەڵگا زانیاری پێناگات و ڕای خۆی پێ ناگەیەندرێ. پێشکەوتنی ڕاگەیاندن هەر بە بڕیاری سیاسی و بەرژەوەندیی حیزبی و فەرمانی سەرکردەکان ناکرێ، بەڵکوو پێویستی بە پێگەیاندنی کادر و یاسای باش و کەشێکی دیموکراتییە تا بتوانێ ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ. لە نەبوونی ئەوانەی سەرەوەدا هەموو کۆمەڵگا دەچەقێ، بەڵام ڕاگەیاندن دەستلەجێ لێی دەردەکەوێ و دەپووکێتەوە. پووکانەوەی ڕاگەیاندن نیشانەی پێچانەوەی دیمۆکراسی و زاڵبوونی دیکتاتۆرییە. لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگا دەکەوێتە قەیران (ل. دیفلیر و رۆکیتچ، ٢٠١٢).

لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا دەستەگەریی گەورەی جیهانی لەسەر بنەمای دوو ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری و کۆمۆنیستی، درووست بوون. بیری ناسیۆنالیزم لە زۆر وڵاتدا دەیەویست خۆی تاقی بکاتەوە و نموونەیەکی مامناوەندی پێشکەش بکات کە توانایی خۆ جیاکردنەوە لە کۆمۆنیزم و سەرمایەداری هەبێت، بەڵام سەری

نەگرت. منوونەی ناسریزم لە میسڕ و ڕەنگدانەوەی لە هەندێک دەوڵەتی ئەفریقایی، هەروەها کۆمۆنیزمی ناسیۆنالیستانەی چین و ڕۆمانیا و ئەلبانیا و ئیسلامی خومەینی لە ئێران لەو چەشنە بوون. لەو دەستەبەندییانەدا هەرچیی بانگەشەی ئایدیۆلۆژی بوو ڕووی خیتابی لە سۆز و هەستی خەڵکدا بوو. بەڵام ئەوەی لە ژێرەوە کاریگەریی سەرەکی هەبوو، سیستەمی ئابووری و دیموکڕاسی بوو. سەرمایەداری لیبڕاڵ لەو بوارەدا بۆیە سەرکەوت، چونکە واقیعییانە مامەڵەی لەگەڵ ژیانی ئابووری دەکرد و لە پەرەپێدانی دیمۆکراسییش هەنگاوی گەورەی هاویشت (فریدمان، ٢٠١١). هەڵبەت بەرەی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی، دەستکەوتنی گەورەی تۆمار کرد. چەسپاندنی بنەمای عەدالەت و بەرابەری و مافەکانی ئافرەت و لاوان و منداڵان، بۆ کۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە. ڕزگاریی گەلانی ژێردەستە لە چنگ نەژادپەرستی و نابەرابەریی ئیتنی و دینی، بۆ ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا نیزامی جیهانی دوای شەڕی ساردی نێوان دەستەبەندییەکان، پێکهاتەیەکە لە دەستکەوتەکانی هەرسێك دەستەبەندیی بەرەیی ناوبراو.

لەم قۆناغەی ئێستای جیهاندا، ڕێگا چارەی زۆر کێشە کە جاران بۆ ئایدیۆلۆژیاکان جێی بایەخ بوون، ئێستا یەکلا بوونەتەوە و ئیدی ڕەوا نییە کەس مشتومڕیان لەسەر بکات، ئاخۆ کۆمەڵگا لەسەر چ بیروباوەڕێکی ئامادەکراو دابڕێژرێتەوە و چۆن بەڕێوە بچێت. ڕوانگا و میتۆدی زانستی بۆ بەگەڕخستنی ئابووریی وڵات و بەکارهێنانی سامانەکانی، لەبەردەستی مرۆڤایەتییە. بەو ئەزموون و زانستە جیهانییە هیچ وڵاتێک پێش ناکەوێ ئەگەر خۆی لەگەڵ ئەو سیستەمە نەگونجێنێ. چونکە سەرمایە لە هیچ وڵاتێکدا قەتیس نادرێت، ئەگینا تووشی قەیران دەبێت. سەرمایەی نیشتیمانی پێویستە هەڵسوڕانی خۆی وەک هاوشێوەکانی لەمسەر تا ئەوسەری دنیا دابین بکات. ئەوە سیستەمی ئابووریی باش و سەرکردە سیاسییە لێهاتووەکانن بەڕێوەبەرایەتیی ئەو تۆڕە ئاڵۆزە دەکەن و بەژەوەندیی وڵاتان دەپارێزن، نەک خۆ لادان و نەبانکردن (سن، ١٣٨٣).

حاڵــی کوردســـتان ئێســـتا پەرێشـــانە، چونکــە سیســـتەمی ئابووریـــمان وابەســـتە بـــە عێراقـــە، ئەویـــش وێرانەیـــە و بەســـەر ئێمەشـــدا شـــکاوەتەوە. ئـــەوە جیـــا لـــەو دوژمنایەتییـــە شـــۆڤێنییەی بەرانبـــەر بـــە کوردســـتان لەســـەری بەردەوامـــە. لایەکـــی دیکـــەی ژیانـــی ئابووریـــی کوردســـتان بەســـتراوەتەوە بـــە تورکیـــا، هەروەهـــا ئێـــران کاریگەریـــی ڕاســـتەوخۆی بەســـەرماندا هەیـــە. بۆیـــە ژیـــان لـــە کوردســـتان هەیـــە، بـــەڵام خراپـــە و پەیـــڕەوی بەرژەوەندیـــی ئـــەو کۆمپانیایانەیـــن کـــە بـــە زەرورەتـــی تێکەڵـــی لەگـــەڵ جیهـــان، دێنـــە نـــاو وڵات و بەپێـــی بەرژەوەندیـــی خۆیـــان دەســـت بـــە کار دەکـــەن و دەمانکەنـــە تابعـــی خۆیـــان. ئـــەو کۆمپانیایانـــە لـــە کوالیتـــەی کاردا خراپـــن و گەندەڵییـــان پـــەرە پێـــداوە. لـــە ســـەرەتادا بەرهەمـــی کۆمپانیـــا بیانییـــەکان بەبـــێ چاودێـــری ڕژایـــە نـــاو بازاڕەکانـــی کوردســـتان- کـــە ئەمـــە بەشـــێکی ئەنجامـــی جووڵانـــی ســـەرمایەی جیهانـــە و دەرگاکانمانـــی شـــکاند- ئینجـــا دوای ئـــەوە کۆمپانیـــاکان هەنـــگاو بـــە هەنـــگاو هاتـــن. حکوومەتـــی کوردســـتان شـــارەزاییەکی باشـــی لـــە مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ کۆمپانیـــاکان بـــە کار نەهێنـــا، بۆیـــە بەشـــێکی زۆر لەوانـــە بناغـــەی کاریـــان لەســـەر ڕووتاندنـــەوە و دۆزینـــەوەی شـــەریکەگەندەڵ دەســـت پـــێ دەکـــرد.

کوردســـتان خاوەنـــی ئەزموونـــی تایبەتـــی خۆیەتـــی لـــە کردنـــەوەی دەرگاکان بـــە ڕووی بەرهەمـــی تێکنۆلۆژیـــای جیهانـــدا. بیســـت ســـاڵ لـــەو پرۆســـەیەدا ماوەیەکـــی کـــەم نییـــە. کۆمەڵـــگای بندەســـت و جینۆســـایدکراوی ئێمـــە لـــە بارێکـــی دەروونیـــی شـــکاو و پاشـــکەوتنێکی ســـەپاودا چـــاوی بـــە ڕووی جیهانـــی پێشـــکەوتوودا کـــردەوە. هـــەر بۆیـــە دەستەوەســـتانی و چاوچنۆکـــی و هەڵپەیـــی پێـــوە دیـــارە، تـــا ئێســـتایش خـــۆی بـــۆ کـــۆ نەکراوەتـــەوە و نازانـــێ چـــۆن خـــۆی بەڕێـــوە بەرێـــت. ئـــەم نەزانینـــە بـــە ڕەفتـــاری بزووتنـــەوەی سیاســـییەوە دیـــارە. هـــەردوو بـــەری بزووتنەوەکـــە، بـــە دەســـتەڵاتدار و ئۆپۆزســـیۆنەوە، لـــە یـــەک دۆخ و یـــەک تەجرەبـــە و یـــەک ڕوانـــگادان.

تێکنۆلۆژیـــای نـــوێ، میللەتـــی ئێمـــەی خســـتە بـــەر بـــژاردەی خۆگۆڕیـــن و پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی لـــێ شـــل کـــردەوە و ڕوانـــگا و ڕەفتـــار و بـــاوەڕە تەقلیدییەکانـــی خســـتە تەنگوچەڵەمـــەوە. بەرهەمـــی نـــوێ مۆدیـــل و شـــێوازی ژیانـــی خێزانـــی کـــردە بەردەمـــی نوێبوونـــەوە و ناچـــاری کـــردوون بیـــر لـــە خۆئامادەکـــردن بکەنـــەوە تـــا ببنـــە مرۆڤێکـــی دیکـــە. هەمـــوو کـــەس دەزانـــێ خۆشـــی یـــان ناخۆشـــی بـــێ، دەبێتـــە ئینســـانیکی دیکـــەی هاوچـــەرخ، ئـــەوەش مۆرکـــی بەجیهانیبوونـــی لـــێ دەدات. زانیـــاری لـــە ڕێـــی تێکنۆلۆژیـــای گەیاندنـــەوە، بەبـــێ شـــەرت دەگاتـــە هەمـــوو کەســـێک. حکوومـــەت و دەزگا کۆمەڵایەتییـــە کۆنـــەکان ناتوانـــن ڕێـــگا بگـــرن یـــان دەســـکاری بکـــەن. هـــەر تاکێـــک لەســـەر هـــەر بابەتێـــک دەتوانـــێ لـــە کوێـــی دنیـــا بیـــەوێ، زانیـــاری وەربگـــرێ و لـــە شـــێوازی ژیـــان و جـــۆری کولتوورەکانـــی دنیـــا ورد ببێتـــەوە و بکەوێتـــە ژێـــر کاریگەرییـــان. زانیارییـــەکان ســـنوور ناناســـن و پەیوەندییـــان بـــە ســـەروەریی نیشـــتیمانی و فلتـــەری نەتەوایەتییـــەوە نییـــە. هـــەر بۆیـــە لـــە ئەنجامـــدا ڕووخســـاری مۆدیلێکـــی جیهانیـــی خێـــرا خۆگـــۆڕ دەداتـــە ئـــەو تاکانـــە و دەیانخاتـــە نـــاو نیشـــتیمانیکی گەورەتـــر کـــە جیهانـــە. ئـــا لێـــرەدا دەوری پـــەروەردەی نیشـــتیمانی و ڕێنوێنیـــی حکوومەتـــی خۆیـــی و ژیانێکـــی چـــالاک، تـــاک بـــە وڵاتـــی خـــۆی وابەســـتە دەکات و بەشـــداریی مۆدیلـــە جیهانییەکەشـــی پـــێ دەکات. ئێمـــە ئەوەمـــان کەمـــە (کسرایـــی، ١٣٨٤).

بەجیهانیبـــوون دیاردەیەکـــی بـــاڵای مۆدێرنێتەیـــە و شـــێوازێکی نوێـــی بـــۆ ژیانـــی هەمـــوو مرۆڤایەتـــی هێناوەتـــە گـــۆڕێ. ئـــەوەش خۆلێدزینـــەوە و ئینکارکـــردن و ڕەتکرنـــەوە هەڵناگرێـــت. یەکێـــک لـــە دەرهاویشـــتەکانی ئـــەم دیاردەیـــە پێکـــدی ناســـاندنی گەلانـــی جیهانـــە. میللەتـــان بـــە ئاســـانی دەتوانـــن کولتـــوور و وردەکارییەکانـــی ژیانـــی هـــەر میللەتێـــک لـــە هـــەر قوژبنێکـــی دنیـــا بێـــت، بیزانـــن و پەیوەندییـــان پێـــوە بکـــەن و ســـەردانی یەکـــدی بکـــەن و زانیـــاری بگۆڕنـــەوە و کاری هاوبـــەش بکـــەن. بـــۆ کـــورد ئـــەو زەمانـــە بەســـەرچوو چـــاوی لـــە دەســـتی نووســـەرێک یـــا ڕۆژنامەنوســـێکی بیانـــی بێـــت تـــا کێشـــەکانی بـــە وڵاتەکـــەی خـــۆی

بناسـێنێ. هـەر تاکێکـی کـورد دەتوانـێ بەشـداریی هەمـوو ناوەندەکانـی جیهـان بـکات و زانیارییـان بداتـێ و سـەرنجیان بـۆ کێشـەکانی خـۆی ڕابکێشـێت. دوای خۆناسـاندن، دێینـەوە سـەر باسـێکی زۆر گوتـراوەی خۆمـان؛ جـا کـە ناسرایـن چ دەورێـک دەگێڕیـن و لـەو گونـدە ئاڵـۆزەدا چ بەرژەوەندییـەک دابیـن دەکەیـن و لـە کوێـی کـردەوەی بەرهەمهێنـان دەوەسـتین و چ بەرهـەم دێنیـن؟ هـەر میللەتێـک چـالاک نەبێـت و بەرهەمهێـن نەبـێ، ئـەوا بـە ئاسـانی و بەبـێ ئـاگا لەخۆبـوون دەخرێتـە پەراوێـزی میللەتانـی چـالاک و لـە پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزدا دەیتوێننـەوە. لـەم زەمانـەدا چەنـدە زیندووبوونـەوەی کولتـوورەکان ئاسـانە، بـە هەمـان ڕاددەش توانـەوە لـە گوینـە (چامسـکی، ١٣٨٥).

ئـەو میللەتانـەی لـە پاشـکەوتندا ماونەتـەوە و خۆیـان پـێ بەڕێـوە ناچـێ، ناتوانـن بەرەنـگاری ژینگـەی خۆیـان ببنـەوە و سـامانی خۆیـان پـێ ڕەنێـو نایـەت. بـۆ نموونـە ئـاو هەیـە، بـەڵام نازانـن عەنبـاری بکـەن و بـە شـێوەی نـوێ بـەکاری بێنـن. زۆربـەی ئەفریقـا لـەو حاڵەتـەدا دەژییـت. پاشـکەوتوویی کولتووریـی تواناییەکانـی میللـەت کوێـر دەکاتـەوە، بۆیـە دەبـێ بەرەنـگاری ئـەو کولتـووره ببینـەوە کـە نەزانـی و تەمبەڵـی و دەسـتپانکردنەوە بەرهـەم دێنـێ. ئـەو تیۆرییـە درووسـت نییـە کـە دەڵـێ هەمـوو کولتـوورەکان بەرابـەرن و ڕاسـتن. ئەگـەر لـەو مانایـە تێپەڕیـن کـە هـەر کولتوورێـک لـە ژینگـەی تایبەتـی خۆیـدا دەسـتەبەری مانـەوە بـۆ دانیشـتوانی کـردووە، هەروەهـا نابەرابەریـی کولتـوورەکان بـە نەژادپەرسـتی و ڕاسـیزم لێـک نەدرێتـەوە، ئەوسـا دەتوانیـن بـە دەنگـی بـەرز بڵێیـن کولتـووره دواکەوتـووەکان بـاش نیـن و بـە کەڵکـی ژیانـی ئـەم زەمانـە نایـەن. پێویسـتە یارمەتـی بدرێـن بـە خێرایـی ڕێـگای گۆڕینـی خۆیـان بدۆزنـەوە. پێویسـتە بگۆڕدرێـن تـا لـە هـەژاری و نەخۆشـی و مـردن دەربـاز بـن.

دەکـرێ لەسـەر پاشـکەوتوویی کولتـوور نموونەیەکیـش بـە کوردسـتان بێنینـەوە. کوشـتنی ژنـان لەلایـەن کەسـوکارییانەوە

دیاردەیەکـــی ڕۆژانـــەی نامرۆڤانەیـــە. ئـــەو کـــردارە دزێـــوە لـــەلای کـــوردە کۆچبەرەکانـــی نیشـــتەجێی ئەورووپـــا بـــەردەوام بـــوو. لـــە دە ســـاڵی رابـــردوودا ژمارەیەکـــی زۆر ژنـــی کـــورد لـــە ئەورووپـــا کـــوژران و ئـــەو کردەوانـــە بوونـــە مایـــەی سەرشـــکانەوەی دانیشـــتوانی کوردســـتان و حکوومەتەکـــەی لـــە نـــاو نیشـــتیمان. ئـــەو میللەتـــەی کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتـــی پشـــتیوانی کـــرد تـــا لـــە ژێردەســـتەیی ڕزگار بێـــت، ئێســـتا لەژێـــر گوشـــاری هەمـــان کۆمەڵـــگای جیهانیدایـــە بـــۆ کرانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی و دابینکردنـــی ژیـــان و بەرابـــەری بـــۆ ژنـــان شانبەشـــانی پیـــاوان. کەواتـــە کولتـــووری کوردســـتان کەوتـــە ژێـــر گوشـــاری کۆمەڵـــگای جیهانـــی و ناچـــاری دەکـــەن دەســـت لـــە داب و بەهـــای تاوانکارانـــەی کوشـــتنی ژنـــان هەڵگرێـــت. ئـــەو گوشـــارە نێودەوڵەتییـــە کاریگەرییەکـــی باشـــی بـــۆ ئاسایشـــی ژنانـــی کـــورد بەتایبەتـــی لـــە ئەورووپـــا هەبـــووە.

لەنـــاو کوردســـتان، ســـەرباری هەمووارکردنـــی چەنـــد یاســـایەک بـــۆ ڕێگاگرتـــن لـــە کوشـــتنی ژنـــان، کەچـــی ئـــەو تاوانـــە کولتوورییـــە هـــەر بەردەوامـــە و ڕۆژانـــە بـــە بەرچـــاوی هەمـــووان ژنـــی بێدەســـتەڵات دەکوژرێـــن و کۆمەڵگایـــش بکـــوژەکان داڵـــدە دەدات. لێـــرەدا دەکـــرێ بڵێیـــن، ئێمـــە لەگـــەڵ بەشـــێک لـــە کولتـــووری خراپـــی خۆمـــان لـــە کێشـــەداین. کەواتـــە کولتـــوور خراپـــی و چاکیـــی هەیـــە. بـــۆ پێشـــکەوتن پێویســـتە لایەنـــە خراپەکانـــی کولتـــوور دیـــاری بکەیـــن و بـــەردەوام ڕۆشـــنگەری بـــۆ بکەیـــن تـــا تـــاک تاکـــی ئـــەم وڵاتـــە تێیدەگـــەن و لێـــی لا دەدەن. ئەگـــەر بەجیهانیبـــوون نەبوایـــە، ئێمـــە دەبـــوا تـــا زەمانێکـــی دوورودرێـــژ لەگـــەڵ ئـــەم تاوانـــە بژیابایـــن. بـــۆ نموونـــە لـــە وڵاتـــی ســـوێد نـــەک بـــە بیانـــووی ڕەفتارێکـــی کولتـــووری لـــە کـــورد بێدەنـــگ نەبـــوون، بەڵکـــوو خســـتیانینە بـــن گوشـــار و دنیایـــان لـــێ پـــڕ کردیـــن. ســـەرۆکوەزیرانی کوردســـتان نێچیرڤـــان بارزانـــی ناچـــار بـــوو لـــە ســـەردانی ئـــەو وڵاتـــەدا بـــە ڕەســـمی ئیدانـــەی ئـــەو تاوانانـــە بـــکات و هاوکاریـــی حکوومەتـــی کوردســـتان بـــۆ حکوومەتـــی ســـوێد دەربـــڕی بـــۆ دەســـتگیرکردنی تاوانبـــاران.

ئــەوەی کــورد بــە پاڵــی کولتووریــان لــە ســوێد دەیکــەن (ژن کوشــتن)، لــەلای ســوێدییەکان جیــا لــە تــاوان، ســووکایەتی و پێشــێلکردنی مافــەکان و کەرامەتــی مرۆڤایەتییــە. لــە نێــوان ئــەو دوو کولتــوورەدا جیهــان پاڵپشــتی ســوێدە و دژی کوردســتانە. ئــەو کارلێکییــە جیهانییــە وا دەکات کولتــووری داخــراوی کــوردان بەخۆیــدا بچێتــەوە و بــە دوا کرانــەوە و بــاوەڕی نوێــدا بگەڕێــت. لــە بەجیهانیبوونــدا بەهــا و داب و نەریتــی هەمــوو میللەتــان لــە ڕێــی ڕاگەیاندنــەوە ئاشــکرا دەکرێــن و پــەردە لەســەر خراپییەکانیــان لا دەدرێــت. ڕاگەیانــدن (میدیــا) لــە بەردەســتی هەمــوو کەســێکدایە، بــۆ نموونــە تاوانــی ژن ئــازاردان لــە بەنگلادیــش لەلایــەن حکوومەتــەوە پەردەپــۆش دەکــرێ، بــەڵام لــە ڕێــی ئەنتەرنێتــەوە گفتوگــۆ و پەیــام و هەواڵــی ژنــە ئــازاردراوەکان لــە تەلەڤزیۆنێکــی وەک فڕانــس٢٤ یــان BBC بــڵاو دەکرێتــەوە، بەنگاڵــی و جیهانــی پێکــەوە دەیبینــن. یــان کاتێــک نووســەرێک لــە کوردســتان دەکەوێتــە ژێــر گوشــار، دوای چەنــد ســەعاتێک ڕێکخراوەکانــی مافپارێــزی جیهانــی دێنــە دەنــگ. زانیــاری بــە شــێوەی جیاجیــا و بــە لێشــاو دەگاتــە تــاک. بــۆ نموونــە کاتێــک بــۆ وشــەیەک لــە ئەنتەرنێــت دەگــەڕێ، بــە ملیــۆن وەڵام و دەرگای زانیــاری بــۆ دەبێتــەوە. ئــەو تاکەکەســە ئیــتر هەســت بــە بێدەســتەڵاتی و تەنیایــی نــاکات. کاتێــک جیهــان لــە دەســتی کولتــووری خــۆی دەیپارێزێــت، ئــەوە پەیوەنــدی و ســۆزی بــۆ نیشــتیمانێکی گەورەتــر پەیــدا دەبێــت کــە جیهانــە. لــە ســەردەمی بەجیهانیبوونــدا کــەس ناتوانــێ بڵــێ نەمزانــی، ئــەو بالــۆرە بایەخــی نەمــاوە. نەزانیــن یــان پاســاوی تاوانــە یــان کرچوکاڵــی و دەستەوەســتانییە کــە وایکــردووە تاکێــک توانــای پاراســتنی خــۆی نەبێــت. لــەو جــۆرە ناشــتوانێ بەرهەمهێنــەر و داهێنــەر بێــت. بۆیــە بــە ســەرباری کۆمەڵــگا دادەنــدرێ کــە هــەر ســات و کات لەوانەیــە تووشــی تــاوان یــان لادان بێــت. مەبەســتم ئەوەیــە نیشــان بــدەم کــە داب و نەریــت و بــاوەڕە گشــتییەکانی کۆمەڵــگا، ئەگــەر لەبــاو کەوتــن و خزمەتــی پێشــکەوتنی مرۆڤایەتــی نەکــەن، ئــەوا جیهــان بەرەنگاریــان دەبێتــەوە. خــۆ ئەگــەر بەپێچەوانــە بێــت و بــاوەڕ و دابــی کۆمەڵگایــەک

لــە خزمەتــی کەرامــەت و ئازادیــی مرۆڤــدا بێــت، زۆر بــە خێرایــی لــەلای میللەتانــی دیکــەوە وەردەگیــرێ و بــە کەمێــک دەســکارییەوە تێکەڵــی کولتــووری خۆیانــی دەکــەن. بــۆ نموونــە دڵڕقــی و خوڕافێتیــی خێڵــە ئەفریقاییــەکان لــە هەندێــک بــواردا دەبــێ بــەلاوە بنرێــت، بــەڵام شــایی و مۆســیقای هەمــان خێڵانــە لەگــەڵ سرووشــتی ڕەهاییخوازانــەی مــرۆڤ دەگونجــێ، بۆیــە بــە دنیــادا بــڵاو بۆەتــەوە. هەروەهــا لــە کوردســتاندا ژنکــوژی، داخراویــی بــاوەڕە دینــی و دابــەکان لەســەر بازرگانــی بــە کەڵکــی ئــەم زەمانــە نایــەن، بــەڵام ئاهەنگــی نــەورۆز و ســەیرانخوازی نــاو کولتــووری کوردســتان، جێــی ســەرنجی میللەتانــی دیکەیــە. نــەورۆز بووەتــە جەژنێکــی جیهانــی و یونســکۆ بایەخــی پــێ دەدات. جــا هــەر ئەوەیــە وایکــردووە مــۆدەکان لــە ســەردەمی بەجیهانیبوونــدا لــەم ســەری دنیــا بــۆ ئــەو ســەری دیکــەی لــە ڕەمبازێنــدا بــن. گەنجەکانمــان لایەنگــری یەکێــک لــە تیپــە وەرزشــییەکانی بەناووبانگــی جیهانیــن. منافەســەی نێــوان بەرشــەلۆنا و ڕیــال مەدریــد لــە ئیســپانیا، ڕەنگدانــەوەی تایبەتیــی خــۆی لــە کوردســتانیش هەیــە و لەگــەڵ کولتوورمــان بــە ئاســانی تێکــەڵ بــووە. شــاهیدیم ئەوەیــە کــە نوکتــەی لەســەر درووســت کــراوە و لەســەر زاری بــارام بەگــی هەورامــی (کــە نەمــاوە) دەڵێــت: تەڵاقــم کەوتبــێ تــا تــۆپ خــڕ بێــت ڕیــال مەدریــد لــە بەرشــەلۆنای ناباتــەوە!

هــەر ســەبارەت بــە مــۆدەکان، نــەوەی نوێــی ئێمــە ئــەو مۆدانــە وەردەگــرن، لــە بــواری مۆســیقا و هەڵپەڕکــێ و دانســدا، شــێوە جیهانییەکانیــان پەســندە و لەگــەڵ کولتــووری خۆمــان دەیگونجێنــن. ســەرنجێک بدرێتــە ئاهەنگــی گۆرانییــەکان و مۆســیقای ڕاپ و شــێوەکانی دیکــە، ئــەو تێکەڵییەمــان بــۆ ڕوون دەکاتــەوە. کاریگەریــی مــۆد و شــێوەکانی دیکــەی کولتــووری بیانــی، بــە کاریگــەری و گونجــان لەگــەڵ ســایکۆلۆژیای گشــتی دێــن و دەچەســپێن. ئەمــە پڕۆســەیەکی جێگیــرە و بــە داهێنــان دەکــرێ. ئــەو مۆدیلــە نــاو ماڵەکانمــان و شــێوەی تەلارســازی و دیزاینــی پەرەســەندنی شارەکانیشــمان دەگرێتــەوە. لــەم پڕۆســەیەدا هیــچ کــەس بیــر ناکاتــەوە کــە ئــەو مۆدانــە لــە کــوێ

هاتــوون یــان ســەر بــە کام کۆمەڵگایــەن. گرینــگ ئەوەیــە لەگــەڵ ژیانــی کۆمەڵگاکەمــان بگونجێــت. ئــەوە حاڵــی هەمــوو میللەتانــی جیهانــە.

وردبوونــەوە لــە داب و نەریــت و بــاوەڕە کۆنــەکان، ئەوانــەی لەگــەڵ پێشــکەوتنی کۆمەڵــگای خۆمــان ناگونجێــت، ئــەو تواناییــە بــە تــاک دەدات تــا لــە سرووشــت و پێکهاتــەی کولتــووری وڵاتەکــەی خــۆی حاڵــی ببێــت و ببیتــە خاوەنــی بیــرورا. لــەو حاڵەدایــە تــاک دەتوانــێ داخیلــی کــردەوەی ڕۆشــنگەری بێــت و بــاش و خراپەکانــی نــاو کۆمەڵــگا پەســند یــان ڕەت بکاتــەوە. لــەم زەمانــەدا ڕوانینــی ڕەخنەگرانــەی ئیجابیانــە، تەوژمێکــی زۆر دەداتــە کــردەوەی ڕۆشــنگەری. لــەم ڕۆژگارەدا بــە ئاســانی ڕۆڵــی کەســە خــاوەن بیــروڕاکان لــە گۆڕانکارییەکانــی جیهانــدا دەبینیــن. ئێســتا یەکانگیــری و کێبڕکــێ لــە نێــوان میللەتانــدا لــە هەمــوو قۆناغەکانــی مێــژوو زیاتــرە. یەکانگیــرن لــە لێکــدی وەرگرتــن، لــە کێبڕکێــدان بــۆ بەشــداریی کاریگەرتــر و پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان. ئــەو کێبڕکێیــە دەبــێ پــلان و گەڵاڵــەی خــۆی هەبێــت کــە بــە توێژینــەوەی زانســتی و هەڵســەنگاندن دەکرێــت. لێــرەدا مــل بــادان و پێچەقاندنــی تێــدا نییــە و هیــچ میللەتێــک لــە بەرژەوەندیــدا نییــە یاخــی بێــت یــان خــۆی تەریــک بگــرێ. بــا ئەزموونــی ئەفغانســتان وەربگریــن و هەڵیســەنگێنین. ئــەو وڵاتــە وەک کۆمەڵگایەکــی تەقلیــدی (ســوونەتی) دژی پێشــکەوتن خــۆی بــە دەســت تاڵیبانــەوەدا و بەرانبــەر هەمــوو دنیــا وەســتا. کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی وەک هەڕەشــەیەک مامەڵــەی لەگــەڵ کــرد و ڕژێمــە توندڕۆیەکــەی لەنــاو بــرد. عێڕاقــی پێــش ٢٠٠٣ وەک تاڵیبــان بــەڵام لــە بەرگــی ناســیۆنالیزمی عەرەبیــدا، هەمــان ئەزموونــی پێوایــەوە و هەمــان چارەنووســی گێڕایــەوە.

لــە ســەردەمی بەجیهانیبوونــدا، جــاری وا هەیــە کێشــەی کەســێک دەبێتــە خەمــی جیهــان. ئــەو نووســەر و هونەرمەندانــەی بیروڕاکانیــان لەلایــەن کۆمەڵــگاوە قبــووڵ ناکــرێ و گوشــاریان بــۆ دەهێنرێــت، جیهــان بەهانایانــەوە دێــت. کێشــەی ســەلمان ڕووشــدی لــە ســاڵی ١٩٨٩ بــووە

کێشـــەی جیهـــان. ســـەرباری ئـــەو گەلەکۆییـــەی لـــە وڵاتانـــی ئیســـلامی لێـــی کـــرا و خرایـــە بەرانبـــەر پیرۆزییەکانـــی دیـــن، کەچـــی لـــە ئەنجامـــدا ســـەلمان ڕووشـــدی ســـەرکەوت و جیهـــان پارێـــزگاری لێـــی کـــرد. دەبـــوا هـــەر وایـــش بێـــت، نـــەک بـــۆ دژایەتیـــی دیـــن بەڵکـــوو بـــۆ پاراســـتنی دەرفەتـــی بیـــروڕا دەربڕینـــی تاکێـــک جـــا لـــە هـــەر بوارێکـــدا بێـــت. ســـەرەنجامی ئـــەو دیفاعکردنـــە لـــە ڕووشـــدی، لێبوردەیـــی لـــە نـــاو ئاگایـــی موســـوڵمانان و پیـــاوە دینییـــەکان و دەزگا ئایینییـــەکان درووســـت دەکات. ئێســـتا ســـاڵانە هـــەزاران کـــەس لـــە ڕووشـــدی تێدەپـــەڕن، بـــەڵام کردەوەکەیـــان نابێتـــە کێشـــەیەکی گـــەورە و تەنیـــا بـــە شـــکایەتی قانوونـــی یـــان وەڵامدانـــەوە بـــەس دەکـــرێ. کەواتـــە دەکـــرێ چاکســـازی لـــە دامـــودەزگای دینـــی بکـــرێ. یەکێـــک لـــە باشـــییەکانی بەجیهانیبـــوون ئـــەو هێـــزە مەعنـــەوی و ماددییـــە فراوانـــەی جیهانـــە کـــە دەکەوێتـــە پشـــتیوانیی تـــاک و پێکهاتـــە پلیشـــاوەکان (هریســـون و هانتینگتـــون، ۱۳۸۳).

لـــەم بارودۆخـــە جیهانییـــەدا، کۆمەڵـــگای کوردســـتان چ دەورێکـــی دەبێـــت و چـــۆن خـــۆی ڕێـــک دەخاتـــەوە؟ لـــە پێشـــکەوتنی ئابـــووری و کۆمەڵایەتیـــدا چ پێگەیـــەک هەڵدەبژێـــرێ؟ بـــۆ نموونـــە دەبێتـــە هەرێمێکـــی بەرهەمهێـــن یـــان گەشـــتیاری؟ بـــۆ کام ئامانـــج گرینگـــی بـــە زانســـت و تێکنۆلۆژیـــا دەدات؟ ئەگـــەر ڕوانـــگای خـــۆی درووســـت کـــرد، ئەوجـــا ئامانجـــی خـــۆی دیـــاری دەکات و ئەرکـــی کۆمەڵگایەکـــەش دەردەکـــەوێ (گەشەســـەندن). ئـــەوە دەکەوێتـــە سەرشـــانی نوخبـــەی سیاســـی کـــە دەوڵـــەت بەڕێـــوە دەبـــات و منافەســـەی یەکـــدی دەکـــەن بـــۆ وەرگرتنـــی دەســـتەڵاتی قانوونـــی و، ئاســـتی زانســـتییان و دوورکەوتنەوەیـــان لـــە ئامانجـــی ئایدیۆلۆژییانـــە، دەســـتەبەری ئـــەو پیشـــکەوتنەی کوردســـتان دەکـــەن.

وڵاتانـــی پێشـــکەوتوو هیچیـــان لاســـایی ئـــەوی دی ناکەنـــەوە، هـــەر یەکـــە بەپێـــی ســـەرمایە سرووشـــتییەکەیان و پێگەیاندنـــی ســـەرمایەی مرۆڤایەتییـــان پێشـــکەوتوون. وڵاتـــی زۆر بچـــووک هەنـــە لەوســـەری

دنیـــاوە پێویســـتییەکانی ئێمـــە دابیـــن دەکـــەن. ئێمـــە لـــە بارێکـــی دواکەوتـــووی زۆر خراپدایـــن. ســـەرمایەی سرووشـــتیی کوردســـتان بـــە کان و کشـــتوکاڵییەوە دەیخاتـــە وڵاتـــە بـــە چانســـەکانی جیهـــان، کەچـــی بەرهەمهێنـــان نییـــە و کشـــتوکاڵ کوێـــر کراوەتـــەوە. دەســـتهەڵگرتن لـــە داب و نەریتـــی کـــۆن بووەتـــە کارێکـــی ســـەخت، خەڵـــک لـــە گەندەڵـــی ڕاهاتـــوون و چاویـــان لـــە مووچـــەی حکوومەتـــە. درووشـــمی ڕانەگەیەنـــدراوی کۆمەڵـــگای کوردســـتان، دەســـتی ئیشـــنەکردو لەســـەر زگـــی تێـــرە. ئـــەوەش بـــۆ بەرچاولێڵیـــی نوخبـــەی سیاســـی دەگەڕێتـــەوە کـــە نازانـــێ کۆمەڵـــگا بـــەرەو کام ئاقـــار لـــە پێشـــکەوتن بەرێـــت. بەڕێوەبەرایەتیـــی کوردســـتان لـــە بێڕوانگاییـــدا دەخولێتـــەوە. ئـــەوەی تـــا ئێســـتا لێیـــان دەخوێندرێتـــەوە، دووبارەکردنـــەوەی ئەزموونـــی وڵاتانـــی کەنـــداوی عەرەبییـــە کـــە بـــە شکســـتە گەورەکانـــی پرۆســـەی گەشەســـەندنی ئابـــووری و مرۆڤایەتـــی دادەندرێـــن. هـــەر بۆیـــەش گەندەڵـــی و مشـــەخۆری لـــە پەرەســـەندندایە و جیاوازییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان لـــە قووڵبوونـــەوەدان و قەیـــران لـــە تەنینەوەدایـــە.

لـــە بەجیهانیبوونـــدا ئایینـــەکان و بـــاوەڕە کولتوورییـــەکان بـــە ئاســـانی یەکـــدی دەناســـن و تێکـــەڵ دەبـــن. ئـــەوەش کاریگەرییەکـــی ئیجابـــی لەســـەر کەمبوونـــەوەی توندوتیـــژی دەبێـــت. لـــە جیاتـــی یەکـــدی ڕەتکردنـــەوەی زبـــری پەیڕەوانـــی ئایینـــە جیـــاوازەکان، گفتوگـــۆی مەنتقییانـــە و گـــەڕان بـــەدوای بـــاوەڕی هاوبـــەش و پاســـاوی مەنتقـــی و هەندێـــک جـــار زانســـتی، دەبێتـــە شـــێوازی مەمەڵەکـــردن لـــە کاتـــی ڕووبەڕووبوونەوەیانـــدا. ســـەرباری ئاســـانکاریی تەکنیکـــی و زمانـــی لـــە نێـــوان مـــرۆڤ، کەچـــی دینـــەکان یەکـــدی ناتوێننـــەوە و کاریگەرییـــان بەســـەر یەکدیـــدا ســـفرە. مەبەســـتم لـــە ســـفر واتـــا لایەنگرانـــی هیـــچ دینێـــک بـــەرەو دینێکـــی دیکـــە شـــۆڕ نابنـــەوە. جـــا ئـــەو دینانـــە چ بچـــووک بـــن یـــان گـــەورە. بـــۆ نموونـــە ئـــەو کەمایەتییـــە دینییانـــەی لـــە وڵاتانـــی مەســـیحی و ئیســـلامی دەژییـــن، بـــە هیـــچ شـــێوەیەک دینـــی خۆیـــان واز لـــێ نەهێنـــاوە، ســـەرباری چەوســـاندنەوە و بێبەشـــکردن لـــە مافـــە مەدەنییەکانیـــان، لەســـەر بـــاوەڕی

خۆیان بەردەوامن. بەوپێیە بێت لەسەر ئاستی دنیا دینەکان بە گشتی لە پاشەکشە و خۆگونجاندندان. لەبەرانبەردا ڕوانگای زانستی لە پەرەسەندندایە.

دیاردەی توندڕۆیی دینی، دەربڕی هەوڵی پارێزەرانەی توێژە بەرچاوتەنگەکانە کە تەحەمولی گۆڕانکاری ناکەن. جا ئەوە هەر لەو توێژانەوە بگرە کە بە هێمنی و دوور لە توندوتیژی بەرەنگاری گۆڕانکاری دەبنەوە تا دەگاتە هەرە توندڕۆیەکان کە تیرۆر و کردەوەی ئینتحاری دەکەن. بە گشتی هەموو ئەوانە لە کەمبوونەوەدان و جیل دوای جیل دەبنە کوڕی سەردەمی خۆیان.

ئەگەر بە خێرایی بمەوێ ئاماژە بە دیاردەکانی دیکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکەم کە پەیوەستە بە گۆڕانی جیهانی، پێویستە باسی مافەکان بکەم. مافی تاک و توێژ و پێکهاتەکان لەسەر ئاستی جیهان بووەتە بنەما بۆ پەیوەندیی نێوان گەلان. بۆ هەموو ئەوانەی مافدارن لە کوردستان، پشتیان بە جیهان گەرمە. ئەوانە ژن، منداڵ، دینەکان و تاک دەگرێتەوە. مافەکان بە نێودەوڵەتی بوون و لە دەست بڕیاری سیاسی و کولتووری دەرچوون. لە مەرکەزی ئەو مافدارانەدا تاک بووەتە ئامانجی بەجیهانیبوون و کرانەوە، وردە وردە دەسەپێندری.

لایەنێکی دیکەی کاریگەریی بەجیهانیبوون، سیستەمی سیاسیی کوردستانە کە پێویستە نموونەیەکی پێشکەوتووی جیهان بێت. ئەگەر وا نەبێ ئەوا دەکەوێتە ژێر گوشار. پێشکەوتن و خۆدەوڵەمەندکردنی بزووتنەوە سیاسییەکان بووەتە کارێکی ئاسان، چونکە زانیاری و ئەزموونی هەموو جیهان لەبەردەستی هەمووواندایە و دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەگەر جاران دەبوا کادری سیاسی بنێردرێتە دەرەوە تا خولی پێگەیاندن ببینێ، ئینجا بیگوازێتەوە بۆ بنکەی فراوانی ڕێکخستنەکان، ئێستا هەموو ئەندامێکی ناو بزووتنەوەکە شانبەشانی سەرکردەکان، ئەو زانیارییانە وەردەگرێ. ئەو حاڵەتە

سەرکردایەتیی بزووتنەوە چەقیوەکانی تووشی گرفت لەگەڵ بنکەکانی خۆی کردووە. هەر بۆیەش گەورەبوون و لێکهەڵوەشانی حیزب و بزووتنەوەکان بووەتە ڕووداوێکی ئاشنای ئەم ڕۆژگارە. پاشەکشەی ئایدیۆلۆژیاکان و خەزانی حکوومەتەکانیان لە بیست ساڵی کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا، هەروا ڕووداوەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەر، خەریکە کۆتایی بە ئایدیۆلۆژیای توندی ناسیۆنالیستی دێنێ و ئەزموونی حوکمڕانییەکانی دەپێچێتەوە.

گەشە و فراوانکردنی چەمکەکانی دیمۆکراسی و گونجاندنی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گەلان، پاراستنی پێکهاتە مرۆییەکان لە دەست فەرمانکردن و کۆمەڵکوژی، هەموارکردنی بیری ڕزگاریخوازی نیشتیمانی، بەشداریپێکردنی فراوانی تاک لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردن و گۆڕانکاریدا، شکاندنی ئەفسانەی پیرۆزیی سەرکردە سیاسییەکان و هەڵکشاندنیان بۆ سەرەوەی میللەت، ڕەواندنەوەی پەرستنی حیزب و ڕابەر و ڕەمز و بنەماڵەکانیان، برەوپێدانی یاسا و ڕێنوێنی لە جیاتی تەقلید و دابی کۆن، ئەوانە سیما و تایبەتمەندیی بەجیهانیبوونی بیری سیاسین. بە هەزاران ناوەندی یاسایی و فکری و مەدەنی لە سەرانسەری دنیا بۆ ئەو ئامانجانە چالاکی دەکەن.

دیاردەیەکی دیکەی جیهانی نوێ، فراوانبوونی ڕۆڵ و دەستەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانە و دەستتێوەردانیەتی بۆ بەرژەوەندیی گەلان. هێزە زلەکان ڕۆڵیان زیاتر و بەرپرسیارییەتیان زەقتر بووە. دیواری دیکتاتۆری هەڵۆڵ بووە و یەک لە دوای ئەویتر دەڕمێن. شەفافیەت و داهێنان باوی کۆمەڵگا کراوە و پێشکەوتووەکانن و بوونەتە مۆد و میتۆدێکی جیهانی. مێژووی ڕووت نابێتە پشتیوانیی هیچ میللەت و بزووتنەوە و سەرکردەیەک. نموونەی یۆنان و ڕۆم لە میللەتان، ئەتاتورک و حوسنی موبارەک لە سەرکردەکان، دارمانی حیزبە فەرمانڕاەکاکانی تورکیا و میسر و یەمەن و توونس لە ژیانی سیاسیدا گۆیای ئەو قسەیەی منن.

سیستەم و سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە بنەما زانستی و گونجاو لەگەڵ توانایییە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکان، پاراستنی ژینگە، هاتنی سەرکردەی لێزان و باش، بەڕێوەبەری دەوڵەتێکی باش سیمای ئەم زەمانەن. ئەگەر سیستەمەکە پتەو دانەڕێژرێ، ئەوا تواندنەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان هەڕەشەیەکی بناگوێیە. بەها و باوەڕەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە دەبێ ڕێبەرایەتییەکی زانستییانەی خۆجێیی بکرێن تا لە دەست نەمان لە زەمانی بەجیهانیبوون قورتارمان بێت.

کوردستان لەناو چەقی ئەو جیهانە خێرا خۆگۆڕ و ئاڵۆزەدا دەژییت، بە خێرایی لە گۆڕاندایە، بۆیە مشووری زانایانەی دەوێ. ئەوەش تەنیا بە کردنەوەی دەرگا لەسەر شارەزایان و لیهاتووەکانی کۆمەڵگا دەکرێ. جەوهەری قەیرانی سیاسییش لەوەدایە.

## ٣-٢ فەرهەنگی باو

ئەوەی من لێرەدا ناوم لێناوە فەرهەنگی باو (public culture) لە دەربڕینی دیکەدا کولتووری گشتییشی پێ دەڵێن. لە زمانی کوردیدا ئەوەی من زیاتر مەبەست دەگەیێنێ و خوێنەر لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگا تێکەڵی ناکات. فەرهەنگی باو بریتییە لەو مۆدانەی لە جل و بەرگ و ڕازاندنەوەی ناو ماڵ و ستایلەکانی خۆڕازاندنەوەی مرۆڤ بە ژن و پیاو و منداڵەوە، شێوازەکانی ڕەفتاری تاک و گرووپانەی لە بابەت پیاسە و سەیران و سەفەر و جەژن و ئاهەنگ دەگرێتە خۆ. هەروەها شێوازەکانی مۆسیقای تازەداهاتە و زودگوزەر دەگرێتەوە، مۆدیلەکانی ئۆتۆمۆبیل و ئامرازەکانی گەیاندنی زانیاری وەک ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و مۆبایل و ئەنتەرنێت و ئای پاد و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هتد کە کۆتاییان نایەت.

فەرهەنگی باو بەرهەمی لێشاوی تێکنۆلۆژیا و میدیا و ڕیکلامە.

هەڵبـــەت میدیـــا و ڕیکلامیـــش لـــە خۆیانـــدا بەرهەمـــی پێشـــکەوتنی تێکنۆلۆژیـــان. ئـــەو فەرهەنگـــە پێچەوانـــەی فۆلکلـــۆرە کـــە ڕەگ و ڕیشـــەیەکی قووڵـــی لـــە بیـــر و هۆشـــی دانیشـــتوانی ناوچەیەکـــدا هەیـــە، جـــاران ســـنگ بـــە ســـنگ نەقـــڵ دەبـــوو و لـــەم زەمانەشـــدا تۆمـــار دەکـــرێ و دەناســـێندرێ. فەرهەنگـــی بـــاو ڕووبەرەکـــەی لـــە فۆلکلـــۆر زۆر فراوانـــترە و یـــەک وڵات دەگرێتـــەوە. جـــاری وا هەیـــە زۆربـــەی جیهـــان دەتەنێتـــەوە. ئـــەو فەرهەنگـــە خێـــرا دێـــت و لەلایـــەن هەندیـــک ناوەنـــدی بەرهەمهێنـــی بـــازارەوە دەکرێتـــە بـــاو. بۆیـــە پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بـــە بـــازاڕەوە هەیـــە و مۆرکێکـــی ئابـــووری هەیـــە. کەچـــی فۆلکلـــۆر دەربـــڕی ســـتایل و هەســـت و ســـۆزی ناوچەیەکـــی دیاریکـــراوە، پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بـــە شـــێوازی ژیـــان و بـــاری سرووشـــتی ناوچەکـــەوە هەیـــە. بـــۆ نموونـــە فۆلکلـــۆری کوردســـتانی لـــە بادینـــان و هەولێـــر و ســـلێمانی و گەرمیـــان یـــان لـــە پارچەکانـــی دیکـــەی کوردســـتان، لێکـــدی جیـــاوازن. بۆیـــە فۆلکلـــۆر پێکـــدی دەناســـێندرێ و لـــە فێســـتیڤاڵەکاندا، میللەتـــان خـــۆی پـــێ هەڵدەدەنـــەوە. بـــەڵام فەرهەنگـــی بـــاو وا نییـــە، لـــە یـــەک کاتـــدا لـــە هەمـــوو وڵاتەکـــەدا بـــڵاو دەبێتـــەوە یـــان جیهانییـــە وەک شـــێوازەکانی پـــرچ ئارایشـــکردنی پیـــاوان و ئافرەتـــان، ڕەنگـــی ســـاڵ، مـــۆدی کـــراس یـــان پانتـــۆڵ.. جـــا ئەگـــەر فۆلکلـــۆر بەرهەمـــی ژیانـــی دوورودرێـــژی ناوچەیەکـــی بـــە ژیـــان تەقلیـــدی (ترادیشـــناڵ- ســـوننەتی) بێـــت، ئـــەوا فەرهەنگـــی بـــاو دەرهاویشـــتەی ژیانـــی بـــە تێکنۆلۆژیـــای پێشـــکەوتوو و خێرایـــە. فۆلکلـــۆر وردە وردە تێکەڵـــی تاروپـــۆی ژیانـــی مـــاددی و مەعنەویـــی خەڵکەکـــەی دەبێـــت، بـــەڵام فەرهەنگـــی بـــاو تەنیـــا بەرهەمێکـــی ســـەپێندراوی بڕیـــاری دەرەوەی ژیانـــی خەڵکـــە کـــە بـــازاڕ و خاوەنەکانـــی دەیـــدەن. ئـــەو فەرهەنگـــە هیـــچ پەیوەنـــدی بـــە دۆخـــی مەعنەویـــی خەڵکەکـــەوە نییـــە و لەوانەیـــە لەوســـەری دنیـــا دیزاییـــن کرابـــێ و نێردرابـــێ.

فەرهەنگـــی بـــاو، زەرورەتـــی ژیانـــی خێـــرا و ڕەفـــا و ئاڵۆزیـــی ســـەردەمی پێشـــکەوتنی زانســـتی و تێکنۆلۆژییـــە. ئەگـــەر جـــاران لـــە ژیانـــی تەقلیدیـــدا تـــا کەمێـــک لـــە مۆدیلـــی کراســـێک یـــان رانکوچۆخەیـــەک دەگـــۆڕدرا

زەمانێکــی زۆری پێدەویســت، ئێســتا هونــەری دیزاییــن و فاشــیۆن بــۆ خــۆی بوارێکــی بــە هەرمێنــە و وەک زانســت ئامــادەکاری پــێ دەکــرێ، ســاڵانە پســپۆڕانێکی لــە ژمارنەهاتــوو لــە سەرانســەری جیهــان دەخاتــە ســەر کار و دەســتیان ئــاواڵا دەکات تــا ئــەو بــازاڕە فراوانــەی جیهــان گــەرم بکــەن. بــۆ کارەکانیشــیان ئامرازەکانــی گەیاندنــی زانیــاری هــەر لــە میدیــاوە تــا دەگاتــە تواناییەکانــی ســەر تــۆڕی کۆمەڵایەتیــی ئینتەرنێــت، ڕیکلامیــان بــۆ دەکات. ئــەو فەرهەنگــە پەیوەندییەکــی پتــەوی بــە کاری ڕیــکلام هەیــە. ڕیــکلام دیــاردەی بــەکاری کۆمەڵــگای پڕتێکنۆلــۆژی-مەسرەفــکاری ڕەفاخــوازە. ڕەگەزەکانــی فەرهەنگــی بــاو لــە ڕێــگای ڕیکلامــڕا، بــە دیراســەکراوی دێنــە نــاو ژیانــی خەڵــک و هانیــان دەدات خێــرا خێــرا بکــڕن و مــەسرەف بکــەن. هــەر لــەو دەروازەیەشــەوە شــێوەکانی خۆڕازاندنــەوە نیشــانی خەڵــک دەدرێ. ســەرەنجام ئــەو پرۆســەیە بەســەر ئیــرادەی تاکــدا زاڵ دەبێــت و ناچــاری دەکات بەپێــی نەخشــەی بــازاڕ ڕەفتــار بــکات (بودریــار، ١٣٩٢).

کۆمەڵــگای کوردســتان خەریکــە پــێ دەنێتــە ئــەو قۆناغــەی ســەرەوە. کەلوپەلــی نــاو ماڵــەکان لــە دەرەوەی وڵات دیزاییــن کــراون و شــێوەی خواردنــە هــاوردەکان هیــی فەرهەنگەکانــی دیکــەن. کــچ و کوڕەکانمــان بەپێــی مــۆدە جیهانییــەکان خۆیــان ئارایــش دەکــەن. تاکەکانمــان لــە ناخــەوە سیســتەمی خێزانــە تەقلیدییەکانیــان هەژانــدووە و کێشــمەکێش کەوتۆتــە نــاو نــەوەکان.

فەرهەنگــی بــاو زوو دێــت و خێــرا دەڕوات، بــەڵام کاریگەریــی خــۆی بەجــێ دێڵێــت و هــەر خــۆی ئامرازێکــی دیــاری کولتوورســازی ڕۆژگاری بەجیهانیبوونــە. وێدەچــێ یەکێــک لــە هۆیەکانــی ســەغڵەتبوونی کۆمەڵــگا بەدەســت فەرهەنگــی گشــتییەوە، ئــەو گوشــارە بێــت کــە لــە ڕێــگای خێراییــەوە دەیخاتــە ســەر تاکــەکان. هەڵبــەت سرووشــتی کولتــوور وا هەڵکەوتــووە ئاســان و بــە بڕیــار ناگــۆڕدرێ و پێویســتی بــە گونجــان و ڕۆژگاری درێــژ هەیــە، بۆیــە فەرهەنگــی گشــتی مانــدووی دەکات.

هەڵبــەت گۆڕانــی کولتــوور لــە کۆمەڵــگا زانســتییەکان زۆر ئاســانتر و خێراتــرە لــە کۆمەڵــگا تەقلیدییــە (ســوننەتی)کان، بــەڵام دیســان وا ناگەیەنــێ کــە لەگــەڵ هەڵکردنــی فەرهەنگــی گشــتی خێــرا خــۆی بگۆڕێــت.

فەرهەنگــی گشــتی و ڕیــکلام دوو دیــاردەی ســەردەمن، ســەرەڕای ماندوکردنــی تاکــەکان و بــرەودان بــە ژیانــی ناجێگیــری مەسرەفــکاری، بــەڵام ســودمەندن و کۆمەڵــگا پێویســتی پێیانــە. بــۆ ڕزگاربــوون لــە دەســت ئازارەکانــی ئــەو دووانــە، پێویســتە نەخشــە و لێکۆڵینــەوەی بــەردەوام هەبێــت و بەپێــی خواســتی کۆمەڵــگا ڕێکخرێــن. فەرهەنگــی گشــتی یەکێکــە لــە هــۆکارە کاریگەرەکانــی وەخێراییخســتنی گۆڕانــی کولتــووری و وەرگرتنــی ڕەفتــار و مــاف و کراوەیــی زیاتــر.

کۆمەڵــگای کوردســتان لــەو دیاردەیــەی لــێ پەیدابــووە و گۆڕانێکــی زۆر کەوتۆتــە نــاو مۆدیلەکانــی جــل و بــەرگ، کەمێــک بــە تاخیــرەوە پێخوســتی فەرمانڕانیــی مۆدیلــە جیهانییــەکان بــە دانیشــتوانی شــارەکانەوە دیــارە. یەکێــک لــە گرژییەکانــی نێــوان گەنجــان و بــاوک و دایکانیــان لەســەر ئــەو مۆدیلــە خێرایانەیــە، بــەڵام ئــەوەی لــە زیادەدایــە حــەزی گەنجانــە و ئــەوەی تەســلیم دەبــێ جیلــی کۆنــە و ئــەوەی پاشەکشــەی پــێ دەکــرێ جــل و بەرگــی تەقلیدییــە.

## ٣-٣ جیۆگرافیا و کولتوور

ژینگــەی سرووشــتی ڕۆڵێکــی کاریگــەری لــە پێگەیشــتنی مرۆڤــدا هەیــە. ئــەو کاریگەرییــە بــە شــێوەیەکی فــراوان ئــەو ســەردەمانە خــۆی نیشــان دەدا کــە مــرۆڤ لــە ســەرەتای پێگەیشــتندا بــوو و بــە ئاســانی لــەو ناوچەیــە دوور نەدەکەوتــەوە کــە تێیــدا دەژیــا. گــەرم و ســارد یــان موعتەدیلبوونــی ئــاو و هــەوا بــە درێژاییــی ڕۆژگار نــەک هــەر کاری دەخســتە ســەر تەونــی کولتــوور، بەڵکــوو لــە گۆڕانــی ژینەتیکــی مرۆڤیشــدا بــە وەج بــووە. ڕەنگــی پێســت و بــەرزی و نزمیــی قامــەت و

شـــێوەی دەســـت و دەم و ددان و لـــوت هتـــد، پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆیان بـــە خۆگونجانـــدن لەگـــەڵ ژینگـــەوە هەیـــە.

كەمـــی و فراوانیـــی پێكهاتـــەی زمـــان و جـــۆری چەمكـــەكان و وەكیەكـــی (مـــرادف) مانـــاكان بـــە ژینگـــەوە بەنـــدن. ئـــەوە ژینگەیـــە مـــرۆڤ ناچـــار دەكات ئەگـــەر بەفـــری نەبـــوو چەمكـــی بەفـــری پـــێ درووســـت نەكـــرێ، ئەگـــەر بەفـــر زۆر بـــوو ئـــەوا بـــە چەندیـــن چەمكـــی جۆراوجـــۆر، دیـــتن و بەكارهێنانـــی جۆراوجـــۆری خـــۆی لەســـەر بەفـــر دەرببـــڕێ. ئەفســـانە و خوڕافـــە و خەملآنـــی فكـــری دیـــن، هـــەر بـــەو پرۆســـە یەكانگیرییـــەی مـــرۆڤ و سرووشـــتەوە بەنـــدە. ئەفســـانەكانی ئێمـــە دێـــون و لەنـــاو ئەشـــكەوتان تەلەســـم دەنێنـــەوە، بـــەڵام لـــە ئەفریقـــا ســـاحیرن و لـــە دارســـتان دەژییـــن. بـــە پێچەوانـــەی ئـــەو دووانـــەی پێشـــوو لـــە خەڵكانـــی دەریانشـــین ئەفســـانە و ئوســـتوورەكانیان لـــە نـــاو دەریـــادان و لـــە گیانـــەوەری دەریایـــی دەچـــن.

شـــێوەی جـــل و بـــەرگ و ڕەنگەكانیـــش هـــەر بـــە خـــۆ گونجانـــدن لەگـــەڵ سرووشـــتی ناوچـــەی ژیـــان درووســـت دەبـــن. ئـــەوە ژیـــان و پێویســـتییەكانی ســـەختیی چیایـــە كـــە كورتـــەك و پانتـــۆڵ و پشـــتێنی لـــە كوردســـتان ســـەپاندووە، كەچـــی لـــە بیابانـــی دراوســـێمان، عـــەرەب كراســـی شـــۆڕ (جداشـــە)ی بـــێ شـــەرواڵ لـــە پـــێ دەكـــەن و پێویســـتیان بـــە پشـــتێنی تووندوتـــۆڵ نییـــە. شـــێوەی خانـــوو و ڕازاندنـــەوەی نـــاو مـــاڵ و جـــۆری خواردنەكانیـــش هـــەر لەژێـــر ئـــەو كارتێكردنـــەدان. ژیانـــی ئابـــووری و كەرەســـتەی بەرهەمهێنـــان و بەرهەمەكانیشـــیان سرووشـــتی چیایـــی یـــان بیابانـــی یـــان دەریایـــی دەبێـــت. كوردســـتان لـــە ناوچـــە چیایـــی- پێدەشـــتەكانە. هـــەر لـــە ســـەرەتاوە باخـــداری و ئاژەڵـــداری و كشـــتوكاڵ، ئابووریـــی دانیشـــتووەكانی پێـــك هێنـــاوە. مۆركـــی چیایـــی بەســـەردا زاڵ بـــووە كـــە بـــە جـــۆری هێمـــن دەژمێردرێـــت. ســـەرزەمینی كـــوردان مەكـــۆی عیرفـــان و دەروێشـــی و ســـۆفیایەتی بـــووە و بـــڕوای دینـــی لـــەو كەناڵـــەوە دەگەیشـــتە دانیشـــتوان. هـــەر بۆیـــە جموجۆڵـــی عیرفـــان بەهێـــز بـــووە و لـــە هەندێـــك ناوچـــەدا دەگەیشـــتە ڕاددەی

دەســـکاریکردنی دیـــن و داهێنانـــی دینـــی نـــوێ. دینەکانـــی ئێـــزدی و کاکەیـــی، هەروەهـــا بزووتنـــەوە دینییەکانـــی کۆتاییـــی ســـەدەی نـــۆزدە هـــەر لـــەو چەشـــنە بـــوون کـــە پیرانییـــەکان و دەرســـیمییەکان و بارزانییـــەکان و هەقـــەکان دەســـتیان پـــێ کردبـــوو (ســـەرۆ قـــادر، بـــارزان و مێـــژووی بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانـــی کوردســـتان). ئـــەو پێکەوەژیانـــە نســـبییەی لـــە کوردســـتان لـــە نێـــوان دینـــەکان و نەتـــەوەکان هەیـــە لـــەو ڕێچکـــە مێژووییـــەوە ســـەرچاوە دەگـــرێ. وەک دیـــارە لـــە کۆنـــدا کوردســـتان بـــە ناوەنـــدە عیرفانییەکانییـــەوە بـــە ناووبانـــگ بـــووە، بـــەڵام ناوەنـــدی دینـــی-شـــەریعەتی خاڵســـی لاواز و کـــەم بـــوون. پەیوەندییەکـــی دیرۆکـــی لـــە نێـــوان عیرفـــان و سەرکەشـــیی چیـــاکان هەبـــووە.

تیپـــت و ڕوانـــگا و باوەڕەکانـــی کۆمەڵـــگای کوردســـتان هـــەر لـــەو بارودۆخـــەدا درووســـت بـــوون. ســـایکۆلۆژیای کۆمەڵـــگا و تاکەکانـــی پەیوەندییەکـــی پتـــەوی بـــە ژینگـــەوە هەبـــووە. چیایـــی تووندوتـــۆڵ و پـــڕ جموجۆڵـــە، هێمنـــە و دەســـتڕەش نییـــە، ژمـــارە و مانـــای چەمکەکانـــی زمانـــی فـــراوان و دەوڵەمەنـــد نییـــە. کەچـــی بـــەدووی بیابانشـــین بـــە دوای ژینگـــەوە وێڵـــە و زوو هەڵدەچـــێ و دەسترەشـــە، زمانەکەشـــی فراوانـــتر و پـــڕ تـــوێ (اشـــتقاقات)ترە. ئەوانـــەش هەموویـــان پاســـاوی واقیعـــی خۆیـــان هەیـــە و ئانترۆپۆلیژیســـتەکان (مرۆڤناســـەکان) حیســـابی بـــۆ دەکـــەن و شـــیی دەکەنـــەوە (الجابـــری، ٢٠١٠).

ئـــەو قســـەیەم بـــەو مانایـــە نییـــە لـــەم زەمانـــەدا کولتـــوور وەک جـــاران لـــە قەتیســـیدا درووســـت ببێـــت. ئـــەوەی مـــن باســـی دەکـــەم پەیوەنـــدی بـــە ســـەرەتاکانی درووســـتبوونی کۆمەڵـــگای مرۆڤـــەوە هەیـــە. باوەڕەکانـــی ئـــەوکات گیانســـەختن و وەک بنەمـــا بـــۆ کولتـــووری ئـــەم زەمانـــە خۆیـــان ڕاگرتـــووە. ئـــەوەش پەیوەنـــدی بـــە ڕۆڵـــی زەمـــان و پرۆســـەی مێـــژوو لـــە درووســـتبوونی ئینســـاندا هەیـــە. بـــۆ نموونـــە خوێنـــدەواری کـــوردی ئـــەم زەمانـــە، دەزانـــێ زەوی خـــڕە و فـــەزا بەتاڵاییەکـــی کاکـــی بـــە کاکییـــە، بـــەڵام ســـەرباری ئـــەوەش چەشـــنی دینییانەیـــە و بـــۆ دوعـــا دەســـت بـــۆ

ئاسـمان پـان دەکاتـەوە. دەزانـێ دێـو نییـە، بـەڵام ئـەو بوونـەوەرە ترسـناکە لـە ناخـوداگای دەرناچـێ و سـەرچاوە و هێـمای تـرس و شـوبهاندنیەتی (الـوردي، ٢٠١٢).

## ٣-٤ پێگەی داب و نەریت

داب و نەریـت دوو چەمکـی گرینگـی کۆمەڵناسـی و کولتوورناسـین. ئـەو دوو چەمکـە لـە سـەرەتای کۆمەڵـی مرۆڤایەتییـەوە هـەن و بەپێـی گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی و جێگۆڕکـێ لـە کولتوورەکانـدا، ئەوانیـش گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت و لەوانەیـە هەندێکیـان زەمانیـان نەمێنـێ و لەنـاو بچـن. لـە هـەر قۆناغێکـدا داب و نەریتـی گونجـاو دێنـە کایـەوە. داب و نەریتـەکان بـە ئاسـانی درووسـت نابـن و بـە خێراییـش لەنـاو ناچـن.

داب (عـورف) ئـەو بـاوەڕە گشـتییەی ناوچەیـەک یـان کۆمەڵگایـە کـە ئەندامەکانـی وا لـێ دەکات ڕەفتـار و هەڵوێسـتی یەکچەشـنیان لـە ژمارەیـەک ڕووداو و بۆنـەدا هەبێـت، وەک هـاودەردی و تازیمانـە لـە مـردن و کارەسـاتدا، جەژنەکانـی نـەورۆز و ڕەمـەزان و قوربـان، مانـای شـەڕەف و هەڵوێسـت لـە ڕۆڵـی ئافـرەت، هـەرەوەزی لـە بەرهەمهێنانـدا، لێبووردەیـی لـە ڕووداوە نـاکاوەکان، ئینتـما بـۆ عەشـیرەت... داب زۆر گشـتییە و تـاک پـەروەردە دەکات تـا پەیڕەویـی لـێ بـکات. لـە کاتـی ڕوودان بـە شـێوەیەکی یەکەسـەرە (تلقائـی- ئۆتۆماتیـک) چاوەڕوانـی لـە تاکـەکان دەکـرێ ئـەو ڕەفتـارە بنوێنـن کـە داب بینـای کـردووە. دابـەکان زۆر بـە قووڵـی لـە هەسـت و ڕاهاتنـی تـاک دەچێندرێـن و مانایەکـی قووڵیـان پـێ دەبەخشـێ، کـە دەبێتـە بەشـێک لـە پێکهێنانـی ناسـنامەی کۆمەڵایەتیـی ئـەو کەسـە. دابـەکان ئـەو ئینتـما و ڕێـز و مـاف و ئیعتبـارە دەپارێـزن کـە لەلایـەن کۆمەڵـگاوە بـۆ تـاک دەستنیشـان کـراون. سـەرەڕای گشـتییتیی دابـەکان، ژمارەشـیان لـە کۆمەڵـگادا زۆر

کەمە (عضدانلو، ١٣٩٥).

داب تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵگاکانە، بەڵام لە کۆمەڵە تەقلیدییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە دابەکان دەبنە یاسا لەناو سیستەمی دەوڵەتدا. ئەوەش خۆپاریزی و توندوتیژیی کۆمەڵایەتی دەکاتە قانوون. دابەکان کەناڵی خۆپاراستنی بەها کۆمەڵایەتییە کۆنەکانن. هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە داب نەمێنێ، بەڵکوو دابی زیانمەندی کۆن نەمێنێ. هەندێک لە دابەکان زۆر ترسناکن و هەڕەشە لە سەلامەتیی کۆمەڵایەتیی نوێ دەکەن وەک تۆڵەسەندنەوە، کوشتنی ئافرەت. لەو حاڵەتانەدا دەبێ بە یاسا و دەستەڵاتی دەوڵەت بەرەنگاری ئەو دابانە ببنەوە. دابە شادییەخشەکان دەکرێ بەردەوام بن و دەسکاری بکرێن و لەگەڵ ڕۆژگار بگونجێندرێن. نابێ وا بزانین کۆمەڵگای بێ داب هەیە، لە کۆمەڵگای هاوچەرخیشدا داب هەیە، بەڵام لە خزمەتی بەرابەری و ئازادیی تاک و سەلامەتیی کۆمەڵایەتیدایە.

نەریت (عادەت و ئاداب و رسوم، ڕێوڕەسم) کەرەستەیەکی دیکەی ڕێکخستنی کۆمەلایەتییە. نەریت ڕەفتاری فەردییە لەناو کۆمەڵگا. بەپێی باوەڕ و داب و پێویستییەکانی هەر کۆمەڵگایەک لە سیستەمی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگا تاک لەسەری ڕادەهێندرێ. لە کاتی پێویستدا بە شێوەیەکی یەکسەرە تاک پەیڕەوی لێ دەکات. بارودۆخی جیۆگرافیایی و هەڕەشە سرووشتییەکان دەستیان لە کەم و زیادکردنی نەریتەکاندا هەیە. بەشێکی زۆری نەریتەکانیش پێویستن بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی و بە شێوەی جیا جیا لە هەموو کۆمەڵگاکان دووبارە دەبنەوە. نەریتەکان بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، لەم ڕۆژگارەدا باش و خراپیان هەیە. بەڵام چونکە ئەویش لە قووڵاییی تاکدا دەچێندرێ، بۆیە دەبێتە بەشێک لە باری سایکۆلۆژیی ئەو کەسە و بە ئاسانی تەرک ناکرێ. هەموو داب و نەریتەکان زەرورەتی ژیانی کۆمەڵگاکان دروستیان دەکات و لە کاتی خۆیاندا، یارمەتیی هێوربوونەوەی کۆمەڵەکان دەدات و

پێویســـتییەکانی دەســـتەبەر دەکات.

ســـڵاوکردن نەریتێکـــە لـــە هەمـــوو کۆمەڵگاکانـــدا هەیـــە، بـــەڵام ســـاردی و گەرمیـــی جیۆگرافیایـــی ڕۆڵـــی لـــە کەمـــی و زۆریـــدا هەیـــە. ناوچـــە گەرمـــەکان بـــە ئاســـانتر لای یەکـــدی کـــۆ دەبنـــەوە و بـــە دەنگـــی بـــەرز قســـە دەکـــەن. ناوچـــە ســـاردەکان ئـــەو نەریتەیـــان کەمـــترە. دەخالەتـــی بـــاوەڕی دینـــی لـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتیـــدا کاریگـــەری بەســـەر چۆنیەتیـــی نەریتەکانـــەوە هەیـــە. لـــە ڕۆژهەڵاتـــی موســـوڵماندا ســـڵاوکردن ئەرکێکـــی دینییـــە و بـــە دەنگـــی بـــەرز دەکـــرێ و تۆقـــە و چوونەدەســـت و یەکـــدی ماچکردنـــی تێدایـــە. هـــەروا ســـەردانی ڕۆژانـــی جـــەژن، سەرەخۆشـــیی کارەســـاتەکان و بەشـــداریی هـــەرەوەز و بەهاناوەچوونـــی لێقەومـــاوان نەریتێکـــە تـــاک پێـــی هەڵدەســـتێ. ئـــەو کۆمەڵگایانـــەی لافاویـــان زۆر بەســـەردا دێ یـــان گڕکانـــی هەبـــێ یـــان بومەلـــەرزەی زۆر بـــێ، نەریتـــی تایبەتـــی خۆیـــان هەیـــە بـــۆ بەشـــداریی تـــاک لـــە ڕووداوەکانـــدا.

نەریتە خراپەکان دەبێ بە یاسا بەرەنگاریان ببنەوە، وەک کوشتنی تۆڵەکارانە لەکاتی کارەسات یان کێشەی شەڕەف، خەتەنەکردنی منداڵ بە تایبەتی ئافرەت، کچ بەشوودان بەبێ ڕەزامەندی.. بۆ ئەوەی نەریتەکانی کۆمەڵگایەک بزانین، پێویستمان بە نووسینەوەیان لە فەرهەنگۆکێکی تایبەتیدا هەیە.

چەندی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بێت، ڕۆڵی داب و نەریتەکان کەم دەبێتەوە و یاساکان شوێنیان دەگرنەوە. داب و نەریتی نوێ دێنە مەیدان کە تایبەتن بە کۆمەڵگای نوێ. وەک پشووی هەفتە و پشووی هاوینە و هەندێکی زستانە، جەژنە نیشتیمانییەکان، جۆری سەفەر و سەیران، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی تاک و تەنیاییەکەی، پاراستنی ژینگە و پاک و خاوێنی، هاوکاریکردنی پۆلیس و بە هاناوەچوونی لێقەوماوان.

داب و نەریتە کۆنەکان ڕۆڵی دەوروبەر و کۆمەڵگا لە ژیانی تاکدا زۆر دەکات و ئیرادەی فەردی کەم دەکاتەوە و، ناچاری دەکات

هەندێک ڕەفتار بنوێنی کە لەوانەیە ئازاری جەستەیی یان دەروونی پێ بگەیەنێ. بۆیە بەو کۆمەڵگایانە دەگوترێ تەقلیدی (سوننەتی). بەڵام لە کۆمەڵگای نوێدا داب و نەریتەکان لەسەر بنەمای زانیاری و سیستەمی یاسایی دادەڕێژرێنەوە و بوارێکی زۆر بە تاک دەدات خۆی چۆنیەتیی بەشداریی کۆمەڵایەتیی خۆی دیاری بکات. هەڵبەت بۆ پەیڕەوکردنی نەریت، بەهای تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە پشتیوانی دەکات.

کۆمەڵگا دابیەکان (تەقلیدییەکان) بە قورسی پابەندی باوەڕەکانی داب و نەریتن و ئامرازی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاک دیاری دەکەن و نەوەکانیان بە پیرۆزیێتی ئەو باوەڕانە گۆش دەکەن. لەو کۆمەڵگایانە نوێبوونەوە و داهێنان کارێکی ئاستەمە و ڕووبەڕووی بەرەنگاریی کۆمەڵایەتی دەبێت. هەر کۆمەڵگایەک کێشەی تایبەتی خۆی هەیە و ڕێگای نویبوونەوە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا تێدەپەڕێ. پەرەپێدانی پەروەردەی هاوچەرخ و زیادکردنی زانیاری و زانستی تاک و گوشاری جیهانی، ئامرازە بەکارەکانی کرانەوەی کۆمەڵگا تەقلیدییەکانە و ئاسۆی پێشکەوتنیان دەکاتەوە.

لە تایبەتمەندییەکانی داب و نەریت، ئاوێتەبوونیانە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگای خۆپارێز و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵە خۆجێییەکان. هەڵبەت هەندێک داب و نەریت لە سنووری ناوچەیەک تێدەپەڕن و دەبنە نیشتیمانی یان هەرێمایەتی. وەک دابی جەژنگێڕان لە ڕەمەزان و قوربان لە وڵاتە موسوڵمانەکان. ئەو داب و نەریتانە گیانسەختن و بە ئاسانی ناگۆڕێن و مانای پیرۆزییان پێ دراوە و لەگەڵ پەروەردە دەرخواردی تاک دراون. ئەوە گۆڕانی سیستەمی ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ڕێگای دوستبوونی باوەڕی نوێ دەکاتەوە و داب و نەریتی کۆن لە ژیان دەر دەکات.

لــە کۆنــەوە داب و نەریتــی جیهانــی یــان نێودەوڵەتــی هەنــە. لــەم ڕۆژگارەدا کــە جیهــان تێکــەڵ بــووە، داب و نەریتەکانیــش زیــاد بــوون. ڕێگاچارەکانــی کێشــە نێودەوڵەتییــەکان و شــێوازەکانی بەهاناوەچوونــی دەوڵەتــان بــۆ یەکــدی یــان بــۆ پاراســتنی پێکهاتــە هەڕەشــەلێکراوەکان، هەروەهــا نەریتەکانــی مامەڵەکردنــی وڵاتــان لەگــەڵ یەکــتری، شــێوازەکانی هاتوچــۆ و توریــزم و ڕێوشــوێنەکانی مەڵبەنــدە تێکەڵەکانــی جیهانیــان وەک فڕۆکەخانــەکان و شــەمەندەفەر، پاپــۆڕەکان نموونــەی دیــاری ئــەم ڕ ۆ ژ گا ر ە ن .

کوردســتان کۆمەڵگایەکــی تەقلیدییــە و زانیاریــی خەڵــک لەســەر بنەمــای دیــن و بــاوەڕە دابییەکانــە. داب و نەریتــی کــۆن کــە لەگــەڵ ئــەم ســەردەمە ناگونجێــن و ڕێــگا لــە پێشــکەوتن دەگــرن، بوونەتــە ئاســتەنگ. لــە پڕۆســەیەکی ڕۆشــنگەریی بەردەوامــدا، پێویســتە داب و نەریتــەکان شــیی بکرێنــەوە و لایەنــە خــراپ و باشــەکانیان شــیتەڵ بکرێــن. ئینجــا دانیشــتوان دەتوانــن هەڵبژێــرن، کام ڕێــگا دەگرنەبــەر. مۆرکــی کولتــووری کوردســتان داب و نەریتــی ســەردەمی دەرەبەگایەتــی و بــاوەڕی ئایینــی چنیویەتــی.

## ٣-٥ دین و کولتوور

ئەگــەر بمــەوێ پێناســەیەکی خێــرای دیــن بکــەم، دەبــێ باســێکی ئــەو ڕۆژگارە مێژووییــە بکــەم کــە ســایکۆلۆژیا و زانیاریــی مرۆڤایەتــی لــە قۆناغێکــی دیاریکــراوی مێــژووی پێگەیشــتنی بەشــەردا ئامادەیــی داهێنانــی ڕوانــگای دینــی هەبــوو، چونکــە بیرکردنــەوەی دینــی فــەزای کۆمەڵایەتــی داگرتبــوو. پێنجهــەزار ســاڵ بــەر لــە ئێســتا دینــە ســەرەتاکان وردە وردە پەیــدا بــوون و دینــە ئاســمانییەکانیش ٣٣٠٠ ســاڵ بــەر لــە ئێســتا پەیــدا بــوون. هەڵبــەت تــا پێنجســەد ســاڵ بــەر لــە ئێســتایش زەمینــە بــۆ دینگۆڕیــن و دیــن درووســتکردن و لێکجیابوونــەوەی

مەزهەبەکانــی هــەر دینێــک هەبــوو. ئێســتا ئــەو قۆناغــە بەســەرچووە و دینــەکان مقاوەمــەت دەکــەن و پابەنــدی باوەڕەکانــی خۆیانــن (ماتیــل، ١٣٨٤).

دیــن بریتییــە لــەو زانیارییــە (مەعریفــە) باتنــی و ئەندێشــەییەی ســەبارەت بــە پرســی بــوون (وجــوود) و ڕێکخســتنی پەیوەندیــی نێــوان مرۆڤــەکان، لــەو قۆناغــەی لەســەرەوە باســم کــرد، بــە شــێوەی سیســتەمێک دەدرێ بــە کۆمەڵــگا و تاکەکانــی لەســەر ڕادێنــن. فــەزای دینــی کــە دینەزەمینــی و ئاســمانییەکانی لــە نــاو داهاتــن، قۆناغێکــی مێژوویــی و واقیعــی پێگەیشــتنی کۆمەڵــگای بەشــەر بــوو بــۆ لێکدانــەوە و ناســینی وجــوود، ئینجــا بەشــداریکردن لــە ڕێکخســتنی. دیــن میراتــی پێشــخۆی لــە نــاو زانیاریــی بنیاتــەم وەرگــرت و بــە قۆناغــی تۆکمــە و جێگیــری دوای ســەردەمی مەعریفــەی ســیحر و ئەفســانە دادەنــدرێ. بــاوەڕە دینییــەکان بەشــە ماندەنییەکانــی فرچکگرتنــی مێژووییانــەی بەشــەرن، بۆیــە تــا ئێســتایش کاریگــەرن. دیــن پانتاییەکــی فــراوان و کاریگــەری نــاو کولتــوور داگیــر دەکات و خــۆی بەرهەمــی کولتــووری زەمانــی خۆیەتــی، لــە هەمــان کاتــدا بزووێنــەری گۆڕانکاریــی کۆمەڵگاکانیــش بــووە.

هیــچ دینێــک بەبــێ تەنگوچەڵەمــەی کۆمەڵگایەکــی دیاریکــراو نەهاتۆتــە بــوون و، باوەڕەکانیشــی بریتیــن لــە ڕەخنــە و پێشــنیاز بــۆ داب و نەریتەکانــی ئــەو کولتــوورەی لــە تەنگوچەڵەمــەدا ئاوســاوە و دەبــێ چاکســازی لــە خۆیــدا بــکات. هەمــوو دینــەکان لــە ســەرەتایاندا مەبەســتیان فێرکــردن و چاککــردن بــووە. لــە قۆناغــی تەشریعدایــە ئاڵۆزییــان تــێ دەکــەوێ. دیــن داب و باوەڕەکانــی نــاو کولتوورێــک دەکاتــە نەمــر و پیرۆزییــان پــێ دەبەخشــێ. هــەر بۆیــەش هەمــوو فەرمانــەکان مێــژووی تایبەتییــان هەیــە، لــە پێــش داخــل بــە دینبــوون و دوای پیرۆزبــوون.

لــە ماوەیەکــی دیاریکــراوی دوای پیرۆزبوونــی داب و بــاوەڕەکان، کاتێــک دەبــوون بــە یاســا و فەرمانــی نەگــۆڕ، ئیــتر خۆیــان دەکەوتنــە

بـــەردەم کۆمەڵـــگا و لەمپەریـــان بـــۆ درووســـت دەکـــردن تـــا نەتوانـــێ بگـــۆڕێ. هـــەر وەک چـــۆن داب و بـــاوەڕی کولتـــوور لـــە ســـەرەتای مێـــژوودا، بـــۆ تەنزیمکردنـــی ڕەفتـــاری دڕندانـــەی بنیاتـــەم، خـــودی ئـــەو بنیاتەمـــەی لـــە کۆمەڵێـــک مافـــی سرووشـــتی بێبـــەش کـــرد، کـــە تـــا ئێســـتایش کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتـــی بـــۆی دابیـــن ناکرێنـــەوە. دابـــی پیـــرۆز و فەرمانـــی دینـــی کۆمەڵـــگا نـــەک هـــەر دەوەســـتێنێ، بەڵکـــوو سزایشـــی دەدات.

پیـــرۆزی ئـــەو ڕێـــز و خۆبەدەســـتەوەدانەیە کـــە لـــە بەرانبـــەر هەندێـــک چەمکـــی مەعنـــەوی یـــان شـــوێنی مـــاددی و دەنوێنـــدرێ و هیـــچ بـــواری بیرکردنـــەوە و لێکدانـــەوەی تێـــدا ناکـــرێ. لـــە مێـــژووی زانیاریـــدا دەگەڕێتـــەوە ڕۆژگارانـــی ســـیحر و ئەفســـانە و ســـەرەتای پەیدابوونـــی بـــاوەڕی ئایینـــی. پیـــرۆزی لـــە دەســـتەڵاتی پیرۆزکـــراو، ترســـان و دەستەوەســـتانی پیـــرۆزکارەوە دێـــت. پەیوەندیـــی نێـــوان دەســـتەڵات و ملکەچـــە. باوەڕێکـــی درووســـتکراوی نـــاو کولتـــوورە و نەزانـــی و بێدەســـتەڵاتی نیشـــان دەدات. چەمکێکـــی ئەفســـانەیی و دینییـــە و بـــەردەوام نـــوێ دەکرایـــەوە. بـــەری عەقـــڵ و مەنتـــق یـــان بەڵگـــەی زانســـتی ناگرێـــت و هیـــچ مانایـــەک نـــادات ئیـــلا ئـــەوە نەبـــێ؛ ئەگـــەر نەزانـــی کەواتـــە ســـەردانوێنە. لـــە زمـــان و کولتـــوورە جیاوازەکانـــدا نـــاوی جیـــاوازی بـــۆ بـــەکار دێنـــدرێ، بـــەڵام لـــە مانـــادا هـــەر یەکێکـــە.

بـــاوەڕی دینـــی، پیرۆزیـــی شـــوێنی ســـەرهەڵدانیان و پەرســـتگاکان و، لـــە کولتـــووردا تەنگوچەڵەمـــەی کۆمەڵایەتـــی و پەنگخواردنـــەوەی دەروونـــی درووســـت دەکات. ئـــەو ئـــەرک و فەرمانانـــەی ئەنجامدانیـــان بـــە تۆبزییـــە، تـــاک دەخەنـــە بارێکـــی دەروونیـــی نائاســـاییەوە، وەک دەروێشـــی لـــە تەســـەووفدا و ســـەلەفیەتی توونـــدڕۆ لـــە ئیســـلامدا، ڕەبەنـــی لـــە مەســـیحییەتدا، خۆســـووتاندن لـــە بودییەتـــدا، خۆکوشـــتن لـــە شـــینتۆدا. ئـــەو حاڵەتـــە بـــە هەندێـــک دابـــی تووندیشـــەوە دیـــارە. بـــۆ نموونـــە ئـــەو ئافرەتانـــەی خەتەنـــە دەکرێـــن، تووشـــی بێبەشـــییەکی ناسرووشـــتی دەبـــن و لـــە دواجـــاردا دەبنـــە قوربانیـــی بارێکـــی دەروونیـــی ئاڵـــۆزەوە. پەرســـتن

و پاڕانـــەوە لەگـــەڵ تـــرس تێکـــەڵ دەبـــن و گومـــان و دڵەڕاوکـــێ درووســـت دەکـــەن. لـــە هەندێـــک کولتـــووردا نەخۆشـــیی تایبـــەت بـــە خۆیـــان هەیـــە کـــە لـــە ئەنجامـــی داب و نەریتەکانـــی خـــودی کولتوورەکـــەوە درووســـت دەبـــێ. هیـــچ کۆمەڵگایەکـــی تەقلیـــدی نییـــە نەخۆشـــی و ئاڵۆزیـــی تایبـــەت بـــە خـــۆی نەبێـــت.

دیـــن کـــە بەشـــێکی فراوانـــی کولتـــوور داگیـــر دەکات، بەتایبەتـــی لـــەم ڕۆژگارەدا یەکێکـــە لـــە لەمپـــەرە بەهێزەکانـــی بـــەردەم گۆڕانکارییەکانـــی نـــاو کولتـــوور. ئەگـــەر لـــە پێشـــوودا دیـــن بەرهەمـــی کولتوورێکـــی دیاریکـــراو بـــوو، ئێســـتا داب و باوەڕەکانـــی پیـــرۆز کـــردووە و لـــە ئاگاییـــی پەیڕەوەکانیـــدا وەک بەهایەکـــی کۆمەڵایەتـــی لێکیـــان دەداتـــەوە، نایەڵـــێ بـــە ئاســـانی گـــۆڕان لـــە ناخـــی کۆمەڵـــگا ڕوو بـــدات. بزووتنـــەوە توندڕەوەکانـــی ئـــەم ڕۆژگارە کـــە دینیـــان کـــردووە بـــە بـــاوەڕی سیاســـیی خۆیـــان، ڕەنگدانـــەوەی مقاوەمەتـــی دینـــن لـــە بەرانبـــەر ئـــەو گۆڕانانـــەی کۆمەڵـــگا ڕووی تـــێ کـــردوون. ئـــەو کێشـــەیە بـــە درێژاییـــی مێـــژووی دیـــن هەبـــووە و لـــەم ڕۆژگارەشـــدا بـــەردەوام دەبێـــت. بڵاوبوونـــەوەی زانیـــاری و جێگیربوونـــی عەقڵیەتـــی زانســـتی لـــە لای تـــاک، هـــەروا ئـــەو گوشـــارە جیهانییـــەی بـــۆ کرانـــەوەی کولتـــوورەکان هەیـــە، ســـەرەنجام لایەنگرانـــی دینـــی دێنێتـــە ســـەر ئـــەو بـــارەی کـــە بیـــر لـــە خۆگونجانـــدن و قبووڵکردنـــی گـــۆڕان بکەنـــەوە. ئـــەو گۆڕانـــەی لـــە دە ســـاڵی ڕابـــردوودا بەســـەر پەیڕەوانـــی ئیخوانـــدا هاتـــووە و کاری کردۆتـــە ســـەر لاباڵـــە سیاســـییە دینییەکانـــی دیکـــەش، نیشـــاندەری پەیداکردنـــی توانایییـــە بـــۆ قبووڵکردنـــی گۆڕانـــکاری. هـــەر کاتێـــک بزووتنـــەوە توونـــدڕۆکان مـــل بدەنـــە خۆگونجانـــدن لەگـــەڵ ئـــەم زەمانـــە، ئیـــتر هەڕەشـــەیان نامێنـــێ و بوونیـــان مەترســـی نابـــێ. دەکـــرێ کرانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی لـــە دەوڵەتـــی ســـعوودیە بـــە نموونـــە بێنیـــن.

مەبەســـتی مـــن لـــە گۆڕانـــی کولتـــوور و کەمبوونـــەوەی مقاوەمەتـــی دینـــی ئـــەوە نییـــە کـــە خـــودی دیـــن بگـــۆڕدرێ، بەڵکـــوو قبووڵکردنـــی

گۆڕانــە لــەلای پەیڕەوانــی دینــی کــە سیاســەت بــە توونــدی وەردەگــرن و پەلامــاری کۆمەڵــگا دەدەن. لــە هــەر گۆڕانێکــی کۆمەڵایەتیــدا بایــەخ و دابــی نــوێ دێنــە نــاو کولتــوور و ژیانــی کۆمــەڵ دەگــۆڕێ، بەبــێ ئــەوەی دیــن گۆڕابێــت. ئەگــەر لێــی ورد ببینــەوە، دیــن وەک ســەرەتاکانی خۆیەتــی بــەڵام ئــەو کۆمەڵگایــەی کــە ئێســتا دیــن دیفاعــی لــێ دەکات و نایەڵــێ خــۆی بگــۆڕێ هەمــان کۆمەڵــگای ڕۆژگاری داهاتنــی دینەکــە نییــە. کەواتــە پــاش ماوەیــەک دیــن بەبــێ گۆڕانــی دەقەکانــی، خــۆی لەگــەڵ ژیانــی نــوێ ڕادێنــێ. کۆمەڵــگای ئــەم ڕۆژگارە بــە هیــچ شــێوەیەک لــە ١٤٠٠ ســاڵ بــەر لــە ئێســتا قبــووڵ نەدەکــرا، کەچــی ئێســتا قبووڵــە. کەواتــە ئــەو گۆڕانــەی ئێســتایش دەبــێ لــە ئایینــدەدا قبــووڵ بکــرێ.

ئەگــەر مەنتقــی گۆڕانــی کۆمەڵایەتــی ئاوهــا وەربگریــن، ئــەوا ئایینــدە بــۆ کۆمەڵــگای مرۆڤایەتــی و دەســتکەوتەکانیەتی و ئــەو گۆڕانــە پێویســتانەی دەبنــە زەرورەت ســەرەنجام جێگیــر دەبــن. دیــن و ڕوانگاکانــی دەبــێ ئــەو گۆڕانــە قبــووڵ بکــەن و ئــەو حەتمییەتــە بــە کۆمەڵــگا بــدەن کــە خــۆی زینــدوو ڕابگــرێ. نابــێ بــە حەساســییەتەوە وەربگیــرێ کــە بڵێیــن ڕوانــگای دینــی لــە پاشەکشــەدا دەبــێ و ناچــارە هێــدی هێــدی خــۆی لەگــەڵ سیســتەمی نوێــی کۆمــەڵ بگونجێنــێ (یــاووز، ١٣٩٤).

ئێمــە لــە کوردســتاندا، لــەو مناقەشــەدا دەژییــن و خاوەنــی تەجرەبــەی تایبەتــی خۆمانیــن. بیســت ســاڵ بــەر لــە ئێســتا زۆربــەی ئــەو دیاردانــەی ئەمــڕۆ بــە ئاســایی وەردەگیرێــن، پەیڕەوانــی سیاســی - دینــی لەوکاتــدا بــە حــەرام و گومــان مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکــرد. بۆیــە دەکــرێ شــاییمان بــەو دیالۆگــە دوورودرێــژە بێــت کــە ســەرەنجام توونڕۆیــی خــاو کــردەوە و هێنایــەوە نــاو کۆمەڵــگا. ئــەوەش دیوێکــی دیکــەی تواناییەکانــی کولتــووری کۆمەڵــگای کوردســتانە بــۆ بەردەوامبــوون لــە نوێبوونــەوە. هەڵبــەت هــەر ئەوەنــدە نابــێ زۆرمــان دڵنیــا بــکات، بەڵکــوو کارێکــی زانســتییانەی بــە میتــۆدی گونجــاو و واقیعبینانــەی دەوێ تــا کۆمەڵــگا بــە بــاوەڕ و تاقەتــی خــۆی دەکەوێتــە ســەر ڕەوڕەوەی پێشــکەوتن.

## ٣-٦ کولتوور چۆن دەگۆردرێ

هەمـــوو بـــاوەڕ و داب و نەریتەکانـــی نـــاو کولتـــوور بـــە زەرووڕەتـــی ژیـــان لەگـــەڵ ســـایکۆلۆژیای تـــاک و ســـایکۆلۆژیای گشـــتی دەگونجـــێ و دەخێـــورێ. هـــەر ئـــەوەش وا دەکات پەیڕەوکردنیـــان لەلایـــەن تاکـــەوە بـــە ئۆتۆماتیکـــی و یەکســـەری بێـــت. لەکاتـــی لێـــلادان و شـــکاندنیان، هەڵپەزینـــەوە و بەرەنـــگاری درووســـت دەبـــێ. ئـــەو هەڵپەزینەوەیـــە هەنـــدە ئۆتۆماتیکییـــە کـــە زۆر جـــاران کاردانـــەوەی تـــاک یـــان کـــۆ هەڕەمەکییانەیـــە و بیـــری لـــێ نەکراوەتـــەوە. ئەنجامـــی ئـــەو جـــۆرە کاردانەوانـــە هەمیشـــە تووندوتیـــژی و وێرانکردنـــی ســـامانی گشـــتی دەبـــێ (کـــوش، ٢٠٠٧).

پێشـــکەوتنی بنەمـــای ژیانـــی ماددیـــی کۆمـــەڵ دەبێتـــە زەمینـــە بـــۆ گـــۆڕان لـــە کـــردار و ڕەفتـــار و ســـایکۆلۆژیای تـــاک. ســـەرەنجام دەبێتـــە دیـــاردە و گوشـــار بـــۆ هەندێـــک داب و نەریـــت دێنـــێ، هەروەهـــا ئاســـانکاری و چاوپۆشـــی لـــە فەرمانـــە دینییـــەکان دەخـــوازێ.

پێشـــکەوتنی بنەمـــای ژیانـــی مـــاددی بەبـــێ پەرەســـەندنی زانســـت و زانیـــاری نـــاو کۆمەڵـــگا ڕوو نـــادات. مەعریفـــەی (زانیـــاری) پشتبەســـتوو بـــە زانســـت، ڕوانـــگای تـــاک دەگۆڕێـــت و بـــەرەو ســـەربزێوی و داواکردنـــی گۆڕینـــی هەندێـــک داب و نەریـــت و بـــاوەڕی دیاریکـــراو پاڵـــی دەنێـــت. ژمـــارەی زۆری تاکـــەکان دیـــاردەی دڵەڕاوکـــێ و گومـــان و جووڵانـــی کۆمەڵایەتـــی دەخولقێنـــێ. ئـــەوە دەبێتـــە ســـەرەتای قۆناغێـــک کـــە کۆمەڵـــگا دابـــەش و نیگـــەران دەکات. لـــە کۆتاییـــدا بـــە شـــێوەیەکی هاوســـەنگ، گەشـــەکردن لـــە هەمـــوو بـــوارەکان وا دەکات قۆناغـــی نـــوێ جێگیـــر بێـــت و گۆڕیـــن ڕوو بـــدات.

قۆناغی نوێ، نەریت و ڕەفتار و سایکۆلۆژیای نوێ دێنێ. هیچ گۆڕانێک بەبێ گونجانی سایکۆلۆژی ڕوو نادات. سرووشتی مرۆڤ وەک هەر گیاندارێکی دیکە لە گونجان لەپێناوی مانەوەدایە. ئەو گونجانە خێورانی (ئینستاڵ) دەروونیی پێویستە کە ئەویش زەرووڕەتی

ژیان درووستی دەکات. جا بۆیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا گۆڕان بە تۆبزی و لەناکاو بسەپێندرێ، ئەنجامەکەی شکست و پاشەکشەیە. یەمەن و ئەفغانستان و سۆمالیای زەمانی کۆمۆنیزم و وڵاتانی ئەورووپای کۆمۆنیستی پێشوو، کەمالیزمی تورکیا و نیزامی پەهلەوی لە ئێران نموونەی باسەکەی منن. هەڵبەت ڕێگاگرتن لە پێشکەوتن و سەپاندنی سیستەمێکی بەسەرچوو، دیسان شکست دێنێ و کۆمەڵ ناگەڕێتەوە دواوە. بۆ؟ چونکە خۆی لەگەڵ سیستەمی نوێ گونجاندووە. نیزامی تاڵیبان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بابەتەن.

هەر دیاردە یان ڕەفتارێک لە ئەنجامی گۆڕان درووست بێت، ماوەیەکی زۆری پێویست دەبێ تا لەناو دەروونی تاکدا جێی دەبێتەوە و دەبێتە کرداری ئۆتۆماتیکییانە و کۆمەڵگا قبووڵی دەکات. لەوەودوایش دەکەوێتە ناو سیستەمی پەروەردەی کۆمەڵ. هەموو ڕەفتار و داب و باوەڕەکانی کولتوور بەو میکانیزمە دەگۆڕێن و نوێ دەبنەوە. ئەوە سرووشتی مرۆڤە و لە کولتوورەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەڵبەت هەموو هۆکارەکانی زانست و ڕۆشنگەری و ڕاهێنان دەوریان لە باشتر و خێراتر گۆڕان و پێشخستنی کولتوور هەیە. قەت نابێ ڕاونگایەکی میکانیکییانەمان بۆ گۆڕانکاریی کولتوور هەبێت، بە پێچەوانەوە ئەوە کردەویەکی زۆر داهێنەرانەی مرۆڤە. چۆن بە دوای سەرچاوەکانی گۆڕاندا بگەڕێین؟

کۆمەڵ لە کەسەکان پێک دێت و کەسەکانیش سەرباری ئەوەی پابەندی داب و نەریت و باوەڕە باوەکانن، بەڵام بەردەوام خەریکی کار و زانیاری کۆکردنەوە و مشورن بۆ ئاسانترکردن و خۆشترکردنی ژیان. هەردەبێ عاقڵانە بیر بکەنەوە و بەراوردی بەرژەوەندییە ژیارییەکان بکەن. لەوەدا ڕێگای جیا و ڕوانگای جیا بۆ گەیشتن بە یەک ئامانج درووست دەبن و کێبڕکێ و منافەسە دەست پێ دەکات. زانیاری پشتبەستە بە زانست و دەستکەوتەکانی داهێنان و دۆزینەوە و نوێگەریی ژیانویستە نەک هەر پێویستن، بەڵکوو دەبنە بنەمای

پتـەوی هـەردەم سـازدانی کۆمـەڵ بـۆ هەنگاونـان بـۆ پێشـەوە.

پێویسـتییەکانی هەنووکەیـی کـە بـاوەڕ و دابەکانـی خسـتۆتە لەرزیـن و تاکـەکان پابەندیـان نابـن، هێـدی هێـدی گیانـی گۆڕانخـوازی درووسـت دەکات و زانیاریـی ئـەو ئامانجەشـیان بـۆ دابیـن دەکات. ئەوانـە لـە نـاو کۆمـەڵ دەزانـن چیـان دەوێ و ژیـان بـەرەو کام ئاقـار پـاڵ دەنێـن. ئـەو دۆخـە تاروپـۆ و سـتراکتۆری کولتـووری بـاو دەخاتـە تەنگـژەوە و بـاس و خواسـتی نـوێ، ئـەوەی مەتڵووبـە دەبێتـە دیالۆگـی گشـتی، زانـا و سـەرکردەی زەمانـی خـۆی بـۆ درووسـت دەکات. لـەو حاڵەتـەدا گیانـی گۆڕانخـوازی لـە تاقمێکـەوە دەبێتـە زۆرینـەی خەڵـک و پەسـندی گشـتی وەردەگـرێ و دەبێتـە مۆرکـی سـایکۆلۆژیای گشـتی (ربانـی و کجبـاف، ١٣٩٠).

لـەو حاڵەتـەدا ڕۆڵـی تـاک تاقەتێکـی نـوێ وەردەگـرێ، ئەویـش دداننانـە بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی ئـەو لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی خـۆی و کۆمەڵگایەکـەی. نوێبوونـەوەی کۆمەڵـگا لـە ڕێـی ئەندیڤیدیۆئالیزمـەوە (تاکبـاوەڕی) دەسـت پـێ دەکات و لـە داهێنـان و وزەی بەوەجـی تاکەکانـی، تینـی لەبننەهاتـووی خـۆی دابیـن دەکات. تاکبـاوەڕی ڕۆڵـی خێـزان و کۆمەڵـگای خۆجێیـی و کۆمەڵـگا بـە گشـتی، لەسـەر کەسـەکان کۆتایـی پـێ دێنـێ و کـەس بـۆی نییـە لـە ئازادییـە قانوونییەکانـی دەسـت وەربـدات. هەمـوو مافەکانـی مرۆڤـی بـۆ دابیـن دەکـرێ و ئاسـۆی پێشـکەوتنی بەردەوامـی بـۆ دەکرێتـەوە. ئازادییەکانـی تـاک بـەو مانایـە نابێـت کـە هەرچـی بیـەوێ تەنانـەت ئەگـەر دژی ئازادیـی خەڵکـی دیکـە و کۆمەڵگایـش بێـت بیـکات. لەجیـات ئـەوە بـە یاسـا مافـەکان دیـاری دەکرێـن و تاکـی لەسـەر پـەروەردە دەکـرێ.

لـە کۆمەڵـی تاکباوەڕیـدا قەبـارەی زانیـاری گـەورە دەبێـت و ئاسـتی زانسـت بـەرز دەبێتـەوە، بۆیـە ڕوانـگای واقیعییانـە بـۆ کاروبـاری وڵات و توانایـی بڕیـاردان بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ مـاڵ یـان خێـڵ یـان حـزب یـان دەزگای دینـی درووسـت دەبـێ. ئاسـتی هۆشـیاری بـەرز دەبێـت

و ڕۆشـــنگەری و لێکحاڵیبـــوون ئاســـان دەبـــێ. لـــەو کەشـــەدا بـــە ئاســـانی گیانـــی گۆڕانخـــوازی درووســـت دەبـــێ و جێگۆڕکـــێ لـــە کار و دەســـتەڵات دەلـــوێ.

هیـــچ کەســـێک ناتوانـــێ ســـەربەخۆیی و چارەنووســـی خـــۆی دابیـــن بـــکات و دەوری چالاکانـــەی لـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتیـــدا هەبێـــت ئەگـــەر ڕووحـــی کارکـــردن و تەقـــەلای تێـــدا نەبـــێ. ئـــەوەش لـــە پڕۆســـەیەکدا وەدەســـت دێنـــێ کـــە بەرهەمهێنانـــێ لـــێ دابیـــن دەکـــرێ. مرۆڤـــی بەرهەمهێنـــەر خاوەنـــی پـــڕۆژەی تایبەتـــی خۆیەتـــی بـــۆ ژیـــان جـــا بـــۆی هـــەوڵ دەدات و منافەســـەی لەســـەر دەکات. کـــەس بیـــر لـــە کارێـــک ناکاتـــەوە ئەگـــەر سیســـتەمێکی بەرهەمهێـــن لەخـــۆی نەگرتبـــێ. کەواتـــە بـــە کار لـــە خەمـــی سیســـتەمی بەرهەمهێنـــە و ڕای لـــە کاروبـــاری وڵات دەبـــێ. ئـــازادی و بەرژەوەندییەکـــەی وا دەخـــوازێ. ئـــەوە تەنیـــا خۆشەویســـتیی نیشـــتیمان و خێـــڵ و ناوچـــە و خێـــزان نییـــە کـــە تـــاک بـــە کۆمەڵگاکەیـــەوە دەبەســـتێتەوە، لـــە پـــاڵ ئـــەوەوە دەبـــێ بەرژەوەندیـــی تایبەتـــی خۆیشـــی دابیـــن بـــکات. ئەگینـــا بەجێـــی دێڵـــێ. کەواتـــە ڕەوایـــە گیانـــی بەرژەوەندخـــوازی (پراگماتیـــزم) بـــرەو بـــدرێ تـــا کۆمەڵـــگا چـــالاک بێـــت.

گـــۆڕان پێویســـتییەکی بەردەوامـــی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتییـــە و لێـــی جیـــا ناکرێتـــەوە. ئـــەوە پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بـــە سرووشـــتی بەشـــەرەوەیە بـــۆ زانیـــن و زاڵبـــوون و خۆشـــکردنی ژیانـــی، کەواتـــە توخمێکـــی ســـەرەکیی مەیلـــی خۆگونجاندنـــی مرۆڤـــە. ئـــەو کۆمەڵگایـــەی خـــۆی لەگـــەڵ پێویســـتییەکان نەگونجێنـــێ و ئامادەیـــی بـــۆ هێنانـــەدی خواســـتەکان لەخـــۆدا درووســـت نـــەکات تووشـــی تەنگـــژەی کوشـــندە دەبێـــت. هیـــچ کۆمەڵگایـــەک ناتوانـــێ لـــە یـــەک قۆنـــاغ بوەســـتێت و بـــەوە ڕازی بێـــت کـــە هەیەتـــی. هـــەروەک چـــۆن تاکێـــک ناتوانـــێ خواســـتەکانی کۆتایـــی بێنـــێ و هەوڵـــی بـــەردەوام بـــۆ پێشـــکەوتن نـــەدات. کەســـێکی ئاوهـــا مـــردووە.

کۆمەڵـــگای زینـــدوو خـــۆی پێدەگـــۆڕدرێ و زەمانـــی دیاریکراویشـــی بـــۆ هەنـــدێ هەیـــە. ئـــەو کۆمەڵگایـــەی بـــۆ زانـــی نـــوێ ئـــاوس بێـــت،

قیمەتــی زەمــان و کاتــی دەســتپێکردنی هــەر قۆناغێــک دەزانێــت و بــە زەرووڕەتــی ژیــان هەســتی پــێ دەکات. زەمــان لــە ژیانــی کۆمەڵــگاکان قیمەتــی هەیــە و قۆناغەکانــی پێشــکەوتنی بــەوە دەپێــوێ. لــەم ڕۆژگارەدا زەمــان ســەرمایەیەکی بێســنووره و دەبــێ کەڵکــی لــێ وەربگیــرێ. ئــەو کۆمەڵگایانــەی لــە تەنگــژەدا نقــووم دەبــن، ئەوکاتەیــە کــە ناتوانــن لــە کۆنــدا بژیــن و بەرهەمیــان بــۆ ناهێنــێ، بۆیــە ئــەو ماوەیــەی بــۆ خۆگــۆڕان ئامادەکاریــی تێــدا دەکــەن بــە وەســتاو دێتــە بەرچــاو. ئــەو حاڵەتانــە لــە میــژووی کۆمەڵــگاکان زۆر کورتــن و دوای ئــەوە جووڵانــی خێــرا دەســت پــێ دەکات (باتامــور،١٣٨٠).

گیانــی هــاوکاری و کــردەوەی تیمــی و شــێوازی ڕەخنــەی داهێنەرانــە، کــەس و کۆمەڵــگا زینــدوو دەکەنــەوە. ئــەو ڕەگەزانــە هەموویــان لــە کاتــی گۆڕانکاریــدا کــۆ دەبنــەوە و کۆمەڵــگا بــۆ ئامانجــی هاوبــەش یــەک دەخــەن. هــەر لــەو کاتــەدا بیرمەنــد و ســەرکردەی سیاســی و لێهاتــووی ڕێکخســتنی جووڵانــەوەکان درووســت دەبــن. بــە تیپــی جیــاواز دەخوڵقێــن. ئەوانــە هەموویــان دیــاردەن و دیاردەکانیــش لــە ناخــی کۆمەڵــگاوە دەردەچــن. هەمــوو کــەس کــوڕی بارودۆخــی خۆیەتــی. ئــا لــەو کاتانــەدا پێگــە بــە دەســت دێنــن و ســەرکەوتن تۆمــار دەکــەن و هەندێکیــان کارێزمــای خۆیــان نیشــان دەدەن. هەڵبــەت هــەر جیــا لــە تواناییــی خــۆی مێــژوو و پێگــەی دیکەشــی بــۆ مابێتــەوە ئــەوە چانســی هەمەگیربوونــی زیاتــرە. تــازەکان ئەگــەر بتوانــن بەبــێ میــرات تواناییەکــی زۆر بنوێنــن و ســەرکەوتوو بــن، ئــەوا کاریگەریــان لــە میراتــدارەکان زیاتــر دەبــێ. حوکمــی پێشــوەخت لــەو بابەتانــە نــادرێ و بارودۆخــی هــەر کۆمەڵگایــەک ئــەو دیاردانــە دەستنیشــان دەکات.

کۆمەڵگایــەک دەتوانــێ گۆڕانــکاری بــکات کــە خاوەنــی کیانێکــی سیاســیی یەکگرتــوو لەســەر بنەمــای هاوڵاتیبــوون بێــت. دامــودەزگا حکوومەتییەکانــی بــە شــێوەیەکی بۆرۆکراســی گونجــاو بەڕێــوە ببــات و تەنزیــم شــوێنی تێکــەڵ و پێکەڵــی گرتبێتــەوە و، کەســە بۆرۆکراتــەکان

لەسەر بنەمای توانایی دامەزرابن نەک وابەستەیی و مەحسوبیەتی سیاسی و خێزانی. بۆرۆکراسی لە کارگێڕیی وڵاتدا نیشاندەری ئاستی باڵای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کولتوورێکی زیندووی هاوچەرخە. بۆرۆکراتەکان لەسەر بنچینەی پێگەیشتنی زانستی و پەروەردەی ئاکادیمی ئامادە دەکرێن و هیچ کاریان بەسەر ڕوانگای سیاسییەوە نییە. سیستەمە بۆرۆکراتە چەسپاوەکان بنەمای پارێزگاریکردن لە کەسە بۆرۆکراتەکانی خۆیان درووست دەکەن و هەمیشە بۆ کارامەیی زیاتر ئامادەیان دەکەن. هیچ میللەتێک بەبێ سیستەمێکی مناسب و زیندووی بۆرۆکراسی پێش ناکەوێ ( پوپر، ١٣٧٩).

پەروەردەی عەقڵانی و زانستی، ڕوویەکی دیکەی کۆمەڵگای زیندووە. بەو سیستەمە پەروەردەیە دەگوترێ زانستی کە لەسەر کەلەپووری زانستی پەروەردەیی جیهان و میتۆدی گونجاوی خۆی و واقیعی دیراسەکراوی کۆمەڵگاکە و توانایی و پێویستییە واقیعییەکانی دارێژرابێ. هیچ سیستەمێکی لاساییکەرەوەی ناواقیعی لە پەروەردەی کۆمەڵگادا بەرهەم نادات و تواناییەکان ماندوو دەکات و زەمان و سامان بەفیڕۆ دەدات. هەر کۆمەڵگایەک و کولتوورەکەی پێویستە بە سەربەخۆیی دیراسە بکرێن و ڕێگای پەروەردەی بۆ بکرێتەوە. ئەم جۆرە ڕوانگایە لە کاری پەروەردەدا ڕەگەزی عەقڵانییەت دەخاتە پاڵ میتۆدی زانستی. گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو چەشنە پەروەردەیەی پێویستە.

لە گۆڕانی کولتووریدا دیاردەی ژمارەیی دانیشتوان و ستراکتۆری کۆمەڵگا و خودی کولتوورەکە و هۆکاری زەمان و جۆری پەیوەندییەکان و ناکۆکییەکانی ناوی و سیستەمی سیاسی و هۆکارەکانی جیۆگرافیا و تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی، کاریگەرییان هەیە. گۆڕانی کولتووری دیاردەیەکی گشتی و کۆییە و هیچ پەیوەندی بە خواست و حەزی تاکەکەسێکەوە نییە.

هۆکاری دەرەکی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە وەک

جەنــگ، داگیرکــران، کاریگەریــی پەیوەندییــە بازرگانییــەکان، ســەفەر و مانــەوەی هاووڵاتییــان لــە هەندەرانــی پێشــکەوتووتر، پەیوەندیــی ڕەوەنــدی کۆمەڵــگا لــە دەرەوەی وڵات. ئــەوە جیــا لــە کاریگەرییەکانــی بەجیهانیبــوون کــە لەوەوپێــش باســم کــردوون.

له کوردستاندا پێویسته بپرسین؛ چیی دەگۆڕین؟ له گۆڕانی کولتووریدا چیمان لەدەست دەچێ؟ کولتووری کوردستان چیی ماندەنی تێدایە؟

## ٣-٧ چیی له خۆماندا بگۆڕین

گــۆڕان بریتییــە لــە جێگۆڕکــێ لــە نێــوان نــوێ و کۆنــدا، کەواتــە دەبــێ نــوێ هەڵگــری هەمــوو توانایــی و کارامەیــی و ئاســانکاری و فرەیــی بێــت لەچــاو ئــەوەی تــا ئێســتا پابەرجایــە. کــۆن بــەو مانایــە نییــە کــە لــە ســەرەتاوە خــراپ بووبێــت یــان ســەرتاپای بســڕدرێتەوە و نەهێڵــدرێ. ئــەوەی نوێیــە بریتییــە لــە دەســتکەوتی تــازەی کۆمەڵــگا بــۆ گوزەرانــی دانیشــتوانی، بــەڵام کــۆن دەبێتــە ئــەو قۆناغــەی دەبــێ بکەوێتــە نــاو قاڵبــی مێــژوو و ببێتــە خشــتێکی پتــەو و هەرمــان، لــە مێــژووی کۆمەڵــگای خــۆی. هیــچ دیاردەیەکــی نــوێ لــە ژیانــی کۆمەڵــگاکان ســەر هەڵنــادات ئەگــەر بەردەوامیــی ئــەوەی کــۆن نەبێــت. هــەر نوێیــەک بناغــەی لەســەر ئــەو کەلەپــوورە دەبــێ کــە لــە قۆناغــی پێــش خۆیــدا هەبــووە.

سرووشــتی مــرۆڤ پــڕە لــە ســۆز و حەنیــن بــۆ ڕابــردووی هێمــن. ئــەوەش بــۆ ئــەو توانایــە خۆگونجانــدن و ڕاهاتنــە دەگەڕێتــەوە کــە نــەژادی مــرۆڤ بــۆ بەردەوامیــی ژیــان تیایدایــە. هەڵبــەت ئــەوە ســیفەتێکی هاوبەشــی سرووشــتییە لــە نێــوان مــرۆڤ و گیانەوەرەکانــی دیکــەدا. بۆیــە ئەگــەر گۆڕانــی دیــاردەکان بــە تێگەیشــتن و هێمنــی بێــت ئــەوا مێژوویەکــی شــیرین لــە زاکیــرەی نەوەکانــی دوایــی تۆمــار دەکات. هەڵبــەت گۆڕانکاریــی بــە زەبروزەنــگ، ناتوانــێ کاریگەریــی کــۆن لەســەر نــوێ بســڕێتەوە.

ئەگەر بۆ وەڵامی ئێمە دەبێ چیی لە خۆماندا بگۆڕین؟ بگەڕێین، ئەوا پێویستە بە چاوێکی بەراوردکاری، کولتووری خۆمان لەگەڵ پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهان سەنگ و سوو بدەین و بزانین لە کام بواری ژیاندا کێشەمان لەگەڵ خۆماندا هەیە؟ ئەو باوەڕ و داب و نەریت و ڕوانگا کۆمەڵایەتییانە کامانەن کە دەبێ دەسکارییان بکرێ؟ کام بەش لە پێکهاتەی کولتوورەکەمان بە کەڵکی ژیان دێت و ماندەنییە و دەبێ بە جیهانی بناسێنین؟ ئێمە پێویستیمان بە چ جۆر پەروەردە و تیپی هەیە کە تاقەتی پێشکەوتنمان دەداتێ؟ ئەوانە بە جۆرێک پێداچوونەوەیان تێدا بکرێ کە تایبەتمەندێتیی کوردستانی نەشێوێنێ و نەمانسڕێتەوە.

کەرەستەی هەر کۆمەڵگایەک بۆ لێکتێگەیشتن و لە دنیاگەیشتن، زمانە. کورد سەرباری شانازیکردنی بە زمانەکە، بەڵام دوو گرفتی سەرەکی هەن کە بڕستیان لە کاربردی زمانەکە بۆ ئەم ڕۆژگارە بڕیوە؛ یەکێکیان لاوازیی خودی زمانەکەیە. چونکە کوردی بە درێژایی مێژوو وەک زمانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەزگا زانستییەکان بە کار نەبراوە. لە ناخی زمانەکەدا لاوازییەکی کوشندەی بۆ بەکارهێنانی زانستی هەیە. بیست ساڵ تەجرەبەی هەرێمی کوردستان نیشانی داوە زمانەکەمان قەبارە و گونجایشی نەقڵکردنی زانستی ئەم زەمانەی نییە. ئەو هۆکارە ئاستی زانستی لە پەروەردە دابەزاندووە. دووەم گرفتی زمانی کوردی لە دابەشبوونیەتی بەسەر دوو زاری کرمانجی و سۆرانیدا. ئەوە جیا لە زارەکانی فەیلی- کرماشانی و هەورامی و زازایی. لە سەدەی رابردوودا تەنیا سۆرانی (کرمانجی ناوەڕاست) و ئێستایش کرمانجی (کرمانجی سەروو) بۆ بەکارهێنان و خۆناساندن بەرەنگاری یەکدی بوونەتەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە لە ئاییندەدا ئەگەر کرماشان (کرمانجی خواروو) و ناوچە زازاییشینەکەی باکوور ئازاد بن، ئەوا خۆیان دێننە پێشەوە و هەوڵی خۆناساندن دەدەن. لە کوردستاندا کۆڕاییی نیشتیمانی لەسەر زارێکی تایبەتی وەک ستاندارد نییە. بۆیە

پێویستە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بەدوای چارەسەردا بگەڕێین( فاولر، ١٩٩٦).

ئەرکێکی دیکە بۆ گۆڕینێکی بنەڕەتی، پێداچوونەوەیە بە مانا و شێوەی مافە کۆمەڵایەتییەکانە. لە کۆمەڵگای کورددا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەرک و مافەکانی تاک و خێزان و عەشیرەت و نەتەوە و ئایین، بە ڕوانگای ئەم زەمانە تاریف ناکرێن و کارکردیان دەبێتە سەندنەوەی مافی یەکدی و پڕووکاندنی تواناییی کۆمەڵایەتی بۆ کارلێک و ڕۆڵ و بەشداری و بەرهەمهێنان. کێشەی مافەکان دەبێ چارەسەر بکرێ و لە سیستەمی پەروەردەدا تاریفی زانستییانەی هاوچەرخیان بۆ بکرێ، نەوەی نوێی لەسەر گۆش بکرێ. مافی ژنان و گەنجان و پەیڕەوانی دینەکانی غەیرەموسوڵمان دابین بکرێ. حکوومەت بە هاوکاریی کۆمەڵگا بەرەنگاری توندوتیژیی جەندەری و نەتەوەیی و دینی ببێتەوە و یاساکان چاک بکرێن و دابینی بەردەوامیی مافەکان بکەن.

پەروەردە سیستەمە هەرە کاریگەر و گرینگەکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. پەروەردەی کوردستان تێکەڵەیەکی نامەدروسی دینی و عەرەبی و بەرچاوتەنگی کوردی و هەندێک لاساییکردنەوەی ئەورووپایشی تێدایە. کۆی هەموو ڕەگەزەکانی ئەم سیستەمە بە شێوازێکی میکانیکی و ڕەق دەرخواردی نەوەی نوێ دەدرێ. پەروەردە پێویستی بە سەرلەنوێ پیاچوونەوە هەیە و بەپێی ڕوانگایەکی پێشکەوتنخوازانە و لەسەر بنەمای زانستی دابڕێژرێتەوە. هەموو تاریف و چەمک و ڕەفتار و ئاستی زانستی لە ڕێی پەروەردەوە دادەبەزێندرێتە ناو کۆمەڵگا. ئێمە پێویستمان بە پەروەردەیەکی گونجاو و ئاشنا و مرۆڤداهێن هەیە کە زانین و کار و داهێنان ببێتە ئامانجی.

بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرەوە، سەرەنجام دەگەینە درووستکردنی ڕوانگایەکی واقیعییانە بۆ کوردستان. ئەو ڕوانگایەی ئێستا زاڵە، هەڵقوولاوی سایکۆلۆژیای خۆبەکەمزانینە، خۆبەمەزلووم

دانـــان، پشـــتکردن لـــە کار، چاوەڕوانیـــی ژیانێکـــی نەمرنـــەژی، لەلایـــەن حکوومەتـــەوە دابیـــن بکـــرێ. هیـــچ کـــەس خاوەنـــی خەونـــی گـــەورە نییـــە و بیـــر لـــە کاری دڵخـــوازی خـــۆی ناکاتـــەوە، هـــەر بۆیـــە زۆربـــەی خەڵـــک نازانـــن چ کارێکیـــان پێخۆشـــە. هیـــچ تاریفێـــک بـــۆ بەرژەوەنـــدی نییـــە کـــە لەگـــەڵ کار و بەرهەمهێنانـــدا بگونجـــێ. ئـــەوەش وایکـــردووە منافەســـەی داهێنەرانـــە نەبێـــت. لـــە جیاتیـــدا ئێرەیـــی و ســـینگ ڕەپێشـــی و پیلانگێـــڕان و گـــەڕان بـــە دوای خۆهەڵواســـین بـــە خێـــڵ یـــان حیـــزب، بووەتـــە شـــێوازی هـــەرە ئاســـانی. کۆمەڵـــگای کوردســـتان لـــە ئەنجامـــی داگیرکـــران و ســـتەم و چەوســـاندنەوە لـــە بارێکـــی دەروونیـــی کۆمەڵایەتـــی خراپـــدا دەژییـــت. پێویســـتە ئـــەو بـــارە ســـایکۆلۆژییە نائاســـاییە بگۆڕینـــە ســـەر زانـــا و پـــڕکار و خـــاوەن پـــڕۆژەی ژیـــان و بەرهەمهێنـــەر، تـــا بتوانـــێ لەســـەر ئـــەو بناغەیـــە بەرژەوەندیـــی خـــۆی دیـــاری بـــکات و لەپێناویـــدا بکەوێتـــە منافەســـەیەکی بەرهەمـــدارەوە.

ئێمـــە کۆمەڵگایەکـــی پەراوێـــزی مێژوویـــن و نابـــێ شـــەرم بکەیـــن کـــە خاوەنـــی تەجرەبەیەکـــی شـــایانی بـــاس لـــە مێـــژووی مرۆڤایەتـــی نیـــن. لەوەتـــای میللەتـــان هەســـتیان بـــە بوونـــی خۆیـــان کـــردووە، ئێمـــە هـــەر ژێردەســـتە بوویـــن و لـــە کارەســـاتدا ژیاویـــن. مرۆڤـــی نـــاو کارەســـات قـــەت ئاســـایی نییـــە. بۆیـــە ســـەیر نابـــێ ئەگـــەر زۆر بـــۆ مێـــژوو نەگەڕێینـــەوە و زیاتـــر چاومـــان لـــە ئایینـــدە بێـــت. دەبـــێ بیرمـــان لەســـەر داگیرکردنـــی شـــوێنی لایـــق لـــە داهاتـــوو بێـــت. ئـــەو لیاقەتـــەش بـــە خۆئامادەکـــردن بـــۆ خۆگۆڕیـــن و ڕوونکردنـــەوەی کۆمەڵـــگا و دیاریکردنـــی ئـــەو داهاتووەیـــە کـــە هەنـــگاوی بـــۆ دەنێیـــن.

## چی لەدەست دەدەین

جارێ ئەگەر بپرسین کولتووری کوردستان چیی تێدایە کە نابێ بگۆڕدرێ؟ من پێموایە کۆمەڵی کوردستان دەبێ بە پلانێکی

دیاریکراوی ئامانجدار، قۆناغی تەقلیدیی (سوننەتی) بەجێ بێڵێت و بە خێرایی بەرەو نوێبوونەوە و پێشکەوتن بڕوات. لەو حاڵەتەدا قۆناغی ئێستا تەنیا بناغە و مێژووی ئێمە دەبێت. بە ڕوویەکی داهێنەرانە دەبێ سەرلەبەری خۆمان نوێ بکەینەوە و چاومان لە دوای هیچ ڕەگەزێکی ناو کولتووری ئێستا نەبێت؛ ئەگەر لە کردەوەدا زەرورەتی خۆی نەسەلمێنێ. دەبێ زۆر بە جیددی عەقڵیەتی خۆگۆڕین ساز بکەین و بیکەینە ئامانجی کۆمەڵایەتی. بەو مانایە بێت پێموایە ئێمە هیچ شتێک لەدەست نادەین و زۆر دەستکەوت بەدەست دێنین. هیچمان نییە بۆی پەشیمان بین و زۆر شت هەیە دەبێ بەدەستی بێنین.

ئێمە لەم کولتوورەی ئێستاماندا تەنیا خۆمان و مێژووی مانەوەمان دەبینینەوە، بەڵام هیچ کەرەستەیەکی بەرهەمدار و هیچ بڕوایەکی کاری ساماندار و باوەڕێکی کارگێڕیمان ناداتێ. ئەوانە دەبێ لە جیهان وەدەستی بێنین و لەگەڵ خۆمان بیگونجێنین، تا ببینە کۆمەڵگایەکی بەکار و ئازاد و ڕزگار لەدەست باوەڕی خورافی و ترسی نەساغیی کولتووری داخراو. بە پێشکەوتن هیچمان لەدەست ناچێ و هەموو شتێک بەدەست دێنین.

ئەوەی تا ئێستا نووسیومە بریتییە لە هەوڵێکی زانستییانە بۆ داڕشتنی دەروازەیەکی فکری، تا لەوێوە داخلی کێشە سەرەکییەکانی ناو کولتووری کوردستان بم. لە ڕێی ئەم دەروازەیەوە تاریف و ڕوانگای زانستیم داڕشتوون کە پشتبەستم بە خەزێنی زانستی ئەمڕۆی جیهان. من بڕوام بە فەرمانی ئایدیۆلۆژی نەماوە و سەردەم و ئەزموونی مرۆڤایەتییش هیچ دەرفەتێکی بۆ سەپاندنی باوەڕی مندەراوردی نەهێشتۆتەوە. لەم سەردەمە زانست دەروازەی هەموو بڕوا و کێشەکانی کۆمەڵگا و تاکی مرۆڤە و هیچ جێگایەک بۆ ودمی سۆفییانە و تیۆری داڕشتنی فەیلەسوفانە نەماوە. هونەر لە بەکارهێنانی ڕوانگای زانستیدایە بۆ دۆزینەوەی هەر کێشەیەک و لێکۆڵینەوە بۆ داڕشتنی ئەلتەرناتیڤ نەک لە فەرمان دەرکردن یان کوفراندنی ئەم و ئەو.

لــە بەشــەکانی داهاتوومــدا دەچمــە ســەر گرفتــە ســەرەکییەکانی نــاو کۆمەڵــی کوردســتان - بەتایبەتــی هەرێمــی کوردســتان شــوێنی بایەخــی منــە. لــە هــەر کۆڵینەوەیەکمــدا پشــتم بــەم دەروازە فکرییــە دەبەســتم و دەیکەمــە بنەمــا بــۆ پێشــنیازەکانم.

## ٨-٣ تاک

هــەر کولتوورێــک بەرهەمــی پرۆســەیەکی دوورودرێــژی مێژووکــردە و ڕەگەزەکانــی لــە نەوەیەکــەوە بــۆ دواتــر نەقــڵ دەبــن و گۆڕانیــان بەســەردا دێــت. قۆناغەکانــی ژیانــی هــەر کۆمەڵگایــەک و ئــەو دەســتکەوت و شــکانانەی دەیبینــێ، ئــەو ڕووداوانــەی لــە واقیعــدا ڕوو دەدەن، کار دەکەنــە ســەر لایەنــی جیاجیــای کولتــووری کۆمەڵــگا و لــە ژیانــی تاکــەکان و پەیوەندیــی خێــزان و پێکهاتەکانــی دیکــەی ســتراکتۆری کۆمەڵەکــە دەنەخشــێن. ڕەفتــاری پەســند و دزێــو، نەفســییەتی گشــتی هــەر کەســێک و ئــەرک و مافــەکان لــە پێگــەی تایبەتــدا، هەڵوێســت لــە کار و بەرهەمهێنــان، ئامڕازەکانــی بەرهەمهێنــان و خاوەندارێتــی و بنەماکانــی ئەخــلاق و بەهــا و بــاوەڕە کۆمەڵایەتییــەکان، ئەوانــە تیپــی پەســندی (نۆڕمــال) نــاو کۆمەڵــگا دیــاری دەکــەن ( رابینســون و گارات،١٣٧٨). کۆمەڵــگای کوردســتان بــە درێژاییــی مێــژوو هــەر لــە پەراوێــزی کۆمەڵــگا زلەکانــدا ژیــاوە و هیــچ قۆناغێکــی خۆبەڕێوەبــردن و فەرمانڕانــی نەبــووە، بۆیــە ناکــرێ لــە کولتــووری لــە پەراوێزیــی ژیــاوی کوردســتاندا چاوەڕوانــی تاکــی ئاســایی و متمانەبەخــۆ و خەونــزل بیــن. میللەتانیــش وەک تاکــی بەشــەر منداڵــی و نەزانــی و پــەروەردە و ئەزمــوون و زانایــی تایبــەت بــە خۆیــان هەیــە و، دەبــێ دەرفەتیــان بدرێتــێ و خۆیــان بخەنــە پرۆســەی ژیــان تــا روئیــای تایبەتــی خۆیــان درووســت بکــەن. لــە کوردســتاندا ئەوەمــان کەمــە. تاکــی نــاو کوردســتان هــەر لــە ســەرەتای ژیانــەوە بــە بێدەنگــی و ڕەنجبــەری و نۆکــەری و بێــگاری و چەکــداری بێگانــە و ترســان لــە تــاڵان و کوشــتاری لەنــاکاو پــەروەردە و گــەورە کــراوە. تەپەســەری و متمانــە نەبــوون و هەســتی

هەمیشــە بندەســتی وەک چارەنــووس، ســایکۆلۆژییەتی تاکــی کــوردی درووســت کــردووە.

هەڵبــەت ســیفەتە ئینســانییە هاوبەشــەکانی نــاو کولتــوورەکان، لــە کوردســتانیش بــە شــێوەی تایبەتــی هــەن؛ وەک میواننــەوازی و ســوارچاکی و کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری و چەنــدان وردە ســیفەتی لــەم بابەتــە. بــە گشــتی، کوردســتانی، هەڵچــوو و کورتبیــن و ســادەلەوح و خۆشــباوەڕە. حیکمــەت و زانایــی و ڕوانــگای بەرژەوەندخــوازی و منافەســەی کار و ســەرمایەگوزاریی تێــدا نییــە. بــۆ نموونــە هەمــوو ســوارچاکە نموونەییەکانــی نــاو ئەفســانە و فۆلکلــۆری کوردســتان لــە دڵســافیی خۆیــان فێڵیــان لــێ دەکــرێ و دەکوژرێــن: وەک ئەفســانەی ڕۆســتەمی زاڵ و کوڕەکانــی، مەمــی ئــالان، برایمــۆک، ســیامەند، کابایــز.. هەروایــش لــەم ڕۆژگارەدا ســەرکردە سیاســییە نەتەوەییەکانــی کــورد بــە هەمــان شــێوە گیــراون و بەنــد کــراون و کــوژراون. بــۆ؟ چونکــە دوژمنیــان فێڵــی لــێ کــردوون! وەک ئــەوەی دوژمــن نابــێ فێــڵ بــکات؟! نموونەکانیــش: میــری بەدرخــان، پاشــای کــۆرە، میرەکانــی بابــان، شــێخ مەحمــوود، ســمکۆ، قــازی محەممــەد، مســتەفا بارزانــی، قاســملو تــا دەگاتــە ئێســتا.

ســەرکردەکان لــە کۆمەڵگاکانــی دیکەشــدا فێڵیــان لــێ کــراوە و زۆریــان کوژراویشــن، بــەڵام ئەوانــەی کۆمەڵــگا زینــدووەکان، ســەرکردە ســەرەنجام میللــەت بــەرەو ڕزگاری دەبــات و دەرگای ژیانــی نــوێ و قۆناغــی نوێیــان بــۆ دەکاتــەوە. ئەرکــی ســەرکردەکان ســادەیی و خۆبەکوشــتدان نییــە، دەبــێ ڕابەرایەتیــی بەرچاوڕوونانــە بکــەن.

پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵــگای کوردســتان لەســەر شــێوازی داخــران داڕێــژراون و تواناییــی خۆپێگەیانــدن و زانیــاری کۆکردنــەوە و کــرداری داهێنەرانــە بــە تــاک نــادەن. تاکــی کوردســتانی بەســتراوەیە چ ژن چ پیــاو، چ گەنــج چ پیــر، چ ئاغــا چ میــر، جووتیــار یــان فەرمانبــەر، دەوڵەمەنــد یــان فەقیــر، هەموویــان لــە کۆتــدا یەکســانن. ژن وەک جنــس

مافــی نییــە و ســزای کوشــتنی لەســەرە، پیــاو، شــەرەف بارێکــی گرانــە و دەبــێ ڕەعایەتــی بــکات، حەیاچــوون و لۆمــەی خەڵــک لــە بەرژەوەنــدی گرینگــترە و جوامێــری لــەوەدا دەبینــدرێ، کــە بەرهــەم فیــدای لۆمــە بکــرێ. ســەرکەوتن لــە دەمگرتنــی خەڵکدایــە نــەک لــە کار و ســەرمایە و دەوڵەمەنــدی و زانیــاری. پیــاو بــە خێــزان و تیــرە و عەشــیرەت و حیزبــەوە هــەزار بەنــدە. گەنــج دەبــێ بەنــدەی گەورەکانــی بێــت و جوامێــری لــەوەدا بــۆ حیســاب دەکــرێ کــە دابــی پێشــینان دووبــارە بکاتــەوە، پیــر دەبــێ دەستەوەســتان چاوەڕوانــی مــەرگ بــکات. لــەو سیســتەمەدا پــەروەردەی کۆمەڵایەتــی کاری خــۆی دەکات و تــاک لەنــاو بــاوەڕ و دابــە داخــراو و قەدەغەکانــدا دەبەســتێتەوە. بەســتنەوە، توانایــی مــرۆڤ دەپرووکێنــی و پەکــی دەخــات. ئــەو ئیلتزامانــەی دیــن و دابــی کۆمەڵــگای داخــراو بەســەر تاکــدا دەیســەپێنێ، دەبێتــە زەمینــە بــۆ وەڕەزی و خەمۆکــی و تــرس و تەمبەڵــی، لــە دواجــاردا نەخۆشــییەکی هەمەپەســند کۆمەڵــگا دادەگــرێ کــە بــە نەخۆشــیی کولتــووری نــاو دەبــرێ. ئــارێ کولتــوورەکان نەخۆشــیی خۆیــان هەیــە و ئــەوەی کولتــوورە داخــراوەکان نەخۆشــییەکی ترســناکە (ریکــور، ٢٠٠٣).

کولتــوور دەورێکــی فراوانــی لــە بوونــی کۆمەڵگاکانــدا هەیــە، بۆیــە کاتێــک باســی کولتــوور دەکــرێ ئەگــەر وریایــی نەنوێنیــن ئــەوا ســنووری پێناســەکەی لەگــەڵ پێناســەی کۆمەڵــدا تێکــەڵ دەبــێ. هەڵبــەت نابــێ زیادەڕۆیــی لــە فراوانکردنــی ســنووری کولتــوور لــە نــاو ســتراکتۆری کۆمەڵــگادا بکــرێ. کۆمەڵــگا لــە تاکــەکان درووســت دەبــێ و لــە پەیوەنــدی و کارلێکــی تاکــەکان کولتــوور دێتــە وجــوود. هــەر کولتــوورە کەشــی کۆمەڵایەتــی - دەروونیــی خــۆی هەیــە. ئــەو کەشــە لــە کــۆی پەیوەندییــەکان و بەهــا و پێگــە و بــاوەڕەکان و داب و نەریــت و ئەخــلاق و پیرۆزییــەکان درووســت دەبــێ. تــاک لەنــاو ئــەو کەشــەدا پــێ دەگات و زانیــاری بــۆ نەقــڵ دەبــێ، بۆیــە پێکهاتــەی ســایکۆلۆژییەتی تــاک لەژێــر کاریگەریــی کەشــی دەروونــی (ســایکۆلۆژی) کۆمەڵــگا دەخەملــێ (حیدرپــور و مزینانــی، ١٣٩١).

سـایکۆلۆژیای گشـتیی کۆمەڵـگای کوردسـتان، لـە مۆرکـی کۆمەڵـگا دینییـە- سـوننەتییە داخراوەکانـە، هەربۆیـە بـاوەڕ و بەندیـی ئەخلاقـی و داب و نەریتـی کۆمەڵایەتـی ئـەو تەونەیـە، ڕێـگا لەبـەردەم ڕوئیـا و خەیاڵـی بەرزەفـڕی تـاک دەگـرێ و پەراوێـزی دەخـات. کولتـووری کوردسـتان هەرچەنـد جیاوازییەکـی شـایانی باسـی لەگـەڵ کۆمەڵـە ڕۆژهەڵاتییەکانـی دراوسـێیدا هەیـە، بـەڵام لـە خۆیـدا تێشـوویەکی پـڕ لـە نەخۆشـیی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری بـۆ تـاک پێیـە. هیـچ تاکێکـی کوردسـتان لـە خۆیـدا هەسـت بـە ئـازادی بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی زاتـی نـاکات. هـەر بۆیـە داڵغەلێـدان و گۆشـەگیری و ڕەفتـاری لەنـاکاوی نـەدرکاو لـە سـیفەتەکانی کوردسـتانین. ژیـان بـۆ تاکـی نـاو کۆمەڵـی کوردسـتان پـڕە لـە بێمـرادی و تـرس و گونـاح و هەناسەسـاردی. بەتایبەتـی لـە قۆناغـی هەرزەکارییـەوە ئیـدی سـەرەڕۆیی و سەرشـکاندنەوەی تـاک دەسـت پـێ دەکات و لاسـاری و نەخۆشـییە دەروونییـەکان لـە دەسـت بەشـینبوون دەکـەن. لـە تەمەنـی گەنجیـدا ملکەچکـردن و یاخیبـوون هەمـوو تاقەتـی تـاک بەفیـڕۆ دەدات. ژیـان بـۆ تـاک ڕەسـم دەکـرێ و ڕێـگا نـادرێ خـۆی داهێنـەری نەخشـەی ژیانـی خـۆی بێـت. کـەس بـۆی نییـە گرێـی دەروونیـی خـۆی بکاتـەوە و خـۆی بەتـاڵ بـکات، بۆیـە هەمـوو کەسـێک بـە پارێـز و بێمەیلـی ڕەفتـار لەگـەڵ بەرانبەرەکانـی دەکات. یەکێـک لـە سـیفەتە باوەکانـی پیـاوی کـورد دڵڕەقبـوون و خۆڕاگرییـە لـە بەرانبـەر نەهاتنـەدی ئاواتاکانـی. بـۆ نموونـە گریـان بـۆ پیـاوان قەدەغەیـە. ئەمـە یەکێکـە لـەو نەخۆشـییانەی کولتـووری کوردسـتان هەیەتـی. کەچـی لـە ڕاسـتیدا گریـان لـە ژیانـی مرۆڤـدا ڕەفتارێکـی ئاسـایی و غەریزییـە و ئامرازێکـی دیفاعـی دەروونیـی پێویسـتە.

ژن هـەر لـە منداڵییـەوە بـە قەدەغـە و حـەرام ڕادەهێنـدرێ و لـە بـاوەڕ و ڕەفتاریـدا فێـری دەکـەن ئینسـانی پلـە دووەم بێـت و ژیانـی بەسـترابێتەوە بـە پیـاو. بـوون و حـەز و ئارەزووەکانـی تەنیـا ملکـی خـۆی نیـن، بەڵکـوو بریتیـن لـە شـەرەف و پێگـە و پیاوەکانـی ژیانـی؛ جـا ئەوانـە چ بـاوک و بـرا و کـوڕ یـان مێـرد و خزمـە دوورەکانـی بـن. بـە

هیــچ شــێوەیەک باوەڕەکانــی نــاو کۆمەڵــی کوردســتان ڕەگــەزی خەیــاڵ و ڕوئیــای بــۆ ژن تێــدا نییــە. ژن هیــچ نەخشــەیەکی ســەربەخۆی پــێ ڕەوا نابینــدرێ. ئــەم بــارە کۆمەڵایەتییــە ئیفلیــج و بــاوەڕ بەخۆنەبــوو لــە ژنــدا درووســت دەکات. ترســەکانی ژیانــی ژن زۆر گــەورەن و ئــەو بــاوەڕ و پەیوەندییانــەی بــۆی دانــدراون، پێشــێلکردنیان دەبێتــە مایــەی کوشــتن یــان تەڵاقــدران یــان لــە کار دەرکــردن. ژن مافــی حــزووری کۆمەڵایەتــی نییــە، بۆیــە بەبــێ ڕەزامەندیــی بــاوک و بــرا و مێــرد بــۆی نییــە بخوێنــێ یــان زانکــۆ تــەواو بــکات. ناتوانــێ بــۆ وەختــی بەتــاڵ پیاســە بــکات یــان بچێتــە بــازاڕ یــان وەرزش بــکات. دیــاردەی تەشــقەڵە و پەلامــاردان و ســوکایەتیپێکردن لــە بــازاڕ لــە لایــەن پیاوانــەوە ڕەواییــی کۆمەڵایەتــی هەیــە و بەشــێکە لــە میکانیزمــی ســزادانی ئافرەتانــی ئــازاد.

لــە کۆمەڵــی کوردســتاندا، ناکــرێ چاوەڕوانــی پیــاوی داهێنــەری زانــا بیــت، چونکــە ئــەو زەمینەیــە نییــە و نۆرمــاڵ دەســت ناکــەوێ. ناکــرێ بــەدوای ژنــی پێگەیشــتوو بگەڕێــی، چونکــە درووســت نابــێ. ژن کــە مەجالــی بەشــداریی ورد و درشــتی کۆمەڵایەتــی لــە چارەنووســی خۆیــدا نەبێــت، کاتێــک نەقســی لــە ئەزموونــی ســادەی ڕۆژانــە لــە پێگەیشــتنی خۆیــدا هەبێــت، وەختێــک نەزانــێ لــە چایخانــە چــۆن چــای دەخورێتــەوە، بــۆی نەبــێ بــە وەڕەزی لــە قــەراغ شــەقامێک هەڵترشــکێ یــان ســەفەرێک بــکات، وەک هــەر پیاوێکــی دیکــە دەوروبــەر بناســێ، چــۆن دەکــرێ کامــڵ و پێگەیشــتوویی هەبێــت؟! لاوک و حەیرانــەکان بۆیــە پــڕن لــە ئــاخ و ئــۆف و گێڕانــەوەی باســی بێمــرادی.

کولتــووری کوردســتان، ســاغ و بــە توانــا و زانــا بــار ناهێنــێ. گومــان و باوەڕبەخــۆ نەبــوون، نەزانــی، بیرتەســکی، بێڕوئیایــی، بێنەخشــەیی لــە ژیــان، وابەســتەیی، درۆ کــردن، پیلانگێــڕان، مقــۆ مقۆیــی، تــرس، تەســلیمبوون، بێوەفایــی، ڕەفتــاری توونــد، ئەوانــە نەخۆشــییە کولتوورییەکانــی کوردســتانن. بۆیــە لــە پرۆســەی پێشــکەوتندا دەبــێ چارەســەر بــۆ ئــەو نەخۆشــییانە بدۆزرێنــەوە و کۆمەڵــگا و تاکەکانــی بــۆ

قبووڵکردنـــی پێویســـتییەکانی ئـــەو چارەســـەرییە، گـــۆش و ئامـــادە بکرێـــن. کۆمەڵـــی کوردســـتان ناتوانـــێ و نایـــەوێ لـــەو واقیعـــەدا بخوولێتـــەوە، بۆیـــە زەروورەتـــی ژیـــان ئامادەییـــی فێربـــوون بـــۆ خۆگۆڕینـــی تێـــدا درووســـت کـــردووە (ناظـــری، ١٣٩٦).

## ٩-٣ کەسایەتی و بنەما و باوەڕییەکانی

چەمکێکـــی گشـــتییە و لـــە هـــەر کۆمەڵگایەکـــدا بـــە شـــێوەی جیـــاواز خـــۆی لـــە وجـــوودی تاکەکانـــدا دەردەخـــات. ڕەگەزەکانـــی پێکهاتنـــی لـــە کەرەســـتە مەعنەویەکانـــی کولتـــوور دەســـتێنێ. هەمـــوو تایبەتمەندییەکانـــی جیۆگرافیایـــی و مێژوویـــی و بـــاوەڕی و بەهایـــی کولتوورەکـــەی وەردەگـــرێ و بـــە گوێـــرەی تواناییـــە جەســـتەیی و ســـایکۆلۆژییەکەی، لـــە ژیانـــی خـــۆی دایاندەڕێژێتـــەوە. هـــەر کەســـێک تەجرەبـــە و بـــاوەڕە شەخســـییەکانی خۆیشـــی دەخاتـــە ســـەر کەرەســـتە وەرگیراوەکـــەی کولتـــوور و پێناســـەی خـــۆی دیـــاری دەکات و پێگـــەی شـــیاوی خـــۆی لـــە کۆمەڵـــدا وەردەگـــرێ. بەهێـــز و زانـــا و کارێزماییـــەکان، لـــە بـــواری تایبەتیـــدا کار لەســـەر کۆمـــەڵ دەکـــەن و ســـەرنج و پەســـندی دانیشـــتوان ڕادەکێشـــن (پلخانـــوف، ١٣٥٦).

بـــە نفـــوزەکان، لـــە بـــوارە جیاوازەکانـــدا، زۆربـــەی جـــاران هـــەر بوارێکیـــان پـــێ دەســـام دەخـــرێ. بـــۆ نموونـــە لـــە سیاســـەت یـــان کۆمەڵایەتیـــی گشـــتی یـــان ســـەربازی یـــان ئەدەبـــی یـــان زانســـتی.. لـــە کۆمەڵـــگای تەقلیدیـــدا بـــوار بـــۆ کاریگەریـــی کارێزماییـــەکان زیاتـــرە. ئـــەوە بـــەو مانایـــە نییـــە کارێزمـــا لـــە کۆمەڵـــگای مۆدێرنـــدا بـــواری نەمابـــێ. کۆمەڵـــی تەقلیـــدی ئاســـتی خوێنـــدەواری و زانســـتیی دانیشـــتوانی نزمـــترە و شـــێوازی زانیـــاری وەرگرتنـــی تـــاک وتـــاردان و قســـەکردنە، تواناییـــی بیرکردنـــەوەی خەڵـــک لاوازە، بۆیـــە چاوەڕوانـــن یەکێـــک لـــە هاوبـــاوەڕ و هاوبەهاکانـــی کۆمـــەڵ ئـــەو ئەرکەیـــان بـــۆ بخاتـــە ســـەر شـــانی خـــۆی. واتـــا بۆیـــان بیـــر

بكاتــەوە و بەرژەوەندییــەكان بــۆ بپارێــزێ و ڕێــگای ژیانیــان نیشــان بــدات. هەربۆیــە ســایكۆلۆژیای گشــتیی نــاو كۆمەڵــگای تەقلیــدی، زۆر لەبــارە بــۆ چۆكــدادان لــە پێــش كاســایەتیی فریادڕەســی بــە كارێزمــا. ســەركەوتووە باوەڕپێهاتــووەكان دەتوانــن بــڕوای نــوێ بخەنــە ســەر كــۆی بــاوەڕە كۆنەكانــی دانیشــتوان و چاكســازی لــە هەندێكــی دیكەیانــدا بكــەن. وەک گانــدی و ماندێلــلا. هەڵبــەت بــە پێچەوانــەوەش، جــاری وا هەیــە كارێزماتیــک كۆمــەڵ بــەرەو دواوە تــەس دەكاتــەوە و تەیاریــان دەكات بەرەنــگاری دیــاردەی نــوێ ببنــەوە؛ وەک ئایەتوڵــڵا خومەینــی و ئوســامە بــن لادن.

هەڵبــەت هەمــوو پێغەمبــەرە خــاوەن دینــەكان و داهێنــەری دینــەكان و عارفــە گــەورەكان، كارێزمایەكــی بەهێزیــان هەبــووە. لــە پێغەمبــەرەكان وەک ئیبراهیــم، مووســا، عیســا، محەممــەد، زەردەشــت، بــودا، كۆنفوســیۆس. لــە دیــن داهێنەرەكانــی خۆمــان شــێخ ئــادی، شــێخ عیســای بەرزنجــی. لــە عارفــەكان بایەزیــدی بەســتامی، مەولانــای ڕۆمــی، ســەفیەددینی ئەردەبیلــی، عەبدولقــادری گەیلانــی، حەلــلاج، مەولانــا خالیــدی نەقشــبەندی، شــێخ عوبەیدوڵــڵای نەهــری، شــێخ ئەحمــەدی بــارزان و شــێخ عەبدولكەریمــی شــەدەڵە و مامــەڕەزای هەقــە. كارێزماییەكانــی نــاو بزووتنــەوەی سیاســیی هاوچــەرخ ژمارەیــان كەمــە. مهاتمــا گانــدی و جەواهیــر لەعــل نەهــرۆ لــە هیندســتان، لینیــن لــە ڕووســیا و مــاوۆ تســەدۆنگ لــە چیــن و هوشــیمین لــە ڤێتنــام، نیلســۆن ماندێلــلا لــە باشــووری ئەفریقــا و مســتەفا بارزانــی لــە كوردســتان، دالایلامــا لــە تێبێــت، نموونــەی ڕوونــی كارێزماییــن (عبــاس، ٢٠٠١).

مهاتمــا گانــدی نــەک هــەر پێشــەوای سیاســیی هیندســتان بــە پاكســتان و بەنگلادیشــەوە- بــوو بەڵكــوو كاریگەریــی هێنــدە زۆری بەســەر دانیشــتوانی وڵاتەكەیــەوە هەبــوو، كــە ڕێــگای بەخــۆی دەدا دەســكاری بەهــا و باوەڕەكانــی خەڵــک بــكات. لێبووردەیــی و بەكارنەهێنانــی توندوتیــژی كــردە شــێوازی تێكۆشــانی هیندییــەكان بــۆ ڕزگاریــی

نیشـــتیمانی و پێکەوەهەڵکردنـــی پەیڕەوانـــی دیـــن و میللەتـــە جیاوازەکانـــی ئـــەو وڵاتـــە پـــان و بەرینـــە. نەهـــرۆ توانـــی تـــەواوکاری گانـــدی بێـــت و ســـەرکردەیەکی سیاســـی-مەدەنی بـــە ڕەگورێشـــەی وڵاتەکـــەی بێـــت و هیندســـتانی خســـتە ســـەر شـــاڕێی دیمۆکراســـی و پێشـــکەوتن. لـــە فکـــری کۆمۆنیســـتیدا لینیـــن و مـــاوۆ دوو وڵاتـــی گەورەیـــان بـــۆ عەدالـــەت و یەکســـانی ڕابـــەری کـــرد. هوشـــیمین بـــە فکـــری کۆمۆنیســـتی میللەتـــی ڤێتنامـــی بـــۆ ڕزگاری لـــە دەســـت کۆلۆنیالیـــزم ســـەرۆکایەتی کـــرد. ئـــەوە کارێزمـــای ئـــەو ســـێ کەســـە بـــوو ئایدیۆلۆژیـــای کۆمۆنیســـتی بـــە میللەتەکانیـــان قبووڵانـــد، نـــەک تەنیـــا بـــرەوی خـــودی فکرەکـــە. نیلســـۆن ماندێلـــلا تاکـــە ڕەمـــزی خۆڕاگـــری و ڕزگاریخوازانـــەی هـــەردەم زینـــدووی ئەفریقایـــە کـــە نـــەک هـــەر ئەفریقاییـــەکان، بەڵکـــوو جیهـــان بـــە گشـــتی خۆشـــیان دەوێ. ماندێلـــلا لێبووردەیـــی و حکوومەتـــی مەدەنـــی کـــردە نموونـــەی ژیانـــی باشـــووری ئەفریقـــا. دالای لامـــا بـــاوەڕە دینییەکانـــی بودایـــی و کێشـــەی ڕزگاری تێبێـــت و مەدەنییـــەت و ئینساندۆســـتیی ئەوتـــۆ، پێکـــوە بەســـتۆتەوە بووەتـــە مەحبووبـــی جیهانـــی و ڕوویەکـــی جوانـــی لـــە گونجانـــی دیـــن و مەدەنییەتـــدا نیشـــان داوە. مســـتافا بارزانـــی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی کوردســـتانی لـــە ناوچەگەرییێتـــی دەرهێنـــا و کردییـــە سەرانســـەری و ڕێبازێکـــی مەدەنیانـــەی بـــۆ ناســـیۆنالیزمی کـــورد دانـــا. هەروەهـــا هەندێـــک دەســـکاری مەدەنییانـــەی لـــە داب و نەریتـــە کۆمەڵایەتییـــەکان کـــرد (بارزانـــی مەســـعود،١٩٨٢).

لـــە بەشـــە پێشـــکەوتووەکەی جیهانیشـــدا مەجـــال بـــۆ کارێزماتیـــک هەیـــە، بـــەڵام نـــەک بـــە شـــێوازی ڕۆژهەڵاتییانـــە. لەوێـــدا کاریگەریـــی کارێزماتیـــک لـــە چوارچێـــوەی مەدەنییـــەت و یاســـادایە و لـــە ماوەیەکـــی دیاریکراویشـــدا کۆتایـــی دێـــت. وەک کاریگەریـــی شـــارڵ دیگـــۆل لـــە فەرەنســـا، ڕۆزفێڵـــت و کەنـــەدی لـــە ئەمەریـــکا، پاڵمـــێ و کراینســـکی لـــە ســـوێد و نەمســـا، ویلـــی برانـــت لـــە ئەڵمانیا.

ڕۆژاوا بـــە گشـــتی مەڵبەنـــدی ســـەرهەڵدانی هیـــچ دینێـــک نییـــە. دینـــی

مەسـیحییەتیان لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـرد و لەگـەڵ خۆیـان ڕێکیـان خسـت و دواجـار چاکسازیشـیان تێیـدا کـرد، لەگـەڵ مەدەنییـەت گونجاندیـان. هەمـان ڕەفتاریشـیان لەگـەڵ یەهودییـەت کـرد. لەبـەر هەندێیـە ئەفسـانە و ئوسـتورەکانیان وەک خـۆی ماونەتـەوە و لەگـەڵ دیـن تێکـەڵ نەبـوون. لـەوەڕا دەسـتیان لـە لێکۆڵینـەوەی کەلەپوورەکەیـان کراوەیـە و لـە کاری لێکۆڵینـەوە و فکـردا ئیسـتفادەیەکی باشـی لـێ دەکـەن. لـەلای ئـەوان هیـچ پیرۆزییـەک نەدراوەتـە ئەفسـانە و ئوسـتورەکانیان. بـۆ نموونـە کاتێـک باسـی سـیفەت و کـرداری دوو خـودای یۆنانـی بـە ناوەکانـی زیـۆس و پرۆمیتـە دەکـرێ، هیـچ کـەس بـە سـوکایەتیی نازانـێ. لـە ڕۆژهـەڵات کێشـەکە بـە پێچەوانەوەیـە؛ هەمـوو ئەفسـانە و ئوسـتورەکان داخلـی دەقـی دینـەکان بـوون. ئوسـتورە بەناووبانگـەکان پلـەی پێغەمبەرایەتییـان هەیـە و چیرۆکەکانیـان لـە زاویـەی ئەفسـانەوە تەماشـا ناکرێـن. هـەر لـە سـایکۆلۆژیای گشـتیدا قبـووڵ ناکـرێ مامەڵەیەکـی ئاوهـا بـۆ هیـچ مەبەسـتێکی فکـری یـان لێکۆڵینـەوەی زانسـتی بکرێـت. پیـرۆزی، پانتاییـە سـەرەکییەکەی مێـژوو و کەلەپـووری ڕۆژهەڵاتـی تەنیـوە و تەنیـا دوعـا و نـزا و پەرسـتنی هێشـتۆتەوە. جـا لـەم بابەتـەوە دەگەڕێمـەوە سـەر کاریگەرەکانـی ڕۆژهـەڵات (ماکـس فیبر/البروتسـتانتية و روح الراسـمالية).

دەبـێ بزانیـن هـەر بـە کار و دەسـتەڵاتدار نابێتـە پێشـەوای کارێزمایـی. هەمـوو فەرمانـڕان و خەلیفـە و سـوڵتان و پادشـاکانی ڕۆژهـەڵات بـە نـاوی دیـن و کولتوورەکەیـەوە پاسـاوی خۆیـان داوە. سـەرکردەکانی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییەکانـی سـەدەی بیسـتەمیش لەسـەر هەمـان ڕێچکـە، بـەڵام بـە کەمێـک جیاوازییـەوە ڕۆیشـتن. لەوێشـڕا ڕەفتـار و کـردەوە و شـێوازی فەرمانڕانیـی خۆیـان داوەتـە پـاڵ ئـەو کەلەپـوورە پیـرۆزە و دەسـتی خۆیـان لـە هـەر کارێـک پەسـندیان بووبێـت کردۆتـەوە و بـە دیفاعکـردن لـە پیرۆزییـەکان لەقەڵەمیـان داوە. ئـەوە وایکـردووە بێدەنگییەکـی تـەواو لەسـەر کەلەپـووری فەرمانڕانێتیـی ناوچەکەمـان بکـرێ. بـە گێڕانەوەیەکـی خێـرا و لێکچـوو ڕاهاتـوون و مێـژووی

فەرمانڕانییەکان دەنووسنەوە. هەر سەربزێوییەکی ڕەخنەگرانە بە کوفر و زەندەقە سواق دەکرێ. ئەگەر لە ڕۆژاوا نیوتۆن و گالیلۆ و کۆپرنیک و مایکل ئانجیلۆ و ڕافائێل ڕێزیان هەیە، ئەوا لە ڕۆژهەڵات موعتەزیلە و قەرمەتی و بابەکی و حەلاج و ناسر خوسرۆ ناوی خۆش و پەسند نین. هونەریش هەر لە بنەڕەتەوە حەرام و شیرکە.

تەنیا یاخیبوونێک ئەگەر هەبووبێت لەلای عارف و سۆفییەکان بووە. ئەوان لە زۆر بواردا بە ڕوانگای خۆیان دەقی پیرۆزیان لێک دەدایەوە و پەنایان بۆ "دەروون و دڵ" دەبرد. ئەو ڕێگایە لە زۆر لاوە دەیهێنانەوە سەر دنیا و بایەخێکی تایبەتی بە کاروباری خەڵک لەلا درووست دەکردن و دەرگایەکی فراوانی لە داهێنانی ئەدەبی لێ دەکردنەوە. با نموویەک لە عارف و ئەدیبی ناوداری تەسەووف بێنم، عەتتاری نەیشاپووری:

ره میخانه و مسجد کدام است

(ڕێی مەیخانە کیهە و ئەوی مزگەوت کامە)

که هر دو بر من مسکین حرام است

(کە هەردووک بۆ منی مسکین حەرامە)

نه در مسجد گذارندم که رند است

(نە بۆ مزگەوترێم دەدەن، ئێژن ڕەندە)

نه در میخانه کین خمار خام است

(نە بۆ مەیخانە دەمهێڵن، ئێژن خەمماری خامە)

میان مسجد و میخانه راهی است

(لە نێوان مزگەوت و مەیخانە یەک ڕێیە)

بجوئید ای عزیزان کین کدام است

(بگەڕێن های عەزیزان، کە ئەم توولە کامە)

به میخانه امامی مست خفته است

(لە مەیخانە ئیمامێکی مەست خەفتگە)

نمی‌دانم که آن بت را چه نام است

(ئەز نزانم کە ئەو بتە چ نامە)

مرا کعبه خرابات است امروز

(ئیرۆ بۆ من کابە بوەسە خەرابات)

حریفم قاضی و ساقی امام است

(حەریفم قازی و ساقیم ئیمامە)

برو عطار کو خود می‌شناسد

(بڕۆ عەتتار، ئەو خۆی دەزانێ)

که سرور کیست سرگردان کدام است

(کێ سەروەر و سەرگەردان کودامە)

گوێ دان بە کاروباری دنیایی، پارسەنگی "پیرۆزی و ڕێزی" ئەو عارفانەی لەلای خەڵک دەخستە دوو تای بەرابەر؛ بۆیە کارێزماتیک و بە نفووزی لێ درووست دەکردن. مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی هەموو ڕۆژێک خەڵک لە ماڵەوە بۆ تەکیە و لە تەکیەوە بۆ ماڵ هاوڕێییان دەکرد. هەندێک مورید جێی سمی ئەسپی شێخ سەفیەددینی ئەردەبیلییان ماچ دەکرد. لەوەڕا هەندێک عارف بڕیاری دەسکاری دین و پیرۆزییەکانیان دەدا. هەر لە کوردستان دوو عارفی ناودار دوو دینی نوێیان درووست کرد: شێخ ئادی و شێخ عیسای بەرزنجە. هەندێکی دیکە ڕێنوینیی تازەیان دەردەکرد: شێخ ئەحمەدی بارزان و مامەڕەزا. تەکیەی شێخ سەفیەددین بە ڕابەری شائیسماعیلی نەوەی، مەزهەبی شیعەیان لە ئێران و باشووری عێراق سەپاند و دینیان تەعدیل کرد. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزان پەیڕەوانی خۆیان بۆ ڕزگاریی نیشتیمانی ڕابەری کرد.

سەباری ئەو پەڕاوێزەی سەرەوە، هەر مەجالێکی لەبار بۆ کارێزماتیک لە ڕۆژهەڵات درووست نەبوو، بۆیە ژمارەیان کەم و کاریگەرییان جیاوازە. لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا زەمینەی کارێزماتیک زۆر بەرتەسکە و حزووری فەرمانی ئایینی لە هەموو بوارەکاندا گرفتخوڵقێنە. هەروەها نەبوونی فکر و زەمینە بۆ نیزامی دیمۆکراسی، هۆکارێکی دیکەی ئەو زەمینە ڕەقەن و سەختەن کە دەبێ کارێزماتیکی لەسەر سەرهەڵبدات.

ئەو لێکدانەوەی من بە مانای مەحاڵبوونی کاریگەر نییە، بەڵکوو دەمەوێ واقیعی سەختی ڕۆژهەڵات بۆ گۆڕانکاری وەسف بکەم.

## ۱۰-۳ مێژوو و کولتوور

مرۆڤ وەک هەر گیاندارێکی دیکە بەرهەمی ئەو پڕۆسە زیندەوەرییەیە کە لە ئەنجامیدا درووست بووە. بەڵام مرۆڤ وەک بوونەوەریکی هۆشدار و ئاگا و زانا، بەرهەمی پڕۆسەیەکی مێژووکردی کۆمەڵایەتییە. هەر درووستبوونی کۆمەڵگا چ وەک غەریزە و چ وەک زەرووڕەتی خۆپاراستن و فێربوون و کار و داهێنان، بەرهەمێکی مێژووکردە. شتێک بە ناوی کۆمەڵگا بەبێ مێژوو بە خەیاڵدا ناهێت، تاکی مرۆڤ بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەموو تواناییەکان و باوەڕەکانی خۆی لە پەیوەستەیی و بەردەوامی مێژوو وەردەگرێ. کولتوور لە ڕێڕەوی مێژوودا دەخەملێ و گەشە دەکات و بەرهەمێکی ئاڵۆز و زەمانویستە. بۆیە ناکرێ هیچ دیاردەیەکی کولتووری بەبێ زەمینەی سەرهەڵدانی و قۆناغە مێژووییەکەی دیراسە و فەهم بکرێ.

هەر وەک چۆن زەمانێکی زۆر درێژی ویست تا مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە توانایی جیابوونەوەی لە عالەمی ئاژەڵان پەیدا کرد، بە هەمان شێوە بەڵام لە زەمانێکی کورتتردا، پڕۆسەی بە ئینسانیبوونی خۆی تەی کرد. مەبەستم لە بەئینسانیبوون، کامڵبوونی زمان و

هــۆش و بــە سیســتەمکردنی ژیانــی کۆمەڵایەتییــە. ئــەم دوو قۆناغــە بــە ڕاددەی پێویســت لێکۆڵینــەوەی زانســتی لەســەر کــراوە و بەشــێکە لــە ماددەکانــی پەروەردەیــی. جــا ناکــرێ مــرۆ ڕوانگایەکــی باشــی لەســەر درووســتبوونی مــرۆڤ هەبێــت ئەگــەر شــتێک لــەو زانســتە (ئانترۆپلۆژیــای زیندەوەرزانــی و کولتــووری، مێــژووی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی) نەزانێــت.

مــرۆڤ تەنیــا بــە هەبوونــی هــۆش، توانایــی ئەوپــەڕی تێگەیشــتنی نابــێ، بەڵکــوو پێویســتی بــە تەجرەبــە و ناســین و زانیــن و زەرورەتــی دیاردەکانــی سرووشــت هەیــە. ئــەوە زەرورەتــی ژیانــە وا لــە بەشــەر دەکات دیاردەیــەک کۆنتــڕۆڵ یــان دەســتەمۆ یــان بگۆڕێــت. لــەوەڕا پرۆســەی ناســین و زانیــن و شــێوازی گۆڕیــن لــەلای دەســت پــێ دەکات. لــە ڕێــڕەوی ئــەو پرۆســەیەدا داب و نەریــت و بــاوەڕ و بایەخــەکان درووســت دەبــن. بــە تێپەڕبوونــی مێــژوو، دەســکاری و گۆڕیــن و جێگۆڕکێــی دیــاردەکان دەبێتــە مایــەی باڵادەســتیی مــرۆڤ و گوزەرانــی خۆشــتر. زەرورەتــی گۆڕانکاریــی ڕەســەن لەوێــوە دێــت و کۆمەڵــگا لــە ڕێــی تاکەکانییــەوە هەســتی پــێ دەکات و تینــی دەداتــە بــەر. ئەمەیــان بــە قۆناغــی پەیدابوونــی «عەقــڵ» دەزانــرێ.

کۆمەڵــگا لــە سیســتەمی کولتــووری خۆیــدا شــێوازی پەروەردەکــردن و جــۆری نەقڵکردنــی بــاوەڕ و دیــاردەکان دیــاری دەکات و بــە گوێــرەی هەڵکەوتــی ســایکۆلۆژیای خــۆی، فرچــک دەداتــە تاکەکانــی. هەربۆیــەش ئــەو قەناعــەت و بایەخانــەی لــە نــاو سیســتەمی کولتووریــدا بــۆ نــەوەی دوایــی گواســتراوەتەوە، لەگــەڵ سرووشــتی تاکــەکان تێکــەڵ دەبــێ و خــووی پێــوە دەگــرن و لــە پەیڕەوکردنیــدا تــام دەبــەن و وجــوودی خۆیــان دەدۆزنــەوە. ئــەو تەبــع و تامەیــە دەبێتــە گڵێنجانــی ناســنامەی کۆمەڵایەتیــی هــەر کەســێک. جــا بــا ئــەو کەســە بیاباننشــین یــان چیانشــین یــان دەریاژیــن بێــت، ئــەو جێیــەی پێخۆشــە کــە لێــی گــەورە بــووە و فرچکــی بــە کەشــی جیۆگرافیایــی و کۆمەڵایەتــی و هەڵســوکەوتەکانیان

گرتــووە. لــەوەڕا هیــچ کولتوورێــک خــراپ و ئەویــتر بــاش نییــە و هەمــوو بەرابــەرن. ئــەو قســەیە بــە مانــای پاســاودانی کولتوورێکــی دواکەوتــوو و هاوســەنگکردنی لەگــەڵ یەکێکــی دیکــەی پێشــکەوتوو نییــە. ئــەو کۆمەڵگایــەی لــە گەشــەکردن دەوەســتێ یــان لــە پێشــکەوتن دوا دەکــەوێ، دەبــێ بەخــۆ بێتــەوە و لــە هۆکارەکانــی بکۆڵێتــەوە و بــەرەو چارەســەری هەنــگاو بنــێ (هریســون و هانتینگتــون، ١٣٨٣).

هیـچ کولتوورێـک تەنیـا بـە نەقڵکردنـی تەجرەبـەی کۆمەڵـگا پێشـکەوتووەکان، یەکسـەر پێـش ناکـەوێ. ئەگـەر ئـەوە لوابـا، ئێسـتا دنیـا شـام دەبـوو. ئـەو فرچکگرتنـەی باسـم کـرد، زەمـان و زانیـن و جووڵانـی دەوێ تـا کۆمەڵـگا دەقـی کـۆن دەشـکێنێ و ڕێـگای نـوێ دەکاتـەوە و خـۆی لەسـەر ڕادێنـێ و دەیخاتـە نـاو سیسـتەمی تـازەی ژیـان. بۆیـە هیـچ کاتێـک گۆڕانـی قووڵـی کۆمەڵایەتـی بـە شۆڕشـێک چارەسـەر نەکـراوە، بەڵکـوو پێویسـتی بـە ڕۆشـنگەری و ڕیفـۆرم هەبـووە و لـە نەوەیەکـەوە بـۆ دوای خـۆی کاری پـێ کـراوە.

کوردسـتان کۆمەڵگایەکـە هیـچ کاری لەسـەر نەکـراوە، چونکـە خاوەنـی چارەنووسـی خـۆی نەبـووە. ئـەو ڕۆژهەڵاتنـاس و توێـژەر و نووسـەرانەی لەسـەریان نووسـیوە، ڕووی دەمیـان لـە کۆمەڵـگای کوردسـتان نەبـووە و دەقەکەیـان بەپێـی تەونـی کولتـوور و کۆمەڵـگای کوردسـتان ئاراسـتە نەکـراوە. ئـەوان توێژینەوەیـان بـۆ کۆمەڵگاکانـی خۆیـان نووسـیوە و خیتابەکەیـان ئاڕاسـتەی کولتـووری خۆیـان کـردووە. هەربۆیـە جیـا لـە هەندێـک زانیـاری و شـێوازی لێکۆڵینەوەکـە، هیچـی دیکـەی بـۆ ئێمـە تێـدا نییـە. ئـەوە ئێمەیـن دەبـێ بکەوینـە لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵگاکەمـان و ڕێـگای خۆناسـین و خۆگۆڕینـی پـێ بناسـێنین. لێـرەوە پێویسـتە لەبیرمـان نەچـێ، دەق لـە خۆیـدا زانیـاری و وزە نەقـڵ دەکات و سـەرەنجام دەیکاتـە هێـز. هێـزی ڕۆشـنگەری لـەوەوە دێـت. بۆیـە هیـچ گۆڕانکارییـەک بەبـێ ڕۆشـنگەری سـەرینەگرتووە. پێشـەنگەکانی کـردەوەی ڕۆشـنگەری، ڕووناکبیرانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـن (جانسـون، ١٣٧٨).

مێـژوو و کولتـووری کوردسـتان، لـە پەراوێـز و بندەسـتەییدا ماوەتـەوە. پێـش ئـەوەی کوردسـتان دابـەش بکـرێ، بەشـێک بـوو لـە ئیمپراتۆرییەکانـی فـارس و عـەرەب و تـورک. کـورد بـە هیـچ شـێوەیەک خاوەنـی روئیـا و بەشـدارییەکی کاریگـەر نەبـووە. هیـچ کاتێـک فەرمانڕانیـی خـۆی نەبـووە، بۆیـە هیـچ ئەزموونێکـی فەرمانڕانیکردنـی نییـە و کۆمەڵگاکـەش لـەو ڕووەوە هیـچ شـارەزاییەکی نییـە. کولتـووری کوردسـتان بـە وابەسـتەیی ماوەتـەوە، بۆیـە گۆڕانکاریـی شـایانی باسـی تێـدا نەکـراوە. بـە درەنگـەوە ڕێبـازە سـۆفییەکانی تێـدا بـڵاو بوونەتـەوە. سـۆفییایەتی زۆر بـە خێرایـی هەمـوو کوردسـتانی تەنییـەوە. کوردسـتان تـا پێـش فەتحکرانـی ڕۆم (تورکیـای ئەمـڕۆ) بـە ناوچەیەکـی سـنووریی دوورەدەسـتی جیهانـی ئیسـلامی دادەنـدرا و هاموشـۆی بەسـەرەوە نەبـوو. ئـەو پەراوێزییـە لـە بازنـەی سـەرنج دەریخسـتبوو و هیـچ جموجۆڵـی تێـدا بـەدی نەدەکـرا. لـە ڕووی شارسـتانی و شـێوازی کاریشـەوە، لـە ئاژەڵـداری چیایـی و کشـتوکاڵێکی سـنووردار‌دا بـوو. ژیانـی شارنشـینی تێـدا نەبـوو، پێشـەگەری پێـش نەکەوتبـوو (هومـی، ٢٠٠٦).

دوای فەتحـی ڕۆم و درووسـتبوونی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، ئیـدی کوردسـتان بـووە پـردی نێـوان ئیسـتانبووڵ و بەشـەکەی دیکـەی جیهانـی ئیسـلامی بـە عـەرەب و فارسـەوە. بۆیـە کولتـووری کوردسـتان لـە ئاسـتی ئـەو ژیانـە سـادە و پـەرت و بـڵاوە بـوو. جموجـۆڵ و گـۆڕان تەنیـا بـە هـۆکاری دەرەکـی ڕووی دەدا. شـاخاوییبوونی کوردسـتان چـاوی سـەرنج و تەماعـی لەسـەر لا بردبـوو، بۆیـە نەبـووە ناوچـەی زۆرانبازیـی مەزهـەب و دینـەکان. ئـەو بەلاوەییەبـوون و ڕەگوڕیشـە هاوبەشـە ساسـانییە کۆنـەی و شـاخاوییبوونی، کردییـە پەنـاگا و سـەرزەمینی عـارف و سـۆفییە یاخییـەکان. سـەرەنجام تەسـەووف بـووە مۆرکـی سـەرەکیی ئیسـلامیبوونی دیـن لـە کوردسـتان. دانیشـتوان لـە ڕێـی تەکیـە و خانەقاکانـەوە ڕێورەسـمی ئایینییـان ئەنجـام دەدان. بۆیـە لـە هیـچ ناوچەیـەک ناوەندێکـی شـەریعەتی بەناووبانـگ نەبـوو، بـەڵام مەڵبەنـدی عیرفـان و سـۆفیایەتی زۆر بـوون.

لــە نۆســەد ســاڵ لەمەوبــەر، زەمینــە و زهنیەتێکــی لەبــار بــۆ دروووســتبوونی دینــی نــوێ لــە کوردســتان دروووســت بــوو. کاتێــک تەســەووف باڵــی بەســەر گیانــی کۆمەڵــگای کوردســتاندا کێشــا و تەریقەتــەکان کەوتنــە کێبڕکێــی یەکــدی، گوێــی شــنەوای مرۆڤەکانیــان دابیــن کــرد. دوورەدەســتییەکە زیاتــر یارمەتیــی ئــەو زهنیەتــەی دەدا. ئــەوە بــوو لــە دوو ســەدەدا دوو دینــی تــازە دروووســت بــوون؛ ئێــزدی و کاکەیــی.

لێکۆڵینــەوە لــەو قۆناغــە کارێکــی پێویســتە و لەوێــڕا دەتوانیــن دیــاردە مەزهەبــی و عیرفانییەکانــی ســەدەکانی دوایــی باشــتر تــێ بگەیــن (الهــی نــور، ١٣٧٣). مــن لــە داهاتــوودا کارێــک لەســەر ئــەو بــوارە دەکــەم و چەنــد ســەرەفکرێکم بەدەســتەوەن. مــرۆڤ لــە هــەر قۆناغێکــدا لــە کەوڵــی ژمارەیــەک بەهــا و بایەخــدا دەژیێــت و پەیوەندییەکانــی کۆمەڵایەتــی کاریگــەری لــێ وەردەگــرن (کیســت، ٢٠٠٦). بایەخــەکان بەرهەمــی بارودۆخــی کۆمەڵایەتیــی دیاریکــراون و کۆمەڵــگا دیفاعیــان لــێ دەکات. لــەم ڕووەوە بایــەخ و بەهــاکان دەبنــە ناســنامە و وجــوودی تاکــەکان. دینــی تەســەووفی بەهــا و بایەخــی تایبــەت بــە خــۆی لــە کوردســتاندا بــرەو پــێ دان و، کۆمەڵــگا لەســەر ئەوانــەوە خــۆی ڕێــک دەخســتەوە. ئــەوە ڕووە جیاوازەکــەی ئیســلامێتیی کۆمەڵــگای کوردســتانە لــە بەرانبــەر ئیســلامێتیی سوننی-ســەلەفیی عــەرەب و ئیســلامێتیی شــیعەی-عەلەویــی ئێــران (وان بروییــن ســن، ١٣٧٨). لەســەر ئــەم بــوارەش دەبــێ زۆر کار بکەیــن و دوور لــە دەســتکرد و گوێلەمســتی و ناســیۆنالیزمی کەفکــردوو، بیــر بکەینــەوە و مێــژووی کۆمەڵایەتــی و ئانترۆپۆلۆژیــای کولتــووری و مێــژووی گۆڕانــی باوەڕەکانمــان شــیی بکەینــەوە. نــەوەی ئێســتای کوردســتان نازانــێ چ ڕابردوویەکــی هەبــووە. هــەر لەخــۆڕا هەندێــک وا بــڵاو دەکەنــەوە کــە ئێمــە دەســتمان لــە دروووســتکردنی هەمــوو ئیمپڕاتۆرییــەکان و هەمــوو دەســتکەوتە مێژووییەکانــی دنیــای ئیســلامدا هەیــە. کــێ دەڵــێ وایــە؟ بەڵگــەکان چیــن؟

کوردســـتان ئەگـــەر مێژوویەکـــی سیاســـیی زینـــدووی نییـــە، خـــۆ کۆمەڵگایەکـــی هەیـــە کـــە تـــا ئـــەم زەمانـــە لـــە نـــاو ســـێکوچکەی کولتـــووری عـــەرەب- تـــورک- فـــارس نەتوایـــەوە و دەوامـــی بـــە ژیـــان داوە. پرســـیار لەوەدابـــێ: چ هۆکارێـــک یارمەتیـــی نەتوانـــەوەی کـــوردی داوە؟ توانایییـــە ناوخۆکانـــی ئـــەو کۆمەڵگایـــە چیـــی بـــوون؟

دڵنیـــام تـــا لەوانـــە نەکۆڵینـــەوە، ناتوانیـــن ئاییندەمـــان وا دەستنیشـــان بکەیـــن کـــە لەگـــەڵ تەبیعەتـــی کۆمەڵگایەکەمـــان گونجـــاو بێـــت و خەڵـــک بـــە سرووشـــتی خۆیـــان لێـــی تـــێ بگـــەن و تێکەڵـــی بـــبن. نەقســـی یەکەمـــی ڕوانـــگای بزووتنـــەوەی سیاســـی و حکوومەتەکـــەی لـــەم ڕۆژگارە ئەوەیـــە. دەیانـــەوێ گـــۆڕان هەبێـــت، بـــەڵام ناتوانـــن تاریفـــی بکـــەن، چونکـــە خۆیشـــیان بـــە قووڵـــی لێـــی تـــێ ناگـــەن. ئەمـــە گرفتـــی ســـەرەکی ئێمەیـــە.

# بەشی چوارەم

## ٤-١ پەروەردە و فێرکردن

کۆمەڵگاکان سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی خۆیان درووست دەکەن. هەربۆیە پەروەدە بە یەکێک لە سیستەمە پێکهێنەرەکانی نیزامی کۆمەڵایەتی دادەندرێ و شوێنێکی کاریگەری لە ستراکتۆری کۆمەڵگادا هەیە. کولتوور بەپێی خواستی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییەکانی، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سیستەمی پەروەردە و ئامانجەکانی فێرکردن یان ڕاهێنان دیاری دەکات.

پەروەردە و فێرکردن لێکدی جیاوازن و لەکاتی خۆیدا باسی دەکەم. وەلێ پەروەردە خۆی بریتییە لەو سیستەمە گونجاوەی کە لە پێکهاتەی خۆیدا، باوەڕ و داب و نەریت و باها و شێوازەکانی ژیانبردنەسەر و ژیان درووستکردن، بۆ نەوەی بەردەست دەگوازێتەوە. پەروەردە مێژووی کۆمەڵگا و زانیارییەکانی، فێری نەوەی نوێ دەکات و پەسندیی کۆمەڵ درووست دەکات. هەر پەروەردە لە کەناڵەکانی خۆیەوە باری سایکۆلۆژیای باو، لە نەوەی نوێدا دەچێنێ. پەروەرەدە نەوەی نوێ تێدەگەیەنێ کە پێویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگاکەی کامانەن و چۆن دێنە دی. هەروەها فێریان دەکات چۆن پێویستییەکان پەرەی پێ بدەن و لایە خراپەکانی تووڕ بدەن و لایە باشەکان پەسند بکەن. هەروەها جیلی بەر ڕاهێنان تێدەگەیەنێ کە لە چ بوارێکدا داهێنان و پێشکەوتن گەرەکە و تواناییی تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی ئامانجداری دەخاتە بەردەست (عباس، ٢٠٠١ب).

فێرکردن و ڕاهێنان لە پەروەردە جیاوازن، بەڵام لە سیستەمەکەدا ڕۆڵی تەواوکاری پەروەردە دەگێڕن. فێرکردن بواری ڕاهێنانی بەکردەوەیی زانیارییەکانی پەروەردەیە و لە ناوەندی تایبەتیدا

ئەنجـــام دەدرێ. لـــەم ڕۆژگارەدا باخچـــەی ســـاوایان و قوتابخانـــەکان و زانکـــۆکان و ڕاگەیانـــدن و هۆکارەکانـــی گەیاندنـــی زانیـــاری و کارە کۆمەڵایەتییـــە مەدەنییـــەکان، ئەرکـــی فێرکـــردن و بارهێنـــان دەگێـــڕن. لـــە سیســـتەمی پـــەروەدەدا، ســـتافی ئامادەکـــراو و شـــارەزا کاری فێرکـــردن ئەنجـــام دەدەن. ئـــەوە کاری مامۆســـتاکانی نـــاو سیســـتەمی پەروەردەیـــە.

پـــەروەردە لـــە ژیانـــی مرۆڤـــدا مێژوویەکـــی درێـــژی هەیـــە. لـــە قۆناغـــە ســـەرەتاکانی پێگەیشـــتنی نـــەژادی بنیاتەمـــدا، پـــەروەردە بـــە شـــێوەیەکی زۆر ســـەرەتایی لەلایـــەن دایـــک و بـــاوک و پیرەپیاوانـــی خێزانـــە گـــەورەکان ئەنجـــام دراوە. بـــە پەیدابوونـــی بـــاوەڕە پەرســـتنییەکان و کاریگەرییـــان لەســـەر بەهـــا و باوەڕەکانـــی کۆمەڵـــە ســـەرەتاکان، ئەوجـــا کاهیـــن و ســـاحیر و پیاوانـــی دینـــی ڕۆڵـــی پەروەردەکردنـــی جیلـــی نـــوێ و تەنانـــەت گەورەکانیشـــیان دەگێـــڕا. بـــە پەیدابـــوون و بڵاوبوونـــەوەی دینـــەکان، ئیـــدی بـــە ڕەســـمی پـــەروەردە کەوتـــە دەســـت پیاوانـــی ئایینـــەوە. پەرســـتگاکان و شـــوێنە دینییـــەکان بـــۆ پـــەروەردە بـــە کار دەهاتـــن.

لـــە هەندێـــک کۆمەڵـــگادا پـــێ بەپێـــی پەیدابوونـــی دینـــەکان، بیرمەنـــدی کاریگـــەر پەیـــدا بـــوون و لـــە ڕوانـــگای فەلســـەفییەوە دەیانڕوانییـــە پـــەروەردە. لـــە یۆنـــان و ڕۆم بایەخێکـــی زۆر بـــە بیـــری فەلســـەفی لەســـەر پـــەروەردە دەدرا (الحنفـــی، ٢٠١١).

بەوپێیـــە، کۆمەڵـــگای بەشـــەر بەبـــێ پـــەروەردە نەیدەتوانـــی لـــە ژیـــان بـــەردەوام بێـــت. پـــەروەردە لەنـــاو کولتـــووردا دەخوڵقـــێ و بـــۆ بەردەوامیـــی کۆمەڵایەتـــی، ئەرکـــی پـــێ دەســـپێردرێ. زمـــان و کولتـــوور و پـــەروەردە تـــەواوکاری یەکدیـــن. خـــودی زمـــان لـــە ژیانـــی تاکـــدا لەنـــاو کۆمـــەڵ وەردەگیـــرێ و لەســـەری ڕادەهێنـــدرێ. ڕاهاتـــن تواناییەکـــی زاتـــی بنیاتەمـــە و لـــە سرووشـــتیدایە. کەواتـــە کولتـــوور خـــۆی بەرهەمـــی ڕاهاتـــن و فێربوونـــە. بـــەڵام دوای درووســـتبوونی، ئینجـــا لـــە سیســـتەمی خۆیـــدا، ڕەگـــەزە گشـــتییەکانی ئـــەو ڕاهێنـــان و فێربوونـــە هەڵدێنجـــێ و دەیکاتـــە پـــردی گواســـتنەوەی بەرهەمـــی ژیـــان بـــۆ جیلەکانـــی داهاتـــوو. ئـــەو ســـێ

کوچکەیـــەی زمان+ڕاهێنـــان+ کولتـــوور بناغـــەی هەڵچنینـــی مەعریفـــەی بەشـــەرن. تێگەیشـــتن لـــەو سیســـتەمە، تێگەیشـــتنە لـــە ســـاغکردنەوەی ڕۆڵـــی پەروەردەیەکـــی گونجـــاو لەگـــەڵ هـــەر کۆمەڵگایـــەک. هـــەر ئـــەو زانینـــەی کـــە دەڵـــێ کۆمەڵـــگاکان بەبـــێ پـــەروەردە ناژیـــەن و کۆتاییـــان دێـــت، کافـــی نییـــە. پێویســـتە زانیارییەکـــی تۆکمـــە، مێـــژووی هـــەر کۆمەڵگایـــەک و قۆناغەکانـــی پێشـــکەوتنی و پێکهاتـــەی کولتوورەکـــەی و ئـــەو وزەیـــەی تیایـــدا مـــەڵاس دراوە، هەبێـــت. لەوەێـــوە دەکـــرێ بـــاس لـــە ڕوانـــگای کۆمەڵگاکـــە و ئـــەو ئامانجانـــەی دەکـــرێ بـــۆی دیـــاری بکرێـــن، ببێتـــە بـــاس. ئـــەو باســـە، نەوعییەتـــی ئـــەو ئینســـانەت بـــۆ دەر دەخـــات کـــە بەهـــۆی سیســـتەمی پـــەروەردە بـــۆ کۆمەڵگاکـــە دروســـت دەکرێـــت. ئەگینـــا هـــەر بـــە حـــەز، تیپـــی و تواناکانـــی مرۆڤـــی کۆمەڵگایـــەک دروســـت ناکرێـــن. ئـــەوە دەورە بناغەییەکـــەی پەروەردەیـــە، ئـــەو بناغەیـــەی لـــە کوردســـتاندا شـــکاوە و چەنـــد پارچەیـــە.

لـــە قۆناغـــی نوێـــی پێگەیشـــتنی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتیـــدا، بایەخێکـــی زۆر بـــە دۆزینـــەوەی دەوری پـــەروەردە دراوە. لـــە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتەوە، لەگـــەڵ پەرەســـەندنی تێکنۆلۆژیـــای زانیـــاری و گۆڕانـــە کۆمەڵایەتییـــە بنەڕەتییەکانـــی، کاریـــش لەســـەر فەلســـەفە و زانســـتی پـــەروەردە دەکـــرا. بیرمەندانـــی وەک جـــان جـــاک ڕۆســـۆ، تۆمـــاس هۆبـــز، جـــان لاک، جـــان دەیـــوی.. بنەمـــای نوێـــی زانســـتی پەروەردەیـــان داهێنـــا و لـــە قاڵبـــی ڕووتـــی فەلســـەفی دەریـــان هێنـــا. پێـــش ئـــەو، لـــە ســـەردەمی فەرمانڕانیـــی کەنیســـە، بـــە قورســـی پـــێ لەســـەر بەکارهێنانـــی پـــەروەردە دادەگیـــرا تـــا هیـــچ جووڵەیەکـــی زانیـــاری- کۆمەڵایەتـــی ڕوو نـــەدات و بەشـــەر لـــە تاریکیـــی ئایینـــی مەســـیحییەتدا بمێنێتـــەوە (بشـــیریە، ١٣٨٦).

جیـــا لـــە جیهانـــی مەســـیحییەت، لـــە جیهانـــی ئیسلامیشـــدا بایەخـــی ســـەرەکی بـــە پـــەروەردە دەدرا. مزگـــەوت و تەکیـــە و خانەقـــاکان مەڵبەنـــدی فێرکـــردن و ڕاهێنانـــی پەروەردەیـــی بـــوون. مـــەلا، هەڵســـوڕێنەر و مامۆســـتای پەوەردەیـــی بـــوو. هـــەر لـــەو وەســـەتەدا بیرمەنـــدی کاریگـــەر

کاریـــان لەســـەر ڕۆڵـــی پـــەروەردە کـــردووە. نـــاوداری وەک جاحـــظ، ابـــن ســـحنون، فـــارابی، قابـــسی، اخـــوان الصفـــا، ابـــن ســـینا، مســـكوية، ســـهروردی، خواجـــە نصرالدیـــن طـــوسي، مولـــوی بلخـــی، امـــام محمـــد غـــزالی، ســـعدی، ابـــن خلـــدون، فیـــضی کاشـــانی.. نووســـینیان لـــەو بـــارە هەیـــە. ئەوانـــە هەموویـــان لـــە ڕوانـــگای دینییـــەوە دەیانڕوانییـــە ڕۆڵـــی پـــەروەردە و کۆمەڵگایەکـــی ســـوننەتیی کەمجووڵەیـــان بەرهـــەم دەهێنـــا (حریقـــة, ٢٠٠١).

ئەگـــەر ئاوڕێکـــی خێـــرا لـــە مێـــژووی پـــەروەردە لـــە کوردســـتان بدەینـــەوە، دەبـــێ بـــۆ زەمانـــی ساســـانییەکان بگەڕێینـــەوە. لـــە فەرمانڕانیـــی ئەوکاتـــدا، پیاوانـــی دینـــی زەردەشـــتی کـــە پێیـــان دەگوتـــن "مـــوغ"، ئەرکـــی پەروەردەیـــان بـــە ئەســـتۆوە بـــووە. هەروەهـــا خەتـــی بزمارییـــان بـــۆ نووســـینەوەی بنەمـــا باوەڕییەکانیـــان بـــە کار هێنـــاوە. پێـــش ئـــەوە هەخامەنشـــینییەکان و ئەوجـــا یۆنانییـــەکان، پەروەردەیـــان لـــەو ناوچەیـــە بـــە کار هێنـــاوە. پاشـــان دینـــی ئیســـلام هـــات و پێـــش خـــۆی ســـڕییەوە و ڕوانـــگای خـــۆی جێگیـــر کـــرد. کوردســـتان دوای فەتحکرانـــی، بـــۆ ماوەیەکـــی درێـــژ هیـــچ بایەخێکـــی پـــێ نـــەدەدرا، چونکـــە ســـەرزەمینێکی شـــاخاوی و دوورەدەســـت بـــوو. دوای فەتحکرانـــی ڕۆم (تورکیـــای ئێســـتا)، کوردســـتان بـــووە ســـەرەڕێی ئـــەوێ و بەغـــدا و ئێـــران. ئیـــدی لەوێـــوە ڕوانـــگای دینییانـــەی پـــەروەردە، لـــە هـــەردووک پارچـــەی عوســـمانی و ســـەفەویدا جیـــاواز بـــووە. هـــەردوو مەزهەبـــی ســـوننە و شـــیعە لـــەو بوارەشـــدا لـــە زۆرانبازیـــدا بـــوون.

دوای هاتنـــی کۆڵۆنیالیـــزم و دابەشـــبوونی ڕۆژهـــەڵات بـــۆ ســـەر ژمارەیـــەک دەوڵەتـــی نـــوێ، کوردســـتان بەســـەر ســـێ کولتـــووری عـــەرەب، تـــورک، فـــارس دابـــەش کـــرا. لـــە دەوڵەتـــی مۆدێرنـــی ناسیۆنالیســـتی ئـــەو ســـێ کولتـــوورەدا، ئامانجـــی پـــەروەردە تواندنـــەوەی کولتـــووری کـــورد بـــووە. لـــەو مێـــژووە درێـــژەدا، کوردســـتان هیـــچ کاتێـــک خاوەنـــی ڕوانـــگای ســـەربەخۆیانە بـــۆ پـــەروەردە نەبـــووە. بۆیـــە هیـــچ ئەزموونیکـــی لـــەو

بـــوارەدا نییـــە. ئـــەو وڵاتانـــەی کوردیـــان بەســـەردا بـــەش کـــراوە، خۆیـــان کێشـــەی پێشـــکەوتنیان هەیـــە، بۆیـــە لـــەو ڕووەشـــەوە ناتوانـــن ســـەرچاوە و نموونەیەکـــی بـــاش بـــۆ کوردســـتان بـــن. داگیرکارانـــی کوردســـتان خۆیـــان پاشـــکەوتوون، بۆیـــە ئـــەو خێـــرە کولتـــووری و زمانییـــەی کۆڵۆنیالیســـتەکان بـــۆ مســـتەعمەرەکانیان-دوای بەجێهێشـــتنیان- هەبـــوو، ئەمانـــە بـــۆ کوردیـــان نییـــە (هومـــی، ٢٠٠٦).

کوردســـتان بەدرێژاییـــی مێـــژوو هیـــچ دەرفەتێکـــی بـــۆ تەعبیرکـــردن لـــە خـــۆی نەبـــووە، بۆیـــە ئێســـتا لـــە هەرێمـــی کوردســـتاندا تەنگـــژەی ڕوانـــگای پەروەردەیـــی هەیـــە. سیســـتەمی پەروەردەییـــی هەرێمـــی کوردســـتان وەک کوێـــر لـــە تاریکیـــدا پـــەل دەکوتـــێ. حکوومـــەت لەبـــەر کێشـــە سیاســـییەکانی، پـــاش بیســـت ســـاڵ لـــە ڕزگاری تـــا ئێســـتا بـــە جیـــددی ڕوونـــی نەکردۆتـــەوە چ کۆمەڵگایـــەک و چـــۆن نەوەیەکـــی دەوێـــت! پێویســـتە بـــە دوا ئـــەو وەڵامـــەدا بگەڕێـــت و ســـتافی سیســـتەمی پەروەردەیـــی بـــۆ ڕابهێنـــێ و ئامادەیـــان بـــکات.

بێڕابردوویـــی، ســـایکۆلۆژیای لاســـاییکردنەوەی لـــە سیســـتەمی پـــەروەردەدا کردووەتـــە بـــاو. ئـــەوەش جۆرێکـــە لـــە بێڕوانگایـــی و سەرلێشـــێواوی. لاســـاییکردنەوە بـــە تەمبەڵیـــی بیرکردنـــەوە دادەنـــدرێ و جیلێـــک مانـــدوو و ســـەرگەردان دەکات. کوردســـتان پێویســـتە کەڵـــک لـــە خەزێنـــی زانســـتی و ئەزموونـــی جیهانـــی وەربگـــرێ تـــا خـــۆی پـــێ بدۆزێتـــەوە و پێناســـەی ئـــەو سیســـتەمە بـــکات کـــە بـــۆی پێویســـتە. یەکێـــک لـــە پێویســـتییەکانی دارشـــتنی ڕوانـــگای پەروەردەییـــی کوردســـتان، دەرخســـتنی ئاســـتی توانایـــی کولتـــووری کۆمەڵـــگای کوردســـتانە. توانایـــی مێژوویـــی و کارکردووانـــەی هەمـــوو کولتـــوورەکان وەک یەکـــدی نییـــە. بۆیـــە دەبـــێ بۆمـــان دەربکـــەوێ، سیســـتەمی پەروەردەییـــی کوردســـتان پێویســـتە لـــە کوێـــوە دەســـت پـــێ بـــکات و ئێســـتا چیـــی پـــێ دەکـــرێ؟ هەروەهـــا زانســـتیێتیی ئـــەو سیســـتەمە دابیـــن بکـــرێ و لـــە دەســـت ڕوانـــگای ئایینـــی و داب و نەریـــت بپارێـــزرێ. بـــۆ نموونـــە ناکـــرێ

نەوەیـــەک پـــەروەردە بکرێـــت و بـــۆی بـــاس نەکـــرێ ئینســـان و تواناییەکانـــی چیـــن. ئەمـــە لـــە سیســـتەم و ڕوانـــگای کوردســـتاندا قەدەغەیـــە.

کێشـەی زمـان و ئاسـتی تواناییـی زانسـتییانەی زمانەکـە و دابەشـبوونی بـە دوو شـێوەزار و ڕێکنەخسـتنیان، گرفتێکـی قورسـی دیکـەی سیسـتەمی پـەروەردەی کوردسـتانە. هیـچ پەروەردەیەکـی سـەرکەوتوو بەبـێ زمانێکـی دەوڵەمەنـدی زانسـتییانەی بـێ گیروگرفـت، نایەتـە دی. پێویسـتە لـە کوردسـتان زمـان چارەسـەر بکـرێ. ئینجا ئامادەکارانـی زانسـتی پـەروەرەدە لـە ڕووی زمانیشـەوە بـژار بکرێـن. بەبـێ هەڵاویشـتن (استثناء) هیـچ کتێبێکـی پەروەردە نییـە کـە پـڕ نەبێـت لـە هەڵـەی زمانیـی- نـەک ڕێزمانـی!- منداڵ لـە سـەرەتاییڕا بابەتێـک دەخوێنـێ کـە گـەورەکان دەزانـن هەڵەیـە و بـە هەڵـە فێـری دەکـەن! ئـەوە پێیدەگوتـرێ کۆڵـەواری لـە زمـان و زانینـدا.

کـــورد وەک میللەتێـــک پڕۆســـەی کامڵبوونـــی خـــۆی تـــەواو نەکـــردووە، بۆیـــە زۆر ئاســـاییە گیروگرفتـــی هەبێـــت. پێویســـتە سیســـتەمی سیاســـی، ڕوانـــگای خـــۆی کامـــڵ بـــکات تـــا بتوانـــێ تواناییەکانـــی وڵات کـــۆ بکاتـــەوە و پازێـــک بـــۆ ســـەرەوەی بەرژەوەندیـــی تەســـک لـــە حیزبایەتـــی و هەرێمایەتـــی و شـــێوەزارێتی بهاوێـــت و پەروەردەیەکـــی بەرهەمهێنـــی کۆمەڵـــی هاوچـــەرخ پێـــک بخـــات. زۆر میللەتـــی دیکـــەش کێشـــەی لـــەم جۆرەیـــان هەبـــووە و چارەســـەریان کـــردووە. لـــەم ڕووەوە، ئەمـــە کێشـــەیەکی جیهانییـــە کـــە گەلانـــی جیهانـــی ســـێیەم بەدەســـتییەوە دەناڵێنـــن. بەڕاســـتی کوردیـــش لەنـــاو بالـــۆرەی ئـــەم ناڵاندنەدایـــە.

## ٤-٢ بنەماکانی توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردستاندا

کێشـــەی توندوتیـــژی وەک هەمـــوو کۆمەڵگاکانـــی دیکـــە، یەکێکـــە لـــە کێشـــە ســـەرەکییەکانی کۆمەڵـــگای کوردســـتان. ئـــەو دیاردەیـــە لـــە زۆر لاوە ســـەرچاوە دەگـــرێ. هەڵبـــەت لـــە پێشـــەوە پێویســـتە پێناســـەیەکی ئاســـانفامی ئـــەو دیاردەیـــە بکـــەم: توندوتیـــژی بریتییـــە لـــە هەمـــوو

جۆرەکانی ئازاردانی جەستەیی و ڕووحی، جا بە هەر شێوازێک بێت کە تاک یان ئەندامانی کۆمەڵێک یان کەسانی سەر بە چینێک یان جەندەری و دینی و ڕەگەزی و تەمەنی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بخاتە بەر هەڕەشە و پەلاماردان. ئازاردانەکە لەوانەیە جەستەیی و فیزیکی بێت وەک لێدان یان پەلاماردانی بە چەک. لەوانەشە دەروونی بێت وەک بێبەشکردن و سووکایەتیپێکردن و لە پلەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی ژماردن و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕووی یاسایی یان ئابووری یان دەرفەت نەدان هتد، گوشاری بخرێتە سەر (عباس، ۲۰۱۱).

توندوتیژی بە هەموو شێوەکانی و لە هەموو ڕێگاکانەوە توانایی تاک دەپڕووکێنێ و لە دەرفەتی ژیانی ئاسایی بێبەشی دەکات، هەر بۆیە ئینسانییەتی تاک زەوت دەکات و کەرامەتی مرۆڤایەتییانەی پێشێل دەکات. لەو حاڵەتەدا لە کێشەیەکی شەخسییەوە دەبێتە کێشەیەکی گشتی، چونکە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی ئەرکی هەموو ئینسانەکان و خودی کۆمەڵگایە. پێشێلکردنی کەرامەت، پێشێلکردنێکی ڕووتی ئەخلاقییە و لە سەرانسەری جیهاندا وەک یەکە و یەک مانای هەیە، هەر بۆیە بووەتە ئەرکێکی جیهانی. بەو مانایە هەر کەسێک توندوتیژی بە کار بێنێ یان ببینێ و بزانێ کە بە کار دێت و هەڵوێستی نەبێت، ئەوا بەهایەکی گەورەی مرۆڤایەتی پێشێل دەکات و دەگلێتە کردەوەیەکی بێڕەوشتییانەوە. ئەو کەسانە لۆمە و سزادانی کۆمەڵگا دەیانگرێتەوە و بە مەترسی بۆ سەر هەمووان، دەژمێردرێن (گار و هاوکینز، ۱۳۸۸).

توندوتیژی لە درووستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە وەک پەتایەکی دڕندانەی هاوبەش لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکان، لەگەڵ مرۆڤی نەزان و پەروەردە نەکراوی شێوێندراو و نەخۆش هاتووە. قەڵاچۆکردنی ڕەفتار و باوەڕ و پلەی توندوتیژ، ئەرکێکی بەردەوامی پرۆسەی پێگەیشتنی مرۆڤایەتی بووە. هەر لە ئەفسانەکانەوە بگرە

تـــا دینـــەکان و پێغەمبـــەرەکان، هەروەهـــا زانـــا و بیرمەندەکانـــی کۆمەڵـــگا جیاجیـــاکان، هەوڵـــی بێوچانیـــان بـــۆ کەمکردنـــەوە و نەهێشـــتنی ڕەفتـــاری توونـــد و ســـڕینەوەی بـــاوەڕی توونده‌هێنـــەر و تەعدیلکردنـــی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان و پلـــە و پایـــە نـــاڕەواکان داوە. لـــە قۆناغـــی نـــوێ و مۆدێرنـــدا، پێشـــکەوتنە زانســـتییەکان و خەزێنـــی زانیاریـــی (مەعریفـــە) مرۆڤایەتـــی و دەســـتەڵاتی قانوونـــی و شـــێوازەکانی پـــەروەردە و تەندرووســـتی، بـــۆ نەهێشـــتنی ڕەفتـــاری توونـــد و گوشـــاری دەروونـــی تەرخـــان کـــراون. کەواتـــە ئێمـــە باســـی نەخۆشـــییەک دەکەیـــن کۆنـــە، بـــەڵام بـــەردەوام تواناییـــی زاوزێ پێکردنـــی خـــۆی لـــە هـــەر تـــرازان و ئـــازار و دیاردەیەکـــی نـــوێ وەردەگرێتـــەوە. بۆیـــە چاودێریـــی بەردەوامـــی پێویســـتە و ئـــارام و ئازادڕاگرتنـــی کۆمەڵـــگا زامنـــی کەمکردنـــەوە و ســـەرهەڵنەدانەوەیەتی (حریقـــة، ٢٠٠١ب ).

مـــرۆڤ بوونەوەرێکـــی ســـاغ و هـــەر لـــە ئەزەلـــەوە بێعەیـــب نەبـــووە، بەڵکـــوو پـــڕ لـــە نەزانـــی و دڕندەیـــی و نەخۆشـــیی ڕووحـــی و جەســـتەیی بـــووە، بۆیـــە پێویســـتە بزانیـــن توندوتیـــژی کۆنـــە، بـــەڵام فـــتری نییـــە و دەکـــرێ لـــە ئینســـان دوور بخرێتـــەوە. هەمـــوو ئـــەو نەخۆشـــییانەی لـــە ئەنجامـــی نەزانـــی یـــان خراپـــی پـــەروەردە یـــان نەقســـی جەســـتەیی یـــان کارەســـاتی گـــەورە تووشـــی مـــرۆڤ دەبـــن، دەبنـــە ســـەرچاوەی ڕەفتـــاری توونـــد. ڕەفتـــاری توونـــد لەوانەیـــە لـــە ئازاردانـــی بچووکـــەوە دەســـت پـــێ بـــکات تـــا دەگاتـــە تاوانـــی کوشـــتن (عبـــود، ٢٠٠٢).

ڕەفتارتوونـــد لەوانەیـــە فیزیکـــی بێـــت یـــان گوشـــاری دەروونـــی بێـــت. بـــۆ نموونـــە ئەگـــەر لـــێ بـــدرێ ئـــەوا فیزیکییـــە (جەســـتەیی)، بـــەڵام ئەگـــەر لـــە ڕووی ئابـــووری یـــان سیاســـی یـــان دەرفەتـــی کار و خوێنـــدن بێبـــەش بکـــرێ، ڕاســـتەوخۆ دەکەوێتـــە ژێـــر گوشـــاری دەروونییـــەوە. لـــە کۆمەڵـــگادا چەنـــدان جـــۆری ڕەفتـــاری توونـــد هـــەن کـــە هەندێکیـــان لـــە ســـتراکتۆری (ڕایەڵـــە و تەونـــی) کۆمەڵایەتییـــەوە دێـــن. وەک سیســـتەمی ئابووریـــی چەوســـێنەر، پلـــە و پایـــەی کۆمەڵایەتـــی جیاوازیـــکار، جیاوازیـــی ئایینـــی

یــان ڕەگــەزی و نەتەوایەتــی. لێــرەدا دەبــێ سیســتەم چــاک بکــرێ تــا ســتەم نەمێنــێ (ژیــژک،١٣٩٠).

بــاوەڕی کۆمەڵایەتــی دەرهــەق بــە ئافــرەت، ســەرچاوەیەکی زەبەلاحــی نانــەوەی ڕەفتــاری توونــد و زوڵــم و ســتەمی کۆمەڵایەتییــە. بــە کەمزانینــی ئافــرەت و مافــی بەرابــەر پێنــەدان لەگــەڵ پیــاو و ڕەفتــاری کۆیلەییانــە لــە پەیوەندیــی ڕۆژانــەدا، بەکارهێنانــی هێــزی جەســتەیی پیاوانــە و دەســتەڵاتی سیاســی و ئابــووری و کارگێــڕی بــۆ دەســتەمۆکردنی سێکســی، پــەروەردەی ناوخێزانــی جیاوازیــکار دەرهــەق بــە ژن، لەبەرچاونەگرتنــی ئەرکــە بایۆلۆژییەکانــی زاوزێــی بەشــەر، لــە ڕێــی ژنــەوە و قەرەبوونەکردنــەوەی لــەو هۆیــەوە، بــۆ کاتــی منافەســەی کار و بەشــداریی کۆمەڵایەتــی، ســەرچاوەی نابەرابەریــی ســتەمێکی ســەرتاپاگیرە لــە نــاو کۆمەڵــگادا. داپڕووکانــدن و شــێواندنی ژن، سیســتەمی پــەروەردەی خێــزان و کۆمەڵــگا دەشــێوێنێ و پیــاوان و ژنانــی شــێواو و توندوتیــژکار دەداتــە دەر (دوبــووار، ١٣٩٩).

کێشــەکانی خێزانــی، بەتایبەتــی لــە نێــوان دایــک و باوکــدا، یەکێکــە لــە هۆکارەکانــی ڕوانــی ڕەگــەزی توونــد لــە منداڵــدا. هەروەهــا بــاوەڕ و دابــی ڕەفتــاری ڕەق لەلایــەن بــاوک و دایکــەوە، یەکێکــی دیکەیــە لــە هۆکارەکانــی ڕەفتــاری توندوتیــژ لــە لای منداڵەکانــەوە. پــەروەردەی نامونەززەمــی خێزانــی کــە پــڕە لــە خورافــە و بــاوەڕی ناڕاســت، منــداڵ لەســەر توونــدی ڕادێنــێ. لەدەســتدانی یەکێــک لــە دایــک و بــاوکان یــان هەردووکیــان، بەهــۆی شــەڕ و جینۆســاید و ئاوارەییــەوە، ڕەفتــاری توونــد دەڕوێنــێ.

ژینگــەی نامناســب و نەشــیاو بــۆ ژیــان و پــەروەردەی بــاش، هۆکارێکــی دیکــەی ڕواندنــی ڕەفتــاری توونــدە. تێکچوونــی گونــدەکان و ڕاگواســتن و بــاری نالەبــاری ئــۆردووگاکان و وێرانکرانــی ژمارەیــەک شــار، هەروەهــا ژیانــی ئاوارەیــی لــە دەرەوەی وڵات و نــاوەوە، ترازانــی ژیانــی ئاســاییی خێــزان و کەمبوونــەوەی تواناییەکانیــان، لایــە جیاجیاکانــی

ژینگـــەی نەشـــیاوی کوردســـتانن، بەتایبەتـــی لـــە پێـــش ڕاپەڕیـــن و دە ســـاڵی دوای ڕزگاری.

بـــاوەڕە کۆمەڵایەتییـــە کـــۆن و لەباوکەوتووەکانـــی کوردســـتان، زەمینەیەکـــی دیکـــەی درووســـتکردنی ڕەفتـــاری توونـــدن. ئـــەو باوەڕانـــە لـــە ڕێـــی خێـــزان و خـــودی کۆمەڵـــگا و هەندێکیـــش لـــە قوتابخانـــەوە بـــۆ منـــداڵ دەگوازرێنـــەوە؛ وەک لاگیریـــی کوێرانـــە بـــۆ خێـــڵ و خێـــزان و ئاییـــن و نەتـــەوە و چاندنـــی ڕووحـــی تۆڵەکردنـــەوە لـــە ڕووداوەکانـــدا. مەعریفـــەی کۆکـــراوەی دەمەکـــی و ســـینە بـــە ســـینە کـــە بەشـــی زۆری بـــاری دەروونیـــی منـــداڵ گـــرژ دەکات و ڕەفتـــاری نەشـــیاوی تێـــدا دەچێنـــێ. ئـــەوە جیـــا لـــە بـــاوەڕە زیانمەندەکانـــی لەوەوپێـــش ئیشـــارەم پـــێ کـــردووون.

پـــەروەردەی دینـــی لـــە هەندێـــک بـــواردا، بـــە ئامانـــج و ڕوانـــگای ئایدیۆلۆژیـــی توندڕەوانـــە ئەنجـــام دەدرێ و بەمـــەش منـــداڵ لەســـەر بەرچاوتەنگـــی و ڕەتکردنـــەوەی هەمـــوو هاووڵاتیـــان ڕادێنـــدرێ و بـــۆ ڕەفتـــاری توونـــد ئامـــادەی دەکـــەن (الجزائـــری، ٢٠١١).

ڕەگـــەزی پیـــاو هـــەر لـــە پێکهاتـــەی خۆیـــدا بـــۆ هەڵچـــوون و کـــردەوەی توونـــد و تـــاوان ئامادەیـــی هەیـــە، خـــۆ ئەگـــەر پـــەروەردەی هێمـــن و زانســـتی و ڕەواخوازانـــەی نەکـــرێ، ئـــەوا بـــە ئاســـانی هێـــزی جەســـتەیی و پێگـــەی زاڵـــی جەنـــدەری خـــۆی، بـــۆ پەلامـــاردان بـــە کار دێنـــێ. هەندێـــک شـــوێن لـــە مێشـــکی ڕەگـــەزی نێرینـــەدا ئەرکـــی هەڵچـــوون و پەیامـــی توونوندانـــدن دەگێـــڕن، بۆیـــە دەبـــێ زۆر بـــە ئەســـپایی و جیددییەتـــەوە کـــوڕ پـــەروەردە بکرێـــن و ئـــارام ڕابێندرێـــن. لـــە بـــاوەڕی کۆمەڵایەتیـــی کوردســـتاندا، بـــۆ ڕەفتـــاری توونـــد، کـــوڕ ئامـــادە دەکـــەن و لـــە کاتـــی پێویســـتدا هانیشـــی دەدەن. ئـــەوە یەکێـــک لـــە ســـەرچاوەکانی خولقاندنـــی تو و ند تیژ ییـــە .

ژێردەســـتەیی کوردســـتان، بیـــر و هەڵوێســـت و کاری شۆڕشـــگێڕانەی

کردووەتــە پێویســتی ژیــان. هاووڵاتــی کوردســتان بــە درێژاییــی ژیانــی، لەنــاو بــاری سیاســی و کۆمەڵایەتیــی بندەســتیدا دەژییێــت. تــا ڕاپەڕینــی ١٩٩١ کوردســتانی باشــووریش بــە هەمــان شــێوە بــوو، ترســناکترین شــێوازی قەڵاچۆکردنــی ئیتنیکــی بەخــۆوە بینــی. هەندێــک کەمــتر لــە نیــوەی کوردســتانی عێــڕاق، تــا ســاڵی ٢٠٠٣ لــە هەمــان بــاری ترســناک دەژیــا و ئێســتایش لــە بارودۆخێکــی نائاســایی لەســەر عێــراق ماوەتــەوە. بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی، لــە نــەوەد ســاڵ پێــش ئێســتاوە هەیــە، بۆیــە بــاب و باپیرانمــان لەگەڵــی ژیــاون و باوەڕەکانیــان فرچــک داویــن. گیانــی بەرەنگاربوونــەوە، پێویســتی بــە پیــاوی جەنــگاوەر و لەخۆبــوردوو هەیــە. زەبروزەنگــی شۆڕشــگێڕی ئایدیۆلۆژیــا و شــێوازی پــەروەردەی خــۆی هەیــە: داری ئــازادی بــە خوێــن ئــاو نــەدرێ قــەت بــەر ناگــرێ.. ســەربەخۆیی بــێ فیــداکاری ئەبــەد ســەرناگرێ. لــە ڕووی توندوتیــژەوە، ئــەم دۆخــە بەرهەمهێنەرێکــی بــە پیتــە. شۆڕشــگێڕ بــە لای زۆریــدا، کەســێکی توندوتیــژ و یەکلاییکارەوەیــە (باقــر، ٢٠١٦).

لــە ئێســتادا، منافەســەی حیزبــی و سیاســی بــە شــێوەیەکی زۆر زبــر لــە برەودایــە. ئــەوەش وا دەکات هەمیشــە گیانــی لایەنداریێتیــی توندڕەوانــە کــە لەبــۆ خێــڵ و ئاییــن و خوێــن هەبــووە، لــەو بوارەشــدا بــۆ ئامانجــی حیزبــی و سیاســی بژێتــەوە. شــەڕەکانی ناوخــۆ و خۆپیشــاندانەکانی ئۆپۆزســیۆن و بەرەنگاربوونەوەکانــی حیزبــە فەرمانڕانــەکان، زۆر ڕووی ئــەو توندوتیژییەیــان نیشــان دایــن. ئــەو ڕووداوانــە ســەلماندیان کــە منافەســەی توونــدی سیاســی و حیزبایەتــی، ئەنجامــی زۆر مەترســیداری کۆمەڵایەتــی دەبێــت و ســەرچاوەیەکی دیکــەی بڵاوکردنــەوەی توندوتیژییــە.

کۆمەڵکوژکرانــی کــورد لــە زەمانــی داگیــرکار و کیمیابارانــی شــار و گونــدەکان، شــەڕی نێــوان پێشــمەرگە و ســوپای عێــراق، دوایــی شــەڕی ناوخــۆ، ئەوانــە هەموویــان و بەبــێ ڕاوەســتان لەســەر جیاوازییەکانیــان، ڕەگــەزی توندوتیژییــان چانــدووە. ئــەوە جیــا لــەو شــێواندن و

نەخۆشییە دەروونییەی لەلای قوربانییەکان و پاشماوەکانیان دروستی کردووە کە ئەوەش یەک بە باری خۆی، لە دیاردەی توندوتیژیدا بەشداری دەکاتەوە.

لاگیری و تەعەسوبی ناوچەیی و شێوەزاری و عەشیرەتی، جۆرێکی دیکەی ڕەفتارتووندی و خولقاندنی بارگرژیی کۆمەڵایەتییە. شەپۆلی جیهانی بۆ خۆهەڵدانەوەی سەرەڕۆیانە و ناواقیعیانەی دین و ناسیۆنالیزم، کوردستانیشی گرتۆتەوە و بووەتە دانووی باوەڕی توندڕۆیی و ئامادەکاری بۆ ڕەفتاری ناوخۆیی گرژ.

چەک هەر لە کۆنەوە لە ماڵەکاندا هەبووە و هەمیشە ئامرازێکی بەردەست بووە بۆ پەنابردنە بەر ڕەفتاری توند. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دیسان دەبوا چەک بە کار بێنێ، ئەویش بەشداری لە هێشتنەوەی چەکدا کردووە. ئێستا لە قۆناغی ڕزگاریدا، چەک هەر بەدەست خەڵکەوە ماوە و هەڕەشەکە وەک خۆی ماوەتەوە.

سیستەمی ڕاگەیاندنی کوردستان، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دروست بووە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاک نەکراون و بە یاسایەکی بەکەڵک ڕێک نەخراون. بەشداریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و ئامێرە دیجیتاڵییەکان ڕێک نەخراون و بەبێ دەربەستی، هەموو بەرهەمێکی توند و شەڕانگێزی دەکەوێتە بەردەستی خەڵک، بەتایبەتی منداڵ و نەوجەوان و گەنجان دەنگێوێ. فلیم و هەواڵ و بەرهەمی ڕاگەیاندن کە جەنگ و کوشتار نیشان دەدەن، بە جۆرێکی ترسناک ڕەفتاری توند بەرهەم دێنن (جهانبگلو، ١٣٨٦).

سیستەمی ئابووریی وابەستە و داپنگاو لە نابەرابەری و بێبەشیدا، هەر لەخۆیدا سایکۆلۆژیای بەرەنگاری و ڕەفتاری توند دروست دەکات. پشتبەستن بە سامانی نەوت و دوورکەوتنەوە لە بەرهەمهێنان و سامانی کشتوکاڵی، دانیشتوانێکی بێکار و چاوەڕوانی

درووســـت کـــردووە کـــە هـــەر لەخۆیـــدا بـــە ئاســـانی لـــە هەڵچوونـــدا پەنـــگ دەخواتـــەوە و کەرەســـتەی توندوتیـــژی لـــە ســـەرچاوەکانی پێشـــوو وەردەگرێـــت و خۆیشـــی بەشـــداریی بەرهەمهێنانـــەوەی تێـــدا دەکات. لـــەو دۆخـــەدا دیـــاردەی گەندەڵـــی و ســـامانگیری، جیاوازیـــی کۆمەڵایەتـــی و پاڵنانـــی خەڵـــک بـــۆ نـــاو پۆلبەندییـــە چینایەتییـــەکان بـــە خێرایـــی دەخـــات. ئـــەو دیاردانـــە هـــاوکاری و بەهاناچوونـــی کۆمەڵایەتـــی کـــەم کردۆتـــەوە و هاووڵاتیـــان بەرانبـــەر چارەنووســـی یەکـــدی بێبایەخـــن. گیانـــی خۆشەویســـتی و بەزەییهاتـــن و لێبووردەیـــی زۆر کـــەم بووەتـــەوە.

لـــەم دۆخـــەدا پاشـــکەوتنی کۆمەڵایەتـــی بـــە هەمـــوو ڕەگـــەزە مـــاددی و مەعنەوییەکانییـــەوە، خـــۆی دەژێنێتـــەوە و لـــە ڕووکارێکـــی نوێـــدا، کۆمەڵگایەکـــی کۆنمـــان بـــۆ درووســـت بـــووە. زمانەکەمـــان هیـــچ بایەخـــی پـــێ نـــادرێ و پڕۆســـەی دەوڵەمەندبوونـــی لاوازە و لـــە دوو پارچەییـــدا چەقیـــوە. لەکاتێکـــدا بـــە فراوانـــی دەرگای وڵاتەکەمـــان لەســـەر بەجیهانیبـــوون کراوەتـــەوە، پێویســـت بـــوو زمانەکەمـــان بایەخێکـــی زۆری پـــێ بـــدرێ، تاکـــو دەروازەی لێکتێگەیشـــتنی هاووڵاتیـــان لەگـــەڵ جیهانیـــان بێـــت. شـــێوەی ژیـــان و کاڵا و تێکنۆلۆژیـــای ڕۆژانـــە، لێشـــاوی زانیـــاری و زانینـــی نـــوێ لەگـــەڵ گونجایشـــی کـــەم و نوێنەبوونـــەوەی چەمکەکانـــی زمانەکەمـــان ڕووبـــەڕوو بووەتـــەوە. ئەمـــە لـــە خۆیـــدا بشـــێوی و هەڵچـــوون و لێکحاڵینەبـــوون درووســـت دەکات و بەشـــداری لـــە ســـایکۆلۆژیای توونـــددا دەکات (کسرایـــی، ١٣٨٤).

ســـەرباری هەمـــوو کێشـــەکانمان، دیســـان زانیـــاری و میتۆدگەلێکـــی فراوانـــی جیهانـــی بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوە و چارەســـەرکردنی ڕەفتـــاری توونـــد هەیـــە. دەتوانیـــن لێیـــان بکۆڵینـــەوە و لێیـــان فێـــر بیـــن. دەتوانیـــن ڕێـــگای بەرزەفتکـــردن و ڕێگاچـــارەی توندوتیـــژی تایبـــەت بـــە کوردســـتان بدۆزینـــەوە و گرفتەکانمـــان چارەســـەر بکەیـــن. ئاســـانترین و تاکـــە ڕێـــگا چاککردنـــی سیســـتەمی پەروەردەیـــە. لـــە پـــەروەردەوە کۆمەڵـــگا بـــەرەو ڕوویەکـــی نـــوێ پـــاڵ دەنـــدرێ. دەبـــێ بزانیـــن چ نـــۆع کۆمەڵگایەکـــمان

دەوێ و کام چەشــنی بــۆ هاووڵاتــی کوردســتان لــە بەرچــاوان گرتــووە.

بەرەنگاربوونــەوەی تووندوتیــژی پرۆســەیەکی مێژوویــی و درێــژە، ڕووی لــە بەئینســانکردنی بنیاتەمدایــە. زانســت و ئەزموونــی خــۆی هەیــە. هیــچ کۆمەڵگایەکیــش بەبــێ حەلکردنــی ئــەو کێشــانەی، تاقەتــی پێشــکەوتنی وەبــەر نایەتــەوە. کوردســتانیش هەروایــە (هایامــی، ١٣٩٧).

## ٣-٤ خۆرافە، ئەفسانە، ئوستوورە لە ژیانی ئەمڕۆی کوردستاندا

خوڕافــە، بریتییــە لــەو زانیارییــە تایبەتییــەی مــرۆڤ بەبــێ بنەمــا، بــۆ لێکدانــەوە و چارەســەری دیاردەیەکــی سرووشــتی، کۆمەڵایەتــی یــان ئینسانناســی هەڵیدەچنــێ. وەک دیــارە هەمــوو زانیارییــەک ڕاســت و زانســتی نییــە. خوڕافــە زانیارییەکــی لــەو جۆرەیــە کــە لــە واقیعێکــی دیاریکــراودا و لــە قۆناغــی یەکەمــی پرۆســەی جیابوونــەوەی بنیاتــەم لــە ڕەوەی ئــاژەڵان، بــە ناچــار پاســاوی خۆیــان پــێ دەدا و بــۆ چارەســەری ئــەو هەمــوو بوونــە سرووشــتی و کۆمەڵایەتــی و نەفســییە، هــەر ئەوەندەیــان لەدەســت دەهــات. خوڕافــە هەوڵــی یەکەمــی بنیاتەمــە بــەرەو دۆزینــەوەی ڕاســتییەکان و ناســینی هــۆکاری ڕووداوەکانــی دەوروبــەری و بنیاتنانــی ئــەو زانســتەی ئەمــڕۆ هەمانــە.

ئەگــەر ئەوهــا لــە خوڕافــە بگەیــن، ئــەوا تــێ دەگەیــن واقیعێــک درووســتی کــردووە، بۆیــە حەقیقەتــی هەیــە. حەقیقــی بوونــی خوڕافــە وجــوودی ئــەو دەســەڵمێنێ و لــە کاتــی خۆیــدا وەســیلەی ژیــان و لەســەرپێ وەســتانی بنیاتــەم بــووە. هەڵبــەت حەقیقیبوونــی خوڕافــە لــە ڕووی مێژووییــەوە قیمەتــی هەیــە ئەگینــا پاســاوی ڕاســتبوونی بــۆ نــاکات. خوڕافــە لــە مێــژووی زانیاریــی مرۆڤــدا قیمەتــی خــۆی هەیــە و بووەتــە بــەردی یەکەمــی بناغــەی مەعریفەتــی بەشــەری و، تــا ئــەم زەمانــەش درێژبوونــەوەی خــۆی بــە نــاو کولتوورەکانــدا دەپارێــزێ.

بنیاتــەم دەبــووا لــە هیچــەوە دەســت پــێ بــکات و بــە مێشــکی بەتــاڵ

هەندێــک حوکــم بــدات، تــا بتوانــێ لەســەر پێــی خــۆی بووەســتێ و ئەزمــوون کــۆ بکاتــەوە و فێــر ببــێ و ئینجــا بــاوەڕە خورافییەکانــی ڕاســت بکاتــەوە. ئــەو هەوڵــی ڕاســتکردنەوەیە، کاروانــی زانســتی بــەڕێ خســت. کاتێــک ســەرنج دەدەینــە ئەفســانەکانی پێنجهــەزار ســاڵ بــەر لــە ئێســتای دۆڵــی ڕافیدێــن، کــە هــەر ئەوانیــش لــە ســفرەکانی تەوراتــدا دارێژراونــەوە، دەردەکــەوێ بنیاتــەم بــە زمانێکــی ســادەی بــێ بنەمــای زانســتی، بــێ کەمتریــن ئەزمــوون، بــێ هێــز، ترســنۆک و لێوڕێــژ لــە دڵەڕاوکــێ، دەســتی بــە ژیــان و جــووڵان بــەرەو پێشــەوە کــردووە. ڕابردوویەکــی تاریــک و بێزانیــاری، زاکیرەیەکــی بەتــاڵ و هەســتێکی تەمــاوی، پاڵنــەری هۆنینــەوەی خۆڕافــە و ســیحرەکانی بــووە. لــەو حاڵەتــدا هۆنینــەوەی هــەر خورافەیــەک، ئیرادەیــەک بــووە بــۆ هەنگاونــان بــەرەو زانیاریــی زیاتــر. بــاوەڕە خورافییــەکان بوونــە هەوێنــی هۆنینــەوەی ئەفســانەکانی. ئەفســانەکانیش مێــژووی بــە هزرداهاتــووی بنیاتەمــی ئــەوکات بــووە. هــەر ئەوەیــە لــەم ڕۆژگارەدا بــەو هەمــوو زانســت و زانیارییــە تۆکمەیــە، ئینجــا ڕەگــی خورافــە لــە قووڵاییــی مێــژوو هــەر دەرناکێــشرێ! ئــەوە خاســییەتە هەرەســەرەکی و ماندەنییەکانــی کولتــوورە؛ کــە باوەڕێکــی لەخۆیــدا گونجانــد ئــەوە لــە کــردەوەی ژیانسازیشــدا جێــی بــۆ دەکاتــەوە و ئەرکێکــی پــێ دەســپێرێ و بــە پێکهاتەکانــی دیکــەی نــاو خــودی کولتــوور و ئەرکەکانیــان دەیلکێنــێ. کولتــوور ئاوهــا ســتراکتۆری خــۆی درووســت دەکات. بۆیــە هەمــوو ڕاهاتــن و بارهاتنــە کولتوورییــەکان بەهــا و بایەخــی مێژووکــردی خۆیــان هەیــە. کولتــوور بــەو شــێوەیە ڕێ بــۆ ژیــان دەکاتــەوە (عبــاس ،٢٠١١ب).

بنیاتەمــی ســەرەتای مێــژوو، لــە پەیوەندییەکانــی هەورەتریشــقە و بــاران و بەفــر نەدەگەیشــت، بــەڵام هەســتی بــە لافــاو و ســەرما و بەســتەڵەک و بروســک لێــدراوان دەکــرد. ئــەوە توانایــی زاتــی ئــەوە بــەرەو زانیــن پاڵــی دەدات و بــە لێکدانــەوەی خــۆی، هۆکارەکــەی لــە بوونــی خواوەندێکــی رقئەســتووری ســەرەوەی هــەورەکان دەزانــێ. بــۆ کەمکردنــەوەی ڕقبارانــی ئــەو خواوەنــدە، قوربانــی لــە خۆشەویســتەکانی

خـــۆی یـــان لـــە ســـامانە بـــە نرخەکانـــی خـــۆی بـــۆ دەکات. دەکـــرێ قوربانیکردنـــی منـــداڵ، ئـــاژەڵ، ســـامان وەک نموونـــە بێنینـــەوە.

ســـڕینەوەی بـــاوەڕە خوڕافییـــەکان کارێکـــی ئاســـان نییـــە، چونکـــە لـــە قووڵاییـــی زاکیـــرەی مێژوویـــی هـــەر تاکێکـــدا نەقـــش بـــووە. بـــۆ نموونـــە ئێمـــە خۆمـــان یـــان دەوروبەرمـــان، بەپێـــی بـــاوەڕە خوڕافییـــەکان دەجووڵێینـــەوە. کـــە باســـی لـــێ دەکـــەن، لـــە وەڵامـــدا دەوتـــرێ لـــە کۆنـــەوە (لـــە باوباپیرانمانـــەوە) بۆمـــان هاتـــووە و لەســـەری ڕاهاتوویـــن. هەڵبـــەت هـــەر لەســـەرڕاهاتنێکیش تـــام و چێژێکـــی هەیـــە و ویژدانـــی خـــۆی و ڕەزامەندیـــی دەوربـــەر دابیـــن دەکات. تەنیـــا زانیاریـــی نـــوێ و بـــە زانســـتە کـــە لـــە ژیانـــدا کاری پـــێ دەکـــرێ و ڕەزامەندیـــی دەوروبـــەر دابیـــن دەکات، دەتوانـــێ بەرەنـــگاری خوڕافـــە ببێتـــەوە، بەتایبەتـــی نـــەوەی نوێـــی لەســـەر پـــەروەردە بکـــرێ. بۆیـــە بەلاوەنانـــی خوڕافـــە دەبـــێ بـــە میتۆدێکـــی ئەوتـــۆ بێـــت کـــە لەگـــەڵ ســـڕینەوەی جەهـــل و نەزانیـــن بگونجێـــت (خشـــبة ، ٢٠٢٠).

ئەفســـانە بریتییـــە لـــە گێرانـــەوە و تێکەڵکێشـــکردنی ڕووداو و ســـەرکەوتنەکانی بنیاتـــەم لـــە ڕۆژگاری نەزانینـــدا. ئەفســـانە هـــەوڵ و تەقـــەلای بنیاتـــەم دەســـەلمێنێ بـــۆ ڕەواندنـــەوەی هەڕەشـــە و ترســـەکانی، ســـەرکەوتنی بەســـەر گرفتـــەکان و وەبەرخۆنانـــی هێزێـــک کـــە لـــە بانـــەوەی تواناییـــی تاکـــی ئاســـاییە. لـــە ئەفســـانەدا وردە وردە ڕەگـــی زانیـــن لـــە بەرانبـــەر نەزانینـــدا زیـــاد دەبـــن، بـــەڵام کۆتاییـــی بـــە جەهـــل و خوڕافـــە ناهێنـــێ. بـــە پێچەوانـــەوە ئەفســـانەکان خوڕافـــە دەچەســـپێنن و دەیکەنـــە مێـــژووی میللەتێـــک. ڕوانـــگای ژیانـــی کۆمەڵگایـــەک پێناســـە دەکـــەن و تیپـــی چاوەڕوانکراوەکانـــی دادەڕێژێـــت. ئەفســـانە جگـــە لـــە مێـــژوو، پەروەردەشـــە (گیدنـــز، ١٣٨٣).

مێـــژووی هـــەر میللەتێـــک لـــە ئەفســـانەکانییەوە دەســـت پـــێ دەکات، بۆیـــە ناکـــرێ دەســـت بـــە نووســـینەوەی مێـــژووی کۆنـــی کۆمەڵگایـــەک بکـــرێ بـــەڵام تێکەڵـــی خوڕافـــە و ئەفســـانەکانی نەبێـــت. ئەفســـانە هۆنینـــەوەی

ڕووداوە کاریگەرەکانی هەر میللەتێکە، بۆیە دەبێتە هەوێنی ڕوانگای گشتیی کۆمەڵگا بۆ خۆی و دەوروبەرەکانی. ئەفسانە واقیعییەت بە باوەڕە خوڕافییەکان دەدات و دەیکاتە دەقێکی ددانپیانراو. خوڕافە هەویری خشتەکانی بینای ئەفسانەکانە. ئەوە چارەنووسی بنیاتەم بوو کە دەبوو لەوێوە دەستی پێ بکات.

ئەفسانە، ڕوانگای یەکەمی کۆمەڵایەتی بۆ پەروەردە دانا و بۆ کاتی خۆی بەها ئەخلاقییە پێویستەکانی تۆمار دەکردن و سنگاوسنگ بۆ نەوەکانیان دەگێڕایەوە. بۆیە هیچ پەروەردەیەک لە هەواوە دانەبەزیوە و لە خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکوو ئەزموونی کۆمەڵەکانی ئەوکاتن کە بۆ بەردەوامیی ژیان پێی دەگەیشتن. کەواتە خوڕافە لە ڕێی باوەڕ و ئەفسانەکانەوە دەبووە کەرەستەی پەروەردەکردنی جیلەکان. ئەفسانەکانی دۆڵی ڕافیدێن (میزۆپۆتامیا) و دۆڵی نیل بوونە کەرەستەی سەرەکیی باوەڕە دینییەکانی دوای خۆیان. هەڵبەت لە هەر ڕۆژگارێکدا گۆڕان و زیادی دەکرایە ناو ئەفسانەکان. داستانەکانی ناو تەوڕات لە ئەفسانەکانی ئەو ناوچانە هەڵێنجراون و لە هەندێک باردا دەقەکان وەک یەکن. کەواتە خوڕافە لە ڕێی ئەفسانەوە، باوەڕە کۆمەڵایەتییە پەسندەکانی ئەوکات، هاتە ناو باوەڕە دینییەکانیش. هیچ کام لە سفرەکانی تەوڕات بەدوور لە ئەفسانە باوەکانی ئەو زەمان نین. هەڵبەت لێرەدا مەبەستی من هەموو بەشەکانی تەوڕات نییە، بەڵکوو ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕوانگا بۆ بوون و هاتنە وجوودەوە هەیە. ئەو باوەڕانەی تەوڕات، بوونە سەرچاوە بۆ هەردووک دینەکانی دوای خۆی. هەر بۆیە تا ئەم ڕۆژگارەش، بەشداریی کاریگەری هەیە لە ڕوانگا بۆ بوون و پەروەردە و مێژوو (مبروک، ٢٠٠٥).

ئەفسانە فەزای درووستبوونی ئوستوورەکان دەخوڵقێنێ و ڕێگایان نیشان دەدات. ئەو کەسە کاریگەرانەی (کاراکتەر) هەڵگری باوەڕە خوڕافییەکانی ناو ئەفسانەکانن و کاریان پێ دەکەن و ڕۆڵی خراپ

یـــان بـــاش دەگێـــڕن، یـــان دەیانـــەوێ چاکســـازی تێـــدا بکـــەن و بـــاوەڕی نـــوێ بچەســـپێنن کـــە هەندێـــک لـــە خوڕافییەتـــی بـــاوەڕە کۆمەڵایەتییـــەکان کـــەم دەکاتـــەوە، ئـــەو کەســـانە ئوســـتوورەن. ئوســـتووره هەڵگـــری پەیامێکـــە و دەتوانـــێ ڕاشـــیپەڕێنێ. جـــا لەوانەیـــە پەیامەکـــە ئـــازاری بنیاتـــەم بـــدات، لەوانەشـــە بـــۆ یارمەتیدانـــی بنیاتـــەم و بەرەنگاربوونـــەوەی کاراکتـــەرە خراپـــەکان بێـــت. ئـــەو هێـــز و ئیـــرادە و لەخۆبوردوویـــی و کارزانییـــەی ئوســـتووره هەیەتـــی، لـــە بنیاتەمـــی ئاســـاییدا پەیـــدا نابـــێ، بۆیـــە دەبێتـــە فریادڕەســـی بەشـــەر و کۆمەڵـــگا پشـــتیوانی دەکات و دەکەوێتـــە ژێـــر فەرمانـــی ئـــەو. دوایـــی، هـــەر خـــودی ئوســـتووره دەکەوێتـــەوە نـــاو ئەفســـانە و باشـــی و خراپییەکانـــی تۆمـــار دەکـــرێ و هەنـــدەی حـــەزی کۆمەڵـــگا، زیـــاد و کەمـــی تێـــدا دەکـــرێ. هەربۆیـــە ئوســـتوورەکان -بەتایبەتـــی باشـــەکانیان- هێندەیـــان بـــۆ دەهۆندرێتـــەوە کـــە جـــاری وا هەیـــە ســـیفەتی بـــان بەشـــەری، واتـــا خودایـــی پـــێ دەدرێ. ئـــا لێرەوەیـــە ئوســـتوورەکان لـــە دورســـتکردنی بیـــری خوداییـــدا بەشـــدارن. ئوســـتووره ســـەرەتاییەکان لـــە نێـــوان خوداییبـــوون و بەشـــەری بەهێـــزدا، بـــەش ببـــوون. دەتوانیـــن منوونـــە لـــە ئوســـتوورەکانی گلگامێشـــی ئەکەدییـــەکان و فیرعەونییەکانـــی میســـڕ بێنینـــەوە.

ئوســـتووره، هێـــز و تواناییـــی بەشـــەر بـــۆ زاڵبـــوون بەســـەر ســـەختییەکان دەســـەلمێنێ و بـــاوەڕی کۆمەڵـــگا بەخـــۆی دەچەســـپێنێ. ئوســـتووره ئـــەو ئەفســـانەییەیە کـــە نـــەک هـــەر فریادڕەســـی کۆمەڵـــگا، بەڵکـــوو منوونـــەی کامـــڵ و خەیاڵییانـــە. کۆمەڵـــگا لـــە ئوســـتوورەکانی خـــۆی تواناییـــی و باوەڕبەخۆبـــوون وەردەگـــرێ، ئوســـتووره کـــوڕی بەرهەمـــداری کۆمەڵگایەکـــی لەتەنگنـــا و نائومێـــدە کـــە ســـەختییەکانیان بـــۆ شـــەق دەکات و دەســـتیان دەگـــرێ تـــا بـــەرەو فەڕەحنایـــی و ئومێـــد بپەڕنـــەوە. نـــووح لـــە تۆفـــان و بـــۆران و نەمانـــدا، کەشـــتی بـــۆ کۆمەڵگاکـــەی درووســـت کـــرد و وەک ســـوپەرمان بەســـەر جیهانێکـــی لـــە ئاونقومبـــوودا دەخولایـــەوە. مووســـا بەنـــی ئیســـڕائیلییە کۆیلەکانـــی میســـڕی بـــەدوا خۆیـــدا و ڕووبـــاری نیلـــی بـــۆ شـــەق کـــردن و بـــەرەو ســـەرزەمینی زێدیـــان، پێشـــیانکەوت و

لـــە گەمـــارۆ و مەرگەســـاتی دەشـــتی ســـینادا ســـەرکردایەتیی هۆزەکـــەی خـــۆی کـــرد. ئارەشـــی کەمانگیـــر و ڕۆســـتەمی زاڵ لـــە فەرهەنگـــی ئێـــران، هـــەروان.

هەرســـێک عونســـوری خوڕافـــە و ئەفســـانە و ئوســـتوورە، پێکهێنـــەری قۆناغـــی یەکەمـــی بیرکردنـــەوەی مرۆڤـــن و کەشـــی ســـایکۆلۆژیی داهاتنـــی دینییـــان لـــە کۆمەڵـــگادا درووســـت کـــرد. ئایيـــن بەشـــی کامـــڵ و ســـاغکراوەی ئـــەو قۆناغەیـــە و، بیرۆکـــە و دەقەکانـــی ئـــەو ســـێکوچکەیەی داڕشـــتۆتەوە و بـــۆ وەڵامدانـــەوەی پێویســـتییەکانی زەمانـــی خـــۆی بـــە کاری هێنـــاون. ئـــەو ســـێکوچکەیە و دەرهاویشـــتە دینییەکـــەی، زۆر بـــە قووڵـــی لـــە زەمیـــر و زاکیـــرەی بەشـــەردا ڕۆچـــوون و تـــا ئـــەم ڕۆژگارەش توانـــای پەڕینـــەوە و خۆگونجاندنیـــان هەیـــە. بۆیـــە مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ ئـــەو دیـــاردە مەعریفییـــە مێژووییانـــە، میتـــۆد و فەهمێکـــی زانســـتییانە و واقیعبینانـــەی دەوێ. پێویســـتە مێـــژووی زانیاریـــی (مەعریفـــی) مـــرۆڤ هەڵبکۆڵێـــن و شـــیی بکەینـــەوە تـــا لـــەو ســـێکوچکەیە تـــێ بگەیـــن. ڕۆڵـــی زمـــان و کولتـــوور لـــە پێکهێنانـــی ئـــەو ناخودئاگایـــەدا کاریگـــەرە کـــە جێـــگا بـــۆ ئـــەو ســـێکوچکەیە و ڕوانـــگای دینـــی لـــە زاکیـــرەی بەشـــەردا دەکاتـــەوە و، لەگـــەڵ قۆناغەکانـــی دوای خـــۆی دەیانگونجێنـــێ (فـــروم، ١٣٩٩).

لـــە کۆمەڵـــگای کوردســـتان، وەک هەمـــوو کۆمەڵگاکانـــی دیکـــە، ئێســـتایش بـــاوەڕ و فکـــری خوڕافـــی کاریگـــەرن. باوەڕەکانـــی قـــەدەر و چارەنـــووس، چـــاووزار، بەکەمزانینـــی ڕەگـــەزی مـــێ، پشـــمین، نووشـــتە، دەوری پیاوچـــاکان لـــە تەندرووســـتی و هتـــد. ئەفســـانە لـــە ژیانـــی ئـــەم ڕۆژگارەی کۆمەڵگاکانـــدا حـــزووری هەیـــە. مێـــژووی میللەتـــان پـــڕە لـــە ڕووداوی ئەفســـانەیی و دانانـــی بنچینـــەی بیـــری نەتەوایەتییـــان لەســـەر بنەمـــای ئەفســـانەکانیانە. بەشـــێکی زۆر لـــە ئایدیۆلۆژیـــاکان، بنەمـــای ئەفســـانەییان هەیـــە. ئەفســـانە لـــە بیرۆکـــەی درووســـتبوونی نەتەوەکانیشـــدا کاریگـــەرە. بـــۆ نموونـــە ئایدیۆلۆژیـــای نازیســـم و فاشـــیزم لەســـەر ئەفســـانەی باڵادەســـتی و جیاوازیـــی نـــەژادی ئاریایـــی داڕێژرابـــوو. ســـەهیۆنیزم کـــە

ئایدیۆلۆژیـــای کۆمەڵـــگای ئیســـڕائیلە، لەســـەر بنەمـــای ئەفســـانەی "شـــعب اللـــە المختـــار" دامـــەزراوە. بنەمـــای فکـــری ناسیۆنالیســـتی عـــەرەب، لەســـەر بنەمـــای یەکگرتووانـــە و پێشـــڕەوانە و جیهانگیرییانـــەی دینـــی (ئیســـلام) میللەتـــی عـــەرەب دامـــەزراوە. ئەفســـانە لـــە ئایدیۆلۆژیـــای ناســـیۆنالیزمی کوردیشـــدا حـــزووری هەیـــە؛ خـــۆ بـــە میدیایـــی دانـــان، وەک کەیخـــوسرۆ بەهێـــز بـــوون و خاوەنـــی ڕابردوویەکـــی ئیمپڕاتـــۆردار، نیشـــتیمان لـــە پێشـــەوەی هەمـــوو باوەڕێـــک دانـــان، ئیمتـــدادی هەوڵـــی نـــەژادە ئێرانییـــە کۆنەکانـــە بـــۆ خۆپاراســـتن لـــە هێرشـــی توێنـــەرەوەی تۆرانـــی و یۆنانـــی و عـــەرەب بـــۆ ســـەریان، منوونـــەی ئـــەون.

فکـــری ئوســـتوورەیی زۆر بـــە فراوانـــی لـــە زاکیـــرەی مرۆڤایەتـــی ئـــەم ڕۆژگارەدا حـــزووری هەیـــە. ئوســـتووره کۆنـــەکان بـــە زیندوویـــی ڕاگیـــراون و ئوســـتوورەی نوێـــی لەســـەر کۆپـــی دەکەنـــەوە. هونـــەری شـــیعر و ڕۆمـــان و شـــانۆ لـــە پاراســـتن و درووســـتکردنی ئوســـتوورەکانی کـــۆن و هاوچـــەرخ بەشـــدارن. ئێســـتایش ئـــەو حـــەزە لـــەلای میللەتـــان مـــاوە کـــە ســـەرکردە و قارەمانەکانیـــان بـــۆ ســـەرەوەی تواناییـــی مـــرۆڤ هەڵکێشـــن و تاقەتێکـــی بـــان بەشـــەرییان پـــێ بـــدەن. کریســـتۆف کلۆمپـــی جیهانگیـــر و ســـوپەرمانی نەبـــەز، ئوســـتووره و ڕوئیـــای ئەمەریکاییەکانـــە. تارقـــی بەنـــی زیـــاد و ســـەعدی بەنـــی وەققـــاس و ســـەلاحەددینی ئەییووبـــی، ئوســـتوورەی عەرەبـــن بـــۆ جیهانگیـــری و دەســـکاریکردنی کولتـــووری میللەتانـــی جیهـــان. عومـــەر موختـــار و جەمـــال عەبدولنـــاسر بەرهەمـــی ئـــەم ڕۆژگارەی ئوســـتوورەکانیانن. بـــۆ میللەتـــی کـــورد کاوەی ئاســـنگەر و قـــازی محەممـــەد و مســـتەفا بارزانـــی دەوری ئوســـتووره دەبینـــن.

چەنـــدی ئەفســـانە و ئوســـتووره لـــە ژیانـــی میللەتێکـــدا زۆر بـــن، ئـــەوە نیشـــانەی زیندوویێتـــی و پڕگۆڕانـــکاری ئـــەو کۆمەڵگایەیـــە. بـــەڵام ئەگـــەر خوڕافـــە لـــە ژیانـــی میللەتێکـــدا حزوورێکـــی زۆری هەبێـــت و نەپەڕیبێتـــەوە بـــۆ ئەفســـانە و ئوستوورەســـازی، ئەویـــان نیشـــانەی سســـتی و کەمگۆڕانیـــی کۆمەڵگاکەیـــە. ئـــەو جـــۆرە کۆمەڵگایانـــە ئەســـیری

زاکیرەیەکـــی لاوازن و بـــە زەحمـــەت پێـــش دەکـــەون. چونکـــە پێشـــکەوتن هـــەر بـــە بڵاوکردنـــەوەی فکـــری پێشـــکەوتنخواز و زانســـتی ناکـــرێ، بەڵکـــوو خەزێنـــی مەعریفـــی و ئەزموونـــی مێژوویـــی ئـــەو کۆمەڵگایـــە دەوری ســـەرەکی لـــە پلـــەی پێشـــکەوتنیدا دەبینـــێ. ئەگـــەر ئاوهـــا نەبـــا، دەبـــووا ئێســـتا کۆمەڵـــگای پاشـــکەوتوو لـــە جیهـــان نەمابـــان. ئـــەو بڕوایـــە بـــەو مانایـــە نییـــە کـــە ئـــەوە چارەنووســـی هەندێـــک کۆمەڵگایـــە لـــە پاشـــکەوتندا بمێننـــەوە. شـــێوازەکانی گۆڕینـــی بنەڕەتـــی کۆمەڵـــگاکان ئەگـــەر بەردەســـت بـــن، هەمـــوو کۆمەڵێـــک دەتوانـــێ بگـــۆڕدرێ، بـــەڵام ئـــەو هـــۆکارە مێژوویـــەی باســـم کـــرد لـــە زوویـــی و درەنگیـــدا کاریگـــەرە.

## ٤-٤ ئەخلاق و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی

ئەخلاق (ڕەوشت)، بریتییە لەو بنەڕەت و پرێنسیپە مەنتقییانەی مرۆڤ ناچارە پەیڕەوییان لێ بکات تا پێویستییەکانی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی تاک دابین بن. هەروەها ئەو قەدەغانەش دیاری دەکات کە نابێ تاک یان کۆ ئەنجامی بدەن، چونکە زیان بە بەردەوامی و پێویستییەکانی خەڵکی دیکە دەگەیێنێ. هەڵبەت دەبێ بزانین چۆن ئەو بنەما و پرێنسیپانە دیاری دەکرێن؟ بە چیی ڕێوشێنێک پێیان دەگەین؟ ئەخلاق بەرهەمی عەقڵە و بە زۆربوونی زانست بەرەو کامڵتربوون دەڕوات.

بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان بنەمـاکان دیـاری دەکـەن و سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری زاڵ ڕێوشـوێنی گەیشـتن بـە بنەمـا پەسـندەکان دابیـن دەکات. بەهـاکان لـە هەمـوو کۆمەڵگایەکـدا وەک یـەک نیـن و زۆر جارانیـش لـە کۆمەڵگایـەک بـۆ ئـەوی دی، پێچەوانـەی یەکـدی هەڵدەکـەون.

چۆن ئەو جیاوازییانە ڕوو دەدەن؟ ئەدی ئەخلاق بۆ هەموو مرۆڤایەتی یەکسان نییە؟

بـــۆ گەیشـــتن بـــە وەڵامـــی زانســـتییانە، دەبـــێ جـــاری یەکـــەم بەهـــا

(ارزش- قیمـــه) بزانیـــن. بەهـــا بریتییـــە لـــەو ڕەفتـــار و ئەرکانـــەی پێویســـتی و بەرژەوەندییەکانـــی تـــاک دابیـــن دەکـــەن، بەبـــێ زیانگەیانـــدن بـــە پێویســـتی و بەرژەوەندییـــە هاوشـــێوەکانی یەکێکـــی دیکـــە. بەهـــا خۆشـــی و باشـــییەکانی تـــاک، دەســـتەبەر دەکات و دەیگەیەنێتـــە ڕەزامەنـــدی. هـــەر بەهایـــە ڕەفتـــار و کـــرداری زیانبەخـــش بەرانبـــەر بـــە خەڵکـــی دیکـــەی هاوشـــێوەی خـــۆی قەدەغـــە دەکات و "نابێ"یەکانـــی بـــۆ دیـــاری دەکات. بەهـــاکان هەمیشـــە ڕاســـت و بـــاش نیـــن ئەگـــەر لەســـەر بنەمـــای عەقـــڵ بنیـــات نەنرابـــن. بۆیـــە هەندێـــک بەهـــا لـــە کۆمەڵگاکانـــی کـــۆن دژی بەشـــێک لـــە مرۆڤەکانـــە، بۆیـــە دژی ئەخلاقـــی ئینسانیشـــە. وەک بەکەمزانینـــی ژنـــان، نەژادپەرســـتی و بـــە کەمگرتنـــی باوەڕدارانـــی دینەکانـــی دیکـــە (رابینســـون و گارات، ١٣٨٨).

کـــۆی مەنتقیانـــەی بەهـــاکان، سیســـتەمی ئەخلاقیـــی کۆمەڵگایـــەک دیـــاری دەکات و دانیشـــتوانی لەســـەر ڕادێنـــێ و لـــە پـــەروەردەدا تاکـــی پـــێ گـــۆش دەکـــرێ یـــان فرچـــک دەدرێ. ئەخلاقـــی کۆمەڵگایـــەک لـــە ئەنجامـــی پێویســـتییەکانی بەردەوامـــی و پێشـــکەوتنی ئـــەو کۆمەڵگایـــە، دیـــاری و تاریـــف دەکـــرێ. کۆمەڵـــگا هیـــچ بەهـــا و تاریفێکـــی ئەخلاقـــی زیـــاد و کـــەم نـــاکات ئەگـــەر بـــۆ بەرژەوەندیـــی گشـــتی پێویســـت نەبـــێ. کەواتـــە ئـــەوە زەروورەتـــی ژیانـــی کۆمەڵایەتییـــە، بەهـــا بـــۆ خـــۆی دیـــاری دەکات و بـــۆ ڕاهێنانـــی تاکەکانـــی، ئەخـــلاق تاریـــف دەکات. ئەگـــەر سیســـتەمی ئەخلاقـــی نەبێـــت، ئـــەوە ســـاغی و ســـەلامەتیی تـــاک و ســـەرەنجام کۆمەڵـــگا دەکەوێتـــە مەترســـییەوە و هەمـــوو بـــە گیانـــی هەمـــووان وەردەبـــن. ئەخـــلاق ئـــەرک و ئامانجەکانـــی تـــاک و ڕوانـــگای کۆمەڵـــگا، بـــۆ شـــێوەی ژیـــان دیـــاری دەکات. بۆیـــە بەهـــا کۆمەڵایەتییـــە لەبـــارە ئەخلاقییـــەکان، بـــۆ هەمـــوو کەســـێک پێویســـتن و سەرپشـــکی و ئیختیـــاری تێـــدا نییـــە. ئـــەوە بنەمایەکـــی ســـەرەکیی ڕاهێنانـــی کۆمەڵایەتیـــی مرۆڤـــە و پرۆســـەیەکی بەردەوامـــی گەشـــەکردنی چەمکـــی مرۆڤایەتییـــە (ابراهیـــم، ٢٠٠٥).

هـــەر کەســـێک لـــە بنەمـــا ئەخلاقییـــەکان لا بـــدات کـــە کۆمەڵـــگا بـــۆ

بەرژەوەندیـــی تـــاک و گشـــتی دایڕشـــتوون، ئـــەوا بـــە لادەری ئەخلاقـــی و بێڕەوشـــتی دادەنـــدرێ و لـــە کردەوەیـــدا، بەرانبـــەری کۆمـــەڵ دەوەســـتێ و بـــۆ هێنانـــەدی خواســـت و بەرژەوەندییەکانـــی، لـــە پشـــتیوانی کۆمەڵـــگا بێبـــەش دەکـــرێ و ئەگـــەری ســـزادانی هەیـــە. خێرایـــی کاردانـــەوەی کۆمەڵـــگا لـــە بەرانبـــەر لادەرێکـــی ئەخلاقـــی، دەوەســـتێتە ســـەر ڕاددەی قورســـاییی پێشـــێلکردنی بەهـــاکان و ئـــەو بەرژەوەنـــدی و ســـەلامەتییەی دەیخاتـــە مەترســـییەوە. ئەگـــەر زیـــان بـــۆ گشـــتی بێـــت، ئـــەوا بـــە ســـزای توونـــد لێـــی دەپێچرێتـــەوە؛ بـــەڵام ئەگـــەر زیانەکـــە هـــەر بـــۆ خـــودی تـــاک بێـــت، ئـــەوا زیاتـــر بـــە لۆمـــە و ســـەرکۆنە و سەرزەنشـــت بـــەس دەکـــرێ. کۆمەڵـــگاکان میکانیزمـــی گونجـــاوی خۆیـــان بـــۆ ســـزادان هەیـــە. هەڵبـــەت لـــەم ڕۆژگارەدا ســـزاکان بـــە یاســـا ئەنجـــام دەدرێـــن (راســـل، ١٩٩٠).

لـــە کۆنـــەوە کاهیـــن و شـــامان و ڕێبەرانـــی دینـــی (بـــە پێغەمبەرانیشـــەوە) و بیرمەنـــدان، هـــەوڵ دەدەن ســـەرچاوەکانی زەروورەتـــی هەبوونـــی ئەخـــلاق بدۆزنـــەوە و پاســـاوی بـــدەن. لـــەو ڕێـــڕەوە مێژووییـــەدا کـــە دیرۆکێکـــی زیاتـــر لـــە ســـێهەزار ســـاڵیی هەیـــە، قوتابخانـــەی جیاجیـــا درووســـت بـــوون. بـــاوەڕە دیرۆکییـــە ئەخلاقییـــەکان لـــە نێـــوان فترەتیبـــوون، خوداییبـــوون، ئامۆژگاریبـــوون، ســـەروەخۆییبوون، ســـۆز و عاتفیبـــوون، وجوودیبـــوون، کۆمەڵگاییبـــوون، دابـــەش ببـــوون و تـــا ئـــەم ڕۆژگارەش بەپێـــی بارودۆخـــی کۆمەڵـــگاکان بەردەوامـــن. بـــەڵام لـــە ڕاســـتیدا ئـــەوە بەردەوامیـــی کۆمەڵـــگا و پێشـــکەوتنیەتی کـــە سیســـتەمەکانی ناوخـــۆ بـــۆ مانـــەوە و خۆپاراســـتن دادەڕێژێـــت و ئەخلاقیـــش یەکێکـــە لـــەو سیســـتەمانە. پەیوەنـــدی و دەرفەتـــە نوێیـــەکان، گوشـــار بـــۆ ئاگاییـــی کۆمـــەڵ و تاکەکانـــی دێنـــن تـــا بڕیـــار لەســـەر بەهـــای نـــوێ بـــدەن و لـــە زانیاریـــی گشـــتیدا دایڕێـــژن. بەوپێیـــە ئـــەو بەهایانـــەی ئەخلاقـــی لەســـەر درووســـت دەبـــێ لەنـــاو کۆمـــەڵ دەخوڵقێـــن و لـــە ڕێـــی خواســـتی تاکەکانـــەوە دەبێتـــە مەتڵەبـــی گشـــتی و ڕێبـــەر و بیرمەنـــدەکان، ســـەرکردایەتیی ئـــەو جووڵـــە جەماوەرییـــە دەکـــەن و ســـەرەنجام بڕیـــاری لەســـەر دەدەن. دەوری دیـــن و پەیامبەرەکانـــی و بیرمەنـــدە شـــەریعەتییەکانیش هـــەر لـــە نـــاو

ئـــەو میکانیزمـــە کۆمەڵایەتییەدایـــە. لـــەم ڕۆژگارەدا ناوەنـــدە فکرییـــە زانســـتییەکان، کار لەســـەر ســـاغکردنەوەی بەهـــاکان دەکـــەن و بـــە یاســـا بڕیـــاری لەســـەر دەدرێ. بۆیـــە بەهـــای نـــوێ بـــە هۆشـــیاری و تێگەیشـــتنەوە جێگیـــر دەبـــێ و لـــە زەرووڕەتـــی ئـــەو جێگیربوونـــە تـــێ دەگـــەن و ئیلتزامـــی پێـــوە دەکـــرێ. ئـــەم پڕۆســـە هۆشـــیارییە، لـــە پیرۆزیـــی بەهـــاکان کـــەم دەکاتـــەوە، بـــەڵام ئیلتـــزام پێوەکردنیـــان دەچەســـپێنێ. لـــە کولتـــووری ئـــەم ڕۆژگارەدا، بەهـــاکان جێگیـــر دەبـــن و کاری ئاســـاییی خۆیـــان دەکـــەن و ڕەفتـــاری مـــرۆی لەســـەر ڕادێنـــێ، لـــە هەمـــان کاتـــدا ئـــەو زانیارییەشـــی دەداتـــێ کـــە ڕۆژگارێـــک ئـــەو بەهایـــە لەوانەیـــە کۆتایـــی بێـــت و ئیـــدی کاری پـــێ نەکـــرێ. هـــەر بۆیـــەش بەدرێژاییـــی مێـــژوو، بەپێـــی قۆناغـــەکان، گۆڕانـــکاری لـــە چەمـــک و ماناکانـــی ئەخلاقـــدا دەکـــرێ. ئـــەو گۆڕانـــەش بەنـــدە بـــە لەکارکەوتنـــی بەهـــای کـــۆن و بەبرەوکەوتنـــی بەهـــای نـــوێ. بەهـــاکان بـــە قووڵـــی بـــە تاکـــدا ڕۆدەچـــن و جێگیـــر دەبـــن هـــەر بۆیـــە لـــە کۆمەڵـــدا تـــا ڕاددەی پیـــرۆزی بـــەرز دەکرێنـــەوە. لەگـــەڵ ســـایکۆلۆژیای تـــاک و ڕەفتـــاری گشـــتی تێکـــەڵ دەبـــن و لـــە ڕێـــی زمانـــەوە دادەڕێژرێـــن و لـــە هەســـت و هۆشـــدا پیـــرۆزی و ئەبەدییەتیـــان پـــێ دەدرا. بۆیـــە لـــە قۆناغێکـــەوە بـــۆ قۆناغێکـــی دیکـــە پازیـــان دەدا و دەمانـــەوە. لەکاتـــی ئـــەو پازانـــەدا، زۆربەیـــان لـــە پێویســـتی دەکەوتـــن و کۆمـــەڵ لـــە کـــردەوەدا وەلاوەی نابـــوون، کەچـــی لـــە ڕەفتـــار و بـــاوەڕی تاکـــدا هـــەر دەمانـــەوە و کاریـــان پـــێ دەکـــرا. ئـــا لـــەو کاتانەدایـــە کـــە هەســـت دەکـــرێ، بەهایـــەک بووەتـــە بـــار بەســـەر کۆمەڵـــگاوە و لەنـــاو سیســـتەمی ئەخلاقـــدا نەمـــاوە و زیـــان بـــە کۆمـــەڵ دەگەیێنـــێ. لێرەدایـــە کـــە ئـــەو جـــۆرە بەهایانـــە دەبنـــە بیئەخلاقـــی و کۆنەپەرســـتی. لـــەم زەمانـــەدا دەکـــرێ (غســـل العـــار) و حەرامبوونـــی ســـوودی ســـەرمایە بـــە نموونـــەی بەهـــای لەکارکەوتـــوو بێنینـــەوە (بـــول فریشـــاور/ الجنـــس فـــی العـــالم القدیـــم). لـــەم ڕۆژگارەدا چەمکـــی ئەخـــلاق بـــە ئەنجامـــی پیشـــکەوتنی زانســـتی و کامڵبوونـــی عەقـــڵ داڕێژراوەتـــەوە، بۆیـــە مۆرکێکـــی جیهانـــی هەیـــە. بنەمـــا ســـەرەکییەکانی ئەخـــلاق بریتیـــە لـــە زانســـتی و واقیعبینـــی، ئـــازادی و ئازادیخـــوازی،

هـــاوکاری و خۆشەویســـتیی نێـــوان مرۆڤـــەکان، پاراســـتنی کەرامەتـــی مـــرۆڤ، یەکســـانیی نێـــوان مرۆڤـــەکان بـــە هەمـــوو جنـــس و نەژادەکانییـــەوە.

کولتـــووری هـــەر کۆمەڵگایـــەک بـــۆ خـــۆی مێژوویەکـــی درێـــژی بەقـــەد کۆمەڵگاکـــە هەیـــە و، لـــە وەگەڕخســـتنی بەهاکانـــدا ڕۆڵـــی تەنزیمکـــردن و فێرکـــردن و گواســـتنەوە بـــۆ نەوەکانـــی دوایـــی و جێکردنـــەوەی لەنـــاو بـــاوەڕ و دابەکانـــی دیکـــەی نـــاو کۆمەڵـــدا دەگێـــڕێ. کولتـــوور پیرۆزییێتیـــی بەهـــاکان لـــە بەشـــی نائاگاییـــی سیســـتەمی هۆشـــی تاکـــدا دەچەســـپێنێ، هەربۆیـــە لەکاتـــی ڕووبەڕووبوونـــەوە لەگـــەڵ بەزاندنـــی هـــەر بەهایـــەک، یەکســـەر تـــاک هەڵدەچـــێ و کاردانـــەوە نیشـــان دەدات. بـــۆ نموونـــە بەشـــێکی زۆر لەوانـــەی تاوانـــی بـــە نـــاوی شـــەڕەف ئەنجـــام دەدەن، لـــەو حاڵەتـــەدان و بارێکـــی نەفســـیی ئاڵـــۆز دایاندەگـــرێ (درە بیـــدی، ١٣٦٨).

لـــە کوردســـتان کۆمەڵـــگا لـــە گرفتێکـــی گـــەورەدا دەژییێـــت و ژمارەیەکـــی زۆر بەهـــای کـــۆن لـــە لای خەڵـــک بوونەتـــە بـــاوەڕ و هیـــچ پەیوەندییـــان بـــە ئەرکـــی ڕاســـتەقینەی بەهاکانـــەوە نەمـــاوە، بۆیـــە کێشـــە دەخوڵقێنـــن و کۆمەڵـــگا مانـــدوو دەکـــەن. هەروەهـــا تـــاک پـــاڵ دەدەن تـــا ڕەفتـــاری بەلانگیـــزی و تەشـــقەڵەیی و تاوانـــکاری لـــێ ســـەر بـــدات. لـــە ڕووی دەروونییشـــەوە ئـــەو بەهـــا بەســـەرچووانە بوونەتـــە هـــۆی ســـەرقاڵی و دامـــان و ئازاریـــی تـــاک (فـــروم، ١٣٩٩).

هەڵبـــەت کارێکـــی ئاســـان نییـــە لـــە نووســـینێکی کورتـــدا هەمـــوو بەهـــا بەســـەرچووەکانی کۆمەڵـــگا بـــاس بکـــەم. بۆیـــە تەنیـــا چەنـــد نموونەیەکـــی ئاشـــنا دێنمـــەوە؛ ئـــەو بەهایانـــەی ژن بـــە نیوەمـــرۆڤ دادەنێـــن و ئـــازادی و بەشـــداریکردنی کۆمەڵایەتـــی لـــێ کـــەم دەکەنـــەوە، لـــەم ڕۆژگارەدا تەنیـــا کێشـــە درووســـت دەکـــەن و کۆمەڵـــگا ئـــازار دەدەن. ڕوانـــگای بـــاو بـــۆ کاری ئابـــووری و ســـووڕانی ســـەرمایە، وایکـــردووە هاووڵاتـــی بیـــر لـــە داخلبـــوون بـــە سیســـتەمی سەرمایەســـووڕان نەکاتـــەوە، ئـــەوەش بەرهەمهێنانـــی گـــەورەی کردووەتـــە مەحـــاڵ. یەکســـانیی مـــرۆڤ، ســـەرەڕای جیاوازیـــی دینـــی و نەتەوەیـــی، دەبـــێ لـــە بەهاکانـــدا بچەســـپێندرێ، ئەگینـــا

بــا یاســای باشیشــمان هەبــن، لــە کــردەوەدا پلەبەندیــی مرۆڤایەتــی هــەر دەمێنــێ. ئــەوەش جیــا لــە ســتەم، توانــا بەشــەرییەکانمان بــە فیــڕۆ دەدات و ڕقــی کۆمەڵایەتــی دەهێڵێتــەوە. ئێســتا لــە کۆمەڵگاکەمانــدا خۆشەیســتی و پردەکانــی ئــەو خۆشەویســتییە مرۆڤایەتییــە لــە نێــوان پێکهاتــەی دینــەکان و نەتــەوەکان نییــە. ئــەو پێکهاتانــە بــە پارێــزەوە ڕەفتــار لەگــەڵ یەکدیــدا دەکــەن.

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتـی نەبووەتـە بەهایەکـی ئەخلاقی، هـەر بۆیـەش هاووڵاتیـان بەرانبـەر چارەنووسـی یەکـدی چالاک نیـن. ئـەوەش زەمینـەی کەمتەرخەمـی و شـانە خاڵیکـردن و نووچـدان و دزینـی سـامانی گشـتی و شەخسـی، کردووەتـە کارێکـی گونجـاو. لـە کاری کارگێڕیـدا هۆشـیارییەک بـە نـاوی پاراسـتنی سـامانی گشـتی و ئەمانەتـداری کاری بـۆ ناکـرێ و داهێنـان ڕێـی لـێ دەگیـرێ و گەندەڵـی بووەتـە سیفەتێکی کۆمەڵایەتـی (مدرسـی، ١٣٩٧).

لـە کاری سیاسـەتدا، وەرگرتنـی پۆسـتی حکوومەتـی و نوێنەرایەتیـی گـەل بـە دەسـتکەوتی هەمیشـەیی لێـک دەدرێتـەوە و ئەمانەتـی بەکارهێنانـی نەبووەتـە بەهایەکـی جێکەوتـوو و خەڵـک لەسـەری حەسـاس نیـن. بۆیـە بزووتنـەوەی سیاسـی هیـچ کاتێـک حیسـاب بـۆ کاردانـەوەی هاووڵاتیـان نـاکات و بـە ئەتەکێتـی میرانـە دەجووڵێنـەوە و میراتـی لەسـەر درووسـت دەکـرێ. چارەنووسـی وڵات و سیاسـەتە بنەڕەتییـەکان بـە بەشـداریی هاووڵاتیـان دانارێژرێـن و لـە کاتـی شکانیشـدا کـەس بـاج نـادات و هاووڵاتیـش داوای لـێ نـاکات (سـبینوزا، ٢٠٠٩).

هەروەهــا بەهــا بەرزەکانــی جیهانــی لــە سیســتەمی ئەخلاقیــی کوردســتاندا نەبوونەتــە بەهــای خۆیــی و بــە جیــددی کاریــان پــێ ناکــرێ، وەک؛ مافــە گشــتییەکای مــرۆڤ، زانســتیکردنی پــەروەردە، منافەســە و داهێنانــی ئابــووری و زانســتی، زەروورەتــی گەشەســەندنی بــەردەوام.

سیســتەمە ئەخلاقییــەکان، هــەر یەکــەی لــە قۆنــاغ و زەمانــی خۆیــدا،

بـــاش و خراپیـــان نییـــە، چونکـــە لەوکاتـــدا پێویســـت بـــوون. جـــا بـــا ڕەفتـــاری ئـــەوکات بـــۆ ئـــەم ڕۆژگارە قێزەوەنیـــش بێـــت. بـــەڵام کاتێـــک بەهـــای بەســـەرچوو لـــە کۆمەڵـــگادا ڕێـــگای پـــێ دەدرێ و ئـــازار دروســـت دەکات، ئـــا لەوێـــدا بەهـــای خـــراپ دروســـت دەبـــێ و سیســـتەمی ئەخلاقـــی دەخاتـــە بـــەردەم یەخنـــە لـــێ گرتـــن. لـــەم حاڵەتـــەدا ڕەخنـــە لـــە ئەخلاقـــی کۆمەڵگاگرتـــن ڕەوایـــە (ارنـــت ،١٣٧٩).

## ٤-٥ لێبووردەیی و بەخشەندەیی

لـــە مێـــژووی پێگەیشـــتنی مرۆڤایەتیـــدا، چەمکـــی تەســـاموح (لێبووردەیـــی و بەخشـــندەیی) ڕەگێکـــی درێـــژی هەیـــە. لـــە هـــەر قۆناغێکیشـــدا مانـــا و ئەرکـــی تـــازەی لـــێ بـــار کـــراوە. لەمەودوایـــش ئـــەو چەمکـــە هـــەر دەمێنـــێ و بـــاری ماناکـــەی دەوڵەمەندتـــر و فرەڕەگەزتـــر دەبێـــت. لـــە ســـەرەتای مێـــژووی بنیاتەمـــدا، ڕەفتـــاری تـــاک و خێزانـــەکان لەگـــەڵ یەکـــدی تـــا بڵێـــی توونـــد و بـــە ڕق و تۆڵەئەســـتێن بـــووە. لەســـەر ســـادەترین ناکۆکـــی، خوێنـــی یەکدیـــان ڕشـــتووە، بـــۆ مافخورانێکـــی ســـادە، گیانـــی دەســـتدرێژیکاریان ســـەندووە، خۆیـــان دەســـتنەکەوتبێ کەســـوکاریان دەکوشـــت، ئەوانیـــش نەبـــان ئـــەوا لـــە تایفـــە و خێڵەکەیـــان دەکوشـــت. بـــە کورتـــی بـــۆ هـــەر ناکۆکییـــەک ئاســـانترین ڕێـــگا و قورســـترین ســـزایان هەڵدەبـــژارد.

دڵڕەقـــی و دەستڕەشـــیی بنیاتـــەم نەدەکـــرا بـــەردەوام بێـــت، چونکـــە بـــوون و بەردەوامیـــی نـــەژادی بنیاتەمـــی دەخســـتە مەترســـیی نەمـــان. لەپێنـــاوی مانـــەوەدا، بـــە ئەزموونـــی تـــاڵ، کۆمەڵـــە ســـەرەتاکان ڕوویـــان کـــردە ســـەرەتای مەنتقـــی چارەســـەری؛ ئەویـــش کەمکردنـــەوەی قورســـاییی تۆڵەســـەندنەوە و پەروەردەکردنـــی گیانـــی بەخشـــندەیی بـــوو. ئـــەو قۆناغـــە ســـەخت و ســـەرەتایەی مرۆڤایەتـــی لـــە ئەفســـانە و کـــرداری ئوســـتوورەکان ڕەنگـــی داوەتـــەوە. دوایـــی لـــە دینەکانـــدا کرایـــە بنەمـــا. لـــە دینـــی یەهـــوودا فەرمانـــی قەدەغەکردنـــی کوشـــتنی بێبنەمـــا

درا و تۆڵەسەندنەوە یەک بە یەک دانـدرا. ئەو یەک بە یەکە لە دینی مەسیحیدا بە بەخشندەیی و لێبووردەیی لاسەنگ کرا؛ فەرمانی بەخشینی دوژمن و خوێنداری درا. بەڵام لە ئیسلامدا هەمان تۆڵەسەندنەوەی یەک بە یەک دووبارە کرایەوە. وێڕای ئەوەش، ئامۆژگاری بۆ بەخشین و چاوپۆشین دەکرا. لە هەردوو دینی یەهوود و ئیسلامدا ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە تەساموح (لێبووردەیی) نەکراوە، بەڵام بە ڕەنگی دیکە باسی بەخشندەیی و چاکەکاری کراوە. هەڵبەت لە دینی مەسیحدا لێبووردەیی و بەخشندەیی کراونەتە جەوهەری باوەڕی ئایینی. گومانی تێدا نییە لە هەرسێک دینەکەدا، دەرگایەکی فراوان بەسەر لێبووردەییدا کراوەتەوە و یەکدی تەواو دەکەن. ئەگەر دەقە پیرۆزەکانیان لەسەر ئەو پەروەردە مرۆڤانییە وەربگرین (کە هیچیان ئەویتر رەت ناکاتەوە)، ئەوا دەتوانین ئامۆژگارییەکی ئایینی کامڵمان لەسەر تەساموح هەبێت کە ڕەگی لە باوەڕەکانی مێژوویی دوڵی رافیدێن و جیهانی دەرەوەیدا هەیە.

وەک دیارە تەساموح لە بنەڕەتەوە لە ناخی بەشەردا نییە و ناکرێ بە بەشێک لە سرووشتی بنیاتەم دابندرێت. ئەوەش هاوچەشنە لەگەڵ هەموو چەمکە مرۆڤپەروەرییەکانی دیکە کە تەنیا بە ئەزموونی مێژوویی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە تاکدا درووست دەکرێن. مرۆڤبوون پڕۆسەیەکی مێژوو کردە و ئینسان کە لەدایک دەبێ، هەر لە خۆیەوە مرۆڤ نییە، بەڵکوو دڕندەیە؛ بەڵام توانایی بە ئینسانبوونی هەیە. بە ئینسانبوون زەروورەتێکی کۆمەڵایەتییە و بنیاتەم بۆ مانەوە پەنای بۆ دەبات. بۆیە چەمکی مرۆڤبوون لە تاکدا فرچک دەدرێ و پێی پەروەردە دەکرێ. سەرەنجام کۆمەڵگا خۆی دەبێتە بوونێکی ئینسانی و تاکەکانی دەپارێزێ. بۆیە لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵگا بتوانێ تاکەکانی و دوارۆژی خۆی بپارێزی، ئیدی پێویستی بە چەمکی تەساموح نابێ! مرۆڤایەتی قۆناغێکی دوورودرێژی لە پێشدایە تا کۆتاییهاتنی ڕۆڵی تەساموح تاقی بکاتەوە.

دینەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و نەژادییەکان، لە ناو دانیشتوانی یەک کۆمەڵگادا، بەردەوام سەرچاوەی ژیاندنەوەی جیاوازین. تایبەتمەندیی جیاوازیی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا لەوەدایە دەبێتە ناسنامەی مێژوویی -پڕباوەڕی کۆمەڵایەتی، بەها و داب و باوەڕی لێکدی جیاوازی لەسەر درووست دەبێ. لە جوغزێکی جیۆگرافیایی-مێژوویی هاوبەشدا، بەهاو باوەڕی پێکهاتەکان، لەسەر لێکدانەوە و گۆڕانکارییەکانی مێژوویەکی هاوبەش دەکەونە سەرلەنوێ لێکدانەوە و بەها خولقاندنی جیاواز و دژ بە یەکدی. لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا (سوننەتی) باوەڕ و بەهاکان جیهانبینی و قیمەتی ژیان درووست دەکەن. بۆیە زۆر بە ئاسانی لێکدانەوە جیاوازەکان دەبنە دوژمنایەتی و بوونی یەکدی دەسڕنەوە. مێژووی دژی یەکتریی دین و نەتەوەکانی ناوچەکامان و ناو کوردستان بەتایبەتی، لەو پڕۆسە عەقیدەییە-کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەوە درووست بووە (ارنت، ۱۳۷۹).

ئیمپڕاتۆرییە گەورە و دوورودرێژەکانی جیهانی مەسیحییەت و موسوڵمان، سەرەڕای بەردەستبوونی دەقە ئایینییە پڕ بەخشەندەییەکانیان، لە کردەوەدا هەمیشە ملکەچی لێکدانەوەی تووندوتیژیی ڕۆژگاری خۆیان بوون، بۆیە بە هەنگاوی زل لە تەساموح دوور دەکەوتنەوە. مەسیح کە باوەڕی بە مەبدەئی "ئەگەر زللەیەکیان لە ڕوومەتی چەپت وەشاند، تۆ لای ڕاستیشیان بۆ ڕابگرە و لە تەنگانەدا بەهانای دوژمنتەوە بچوو" لە دوای خۆی فەرمانڕانەکانی دینەکەی نەک هەر جیاوازییان سڕیەوە و پێکهاتەکانیان قەڵاچۆ کردن، بەڵکوو بواری ژیانی ئاساییان بۆ پەیڕەوانی دینەکەی خۆیشیان نەهێشت. بەهەمان شێوە، فەرمانڕانەکانی دەستەڵاتە گەورەکانی ئیسلام بە پێچەوانەی مەبدەئی قورئانی: "دین بە تۆبزی نییە، جیاوازی لە نێوان عەرەب و عەجەم تەنیا بە تەقوایە، هەموو ئیماندارانی دینەکانی دیکە لەلای خودا پەسندن"، پەیڕەوانی دینەکانی دیکەیان خستە پلەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی و بەهای ئینسانییان لێ هێنانە خوارەوە (شەعبان، ۲۰۱۱).

هەڵبەت لە مێژووی فەرمانڕانیی ئیسلامدا، قڕکردنی جەستەیی پێکهاتە دینییەکان نەبووە ئامانج، بەتایبەتی لە فەرمانڕانیی ئیسلامی ئێرانی و ئیسلامی عوسمانیدا، بوارێکی شایانی باس بۆ بەردەوامی و بەشداریکردنی پێکهاتەکانی غەیرەموسوڵمان هەبوو. کولتووری تەسەوف لەگەڵ بنەما دینییە بەخشندەییەکان موتوربە بوو و دەرفەتێکی دیاری دایە پێکەوەژیان و یەکدی قبووڵکردن. خۆشەویستی و لێبووردەیی، بناغەی باوەڕی تەسەووفە (زرین کوب، ١٣٩٩).

سەرباری ئەو بنەما لێکدی نزیکخەرەوانەی باسم کردن، دیسان گیانی دوژمنایەتی بەسەر حەزی دۆستایەتی و خۆمانەییدا زاڵ بووە. سەردەمی نوێ (مۆدێرن) دەستی پێ نەدەکرد ئەگەر ئەو کێشە دەست و پاگیرانەی چارەسەر نەکردبان. یەکێک لە ڕووە گەشەکانی ڕۆشنگەریی ئەورووپا، گەڕانەوە بۆ چەمکی تەساموح و لێکدانەوەی سەردەمیانەیەتی. بیرمەندە کاریگەرەکانی ڕۆژاوا لێکدانەوە و بڵاوکردنەوەی لێبووردەیی و بەخشندەییان کردە هەنگاوی یەکەم بەرەو کرانەوەی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دیمۆکراسی. ئەو ئەرکە ئاسان نەبوو و زەمانێکی زۆری خایاند. تا کۆتاییی دووەم جەنگی جیهانی و دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، ئەو کێشەیە بەردەوام بوو (ڤۆلتێر، ٢٠١١).

جیهانی ئیسلام تا ئێستا هەر لەناو تەنگژەدا خوول دەخواتەوە و هەنگاوی جیددی بۆ تەساموح نەهاویشتووە، هەر بۆیە توندوتیژیی دەروونپێکهاتەیی و نێوان پێکهاتەکان بەردەوامە و ڕێگای لە پێشکەوتن گرتووە.

کوردستان وەک بەشێک لە جیهانی موسوڵمان، هەموو کەلەپورەکەی هەیە و لە باوەڕەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەپێی بارودۆخی مێژوویی، ئەم سەرزەمینە بووەتە مەکۆی دین و نەتەوە جیاوازەکان. مێژوویەکی پڕ ئازار و خوێناوی لەدەست توندوتیژیی ئایینی و نەتەوەیی هەیە.

بۆیە زەمینەی لێبووردەیی و بەخشندەیی لە کولتوور و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا بەپیتە. حکوومەتی کوردستان وەک وارسی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، بنەماکانی پێکەوەژیان و تەساموحی قبووڵە. لە یاساکانیشدا گرفتی جیاوازیی پێکهاتەیی نابیندرێ. کەچی لە کردەوەدا ئەو لێبووردەیی و بەخشندەییەی گرفت لەناو دانیشتوان نەهێڵێ، نییە. لەوەڕا دەردەکەوێ تەنیا دداناپیاهێنانی یاسایی کافی نییە، بەڵکوو کردەوەیەکی ڕۆشنگەریی- کۆمەڵایەتی پێویستە تا لێکدانەوەی نوێ بۆ تەساموح لە دانیشتوان بگەیێنێ و زەروورەتی یەکدی قبوڵکردن بفەهمێنێ. پێویستە تەساموحی کوردستان لەسەر بنەمای ناساندنی جەوهەری پێکهاتە دینی و نەتەوەیی و جنسییەکان (جەندری) دەست پێ بکات. خوێندنەوەی نوێ و زانستیانە و زەروورەتییانە بۆ جیاوازیی دینی، کارێکی پێویست و ئاسانە. پێویستە دەزگا دینییەکان بهێندرێنە ناو پڕۆسەیەکی لەم جۆرە و بەشدار بن لە گۆڕینی باوەڕە کۆمەڵایەتییە ئازاردەرەکان. پێویستە بە قەناعەتەوە ناسنامەی یەکدی بزانین و قبووڵی بکەین (الشبیب، ٢٠٠٧).

نەتەوەکانی کوردستان، بە هەمان شێوە پێویستە بخوێندرێنەوە و ببوژێنەوە و بناسرێن و قبووڵ بکرێن. دانیشتوانی کوردستان دەبێ بزانن، دین و نەتەوەکانی دیکەی هاووڵاتیان نەک هەر مافی بەرابەریان لە یاسادا هەیە، بەڵکوو لە تێکەڵی و هاوکاریی کۆمەڵایەتیشدا بوونیان پێویستە و بەبێ ئەو تێکەڵییە، خودی کۆمەڵگای کوردی ناکرێتەوە و لە پاشکەوتندا دەتلێتەوە.

لێبووردەیی و بەخشندەیی لە بواری جەندەری (جنسی)، بریتییە لە دداننانی باوەڕدارانە بە بوونی یەکسانانەی ژن لەگەڵ پیاو. کۆمەڵگای کوردی هەر وەک چۆن لە باوەڕی کردەییی خۆیدا، غەیرەموسوڵمان بە شایانی هاوکار و هاوژیانی خۆی دانانێ و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا متمانەیان پێ نادات، ژنیش بە ناقیس و کەمتر لە پیاو دەزانێ و وەک ئینسان و یەکسان، مامەڵەی لەگەڵدا

نــاکات. پێویســـتە ژن وەک جنســێکی دیکــە، بــە ئــەرک و خواســـت و شــێوازێکی دیکــە بنــاسرێ و بزانــدرێ لــە توانایــی و بایەخــی ئینســانیدا هیچــی لــە پیــاو کەمــتر نییــە، بۆیــە دەبــێ وەک پیــاو ئــازاد بێــت. پێویســـتە ســەرلەنوێ پێناســەی چەمکــی مــاف و ئینســان و کەرامــەت و شــەرەف و نامــووس بکەینــەوە. ئــەو چەمکانــە هەموویــان بەهــای خۆیــان هەیــە و بــۆ گەشــەدان و پاراســتنی مــرۆڤ دانــدراون و نابــێ بــە مانــای لــە کارکەوتــووی کــۆن لێــک بدرێنــەوە. مــرۆڤ هەمیشــە لــە پێشــکەوتندایە و باوەڕەکانــی خــۆی نــوێ دەکاتــەوە تــا بتوانــێ کیانــی ئــەم ڕۆژگارەی خــۆی بپارێــزێ. بەکەمزانینــی ئافــرەت بووەتــە گرفتێکــی کوشــندەی کۆمەڵــگای کوردســتان و نایەڵــێ بەســەر خۆیــدا بکرێتــەوە. کۆمەڵــگای کــراوە، بــە یەکســانی و بــە بــاوەڕەوە تەماشــای مــرۆڤ دەکات (گیلــبرت پل ) .

لــە کوردســـتاندا بەرابــەری و تەســاموحێکی شــکڵی هەیــە، تەنیــا قەپــاغ بەســەر ناکۆکییەکانــدا دەدات. پێویســـتە جەوهەرێکــی ســەردەمییانە بــەو شــکڵە بدەیــن و ســەرلەبەری پێکهاتــە کۆمەڵایەتییــەکان بــۆ قبووڵکردنــی بــاوەڕ و مافــە نوێیــەکان ڕۆشــن بکەینــەوە و، ڕایانکێشــینە نــاو گۆڕانکاریــی ژیانبەخــش (گار، ١٣٨٨).

## ٦-٤ کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا

کێشەی ژن گرفتێکی سەرەکیی پرۆسەی درووستبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە. بەبێ دەرهاویشتن، هەموو کۆمەڵگاکان و تێکڕای کولتوورەکان ئەم کێشەیەیان هەیە. هەڵبەت لە هەر کۆمەڵگا و کولتوورێکدا شێوە و کەموزۆری تایبەتیی خۆی هەیە. بەگشتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دینی زەمینییان هەیە (هیندستانی لێ دەرچێ)، ڕاددەی بێمافێتیی ژن نابێتە هەڕەشە بەسەر گیانی ئەوەوە. ئەو بێمافییە لە هەموو کولتوورەکاندا تێکەڵی باوەڕ و داب و نەریت کراوە و لە ئەفسانەکانیاندا (یان باوەڕە سحرییەکانیان) شەرعییەتی پێ دراوە.

بنیاتەم لە سەرەتای مێژووی بە کۆمەڵبوون و هەنگاونان بەرەو ئینسانبوون، بە غەریزە و هێزی ئاژەڵەوە دەژیا و بەهەمان مەنتقی جەنگەڵ هاتە پێشەوە. حەقیقەتی ستەم و چەوساندنەوەکانی سەرەتای مێژوو لەوەدایە. من لەم باسەدا پشت بە لێکۆڵینەوەکەی خۆم لە کتێبی (ئافرەت، کێشەیەک بە درێژایی مێژوو) دەبەستم و بە خێرایی ئاماژەیەک دەکەم و تێدەپەڕم. جیاوازیی ئەرکی جنسی لە نێوان نێر و مێ، لە سرووشتەوە هاتووە و دەسکاری ناکرێ. ئەو جیاوازییە بەهیچ شێوەیەک لە تواناییی ئافرەت لە پرۆسەی بەئینسانیبوون کەم ناکاتەوە و شانبەشانی پیاو، لە کردەوەی دوورودرێژی مێژووی دروستبوونی کۆمەڵگای بەشەردا، بەشدار بووە. بێمافکردنی ئافرەت ڕەگی لە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی مێژووییدایە. ئەدی ئەو پەروەردەیە لە کوێوە هات؟ پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە و دەبێ بەدوا وەڵامیدا بگەڕێین. مێژووی مرۆڤ زۆر دوورودرێژ نییە و دەکرێ هەموو کاتێک سەرلەنوێ بیخوێنینەوە. لە سەرەتای مێژوودا بنیاتەم لە نەزانیی موتڵەقدا دەژیا و لە پێناوی مانەوە و دابینکردنی ڕاحەتی خۆی (وەک غەریزەیەکی گیانداریی)، پەنای بۆ هەموو شێوازێکی کار و دروستکردنی پەیوەندی دەبرد. لەو کردەوەیەشدا هۆکاری هێز و خۆسەپاندن هەمیشە ئاسانترین ڕێگا بووە. هێزی جەستەییی پیاو لە بەرانبەر ئافرەت و منداڵ، لە دوو لاوە بواری خۆچەسەپاندنی هەبوو؛ یەکەم، کارە سەختەکانی دەرەوەی ماڵ پیاو دەیکرد، دووەم تواناییی خۆسەپاندنی هەبوو. هەڵبەت ڕۆڵی زاوزێ و پەروەردەکردنی منداڵ بە سرووشت بەشێکە لە وجوودی ژن، بۆیە لەو ڕێڕەوەدا تا منداڵ گەورە دەکات، پێویستی بە هاوکاری و ژیاندن و پاراستنی خۆی و منداڵەکەی هەیە. بە تێپەڕینی ڕۆژگار، ئەو واقیعە بووە باوەڕ و کەوتە ناو پەروەردەی خێزانی و هۆزایەتی و کۆمەڵایەتییەوە. کولتوور ڕۆڵی چەسپاندن و گواستنەوەی ئەو باوەڕانەی دەگرتە ئەستۆ و دانیشتوانی پێ ڕادەهێنا. بە شێوەی جیاجیا ئەو حاڵەتە لەناو هەموو کۆمەڵگا

سەرەتاییەکان و ناوەڕاستییەکانی سەرانسەری جیهان هەبووە. کۆمەڵگایەک دەست ناکەوێ نابەرابەریی ژن و پیاوی تێدا نەبووبێ. کەواتە کێشەکە مێژووکردە، بەڵام هەموو مێژووکردێک ڕاست و جاویدان نییە. جەوهەری چاکسازیی بەردەوام لە ژیانی بەشەردا، بۆ زەرورەتی دارشتنەوەی پەیوەندییە مێژووکردە خوارەکان دەگەڕێتەوە.

ئەگەر دەقە دینییە هەرە کۆنەکان بەسەر بکەینەوە ( کە تاکە سەرچاوەی هۆنراو و بەردەستن)، لە تەوراتدا ژن بەستراوەتەوە بە پیاو و تا پلەی کۆیلایەتی دابەزێندراوە و هەموو چارەنووسی بە پیاوەوە بەندە، لە لادانی کۆمەڵایەتی و هاوسەریدا مافی کوشتنی بە پیاو دراوە. لە خاوەندارییێتی و میراتدا نیوەی پیاوی بەر دەکەوێ. لە ئینجیلدا، پیاو بە سەروەری ژن داندراوە و ڕەزامەندیی خودا بۆ ژن، ڕەزامەندیی مێردیەتی و، بۆی نییە تا مردن لە پیاوەکەی جیا بێتەوە. لە ئیسلامدا، ژن (سەرباری ئەوەی هەندێک مافی بۆ داندراوە کە لە دوو دینەکەی پێشوودا نییە) بە (ناقص العقل) و نەزان دادەندرێ و چارەنووسی لە دەست پیاوەکانی ناو خێزاندایە، وەک مێرد، باوک و برا، هتد. لە ڕووی مافی خاوەندارییێتی، ئەوا نیوەی میراتی پیاوەکانی بەر دەکەوێ. لە ئیسلامدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نابەرابەرییە ئەزەلییە، عەدالەتێکی تاریفکراو هەیە، بەڵام یەکسانی نییە. لە کاتی سەرپێچیدا ژن دەکوژرێ و سەنگسار دەکرێ.

لە ئایینی هیندۆزدا، ژن لە پلەی زۆر خوارەوەی کۆمەڵگادایە و لەگەڵ مردنی مێردەکەی دەسووتێندرا. بەهەمان شێوە لە هەموو کۆمەڵگا و دینەکاندا، منداڵیش بە کۆیلەی باوک دادەندرا و بۆی هەبوو بڕیار لە چارەنووسی بدات. داستانی ئیبراهیم و ئیسحاق لە تەورات و ئیبراهیم ئیسماعیل لە قورئاندا، نموونەی ئەو خاوەندارییێتیەن (تورات/سفر التكوين٢٢، القران/سورة ابراهيم، الانبيا، الصافات).

لەو بیرکردنەوە مێژووییانەدا پاساو بۆ مەنتقێک دێنمەوە کە لە دیرۆکی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا هەیە؛ ئەویش بنیاتەم بە ئامۆژگاری و بنەمای ئەخلاقی من دەراوردی (لەخۆوە درووستکراو) و جاویدان (ماندەنی-خالد) درووست نەبووە. هەر وەک لەوەوپێش باسم کردووە، بۆ هەوڵدان لەپێناوی مانەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ سرووشت، ئەو ڕێڕەوە سرووشتی-خۆکردەی گرتەبەر کە ئەنجامەکەی داخلبوون بە سیستەمێکی زیندووی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو سیستەمە، ئامانجی مانەوەی بۆ دابین دەکرد. مانەوەی مرۆڤ لە بەرهەمهێنان و خۆشترکردنی ژیان و کەمکردنەوی ئازاری سرووشتدا خۆ دەنوێنێ. کولتوور بە هەموو پێکهاتە ئاڵۆزەکانییەوە، ئەرکی پاراستن و گواستنەوەی ئەو ئامانجانە بە ئەستۆ دەگرێ. باوەڕم وایە، بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانەی چوونەتە ناو مێژووەوە، تەنیا بە لێکۆڵینەوەی مێژووییانە دەکرێ لێیان تێ بگەین. جا لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیی وەک کوردستانیشدا، پێویستە ئەو ئامڕازە مەعریفییە بە کار بێندرێ کە لەبارانیدا هەیە بچێتە ناو سیستەمی بیرکردنەوە و مەعریفیی کۆمەڵگا، تا بتوانێ هەڵوەستەیەکی ئەندێشمەندانە بە تاک بکات (امام، ١٩٩٦).

لە قۆناغی مۆدێرندا ئەو چاکسازییە فکری و سیستەمییە ڕووی دا کە دەبوا بۆ ڕاستکردنەوەی خواریی مێژوو، ئەنجام بدرێ. پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژیا دەرفەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕەخساندبوو، مرۆڤ دەیتوانی بە باوەڕە لەباوکەوتووەکانیدا بچێتەوە. ڕۆشنگەرانی ئەو سەردەم (رێنسانس) ڕۆڵی بارهێنانی فکرییان بە کۆمەڵگا دەبینی. ئەو سەردەمە ڕۆشنگەرییە بێکەموکوڕی نەبوو، بۆ نموونە ئەوان تواناییی تێگەیشتن لە کێشەی ئافرەتیان کەم بوو، بۆیە نەیانتوانی نابەرابەریی نێوان ژن و پیاو بسڕنەوە. لەبەر هەندێش مافەکانی مرۆڤ بریتی بوون لە مافەکانی پیاو. ئەو کێشەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم مایەوە. ڕۆشنگەرانی سەدەی بیستەم توانییان ئەو پرسە یەکلا بکەنەوە و بەرابەریی پیاو و ئافرەت بسەلمێنن و بیسەپێنن.

نیزامی سەرمایەداری کە بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنە، لە قۆناغی سەرەتا و ناوەڕاستی درووستبوونیدا، بەرژەوەندیی لە یەکسانیی ژن و پیاودا نەبوو، هەروەک چۆن ددانی بە یەکسانیی ڕەگەزەکانی مرۆڤدا نەدەهێنا. ژیاندنەوەی کۆیلایەتیی ڕەش و سیستەمی کۆلۆنیالیستی، دەرهاویشتەی ڕوانگای نابەرابەرییانەی سەرمایەداری بوون. لە ڕوانگای ئەودا نەژادی باڵا و لێهاتوو تەنیا ئەورووپاییەکان بوون، بە هەمان تیرازیش ڕەگەزی باڵا و لێهاتوو تەنیا پیاو بوو.

لە قۆناغی کامڵبوونی سەرمایەداریدا، توانایی زانستی و کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژی دەستەبەر بوو تا ڕوانگای زانستییانەی نوێ لەسەر ئافرەت درووست ببێ. توانایی جەستەیی و ئەرکی جنسی لە زاوزێدا، ڕۆڵی ئافرەتی لە سیستەمی بەرهەمهێناندا نەسڕیوەتەوە. بەپێی سرووشتی گیانداران لە کۆمەڵی بنیاتەمیشدا بەخێوکردن و پەروەدەکردنی نەوەی نوێ بەسەر ژندا مایەوە. بەڵام ئایا ئەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە یان نا؟ ئەرکی کۆمەڵایەتی لە ناو سیستەمی بەرهەمهێناندا مانا و بایەخی دیاریکراوی هەیە و ئەو سیستەمە بەبێ ئەوە سەرناگرێ و ژیان بەردەوام نابێ. ژن ئەرکی بەرهەمهێنانی بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی (مرۆڤ) کەوتە مل. پەیوەندیی نابەرابەر لە مێژوودا ستەمی لێ کەوتۆتەوە. ئەو نابەرابەرییە خراوەتە ناو باوەڕی کۆمەڵگا و ژن و پیاوی پێ ڕاهێندراوە. خڕبوونەوەی بەردەوامی نابەرابەری و ستەم، ڕوانگا و ڕۆڵی "ژن"ی وەک چەمک، لە ناو کۆمەڵگای بەشەر درووست کرد. چەمکی ژن بەرهەمی ئەو نابەرابەری و ستەمەیە. بە هەمان شێوە، چەمکی "پیاو" بەرهەمی ئەو خۆسەپاندن و ستەمکارییەیە. ئەو لاسەنگییەی لە بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و سەرکردایەتیی کۆمەڵگادا بە زیانی ئافرەت هەیە، وزەی پێشکەوتنی بەشەریەتی زۆر کەم کردۆتەوە (شوی، ٢٠٠٦).

لــەو تەجرەبــە مێژووییــە و بــەو ڕوانــگا زانســتییەی ئــەم ڕۆژگارە، ئیــدی نابــێ مــاف و ڕۆڵــی ئافــرەت بــە پێــوەری بەزەییهاتــن و بەهــای ئەخلاقیــی ئایدیۆلۆژییانــەی مەنــدەراوردی، دەستنیشــان بکــرێ. بــۆ ئــەو مەبەســتە دەبــێ سیســتەمی پــەروەردە بگۆڕیــن و بــە زانیاریــی نــوێ و ئەزموونــی مرۆڤایەتــی هەراشــی بکەیــن. هــەر لــە پەروەردەکردنــی کۆرپــەی یــەک مانگــەوە تــا گەنجایەتــی، پێویســتە جــۆری مامەڵەکــردن لەگــەڵ کــور و کــچ بگــۆڕدرێ و، پــەروەردەی ئینســانی شــوێنی پــەروەردەی جنســی (جەنــدەری) بگرێتــەوە. ئەرکــی سرووشــتی و بایۆلۆژییانــەی دایکایەتــی، نابــێ ژن بخاتــە پلەیەکــی نزمــتر لــە پیــاو، پــەروەردە و بەخێوکردنیــش تەنیــا بــۆ ژن بهێڵێتــەوە.

لــە جوغــزی کولتــووری ڕۆژهەڵاتــدا، لــە هــەر چــوار مەڵبەنــدی کولتــووری دۆڵــی ڕافیدێــن و ئێــران و عوســمانی و هیندســتان، بــاوەڕی کۆمەڵــگا بــە جۆرێــک ئافرەتــی خســتۆتە پلەیەکــی نــزم و بەردەســتی پیــاو، کردوویەتییــە کاڵا و پلەیەکــی دیاریکــراوی کۆیلایەتــی بەســەردا ســەپاندووە. هەرکاتێــک بەشــەر ئیــرادەی لــێ زەوت کــرا ئیــدی دەبێتــە کاڵا و ســیفەتی مرۆڤایەتــی لــێ دەســەندرێتەوە. کۆیلــە بنیاتەمێکــی مرۆڤلێســەندراوە. ئــەو دیاردەیــە ئەزەلــی نییــە، بەڵکــوو ســتەمی مێژوویــی درووســتی کــردووە (المرنیســی ، ٢٠٠٥) کوردســتان دەکەوێتــە چەقــی پێکگەیشــتنی چــوار مەڵبەنــدە کولتوورییەکــەی جوغــزی ڕۆژهــەڵات. ئێمــە موســوڵمانین و هەندێــک کولتــووری عەرەبمــان لــە دینــەوە بــۆ هاتــووە. لەلایەکــی دیکــە، تیرەیەکــی کۆنــی کولتــووری هینــدی- ئێرانیــن و بــە سرووشــتی خۆمــان هەڵگــری بەشــێکی زۆری ئــەو کولتوورەیــن. لــە پێنجســەد ســاڵی ڕابــردوودا، فەرمانڕانییەکــی نــوێ بــە هەمــان دیــن، بــەڵام بــە تێکەڵەیــەک لــە فەرهەنگــی ئاســیای ناوەڕاســت و ئێــران و هینــد و ڕۆم درووســت بــوو، ئەویــش ئیمپراتــۆری عوســمانییە کــە بەشــی هــەرە زۆری کوردســتانی کەوتــە بەردەســت. ئێمــە کاریگەریــی کولتــووری عوسمانییشــمان بەســەرەوەیە. پێویســتە پێکهاتــەی کولتوورەکەمــان کــە ئەمــڕۆ پێــی دەژییــن، لــەو واقیعــەدا ببینیــن و تێــی بگەیــن.

دینـــی ئیســـلام دەرفەتـــی ژیانـــی بـــە ئافـــرەت داوە و لەگـــەڵ کولتـــووری کۆنـــی ئێمـــە تێکـــەڵ بـــووە. نابەرابـــەری و ســـتەم لـــە کولتـــووری کۆنـــی کوردســـتاندا هەبـــووە، بـــەڵام پلـــەی خشـــونەتی ئـــەو ســـتەمە بەرانبـــەر بـــە ژن، نەدەگەیشـــتە کوشـــتن و ســـڕینەوە. کوشـــتن لەســـەر بەهـــای خێڵەکییانـــەی غســـل العـــار، لـــە فەرهەنگـــی بەدەوییـــەوە و لـــە کاتـــی فتوحاتـــەوە هاتۆتـــە نـــاو کولتـــووری کوردســـتان و بەشـــێک نییـــە لـــە پێکهاتـــەی دینـــی ئیســـلام. ئـــەو ناوچـــە کوردســـتانیانەی لـــە تێکەڵبوونـــی ڕاســـتەوخۆی فەرهەنگـــی بـــەدو دوور بـــوون، ســـەرباری موســـوڵمانبوونیان، ژن ناکـــوژن. بەشـــی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان شـــاهیدی ئـــەو ڕاســـتییەیە. بەشـــی باکـــوور و ڕۆژاوای کوردســـتان کـــە بـــەردەوام لەژێـــر دەســـتی عوســـمانیدا بـــووە، بـــە پلـــەی دووەمـــی هێمنـــی و کەمـــتر دەستڕەشـــی بەرانبـــەر بـــە ژن دێـــن. باشـــووری کوردســـتان (هەرێمـــی کوردســـتان) لـــە پەیوەندییەکـــی مێژوویـــی بـــە درێژاییـــی موســـوڵمانبوونی، لەگـــەڵ خێڵەکانـــی عەرەبـــی بـــەدودا بـــووە، بۆیـــە زۆر کەوتۆتـــە بـــن کاریگەریـــی فەرهەنگـــی ئـــەوان. درووســـتبوونی دەوڵەتـــی عێـــراق و لکاندرانـــی باشـــووری کوردســـتان بـــەو دەوڵەتـــە دانەکەوتـــووەوە، هەروەهـــا بەردەوامیـــی بزووتنـــەوەی شۆڕشـــگێڕی و مانـــەوەی بەردەوامـــی چـــەک لـــە نـــاو کۆمەڵـــگا، زەمینەیەکـــی بەپیتـــی بـــۆ بەردەوامیـــی بەهاکانـــی بـــەدو لەنـــاو کوردســـتان ڕەخســـاند.

ڕوانـــگای نابەرابەرانـــەی کۆمەڵـــگای کوردســـتان بـــۆ ژن و کـــردەوەی ئافـــرەت کوشـــتن، تەنیـــا بـــۆ دیـــن ناگەڕێتـــەوە، هەندێـــک ڕەگـــی کولتـــووری کۆنـــی کوردســـتان و بەهـــای هـــاوردەی بـــەدەوی، ســـەرچاوەی کـــرداری ئافرەتکوژیـــن. ئەگینـــا پیـــاوی کـــورد بـــۆ دیـــن ژن ناکـــوژێ، بەڵکـــوو بـــۆ کڕینـــەوەی شـــەڕەفی پیاوانـــە، ئـــەو تاوانـــە دەکات.

### دەکرێ بپرسین: شەڕەف چییە؟ ناموس چییە؟!

وشـــەی شـــەڕەف لـــە زمانـــی عەرەبیـــدا بـــە مانـــای چاودێـــری و پاســـەوانی دێـــت کـــە پیـــاو لـــە شـــوێنێکی بـــەرزەوە دیدەوانیـــی کەســـوکاری خـــۆی دەکات، تـــا دەســـتی بێگانـــە پێیـــان نـــەگات. هەروەهـــا ڕێـــگا نـــەدات

ژنەکانی ناو خێزان تێکەڵی خەڵکی دیکە ببن. ئەو جۆرە دیدەوانییە بۆ پاراستنی ماڵ و سامان و گیانی خێزان و کەسوکار لە دەست نەیاران نییە، بەڵکوو تەنیا ئێشکەگرتنە لە ژنەکان. ئەو پیاوانەی پشتاوپشت توانیویانە ژنەکانیان پاسەوانی بکەن، بە کەسانی بەشەرەف دادەندران. هەڵبەت ئەوە هەیبەتێکی بۆ ئەو پیاوانە درووست دەکرد کە پاسەوانییان فراوانتر دەکرد و تێکەڵی پاراستنی ماڵ و سامانیان دەکرد و، خێریشیان بۆ دەوروبەریان دەبوو. ئەو بنەماڵە بەدەستەڵاتانە ئەشرافیان پێ دەگوترا. هەرچەند چەمکی شەرەف لە دواییدا فراوانتر کراوە و تێکەڵی نەریتی چاکەخوازی و خێرۆمەندی و دڵفراوانی کراوە، بەڵام بە هێشتنەوەی جەوهەری چەمکەکە، ئەویش پەیوەستبوونیەتی بە پاراستنی ژنانەوە. "غسل العار" بریتییە لە کوشتنی ژنەکانی ناو خێزان کە سەرپێچییان لە فەرمانی پیاوەکانیان کردبێ یان پەیوەندییان بە دەرەوەی خێزانەوە هەبووبێت، یان خۆشەویستییان بۆ دەرەوەی خێزانەکەیان هەبووبێت. پیاوەکانی بەدو بە کەیفی خۆیان چەمکی شەرەف لێک دەدەنەوە و تۆڵە لە ژنەکانیان دەکەنەوە. ئەو چەمکە پەیوەندییەکی بەهایی و مەعریفیی نزیکی بە کردەوەی "زیندەبەچاڵکردنی" ژنان لە کۆمەڵگای عەرەبی زەمانی جاهلیدا هەیە (عزة، ٢٠٠٧).

چەمکی ناموس مێژوویەکی کۆنتری هەیە و بە شەریعەتی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو دەگوترێ. ژن بە ناموسی پیاو دادەنێ. ناموس بە مانای وەحی و سرووشی ئاسمانیش دێت. ئەو چەمکە لە ئینجیلدا هاتووە و بە هاومانا لە قورئانێشدا ئاماژەی پێ کراوە. بۆیە چەمکێکی دینیی کۆنە، بەڵام دوایی مانای دیکەشیان لێی بار کردووە و لە زمان و کولتووورە جیاوازەکاندا گۆڕانیان بەسەر هێناوە (انجیل متی، لوقا، یوحنا).

چەمکی شەرەف، تایبەتی کولتووری کۆمەڵی بەدەویی عەرەبییە و هیچ پەیوەندی بە دینی ئیسلامەوە نییە. نابێ ئەو چەمکە تێکەڵی

چەمکی "کەرامەت" بکرێ کە یەکێکە لە پێویستییە هەمیشەییەکانی مرۆڤ بۆ مانەوە و پاراستنی ئاسایش و سەروەریی شەخسی و مافی کار و هەبوونی سامان و پاراستنی خێزان بە ژن و پیاو و منداڵ و داراییەکانیانەوە. کەرامەت مەرجی سەرەکیی مانەوەی مرۆڤ و هاوسەنگیی دەروونی و کۆمەڵایەتییەتی. کەرامەت لە هەموو کۆمەڵگاکان و کولتوورەکانیاندا هەیە و یەکێکە لە چەمکە گشتییەکانی ناو کولتووری گشتیی مرۆڤایەتی. واتا ئەو بەشە لە کولتوور کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مانابەخشینی زمان لە ژیانی بەشەردا هەیە و لە هەموو کۆمەڵگاکان دەردەکەوێ و خسوسیاتی خۆی وەردەگرێ. کەرامەت تایبەتی پیاو نییە و ژنیش دەگرێتەوە.

کێشەی ژن کوشتن، گرفتێکی سەختی ئەمڕۆی کوردستانە و عورفێکی نائینسانی و هاوردە و بێگانەیە و کۆمەڵگاکەمان ئازار دەدات. ئەو بەڵایە لەژێر ناوی شەرەف دەکرێ کە هیچ پەیوەندی بە مانای چەمکی شەرەف لە زمانی کوردیدا نییە کە هەمان کەرامەتە. بۆیە دەبێ لە وردکردنەوەی مانای کەرامەت و شەرەفی ئینسانی، بە لای بەها بەدەوییە هاوردەکەدا نەچین و پاکی بکەینەوە لە هەر بەدحاڵیبوونێک کە زیان بە کەرامەت و ئاسایشی ژن بگەیەنێت.

دوای دەربازبوون لە بەڵای غسل العار و چەمکی شەرەفی بەدەوی، پێویستە لە چەمکی مێژووی ئافرەت بگەین و بزانین لە چ بارودۆخێکدا درووست بووە. لەم قۆناغەی ئێستادا کەمکردنەوە لە ماف و بەشداریی ژنان لە کاروباری وڵاتدا، هیچ مانایەکی نابێ تەنیا دڕندەیی نەبێت. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە سیستەمی پەروەردە بگۆڕین و بەها و مانای نوێ بخەینە ناو پەروەردەی نەوەی نوێوە. ئەو بەهایانەی ژن و پیاو بە بەرابەر دەزانن و لە مافەکانیان و وجوودیاندا یەکسانن. بەبێ ئەوەی ڕۆڵی جنسیانەی هەر کامیان لە ژیانی بایۆلۆژی و کاردانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، بزر

بکەیــن. ژن مرۆڤێکــە لــە جنســێکی دیکــەدا، هــەروەک پیاویــش مرۆڤێکــە لــە جنســێکی دیکەدایــە.

## ٤-٧ کێشەی زمان لە کوردستان

زمــان نــەک هــەر میللەتــان و کۆمەڵــگاکان درووســت دەکات، بەڵکــوو خالقــی یەکەمــی مرۆڤایەتیشــە. خــۆ ئەگــەر نــەژادی یەکەمــی مــرۆڤ، بــۆ مانــەوەی خــۆی مانــای بــە ڕێکخســتنی دەنگــەکان نەدابایــە و چەندیــن ئەندامــی جەســتەی خــۆی بــۆ تەرخــان نەکردبــا، دواجــار زمانــی درووســت نەکردبــا، نەیدەتوانــی خــۆی لەگــەڵ سرووشــت بگونجێنــێ و ســەرەنجام قــڕ دەبــوو. کەواتــە ئــەوە زمانــە توانــای مانــەوە و ناســین و زانیــن و خۆناســینی بــە بنیاتــەم داوە. هەروەهــا زمانــە توانایــی کۆکردنــەوە و شــیکردنەوەی زانیــاری بــە مــرۆڤ دەدات و بیرکردنــەوەی بــۆ دەڕەخســێنێ. لــە ســتراکتۆری زمانــەوە کەرەســتەی کولتــوور فەراهــەم دەبــێ و تایبەتمەندییەکانــی هــەر کۆمەڵگایــەک ســەرهەڵدەدات. ســتراکتۆری زمــان لــەلای بەشــەریەت یــەک شــێوەیە، بۆیــە ســەرەڕای جیــاوازی لــە مانــای دەنگــەکان و چۆنیەتیــی دەربڕینــی دەنگێکــی تایبــەت، ڕێزمــان لــە هەمــوو زمانەکانــدا هەیــە و هەمــوو ڕێزمانەکانیــش لێکــدی دەچــن. نەهێنــی لێکحاڵیبــوون و فەهمــی هاوبەشــی مرۆڤایەتــی و خشــتی هاوبەشــی کولتــووری کــە دەکــرێ پێــی بگووتــرێ کولتــووری مرۆڤایەتــی، ئــا لــەو تایبەتمەندییانــەی زمانــەوە دێــت. ئــەوەش زانســتێکی ڕوو لــە پێشــکەوتندایە. هــەر بۆیــە هەمــوو وشــەیەک مێژوویەکــی لــە درووســتبوونیدا هەیــە و زەرووڕەتێــک هێناویەتــە دی. ئــەوە هەقیقەتــی زیندوویێتیــی زمــان دەردەخــات کــە بوونەوەرێکــی زینــدووە و پــەرە دەســتێنێ و دەوڵەمەنــد دەبــێ و لەوانەیــە بشــمرێ (دوسوســور، ١٣٩٢).

زیندوویێتیــی زمــان کارێکــی وایکــردووە لەســەر کەتەلــۆگ درووســت ناکــرێ و کۆپییــش نابــێ. تەنانــەت چەمــک و وشــەی نــوێ ئەگــەر لەنــاو

پرۆسەی گەشەسەندنی خودی زمانەکەدا نەبێت و زەروورەتی ژیان داوای نەکات، سەرناگرن. هەر وشە و چەمکێک مێژووی درووستبوون و دەوڵەمەندبوونی خۆی هەیە و بە هیچ کلۆجێک ناکرێ هەر بە حەز یان بڕیار مانای لێ زیاد بکرێ و، باری زانیاری قەبەتر ببێ. ئەگەر کارێکی لەو بابەتە پێویست بێ، ئەوا جاران سیستەمی پەتیی ناو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ناخوداگا درووستی دەکرد. لەم ڕۆژگاری زانستیدا، ناوەندە زانستییە دەستەڵاتدارەکان بە میتۆدی شیاو و لەبەرچاوگرتنی خسوسییەتی زمانەکە، ڕێی زیادبوونی وشە یان وەرگرتن و درووستکردنی چەمک یاخود دەوڵەمەندکردنی باری زانیاریی وشە دەدۆزنەوە و بڕیاری لەسەر دەدەن (چامسکی۱۳۹۰). دەبێ دەوڵەتێک هەبێت کە دەستەڵاتی زانستیی ناوەندە ئاکادیمییەکان دابین بکات و بڕیاری زمانەوانییان ڕاپەڕێنێ. لە هەردوو حاڵەتی گەشەسەندنی پەتی و زانستیدا، وەختێک وەرگرتن و زیادکردن سەردەگرێ کە بنەماکانی زمانەوانی لەبەرچاو گیرابن و ئاساییبوونی پەرەسەندنەکە ڕەچاو کرابێ (باطنی، ۱۳۹۸ ).

ئەو زمانانەی خاوەنی دەستەڵاتداریان نییە، خۆ هەر دەگۆڕێن، بەڵام لەوانەیە گۆڕانەکە بەرەو توانەوە لە زمانێکی دیکەدا بێت یان هەر وردە وردە زمانەکە بڕستی لێ ببڕێ و کوێر بێتەوە. لە مێژوودا زۆر زمان مردوون و ئاساریان کوێر بۆتەوە. زمانی بێخاوەن چارەنووسی مردنە. ئەوە تەجرەبەی بەشەریەتە.

لەم ڕۆژگارەدا دەرفەتی پەرەسەندنی پەتیانەی زمان نەماوە و کۆمەڵگاکان هێندە لێکدی نزیک کەوتوونەتەوە کە زۆر بە ئاسانی کار لێکدی دەکەن و، لە پێشەوە لە ڕێی زمانەوە ڕوو لە یەکدی دەنێن و بێئاگایانە دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکدی. مەبەستم لە بێئاگایی زاڵبوونی زمانی دەوڵەمەند و لە ژیان بەکارهاتووە کە زمانەکانی دیکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و، وشە و چەمکیان بۆ

دەنێـــرێ و لـــە نیهایەتـــدا ئەگـــەر ئەوانـــەی بەرابـــەری توانـــای بەردەوامییـــان نەبـــێ، ئـــەوا دەتوێنـــەوە (باطنـــی، ١٣٩٤). دەكـــرێ نموونـــەی زمانەكانـــی ئینگلیـــزی و فەڕەنســـایی و ئیســـپانیایی و پۆرتوگالـــی لەســـەر ژمارەیەكـــی زۆری موســـتەعمەرەكان لەبەرچـــاو بگریـــن. ئـــەو زمانـــە ئەمەریكایـــی و ئەفریقاییانـــەی زۆر ســـەرەتایی بـــوون، توانـــەوە، بـــەڵام ئـــەو زمانانـــەی تواناییـــی مانیـــان هەبـــوو، ســـەرباری كاروەرگرتـــن لـــە زمانەكانـــی ســـەروو، مانـــەوە. وەک زمانـــی هینـــدی و پشـــتوو و عەرەبـــی. ئـــەو زمانانـــە وەک زمانـــی كۆمەڵایەتـــی و نەتەوەیـــی بـــەردەوام بـــوون، بـــەڵام نەبوونـــە زمانـــی زانســـتیی ئـــەو كۆمەڵگایانـــەی جـــاران موســـتەعمەرە بـــوون. ئـــەو میللەتانـــەی زمانـــی خۆیـــان وەک ناســـنامە و زمانـــی پەیوەندیـــی كۆمەڵایەتـــی پاراســـت و زمانـــی فەڕەنســـایی یـــان ئینگلیزییشـــیان وەک زمانـــی ڕەســـمی بـــۆ خوێنـــدن وەرگـــرت، تووشـــی هیـــچ گرفتێـــک نەبـــوون و زۆر بـــە ئاســـانی لەگـــەڵ كەڵكوەرگرتـــن لـــە زمانێكـــی دەوڵەمەنـــدی بیانـــی، زمانـــی نەتەوەییـــی خۆیشـــیان پاراســـت و پێشیانخســـت. لـــەو مامەڵەیـــەدا نـــەک زەرەریـــان نەكـــرد بەڵكـــوو قازانجەكەیـــان لـــەوەدا بـــوو كـــە زمانێكـــی ئامـــادە و دەوڵەمەنـــدی زانســـتییان هێنایـــە نـــاو كۆمەڵگاكەیـــان، بەبـــێ ئـــەوەی زمانـــی خۆیـــان بدۆڕێنـــن (باطنـــی، ١٣٩٨). حیكمەتـــی ئـــەو زمـــان قەرزكردنـــە لەوەدایـــە كـــە زمانـــی خۆیـــان نەیدەتوانـــی ببێتـــە زمانـــی زانســـت و پردێكـــی مەعریفیـــی پتـــەو بێـــت لەبـــۆ باركردنـــی زانســـت. ئـــەوەش ســـەرەنجام میللەتەكـــەی لـــە پێشـــكەوتن دوادەخســـت و ئاســـتی زانینـــی خوێنـــدەواران دەهاتـــە خـــوارەوە. زمانێـــک بـــا ناســـنامە و كەرەســـتەی خۆدەرخســـتنی كۆمەڵگایەكیـــش بێـــت، ئەگـــەر ڕابردوویەكـــی لـــە كاری زانســـتی و مەعریفەتگەیانـــدن نەبێـــت، هـــەر بـــە حەمـــاس و بڕیـــاری نەتەوەپەرســـتانە پـــازی پـــێ نـــادرێ و لـــە شـــوێن خـــۆی دەچەقـــێ.

كێشەیەكی دیكەی كۆمەڵگا زمان قەرزكردووەكان، لە یەكنەگرتوویی زمانەكەیان و زۆری شێوەزاری لێكدی جیاواز یان زۆریی زمانە لە یەک وڵاتدا. بۆ نموونە لە هیندستان نزیک بە ١٥٠ زمان هەن و هیچیشیان هەمەگیر نین. لە پاكستان حەوت زمان هەبوون. هەڵبەت لە وڵاتانی

وەک جەزایر و مەغریب و توونس و مۆریتانیا، زمانی عەرەبی زۆرینە بوو، زمانی ئامازیغیش هەیە، بەڵام ددانی پێدا نەدەهێندرا. سەرباری ئەوەش زمانی فەرەنساییان وەک زمانی ڕەسمی لەپاڵ زمانی عەرەبی وەرگرت. بەمەش دەرگایەکی دەوڵەمەندیان لەسەر کۆمەڵگاکەیان کردەوە و دەرفەتی پێشکەوتنیان بۆ کۆمەڵگاکەیان ڕەخساند (کالفی، ٢٠٠٨ ).

بــە قەرزوەرگرتنــی زمــان بــۆ هــەر کۆمەڵگایــەک ناگونجــێ و دەبــێ ئامادەییــی کۆمەڵایەتــی و زەرووڕەتــی زانیــاری و ســایکۆلۆژیای وەرگــر هەبێــت، ئەگینــا جیــا لــە ڕیســکێک هیچــی دیکــە ناچنرێتــەوە. ئــەو میللەتانــە دەبــێ زمانێکــی دیکــە وەربگــرن کــە بــە کــردەوە دەرکەوتبــێ زمانــی خۆیــان جــارێ توانایــی زانســتی تێــدا نەبــێ. هەروەهــا پارچەپارچەبوونــی زمانەکــە لــە نێــوان چەندیــن شــێوەزار و ددان بەیەکدیــدا نەهێنانیــان، ڕۆڵــی زمانــی ســتانداردی پەکخســتبێ. هەندێــک میللــەت ســەرباری شــانازی بەخۆکردنیــان و هەبوونــی ناســنامە و کیانــی ســەربەخۆیان، لــە ڕووی زمانــەوە هــەژارن. هەڵبــەت ئەگــەر نوخبــەی ئــەو میللەتــە ئەوەنــدە هۆشــیار بێــت کــە پێشــکەوتن لــە ڕیــزی پێشــەوەی ئامانجــە میللیەکانــی دانابێــت. ئەگینــا پەنابــردن بــۆ هەســتی ناسیۆنالیســتی و بەخۆهەڵــدان و گەڕانــەوە بــۆ مێژوویەکــی هــەژار، کارێکــی ئاســانە. ئەنجامەکەشــی نقومبــوون دەبــێ لــە دواکەوتوویــی و یەکــدی خواردنــەوە و دیکتاتــۆری.

هەڵبــەت مــەرج نییــە زمانــی نەتەوەیــی و خۆپێدەربڕینــی کۆمەڵایەتــی، توانایــی زمانــی زانستییشــی تێــدا بێــت. دەکــرێ زمانێــک هەمــوو دەورە کۆمەڵایەتییەکانــی خــۆی بگێــڕێ و گەشــە بســتێنێ، لــە پاڵیــدا زمانێکــی بیانــی دەوری ئامــرازی وەرگرتنــی زانســتی وەربگــرێ. بــۆ نموونــە دەکــرێ زمانــی نەتەوەیــی ڕۆڵــی ئاســایی خــۆی لــە خوێنــدن و نووســین و پــەروەردەی خۆیــی بگێــڕێ و زمانــی ئــەدەب و ئاخاوتنــی میللــەت بێــت. لــەو حاڵەتــەدا کــە بــاری زانســتی لەکــۆڵ دەکرێتــەوە، دەرفەتێکــی

باشـــی بـــۆ گەشـــەکردن دەســـت دەکـــەوێ و دەکـــرێ ئازادییەکـــی زۆر بـــدرێ بـــە شـــێوەزارەکانی و هەموویـــان تەعبیـــر لـــە بوونـــی خۆیـــان بکـــەن. لەســـەر بنەمایەکـــی زانســـتییانەی گونجـــاو شـــێوەزارەکانی بـــە ســـەمتی لێکـــدی نزیکبوونـــەوە گەشـــە بکـــەن و کۆتایـــی بـــە ڕەفزکردنـــەوەی یەکـــدی و حەساســـییەت بێنـــن. لەوێـــدا دەکـــرێ پەنـــا بـــۆ هەســـتی نەتەوەیـــی و هەمبەســـتەییی چارەنـــووس بـــبرێ و لـــەو قەراغانـــەی دەلـــوێ، وشـــە و چەمکـــی هاوبـــەش بـــە کار بێنـــن و هەنـــگاو بـــەرەو تێکەڵبـــوون بنێـــن.

ئـــەوە بیســـتویەک ســـاڵ بەســـەر ڕزگاریـــی کوردســـتانی باشـــووردا تێپـــەڕی، بـــەڵام زمانـــی کـــوردی هـــەر نەیتوانـــی ئۆقـــرە بگـــرێ و ببێتـــە جێـــگای متمانـــە و کۆکـــی میللەتـــی کـــورد. هـــەردوو شـــێوەزاری ســـۆرانی و کرمانجـــی، بـــەردەوام یەکـــدی ڕەت دەکەنـــەوە و لـــە پەرەســـەندنی زمانەوانـــی و وشەســـازیدا، مەیلـــی لێکـــدی دوورکەوتنـــەوە بەســـەر هەردووکیانـــدا زاڵـــە. هەڵبـــەت هـــەردوو شـــێوەزاری زازایـــی و هەورامییـــش داوای ســـەربەخۆیی بەکارهاتـــن دەکـــەن. شـــێوەزاری کرمانجـــی لەپێنـــاوی خۆجیاکردنـــەوە، نـــاوی کرمانجـــی لەجیاتـــی کـــوردی بـــە کار دێنـــن و فەرهەنـــگ و خۆناســـاندنەکانیان بـــەو نـــاوە دەکـــەن. لـــە سۆرانییشـــدا ڕەوتەکـــە بـــەرەو ســـەمتی خۆســـەپاندن و بەهەنـــد وەرنەگرتنـــی وشـــە و ڕۆڵـــی زاراوەکانـــی دیکەیـــە. ســـەرەڕای ئـــەوەی نزیـــک بـــە نـــەوەد ســـاڵە بـــە ســـۆرانی دەنووسرێـــت و لـــە قوتابخانـــەکان پێـــی دەخوێنـــدرێ، بـــەڵام دیســـان نەیتوانیـــوە جێـــگای خـــۆی لەنـــاو هەمـــوو کوردســـتاندا بکاتـــەوە و ببێتـــە زمانـــی ســـتانداردی کوردســـتان. لـــە ڕووی دەوڵەمەندییشـــەوە ئـــەو شـــێوەزارە نەبووەتـــە زمانێکـــی پتـــەو و جێـــی متمانـــەی زانســـتی.

ئێســـتا بـــە کـــردەوە کوردســـتان بەســـەر دوو زمانـــدا بـــەش بـــووە و هـــەردوو شـــێوەزارەکەی وەک زمانـــی ســـەربەخۆ ڕەفتـــار لەگـــەڵ یەکدیـــدا دەکـــەن. بـــەوەش ئایینـــدەی زمـــان لـــە کوردســـتان تاریـــک داهاتـــووە و زمانەکـــە متمانـــەی کۆمەڵایەتـــی بەدەســـت نەهێنـــاوە. ئەگـــەر لـــە تەمـــی ناســـیۆنالیزمدا خـــۆم حەشـــار نـــەدەم، دەبـــێ ئیعـــتراف بکـــەم؛ ئێمـــە

زمانێکـــمان نییـــە زانســـتی پـــێ نەقـــڵ بکـــرێ، لـــەو ڕووەوە کۆڵەواریـــن. نـــەک هـــەر نەمانتوانیـــوە زمانەکـــە یـــەک بخەیـــن، بەڵکـــوو ئاســـتی زانســـتییش هـــەروا بـــەرەو نزمـــی دادەبـــەزێ. ســـایکۆلۆژیای گشـــتیی کوردســـتان بـــۆ لەتبوونـــی زمـــان لەبـــارە نـــەک بـــۆ یەکگرتنـــی، بۆیـــە هیـــچ هێزێـــک ناتوانـــێ یـــەک زمـــان بـــۆ کـــورد لـــەم قۆناغـــەدا بڕیـــار بـــدات. ئـــەوە ئەگـــەر واز لـــە بەرژەوەندیـــی حیزبایەتـــی بێنیـــن کـــە بـــۆ پاراســـتنی نفـــوز، یـــاری بـــە پرســـەکە دەکـــەن و لەبەرانبـــەر چارەســـەریدا دەستەوەســـتانن.

هەڵبـــەت ئـــەو لاوازییـــەی لـــە ڕووی زمانـــەوە لـــە ســـۆرانیدا هەیـــە ئـــەوا لـــە کرمانجیشـــدا هەروایـــە و بگـــرە کۆڵەوارتریشـــە، چونکـــە ئـــەو شـــێوەزارە تـــا ئێســـتا هـــەر بـــە شـــێوەی پەتـــی دەژییـــت و قـــەت وەک زمانـــی ڕەســـمی بـــە کار نەهاتـــووە (شـــوانی، ٢٠٠٩).

شـــێوەزاری ســـۆرانی لەســـەر ئاســـتی کوردســـتاندا زیاتـــر لـــە نیـــو ســـەدە وەک زمانـــی چالاکتریـــن بەشـــی بزووتنـــەوەی ناسیۆنالیســـتی کـــورد بـــە کار هاتـــووە. ئـــەوەش بـــۆ ئـــەو دوو بەشـــەی کوردســـتان دەگەڕێتـــەوە کـــە بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازییـــان لـــێ بەهێـــز بـــووە؛ کوردســـتانی بەشـــی عێـــراق و کوردســـتانی بەشـــی ئێـــران. کەچـــی ســـەرباری ئـــەوەش نەبووەتـــە شـــێوەزاری هەمەپەســـند و هـــەر لـــە ئاســـتی ئەدەبیاتـــی سیاســـی و نووســـینی ئەدەبیـــدا ماوەتـــەوە و، نەبووەتـــە زمانێکـــی دەوڵەمەنـــد وەک کۆکـــەرەوەی ناوەرۆکـــی شـــێوەزارەکانی دیکـــە. بەتایبەتـــی شـــێوەزاری کرمانجیـــی لـــە دەوڵەمەندکردنـــی خۆیـــدا پشـــتگوێ خســـت و زیاتـــر پشـــتی بـــە وەرگرتـــن لـــە عەرەبـــی و فارســـی و هەندێکیـــش تورکـــی و ئینگلیـــزی بەســـتووە. ئەنجامـــی ئـــەو پەرەســـەندنە هەڵەیـــە، دوورکەوتنـــەوەی زاراوەکانـــی دیکـــە و بیرکردنەوەیـــان لـــە خۆناســـاندنیان بـــوو. ئـــەو واقیعـــە دوای ڕاپەڕیـــن و ئازادبوونـــی کوردســـتانی باشـــوور خـــۆی دەرخســـت. ئەوکاتـــە دەرکـــەوت کـــە ئاخافتنکارانـــی هـــەردوو زاراوە چەنـــد لێکـــدی دوورن و چـــۆن هەریەکـــە زاراوەی خـــۆی بـــە کـــوردی دەزانـــێ و هەوڵـــی ســـەلماندن و پێناســـەکردنی خـــۆی دەدات. لـــە ناوچـــەی ســـۆراندا

سـۆرانی ناسـنامە بـوو و لـە بادینانیـش کرمانجـی بـووە ئامانـج.

هـەر دوای سـاڵی ١٩٩١ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی باکـوور، بـواری فراوانبوونـی بـۆ ڕەخسـا و هەرێمـی کوردسـتانی کـردە شـوێنی مانـەوەی خـۆی و بایەخێکـی زۆری بـە زمـان دا و کرمانجیـی بوژانـدەوە. تێکنۆلۆژیـای ڕاگەیانـدن و گەیانـدن، دەرفەتـی دایـە بەشـی باکـووری کوردسـتان تـا شـێوەزارەکە ببوژێتـەوە و ببێتـە زمانـی سیاسـەت و ئەدەبیـات. لـە ماوەیەکـی کورتـدا لێشـاوێک نووسـینی ئەدەبـی و سیاسـی بـە کرمانجـی بـڵاو بوونـەوە و ئەلفبـای لاتینیـان وەک ڕەمـزی کرمانجیبـوون هەڵبـژارد. بەمـەش هـەر بـە جارێـک خۆیـان لـە کەلەپـووری چەندیـن دەیـەی سـۆرانی دابـڕی و دیـواری چینیـان لـە نێـوان دوو شـێوەزاردا درووسـت کـرد. واقیعەکـە وایلێهاتـووە سـۆرانی ئەلفبـای عەرەبـی بـە ڕەمـزی زاراوەکەیـان دەزانـن و کرمانجییـش ئەلفبـای لاتینـی بـە بەشـێکی جیانەکـراوەی خۆیـان دەزانـن. تەنانـەت کرمانجەکانـی کوردسـتانی سـووریا و هەرێمـی کوردسـتانیش هەرچەنـد خوێندنیـان بـە ئەلفبـای عەرەبـی بـووە، بـەڵام لـە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە لاداری لاتینیـن.

لـەم قۆناغـەدا ئیـدی سـۆرانی بـە تەنیـا زمانـی ناسـیۆنالیزم و ئەدەبـی کـوردی نییـە، کرمانجییـش هـەوە. ئـەو مناقەشـە توونـد و تەکفیرییـەی لـە نێـوان نووسـەرانی زمانەوانـی سـۆرانی و کرمانجیـدا هەیـە، دەربـڕی حەقیقەتێکـی تاڵـە: میللەتەکەمـان لەسـەر زمـان کـۆک نییـە! دوو شـێوەزارەکەی بـە تووڕەیـی مامەڵـە لەگـەڵ یەکدیـدا دەکـەن، هیـچ مەرکەزێکـی باوەڕپێکـراو نییـە ببێتـە بنەمـای لێکـدی نزیکبوونەوەیـان. پێویسـتە شـەرم لـەم ڕاسـتییە نەکەیـن و چیدیکـە بـە سـۆزی نەتەوەپەرسـتی نەیشـارینەوە. دوو شـێوەزاریبوونی زمانەکەمـان عەیـب نییـە و هیـچ لـە کوردبوونمـان کـەم ناکاتـەوە. هـەر وەک چـۆن نزیـک بـە ١٥٠ زمـان بـۆ هیندسـتان کەمـی و شـورەیی نەبـوو.

حکوومەتـی کوردسـتان بـە ڕەسـمی پابەنـدە بـە باڵادەسـتیی زاری

سـۆرانی، بـەڵام لـە کـردەوەدا یارمەتیـی بوژاندنـەوەی کرمانجییـش دەدات. وێدەچـێ ئـەم سیاسـەتە خۆپارێزییـە تـا ئێسـتا پێوسـت بووبـێ، بـەڵام خـۆ بێدەسـتەڵاتدانانی حکوومـەت لـە چارەنووسـی زمانـدا، ترسـناکە. بۆیـە پێویسـتە حکوومـەت لـە ناوەنـدە زانسـتییەکاندا ئـەو پرسـە چارەنووسسـازە چارەسـەر بـکات و پێشـنیازێکی کردەنـی بـۆ ئاییندە بـکات. مـن دڵنیـام حکوومـەت ناتوانـێ هیـچ شـێوەزارێک بسـەپێنێ، بەتایبەتـی کـە بیسـت سـاڵ بەسـەر کیشـەکەدا تێپەڕیـوە، بۆیـە دەبـێ بیرێکـی چارەسـەرییانە بکرێتـەوە.

مـن پێموایـە، پێویسـتە پەنـا بـۆ تەجرەبـەی میللەتانـی هاوشـێوەی خۆمـان بەریـن و بیـر لـە پێشخسـتنی کۆمەڵگاکەمـان بکەینـەوە و دەروازەیەکـی زانسـتیی ئاسـانی بـۆ بدۆزینـەوە. گەشـەکردنی کۆمەڵـگا ڕێـگا بـۆ چارەسـەر و دابینکردنـی یەکێتیـی نەتەوەیـی و لێکـدی نزیکبوونـەوەی زمـان دادەنـێ. ئیسـتا کوردسـتان کۆمەڵگایەکـی پاشـکەوتووە و زمانەکەشـی نـەک هـەر لـە کێشـەدایە، بەڵکـوو بەبـێ ئـەوەش تواناییـی زمانـی زانسـتی و پێگەیشـتنی کۆمەڵگاکـەی تێـدا نییـە. لـە کـردەوەدا بەبـێ بەرنامـە لـە کوردسـتاندا خەڵـک پەنایـان بـۆ پەرەپێدانـی زمانـی ئینگلیـزی بـردووە، ئێسـتا هـەر لـە باخچـەی سـاوایان تـا دەگاتـە زانکـۆ خوێندنـی ئینگلیـزی هەیـە. خەڵـک لـە ئەنجامـی پێگەیشـتنی منداڵەکانیـان ڕازیـن، ئاسـتی زانسـتیی ئـەو قوتابیانـەی بـە ئینگلیـزی دەخوێنـن زۆر بەرزتـرە لەوانـەی بـە کـوردی دەخوێنـن، خۆگونجاندنێکـی واقیعیانـەش لەگـەڵ ئـەم دیاردەیـە دەکـەن. ئـەوە بەبـێ پشتگوێخسـتنی زمانـی کـوردی ئەنجـام دەدرێ.

زمانـی ئینگلیـزی و فەڕەنسـایی و ئیسـپانیایی لـە ژمارەیەکـی زۆر وڵاتـی دیکـە ڕەسـمی و زانسـتین. لـە وڵاتـی ئێمـە گونجـان لەگـەڵ ئینگلیـزی ڕێـگای خـۆی کردۆتـەوە، بۆیـە پێشـنیاز دەکـەم ئـەم زمانـە دوای دیراسـەکردن بـە یاسـا و بـە ڕەسـمی بکرێتـە زمانـی زانسـتیی کوردسـتان. خوێنـدن لـە سـەرەتاییەوە پـاڵ بـە پاڵـی زمانـی کـوردی

ببێتــە ئینگلیــزی. زمانــی کوردییــش وەک زمانــی نەتەوەیــی و ژیانــی کۆمەڵگاکەمــان لــە بــواری خۆیــدا بخوێنــدرێ و بایەخــی پلــەی یەکەمــی پــێ بــدرێ و هــەردوو شــێوەزارەکەش ئــازاد بکرێــن و بــە یاســا ڕێکبخرێــت. زاری هەورامییــش ئاســانکاری بــۆ بکــرێ، چەنــدی دەیانــەوێ بــا بــەکاری بێنــن. ئێمــە لــەو ئازادکردنــەدا قازانــج دەکەیــن و پێکهاتەکانمــان دەبووژێنــەوە و خۆیــان دەدۆزنــەوە و ناچــار دەبــن بیــر لــە لێکــدی نزیکبوونــەوە بکەنــەوە.

هــەر کاتێــک زمانــی ئینگلیــزی ببێتــە زمانــی خوێنــدن و حکوومــەت نیزامــی پــەروەردە ڕێکبخاتــەوە، دەرفــەت بــۆ هاووڵاتیــان دەڕەخســێت تــا کێشــەی زمــان نەبێتــە مایــەی دواکەوتنــی نەوەکانیــان و کوردســتانیش بووژانەوەیەکــی زانســتیی بێســنوور بەدەســت دێنــی و گەشــەکردن ئاســان دەبێــت. لەلایەکــی دیکــە هــەردوو شــێوەزاری ســۆرانی و کرمانجــی کاتێــک بــاری زانســتی و پێگەیاندنیــان لەســەر هەڵبگیــرێ و هــەردووک لایــان لــە سیســتەمێکی یەکگرتــووی زانســتیدا کــۆ بنــەوە، دەتوانــن بــە مێشــکێکی ســاردتر پــەرە بــە زاری خۆیــان بــدەن و حەساســییەت بەرانبــەر بــە یەکــدی بــەلاوە بنێــن. سیســتەمی پــەروەردە دەتوانــێ بنەمــای گەشــەکردنی هــەردوو شــێوەزار بــە چەشــنێک ڕێــک بخــات کــە لــە جیــات دوورکەوتنــەوە، ناوەرۆکــی پرۆســەکە لێکیــان نزیــک بخاتــەوە. تەبیعەتــی مــرۆڤ لەوەدایــە لــە ئارامیــدا ڕێــی خــۆی دەدۆزێتــەوە نــەک لــە منافەســەی توونــد.

بــە سیســتەمێکی پــەروەدەی نــوێ کێشــەی ئەلفبــا ئاســان دەبــێ، چونکــە خوێنــدنی زمانی ئینگلیــزی حەساسیەت بەرانبەر ئەلفبــای لاتیــن کــەم دەکاتــەوە و هــەردووک ئەلفبــا بــە کار دێــن. تــا کــەی؟ ئەوەیــان ئەرکــی نەوەکانــی داهاتــووە. لەســەر ئێمــە ڕێچکەیەکــی زانســتی و لــە بەرژەوەندیــی کۆمەڵــگا پێویســتە تــا نــەوەی داهاتــوو لــە وڵاتێکــی بــووژاوە و بــە عەقڵیەتێکــی زانســتی هەنــگاو بــە هەنــگاو لێکــدی نزیــک بێتــەوە.

## ٤-٨ ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای کوردستان

ڕۆشـــنبیر کێیـــە؟ ئـــەوە پرســـیارێکە زۆر جـــاران لەنـــاو کەشـــی ڕووناکبیریـــدا دەکرێـــت. لـــە ڕوانـــگای جیـــاوازەوە تاریفـــی بـــۆ دەکـــەن و ئەرکـــی بـــۆ دادەنێـــن. بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە مانـــا و پێگـــە و ئەرکـــی ڕۆشـــنبیران، پێویســـتە ئاوڕێـــک لـــە مێـــژووی دەرکەوتـــن و قۆناغـــە جیاجیاکانـــی ئـــەو توێـــژە کۆمەڵایەتییـــە بدەینـــەوە، ئینجـــا دەتوانیـــن لـــە مانـــا ڕاســـتەقینەکەی ئـــەم زەمانـــەی ڕۆشـــنبیری تـــێ بگەیـــن.

زانیـــن و کۆکردنـــەوەی زانیـــاری، پێویســـتییەکی بنەڕەتیـــی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتییـــە و خـــودی بەشـــەر بـــەرەو مرۆڤایەتـــی هەنـــگاوی پـــێ ناهاویشـــترێ، ئەگـــەر بـــەردەوام زانیارییەکانـــی زیـــاد نـــەکات و توانایـــی تێگەیشـــتن لـــە خـــۆی و دیـــاردە سرووشـــتی و کۆمەڵایەتییەکانـــی نەبێـــت. ئەگـــەر باوەڕمـــان بێـــت کـــە بنیاتـــەم لـــە نەزانیـــی موتڵەقـــەوە بـــەرەو ئـــەم قۆناغـــەی ئێســـتا هەنـــگاوی نـــاوە، ئەوجـــا ڕۆڵـــی ئـــەو کەســـانە دەردەکـــەوێ کـــە ژیانـــی خۆیـــان بـــۆ تێگەیشـــتن و تێگەیاندنـــی کۆمەڵـــگا تەرخـــان کـــردووە. زانـــاکان هەمیشـــە و لـــە هەمـــوو قۆناغەکانـــی پێگەیشـــتنی بەشـــەردا پێشـــەنگی کۆمەڵـــگا بوونـــە. لێـــرەدا مەبەســـتم لـــە زانایـــی بـــە مانـــای عالمـــی ئـــەم ڕۆژگارە نییـــە. لـــە پرۆســـەی پیشـــکەوتنی زانیاریـــی نـــاو کۆمەڵـــگادا، لـــە هـــەر بوارێـــک و لـــە قۆناغـــی خۆیـــدا، مانـــا و شـــوێنی چەمکـــەکان دەگۆڕێـــن. زانایـــی لـــە ڕۆژگارانـــی کۆنـــدا بـــە هـــەر تەقەلایەکـــی مەعریفەتجویانـــە دەگوتـــرا کـــە ڕووی لـــە کەشـــفکردن و ئاشـــکراکردنی ڕازەکانـــی سرووشـــت یـــان کۆمەڵـــگا بایـــە.

ڕۆشـــنبیر ئـــەو کەســـەیە کـــە لـــە ڕۆژگاری خۆیـــدا، لـــە بوارێکـــی دیاریکـــراوی مەعریفیـــدا (زانیـــن) زانایـــی و شـــارەزایی هەیـــە. ئـــەو زانایـــی و شـــارەزاییە بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی واقیـــع و ســـەرلەنوێ تێڕوانینـــەوەی پەیوەندییـــەکان بـــە کار دێنـــێ. تایبەتمەندییەکـــی دیکـــەی ڕۆشـــنبیر لـــە هەبوونـــی وزەی داهێنانیدایـــە. زانـــا و شـــارەزا لـــە زاتـــی خۆیـــدا وا

هەڵکەوتووە، دەتوانێ بە داهێنانەوە دەست بەرێتە ناو پەیوەندییە ئینسانییە-کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتیی هەڵکەوتنیان ئاشکرا بکات و بۆ بەرژەوەندیی پێشکەوتن و خۆشبەختیی مرۆڤ، سەرلەنوێ پێشنیازی دارشتنەوەیان دەکات. لەو بوارەدایە زەینیی رەخنەگرانەی رۆشنبیر دەردەکەوێ. رۆشنبیران هەڵگر و توێژەر و پەیامبەری مەعریفەتن. ئەو توێژەیە کە زاتی وا هەڵکەوتووە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کار لە ناو زانیاری و زانایی دەکات و پێیدا دەچێتەوە و رەخنەی لێ دەگرێ و داوای داهاتنی مۆدیلی نوێ دەکات.

رۆشنبیران هەڵکەوتەی ناو سیستەمی مەعریفیی کۆمەڵگای خۆیانن و تواناییی مەلەکردنیان لە ناو کولتوور و مەعریفەی کۆمەڵگای جیهانی هەیە. هەر رۆشنبیرێک بە کولتوور و پلەی مەعریفەتی کۆمەڵگاکەی خۆی دەناسرێتەوە، بۆیە ئەوە رۆشنبیرانن کە نوێنەرایەتیی کولتوورە جیاوازەکان دەکەن. رۆشنبیران بە قووڵی لە واقیعی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەگەن و لەو سۆنگەیەوە هەر یەکیان بەپێی باری سایکۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی و واقیعی سیاسیی وڵاتەکەی، هەڵوێست لە شوێنی کاری خۆی وەردەگرێت و شێوازی کار دیاری دەکات. مەبەستم لە هەڵوێست و شێوازی کاری رۆشنبیر وەک تاکێک ئەوەیە؛ دەچێتە ناو سیاسەت، تەنیا بە نووسینەوە خەریک دەبێ، ئانارشیستانە رەفتار لەگەڵ دیاردەکان دەکات، بێدەنگ دەبێت یان لەوانەیە خۆی بکوژێت. لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەری خۆی دەنوێنێ (سعید، ٢٠٠٦ ).

رۆشنبیر مرۆڤێکی خوێندەواری خوێنەر و بیرکەرەوە بە کەشی داهێنانە. بۆیە هەموو خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکان رۆشنبیر نین، ئەوانە دەتوانن زانیاری وەربگرن و بە شێوەیەکی دیاریکراو بە کاری بێنن و بکەونە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، بەڵام قەت بیر لە پێداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندنەوەی ناکەن. گومانی تێدا ناکەم چەندی خوێندەواری زیاتر و ئاستی بەرزتر بێت

ئاسـت و ژمـارەی ڕۆشـنبیران زیاتـر دەبێـت.

ڕۆشـنبیران لـە بـوارە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگا هەڵدەکـەون و داهێنـان لـە ڕێچکـەی خۆیانـدا دەکـەن. ئـەو سیاسـەتەدارانەی بـە ڕووناکبینـی و زاناییـەوە بەشـداریی کەشـی سیاسـی دەکـەن، لـە جوغـزی خۆیانـدا کاریگـەر دەبـن و گۆڕانـکاری درووسـت دەکـەن و ڕەوشـی کۆمـەڵ بەرەوپێشـەوە دەبـەن. وەک تۆمـاس جیفرسـۆن، شـارڵ دیگـۆل، گۆڕباچـۆف، ڤاسـلاف هاڤێـل، مهاتمـا گانـدی، نلسـۆن ماندێـلا. هەروەهـا ئـەو ئەدیبانـەی دەسـت لەسـەر ترپـەی دڵـی مـرۆڤ دادەنێـن ژمارەیـان زۆرە، وەک جەلالەددینـی ڕۆمـی، تالسـتۆی، ئامیـل زولا، ژان پـۆل سـارتر، ئەمیـن مەحفـووز، گارسـیا ماکیـز، نالـی. بیـردۆز و تیۆرسـیەنە کاریگـەرەکان کـە ئەزموونـی کۆمەڵـگاکان دادەڕێژنـەوە، وەک نموونـە ژان ژاک ڕۆسـۆ، تۆکۆفێـل، مارکـس، فرۆیـد. هونەرمەندانـی سـینەمایی و شـانۆیی و جۆرەکانـی پەیکەرتراشـی و نەقاشـی- تەشـکیلی، هـەروەک نموونـە چارلـی چاپلیـن، ئانتۆنـی کوێـن، ئانجێلینـا جوولـی یـان مایـکل ئانجێلـۆ، رافائێـل، پیکاسـۆ.

بـۆ سـەرهەڵدانی توێـژی ڕۆشـنبیران، زەمینـەی کۆمەڵایەتیـی پێشـکەوتووی بـە جموجـۆڵ و بەرهەمهێنـان پێویسـتە. ڕۆشـنبیر بـە مانـا و ئەرکـی ئـەم ڕۆژگارە مۆدێرنـە لـە ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی زانـادا درووسـت دەبـێ و زەمینـەی گەشـەکردنی هەیـە. بۆیـەش دیـاردەی ڕۆشـنبیران بـە تایبەتمەندییەکـی سـەردەمی مۆدێـرن دەزانـدرێ. ئـەو دیـاردە کاریگـەرە لەگـەڵ سـەرەتاکانی نوێبوونـەوە و پەیدابوونـی سـەرمایەداری هاتـە بـوون و، ڕۆڵـی درووسـتکردنی فکـر و دەوڵەمەندکردنـی مەعریفـەی کۆمەڵایەتییـان بـە ئەسـتۆ گـرت. کۆمەڵـگا نوێیـەکان نەیاندەتوانـی هیـچ هەنگاوێـک بەرەوپێشـەوە بنێـن ئەگـەر ڕۆشـنگەریی ڕووناکبیرەکانیـان نەبایـە. کۆمەڵـگا و بزووتنەوەکانـی بەبـێ بەرهەمـی فکریـی ڕووناکبیـران (ڕۆشـنبیران) توانایـی هەڵنانـی هیـچ هەنگاوێکیـان نییـە، چونکـە دەبـێ بزانـن چـی بـەدی دێنـن. ئـەو

چییـــە، لـــە بەرهەمـــی ڕۆشـــنبیران هەڵدێنجـــرێ (دال، ٢٠٠٥).

ئـــا لـــەو ڕۆڵـــەوە بیرۆکـــەی ڕۆشـــنبیری لایەنـــدار و بـــە هەڵوێســـت درووســـت بـــوو. لایەنداریێتیـــی ڕۆشـــنبیران لێکدانـــەوەی جیـــاوازی بـــۆ کـــراوە و لـــە مانایـــدا لێـــرە و لـــەوێ بەپێـــی بەرژەوەندیـــی ئایدیۆلـــۆژی، بـــاری کۆمەڵایەتـــی و سیاســـییان ســـووک یـــان ســـەنگین کـــردووە. ئـــەوەش دیســـان بـــۆ ئـــەو ڕۆڵـــە دەگەڕێتـــەوە کـــە ڕۆشـــنبیران لـــە درووســـتکردنی فکـــری بزووتنـــەکان هەیانبـــووە. ڕۆشـــنبیران بـــە کار و پڕۆســـەی بەردەوامـــی داهێنانـــی خۆیـــان، زەمینـــەی درووســـتبوونی ئایدیۆلۆژیـــاکان و ئامانجەکانیـــان ڕەخســـاندووە، جـــا بـــا خۆیـــان ڕاســـتەوخۆ بەشـــدار و پێشـــەوا نەبـــوون، هیـــچ لـــە ڕۆڵـــە کۆمەڵایەتییـــە- مەعریفییەکەیـــان کـــەم ناکاتـــەوە. کاریگەریـــی فکـــری ڕۆشـــنگەرانەی ڕۆســـۆ و ڤۆڵتێـــر لـــە شۆڕشـــەکانی ئەمەریـــکا و فەڕەنســـا، ڕۆڵـــی کاڕل مارکـــس لـــە داڕشـــتنەوە و فراوانکردنـــی ئایدیۆلۆژیـــای کۆمۆنیـــزم، ڕۆڵـــی ڕۆشـــنبیرانی توێـــژەری ڕۆژهەڵاتنـــاس لـــە خەملاندنـــی ئایدیۆلۆژیـــای نەژادپەرســـتی و ڕاســـیزم و ئاپارتایـــد، کاریگەریـــی فکریـــی دارڤیـــن و نیچـــە و هایدگـــەر لـــە درســـتبوونی فاشـــیزم و نازیـــزم، ڕۆڵـــی ڕووناکبیرانـــی ســـەدەی بیســـتەم لەســـەر کرانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی و درووســـتبوونی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی و چارەســـەریی کێشـــەی ژن، نموونـــەی بڵنـــدی مێـــژووی مۆدێرنـــن. لـــەو بـــوارەدا نـــاوی ئامیـــل زولا و ئاندرێـــی ژیـــد و بێرترانـــد ڕاســـێل و ژان پـــۆل ســـارتر و ســـیمۆن دیبۆڤـــار دەدرەوشـــێنەوە. ســـەدەی بیســـتەم بـــە ســـەدەی ئـــەو ڕۆشـــنبیرانە دادەنـــدرێ (وینـــوک، ١٣٧٩).

مناقەشـەیەکی درێـژ بـە پانتاییـی سـەدەی بیسـتەم، لەسـەر پێناسـە و ڕۆڵـی ڕۆشـنبیران هەیـە. خـودی چەمکـی ڕۆشـنبیر، لـە کۆتاییـی سـەدەی نۆزدەیـەم لـە نـاو کۆمەڵـگای پـڕ لـە جموجۆڵـی ڕۆشـنگەرانەی فەڕەنسـا درووسـت بـوو. زیندانیکرانـی ئەفسـەرێکی "جـوو"ی نـاو سـوپای ئـەو وڵاتـە، کێشـەیەکی فراوانـی لـێ کەوتـەوە و ڕۆشـنبیرانی خسـتە بـەردەم ئەرکێکـی ئینسـانی؛ ئاخـۆ ڕەوایـە دریفوسـی ئەفسـەری فەڕەنسـایی،

لەبەر ئەوەی جووە، بە جاسووس دابندرێ و هەموو مافەکانی لێ بسەندرێنەوە و بۆ دوورگەیەکی دوور، دوور بخرێتەوە؟! ئەوە بە کردەوەیەکی نەژادپەرستانە دژی پەیڕەوانی دینی یەهوودی داندرا. ڕۆماننووسی بەناووبانگ ئامیل زولا، بەو وتارەیەوە بەناووبانگە کە دژی سەرۆکوەزیران و بۆ دیفاع لە دریفووس نووسی. ئەو هەڵوێستەی ئامیل زولا نەک هەر ڕۆشنبیران، بەڵکوو کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی خستە مناقەشەیەکی چارەنووسساز و مێژوویی؛ دەبێ سەرەڕای جیاوازیی دینی، دیفاع لە هاووڵاتیان بکرێ و مافەکانیان بپارێزرێ؟ کەواتە دەبێ دیفاع لە دریفووس بکرێ و پاشەکشە بە سەرۆکوەزیران بکرێ! ئامیل زولا بە زیندانێکی درێژ مەحکوم کرا و ناچار بوو ڕا بکات و وڵات بەجێ بێڵێ. ڕۆشنگەران و نووسەرە ناودارەکان کەوتنە بەردەم کێشەیەکی نوێ کە دەبوا ڕێگای ڕاستەقینەی بۆ بدۆزنەوە: ئەرێ کەسانی زانا هیچ ئیلتزامیان بەرانبەر لێقەوماوانی کۆمەڵایەتی لە سەرشانە یان نا؟ ئەرێ ئێمە ناومان چییە؟! ئا لەوێوە بە ڕاستی مەفهومی ڕۆشنبیر (ئانتیلکتوێل) و ئیلتزام و بێدەنگنەبوونی تاریف کرا. ئەو قسەیە وا ناگەیەنێ پێش ئەو ڕووداوە، دیاردەی ڕۆشنبیری نەبووبێ. کۆکردنەوەی زانیاری و ناسینی زیاتری سرووشتی مرۆڤ و ناخی گێتی لە تایبەتمەندییەکانی وجوودی مرۆڤە. بەڵام دەبێ بزانین لە هەر قۆناغێکی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، کەسانی زانا و ڕۆشندڵ لە چ بارودۆخێک و لە کام ئاستی زانیاری و مەعریفەی کۆمەڵگاکان هەڵدەکەون و چۆن دەکەونە بەرانبەر چارەسەرکردنی کام ئەرک و چ ئامانجێک! (ال احمد، ١٣٩٧).

ئەگەر ڕۆشنبیر بریتی بێت لەو کەسە زانایەی لە سەردەمی مۆدێرن هەڵدەکەوێ، ئەدی زانای سەردەمی سیحر و ئەفسانەکان چیی پێ دەگوترێ؟ فەیلەسوفانی ئاتێن کێن؟ پێغەمبەران و بیرمەندە دینییەکانی دوای ئەوان دەکەونە چ خانەیەکەوە؟ هەموو ئەوانە لە سەردەمی خۆیاندا بەو گەنجینە مەعریفییەی لەبەردەستیان بووە و بەو ئامرازە مەعریفییانەی دەیانتوانی فەرهەنگسازی و باوەڕسازی پێ بکەن،

داڕێژەر و بنیاتنەری فکری کۆمەڵگا بوون؛ شەجەرە مێژووییەکەی توێژی فکر و مەعریفە بەم چەشنەیە؛ ساحیر- کاهن- فەیلەسووف- پێغەمبەر- عالمی دینی-عارف- ڕۆشنگەران- ڕۆشنبیران. هەر یەک لەوانە لە زەمانی خۆیدا زانستی و کۆمەڵایەتیی تایبەتی هەبووە. لە سەردەمی جاهیلییەتی موتڵەقدا ئەوە ساحیر و کاهنەکان بوون کە هەوڵی کۆکردنەوەی تەجرەبە سەرەتاییەکانی مرۆڤیان دەدا و بەپێی توانایی ئەوکات، کۆخ و کاولی کولتووریان هەڵدەچنی و نەوەکانیان لەسەر مەعریفەتی دەستکەوتووی ئەکات، ڕادەهێنا. هەر ئەو ئەرک و کاریگەرییەشە تا ئێستا لە زاکیرەی مرۆڤاتیدا ناسڕێنەوە. ئاتێن لە یۆنانی کۆندا مەکۆی ژمارەیەک ڕۆشندڵی گەورە بوو کە هەوڵیان دا لە هەموو بوارەکانی ژیان و وجوود، لێکدانەوەی ڕاستەوخۆ بکەن و سەرچاوەکانیشیان سیحر و ئەفسانە و ئەزموونەکانی ڕۆژانە بوون (سەرۆ قادر/ ژیان بەبێ گفتوگۆ مەحاڵە). فەیلەسووفەکانی یۆنان بناغە و ڕێچکەیان بۆ بیرکردنەوەی قووڵ و زانستییانەی بەشەریەت داڕشت. گرینگیی پێغەمبەران بە پلەی سێیەم دوای فەیلەسووفەکان دێت. لە سەردەمی دینەکاندا کە مرۆڤ تەنیا هۆشی بە لای لێکدانەوەی گێتی و خودی بەشەردا دەچوو، پێغەمبەران ڕۆشندڵانی گەورەی ئەو زەمانن و ڕوانگا و ڕێکخستنێکی گونجاو بۆ ئەوکاتیان دەدایە کۆمەڵگاکان. چونکە پێغەمبەرەکان لە وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، پشتیان بە بیستن و گوتن دەبەست نەک نووسین و خوێندنەوە، بۆیە زانا و موجتەهیدەکانی دوای خۆیان دەبوا پشت بە دەقی پیرۆزی ئەوان ببەستن، بۆ هەندێش دەبوا هانی نووسینەوە و تۆمارکردن بدەن. ئەگەر پێغەمبەرەکان ئامڕازی مەعریفییان (بیستن و گوتن) هەمانی سەردەمی جاهیلییەتی موتڵەق بوو، ئەوا زانا موجتەهیدەکانی دوای خۆیان، هەنگاوێک هاتنە پێشەوە و پشتیان بە دەقی نووسراو دەبەست. هەڵبەت ئەو دیاردەیەش بارودۆخی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی خۆی هەبووە (الجابری، ١٩٨٨).

محەممەد عابد جابری، لەسەر ئەم خاڵە هەڵوێستەیەکی دەوڵەمەندی

کردووە، بەڵام گرفتەکەی لەوەدایە کە زانا موجتەهیدەکانی قۆناغی تدوین (نووسینەوە)ی بە هاوتای ڕۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن داناوە و دەیەوێ بڵێ، لە دووسەد ساڵەی دوای هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی قۆناغی تدوین (تەدوین) دیاردەی ڕۆشنبیری درووست بووە، نەک لە سەردەمی مۆدێرن و ڕووداوی دریفووس. من ئەوە بە تێکەڵکردنی پەیامی قۆناغەکانی شەجەرەی زانایان و ڕۆشندڵان دەزانم. ئەهلی فکرکردنەوە، لە یەک شەجەرەن، بەڵام وەک یەکدی نین. ڕۆشنگەرانی سەردەمی ڕێنسانس نەک هەر پشتیان بە دەقی نووسراو دەبەست، بەڵکوو دیاردەیەکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا بوون. پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژیا گۆڕانگاریی گەورەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەخواست، هەر لە نیزامی سیاسییەوە تا پێگە و ڕۆڵی تاک لە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی. ڕۆشنگەری سەردەمی ڕێنسانس کە قۆناغی یەکەمی داڕشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای واقیعی و زانستی بوو، ڕۆشنگەری زانیاریدەر و پێشنیازکار و ڕەخنەگرێکی لە ئاشتینەهاتووی سیستەمی دینی بوو. هەروەک چۆن پێغەمبەران هەمان کاریان بەرانبەر ساحیر و کاهنەکان دەکرد و جاهیلییەتیان ڕەت دەکردەوە. سەرەنجام لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا، میتۆد و زانستی بە دنیاییکردنی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا، پاشەکشەی بە میتۆد و زانیاریی دینی و لاهوتی کرد. ڕۆشنگەران پێغەمبەر نەبوون، چونکە مامەڵەیان لەگەڵ واقیع و زانیاری بوو. ئیدی نەدەبوا پێغەمبەر درووست بن و دین زەرورەتی درووستبوونیان نەمابوو. بەڵام ئەو ڕۆشنگەرانە لەسەر خەتی پیغەمبەران دەڕۆیشتن (الجابری، ٢٠٠٠ ).

ڕۆشنبیر بە مانای ئەم سەردەمە، تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگای مۆدێرن و بەجیهانبووە. هەموو قۆناغەکانی سەرمایەداری وەک یەکدی مۆدێرن و نوێ نین، هەربۆیە تیپ و کاریگەریی هەڵگرانی زانست و زانیارییەکەی وەک یەک نییە. ڕۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، وەک زەرورەتێک هاتنە وجوود و کاری ڕۆشنگەرەکانی پێش خۆیان دووبارە نەکردەوە،

بەڵکــوو چەندیــن هەنــگاو هاتنــە پێشــتر. ئــەوان، خۆیــان کــردە دەمڕاســتی مافەکانــی مــرۆڤ و ئــەو مافەیــان لــە ناوەرۆکــە کۆگەلییەکــەی (اجتماعــی) پــتر جیــا کــردەوە و کردیانــە لێکدانــەوەی مافەکانــی تــاک، تاکیــان کــردە درووشــمی ســەرەکی. هەروەهــا پازیاندایــە نــاو مافــی پێکهاتــە پەراوێزخــراوەکان؛ وەک مافــی ڕەشــەکان، مافەکانــی ژن، دیمۆکراســیی کۆمەڵایەتیــی قــووڵ، سیســتەمی سیاســی و ئیداریــی ڕوون، کەمکردنــەوەی دەخالەتــی دەوڵــەت و بوارکردنــەوە بــۆ کۆمەڵــگای مەدەنــی، بایەخــدان بــە گەشەســەندنی پلانــدار و بــەردەوام. دیفاعکــردن لــە تێکەڵبوونــی کولتــوورەکان و لێکنزیکبوونەوەیــان و ســەرەنجام بەجیهانیبــوون. هــەر لــەو ڕوانگاوەیــە کــە برنــارد شــۆ دەیگــوت؛ ڕۆشــنبیران ئــەو گێلانــەن وەڵامــی هەندێــک پرســیار دەدەنــەوە کــە لێیــان نەپــرسراوە. ئالبێــر کامــۆ نیشــتیمانی بــە هیــی خــۆی نەدەزانــی ئەگــەر مافەکانــی بــۆ دابیــن نــەکات. ڕاســێل و ســارتر سەرانســەری دنیایــان دەپێــوا و هەموویــان بــە بــواری چالاکیــی فکریــی خۆیــان دەزانــی و لــە هــەر کــوێ غــەدر هەبــا ئــەوان ســەنگەریان لــێ دەدا، ئانــدرێ مالــڕۆ لــە باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ئاســیا تــا باشــووری ئەورووپــا لــە جەنگــەکان بەشــدار بــوو (لــە شــەڕی ناوخــۆی ئیســپانیا فڕۆکەوانــی جەنــگ بــوو، بۆردوومانــی بەرەکانــی فرانکــۆی دەکــرد)، دوایــی بــووە وەزیــری ڕۆشــنبیریی فەڕەنســا لــە زەمانــی دیگــۆل.

لــە یەکــەم جەنگــی جیهانــی تــا شەســتەکانی ســەدەی رابــردوو، لــەو کۆمەڵگایانــەی نەژادپەرســتی و نازیــزم و فاشــیزم و کۆمۆنیــزم ڕێگایــان نــەدەدا ڕۆشــنبیران ڕۆڵــی کاریگــەری خۆیــان ببینــن، دیــاردەی خۆکوشــتنی داهێنــەران هاتــە کاوە. لــە یەکێتیــی ســۆڤییێت نموونــەی ســێرگێی یەســنین. لــە ئەمەریــکا هیمینگــوای، ســادقی هیدایــەت لــە ئێــران (گنجــی، ١٣٨٣).

هــەر لــە دەیــەی ســییەکانی ســەدەی رابــردوو، مناقەشــە لەســەر پێناســەی ڕۆشــنبیران و ئەرکەکانیــان، لــە باســە داغەکانــی نووســەرە

کاریگــەرەکان بــوو. جولیــان بێنــدا لــە کتێبــی "خیانەتــی ڕۆشــنبیران"دا نموونەیــی ئەوتــۆ لــە ڕۆشــنبیر درووســت دەکات کــە هەمیشــە ئامــادەی دیفــاع لــە ڕاســتی بێــت و هیــچ کاتێــک خــۆی و بەرژەوەندییەکانــی لەبەرچــاو نەبێــت. ئەگــەر ڕووناکبیــر بــە پێچەوانــەوە بێــت، ئــەوا بــە خائینیــان دادەنــێ. ئانتۆنیــۆ گرامشــی بیرمەنــدی تێکۆشــەری دژی فاشــیزم، ڕۆشــنبیران بــە خــاوەن ئــەرک دەزانــێ و پێیوایــە چیــن و توێــژە کۆمەڵایەتییــەکان هــەوڵ دەدەن ڕۆشــنبیری خۆیــان درووســت بکــەن تــا بەرژەوەندییەکانیــان بپارێــزن. لــەو ڕوانگایــەوە، گرامشــی دیــاردەی ڕۆشــنبیر بــە مولتەزیــم (ئۆرگانیک)دادەنــێ. ئــەو پێیوایــە هەمــوو بەرهەمــە ئەدەبــی و هونەرییــەکان، ڕەنگــی ئــەو ئــەرک و بەرژەوەندییــە دەرێــژن کــە داهێنــەر لــە کۆمەڵــگادا هەوڵــی بــۆی داوە. لــەو ســۆنگەیەوە، گرامشــی (یادداشــتهای زنــدا) ڕۆشــنبیرانی دینــی و بــۆرژوازی و کرێــکاری (سۆسیالیســتی) و جووتیــاری و وردەبــۆرژوازی، بــە ڕەوا دەزانــێ. لــە ئایدیۆلۆژیــای مارکسیســتیدا، ڕۆشــنبیران لــە زاتــی چینایەتیــی خۆیانــدا پێشــکەوتوخواز نیــن، تەنیــا بــە دابڕانیــان لــە پێگــەی چینایەتیــی خۆیــان و هاتــن بــۆ نــاو بەرژەوەندیــی چینــی کرێــکار، دەبنــە توخمێکــی بــاش و ئەرێنــێ. ڕۆشــنبیران بــە ڕەگــەزی ســەرەکیی بزووتنــەوەی کۆمۆنیســتی نەدەزانــدران و بــەردەوام بەرەنــگاری ڕەفتــار و کــرداری ڕۆشــنبیرانە دەبــووەوە (بنــدا، ٢٠١٢ ).

لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، ســێ ڕووناکبیــری نــاسراو، باســیان لــە دیــاردەی ڕۆشــنبیران کــردووە؛ جەلالــی ئالــی ئەحمــەد لــە ئێــران (در خدمــت و خیانــت روشــنفکران، ١٩٦٤)، ئیــدوارد ســەعید (المثقــف و الســلطة، ١٩٩٤) لــە فەلەســتین (ئەمەریــکا!)، محەممــەد عابــد جابــری (المثقفــون في الحضــارة العربيــة، ١٩٩٥) لــە مەغریــب. جەلالــی ئالــی ئەحمــەد، لەژێــر کارتێکردنــی ئانتۆنیــۆ گرامشــیدایە، بــەڵام ڕەگوڕیشــەی دیاردەکــە بــە مێــژوودا شــۆڕ دەکاتــەوە و لایەنــی دینــی و نەتەوەیــی تێــدا تــۆخ دەکاتــەوە. ئالــی ئەحمــەد لــەوە غافڵــە کــە ڕۆشــنبیرانی ســەردەمی مۆدێــرن، پەیــام و تایبەتمەندیــی خۆیــان هەیــە، بۆیــە بــە

یــەک میــزان، لەگــەڵ موجتەهیدانــی دینــی و ئەدیــب و عارفانــی مێــژووی پێــش مۆدێــرن، ناکێشرێــن.

ئیــدوارد ســەعید، ڕۆشــنبیر بــە کەســێکی زانــای داهێنــەر دەزانــێ کــە ناکــرێ بەرانبــەر نابەرابــەری و کڵۆڵیــی کۆمەڵایەتــی و دیکتاتــۆری و داگیــرکاری، بێدەنــگ و بێلایــەن بێــت. ســەعید، زاتــی ڕۆشــنبیر لــە ئیلتــزام و لایەنداریــی حەقــدا دەبینــێ. لــەو ڕووەوە ڕۆشــنبیران دەکاتــە بەشــێک لــە بزووتنــەوەی سیاســی و چاودێــر بەســەر سیاســەتمەدارانی خواروخێــچ. دژایەتیکردنــی ئیمپریالیــزم بــە ئەرکێکــی بێسازشــی ڕۆشــنبیران دەزانــێ.

محەممــەد عابــد جابــری، مێــژووی پەیدابوونــی ڕۆشــنبیری بــۆ کولتــووری عەرەبــی- ئیســلامی دەگێڕێتــەوە. ئــەو پێیوایــە، زەرورەتــی تەفســیری دینــی و تەنزیمــی دەســتەڵاتی سیاســی، لــە ســەرەتای قۆناغــی تەدوینــدا (تۆمارکــردن) ڕۆشــنبیری درووســت کــرد، نــەک دیاردەیــەک بێــت تایبــەت بــە قۆناغــی مۆدێــرن و هەڵقــوولاوی کولتــووری ڕۆژاوایــی و مەســیحی بێــت.

هەڵبــەت پەیدابوونــی دیــاردەی ڕۆشــنبیران لــە ڕۆژاوا، وا ناگەیێنــێ کــە ئــەو توێــژە لەوێــوە بــۆ کۆمەڵگاکانــی دیکــە کۆپــی کرابێــت. مۆدێرنێتــی قۆناغێکــە لــە کاتــی خۆیــدا هەمــوو کۆمەڵــگاکان پێــی دەگــەن و تیپــی ڕۆشــنبیرانی تایبــەت بــە خۆیــان بەرهــەم دێنــن. لــە هەمانکاتــدا مێــژووی خاوەنبیرانــی دینــی و فەلســەفی و ئەدەبــی لــە ڕۆژهەڵاتــدا، کاریگەریــی خــۆی بەســەر تیپــی ڕۆشــنبیرانی ئــەم ســەردەمەی ڕۆژهــەڵات دادەنــێ. ناکــرێ یەکێــک ڕۆشــنبیر بێــت و مۆرکــی کولتــووری کۆمەڵگاکــەی خــۆی هەڵنەگــرێ. ئەســەری خاوەنبیرانــی کۆنــی ناوچەکەمــان، بــە تەکوینــی هــەر ڕۆشــنبیرێکی خۆمانەییــەوە دەنیشــێ و دەبێتــە بەشــێک لــە ناســنامەی. هیــچ ڕۆشــنبیرێک داهێنانــی پــێ ناکــرێ، ئەگــەر ڕەگــی لــە مێــژووی مەعریفــەی کۆمەڵگاکەیــدا نەبێــت.

دەمەوێ پازێک هەڵدەمە ناو کۆمەڵگای کوردستان و دیاردەی ڕۆشنبیر بەسەر بکەمەوە. کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووە، بۆیە لە ژیانی کوردستاندا (جیا لەم بیستودووساڵەی دوایی لە باشوور) ڕوانگایەکی پەروەردەیی ستراتیژی بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ نەبووە. ئەو کۆمەڵگایە لە سێ پارچەی ژێردەستی داگیرکەراندا، بوونی ئینکار دەکرێ و خزێندراوەتە ناو ستراتیژی سەرانسەریی میللەتی باڵادەست و کار لەسەر تواندنەوەی دەکرێت. بۆیە ئاساییە لەو کۆمەڵگایەدا، دیاردەی ڕۆشنبیر بە کامڵی سەرهەڵنەدات. ڕۆشنبیری خۆیی، بریتییە لە تێکەڵەیەک لە نێوان ستراتیژی پەروەردەی باڵادەست و هەوڵی تەنیای تاکە کەسێک کە دەیەوێ لە خەیاڵی خۆیدا جێی دەوڵەتی نەبووی نەتەوەیی، پڕ بکاتەوە و خۆی بکاتە نموونەی ڕۆشنبیرە چاوەڕوانکراوەکە. لە ئەنجامدا تەنیا کەسێکی خاوەن زانیاریی ناکۆک درووست دەبێ کە سیفەتی هەرە دیاری ئەو، یاخیبوون و پەرچدانەوەی توانەوە و داگیرکاریی دەبێت. هەر ئەوەش وایکردووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تیپی لێکچووی ڕۆشنبیر نەبیندرێ. لەو ڕووەوە هەست بە نەبوونی ڕۆشنبیری بیردرووستکەر دەکرێ و بزووتنەوەکانی کوردستانی، لە هەژارییەکی ئاشکرادا دەژیێن و ئەو ئەلتەرناتیڤانەی وەریدەگرن، هەمووی بەرهەمی کۆمەڵگای باڵادەست و ڕۆژاواییە.

نەبوونی ڕۆشنبیر، بە هەموو سیفەتە مەعریفییە ئامادەکراوەکەی، بەمانای نەبوونی خوێندەواران و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان نییە. ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەدەبیی کلاسیکی خۆمانین کە جیا لە کوردبوونی، نموونەیەکی زیندووی ئەدەبیی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەدەبی کلاسیکی کورد، یەکپارچە نییە و لە نێوان کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکی فارسی و عەرەبی و تورکی، دابەش بووە.

تاکە بواری مۆدێرن و خۆیی ناو کۆمەڵگای کوردستان، بزووتنەوە

نەتەوەییەکەیەتـــی. لەوێـــدا هەوڵـــدان بـــۆ ســـەربەخۆیی، ڕوانـــگای هاوبەشـــی گشـــتییە، بـــەڵام کولتـــوور و پـــەروەردەی هاوبەشـــی تێـــدا نییـــە، بۆیـــە وابەســـتەییەکی نهێنـــی لەنـــاو بیـــری ناسیۆنالیســـتی کـــوردی بـــۆ ســـێ کولتـــووره باڵادەســـتە داگیرکەرەکـــە، هەســـت پـــێ دەکـــرێ. ئـــەوەش حاڵەتێکـــی سەرســـوڕهێن نییـــە. هـــەر سیســـتەمێکی پەروەردەیـــی، خـــۆی بەرهەمدێنـــێ، جـــا بـــا ئـــەو کەســـانە بەرپەرچـــی خـــودی سیســـتەمەکەش بدەنـــەوە. ئینســـان بەروبوومـــی ژینگـــە و سیســـتەمی زانیارییێـــدان و ڕاهێنانـــی کۆمەڵایەتییـــە. هـــەر وەک چـــۆن ژنێکـــی ئـــاگا هەســـت بـــە کـــۆت و بەنـــدی چەمکـــە پەروەردەییەکانـــی جەنـــدەری دەکات و بـــۆ نەهێشـــتنیان تێدەکۆشـــێ، بـــەڵام لـــە هەمانکاتـــدا ژیانـــی "ژنایەتی"یـــش دەژییێـــت.

ئاگاییـــی ناسیۆنالیســـتی لـــە ڕۆژهەڵاتـــدا، ئەنجامـــی پێگەیشـــتن و کامڵبوونـــی کۆمەڵایەتـــی نەبـــوو، بەڵکـــوو چاولێکـــەری و کاردانـــەوە بـــوو لـــە بەرانبـــەر داگیرکاریـــی ڕۆژاوا. فکـــری ناسیۆنالیســـتی بـــە ئامادەکـــراوی خزایـــە نـــاو کۆمەڵـــگا هـــەرە تەقلیدییەکانـــی ڕۆژهـــەڵات، لەوانیـــش کوردســـتان. وەرگرتنـــی ئـــەو ئایدیۆلۆژیـــا کامڵـــە کـــە زۆر بـــە کەڵکـــی پاراســـتنی کولتـــووری محەلـــی دەهـــات، لـــە هـــەر کۆمەڵگایـــەک بەپێـــی ئاســـتی گونجایشـــی خۆیـــان، دەســـکارییان دەکـــرد و ناســـنامەی خۆیـــان پێـــی تاریـــف دەکـــرد و خۆیـــان پێـــی دەپاراســـت. ئـــەو ئاگاییـــە، خۆکـــرد نەبـــوو، بۆیـــە ڕۆشنبیریشـــی بـــۆ درووســـت نەببـــوو، هـــەر لەســـەر دەســـتی خوێنـــدەواره تەقلیدییـــەکان وەرگیـــرا و درایـــە کۆمەڵـــگا. ســـەرەتا بزووتنـــەوەی سیاســـی درووســـت بـــوو، ئینجـــا ئـــەو ئایدیۆلۆژیایـــە (ناســـیۆنالیزم) بـــڵاو کرایـــەوە. ئـــەو واقیعـــە، میکانیزمێکـــی ســـادەی محەلیـــی کیفایـــەت بـــوو، پێویســـتی بـــە ڕۆشـــنبیر نەبـــوو و پێشـــی درووســـت نەدەکـــرا. هـــەر بۆیـــە بزووتنـــەوە نەتەوەییـــەکان بـــە ڕابەرایەتیـــی ئایینـــی و شـــێخ و میـــرەکان دەســـتی پـــێ دەکـــرد. دوایـــی ورده ورده ئاگایـــی بـــڵاو بـــووەوە و تۆزقاڵێـــک لـــە مەعریفـــە و ئەزموونـــی ناسیۆنالیســـتی ئەورووپـــا گەیشـــتە ڕۆژهەڵاتـــی تەقلیـــدی و ڕاپەڕیـــو، جۆرێـــک لـــە خوێنـــدەواری پێگەیشـــتووی کۆمەڵـــگا بندەســـتەکان (بەتایبەتـــی کوردســـتان) پەیدابـــوون، کـــە هەڵگـــری هەمـــوو

ئـــەو ڕەگـــەزە شـــێواوانە بـــوون کـــە پـــەروەردە لـــە کۆمەڵگایەکـــی بندەســـت بەرهەمـــی دێنـــێ. هەڵبـــەت جۆرێـــک لـــە هۆشیاریشـــیان هەبـــوو- بوونـــە ئامـــڕازی بڵاوکردنـــەوەی ناســـیۆنالیزم و (هـــەر زوو) ڕکابەریکردنـــی ســـەرکردایەتیی تەقلیـــدی- ئـــەو ســـەرکردایەتییەی بەبـــێ ئـــەو خوێنـــدەوارە کەمتەجرەبـــە عەجولانـــەش، دەیتوانـــی بزووتنەوەکـــە بەڕێـــوە بـــەرێ. ئـــەو چاوتێبڕییـــەی خوێنـــدەوارە عەجولـــەکان بـــووە بنەمـــای دژایەتـــی و حەساســـییەتی ســـەرکردایەتیی تەقلیـــدی بەرانبـــەر بـــە دیـــاردەی تازەنەفەســـی "ڕۆشـــنبیران"ی ناسیۆنالیســـت. لـــە هەرچـــوار پارچـــەی کودســـتان تـــا ئێســـتایش دڕدۆنگییەکـــی فـــراوان لـــە نێـــوان "ڕۆشـــنبیران" و ســـەرکردایەتیی سیاســـیدا هەیـــە.

لـــەو ســـەردەمەی کـــە کۆمەڵـــگا مۆدێرنـــەکان زیاتـــر لـــە هەمیشـــە ڕۆشـــنبیر و سیســـتەمی سیاســـییان تێکـــەڵ کـــردووە، لـــە پارچـــە ئازادەکـــەی کوردســـتان (هەرێـــم) مـــۆدی دەســـتەڵاتدزێوی و بەرەنگاربوونـــەوەی حکوومەتـــی نیشـــتیمانی، لەنـــاو جیلـــی یەکەمـــی "هەوڵدەرانـــی ڕۆشـــنبیرنما" بـــرەوی هەیـــە. ئـــەو تیپـــە خوێنـــدەوارەی بـــە پەلەپـــڕوزێ هەندێـــک لـــە ئەزموونـــی ئەورووپاییەکانـــی بیســـتووە، بـــە شـــێوازێکی زۆر میکانیکـــی لـــە دژی بەرژەوەندیـــی وڵاتەکـــەی بـــە کاری دێنـــێ. ئـــەو مـــۆدە مـــەودای زۆر درێـــژ نابـــێ و دوای زیاتـــر لـــە بیســـت ســـاڵ ســـەربەخۆیی، زەمینـــەی ســـەرهەڵدانی ڕۆشـــنبیری مۆدێرنـــی خۆیـــی لـــە خەملاندایـــە. لـــە ئاماژەکانـــی ئـــەو تەقەلایـــە، درووســـتبوونی ســـێ ئاراســـتەی ڕۆشـــنبیرییە کـــە ئەنجامەکـــەی بـــە ڕۆشـــنبیری ڕاســـتەقینە کۆتایـــی دێـــت: یەکێکیـــان ئـــەو ئاڕاســـتەیەیە کـــە عەوداڵـــی نەقڵکردنـــی ڕۆشـــنبیری و عەقڵیەتـــی ئەورووپایـــە. ئەوانـــە بـــە شـــێوەیەکی میکانیکـــی کار لەســـەر ڕۆشـــنگەریی دەکـــەن و داهێنـــەری مـــۆد و لاســـاییکردنەوەن. هەڵبـــەت دەســـتیان لـــە نووســـین و وەرگێـــڕان بـــە هەمـــان ئاڕاســـتەدایە و لەســـەر خوێنەرانـــی گەنـــج، کاریگـــەرن. ســـلێمانی مەڵبەنـــدی ئـــەو تەوژمەیـــە. ئاڕاســـتەی دووەم محافیزەکارانـــە و ئایینیانەیـــە. ئەوەیـــان هەنگاوێـــک لـــە توندڕۆیـــی دینـــی دوورکەوتۆتـــەوە، بـــەڵام توونـــد بـــە داب و نەریتـــەوە نووســـاوە و

بـــڕوای بـــە ئازادیـــی بیرکردنـــەوەی ڕەهـــا نییـــە. ئیخوانیەتـــی یەکگرتوویـــی مەکـــۆی ئـــەو ئاڕاســـتەیەن. ئاڕاســـتەی ســـێیەم، بـــە ســـەمتی تێگەیشـــتن لـــە بنەماکانـــی پێشـــکەوتن و چاکســـازی و گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتـــی و بیرکردنـــەوەی ڕەهـــا و تێگەیشـــتن لـــە واقیعـــی کۆمەڵگاکـــەی خـــۆی و ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت کار دەکات. ئـــەو ئاڕاســـتەیە دژی سیســـتەمی سیاســـی نییـــە و هەوڵـــی بەشـــداربوونی تێـــدا دەدات (قـــادر، ١٩٩٩).

## ٤-٩ نیشتیمانپەروەریی، نەتەوایەتی، ناسیۆلیزم

پەیوەندییەکـــی پتـــەو لـــە نێـــوان نیشـــتیمان و پێکهاتـــە ئیتنییەکانـــی و بیـــری ناسیۆنالیســـتی هـــەر پێکهاتەیەکـــی هەیـــە. هیـــچ کام لـــەو ســـێ لقـــە، ناتوانـــێ بـــە تەنیـــا مانـــای هەبێـــت. نیشـــتیمان، ئـــەو ســـەرزەمینە کـــۆن و ئەزەلییەیـــە کـــە ڕســـکان و پێگەیشـــتنی میللـــەت، لـــە هەمـــوو بوارەکانـــی کولتوورییـــەوە وابەســـتەیی ڕاســـتەوخۆیی و دەروونیـــی پێـــوەی هەیـــە. ئـــەو ســـەرزەمینە دیاریکراوەیـــە کـــە بـــە هـــەر هۆکارێـــک بێـــت، لـــە دێرزەمانـــەوە میللەتێکـــی دیاریکـــراو لـــە ســـەری دەژیێـــت و فرچکـــی دەروونـــی و بـــاری و شـــێوازی جەســـتەیی و هەڵچنینـــی دەنگـــە مانابەخشـــەکانی زمـــان و داب و نەریتـــی دانیشـــتوان و بایەخەکانـــی جوانـــی و ژیـــان و سیســـتەمی کۆمەڵایەتییەکـــەی، بـــە پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ دار و بـــەرد و بـــەرز و نزمیـــی ســـەرزەمینەکە گرتـــووە. تەکوینـــی کۆمەڵـــگا، بەبـــێ شـــەتەکدانی بـــە تایبەتمەندییەکانـــی نیشـــتیمان، لێـــک نادرێتـــەوە و نانـــاسرێ.

نیشـــتیمان لـــە هەســـتی بنیاتەمـــدا، مێژوویەکـــی زۆر کۆنـــی هەیـــە. لـــە خورافـــە و ئەفســـانەکانرا ئاســـەواری هەیـــە تـــا دەگاتـــە چیرۆکـــە دینییەکانـــی نـــاو تـــەوڕات و قوڕئـــان. لێکدانـــەوەی ڕۆڵـــی نیشـــتیمان لـــە ژیانـــی بەشـــەردا، لـــە هەمـــوو قۆناغەکانـــی مێـــژوودا هەبـــووە و بـــە پێشـــکەوتنی کۆمـــەڵ، تاریفەکـــەش گۆڕانـــی بـــەرەو ســـەر، بەســـەردا هاتـــووە (ویتفـــوگل، ١٣٩١).

نیشـــتیمان بریتـــی نییـــە لـــە ســـنووری فەرمانڕانیـــی یـــان چوارچێـــوەی هـــەر دەوڵەتێکـــی هاوچـــەرخ. لـــە دەوڵەتشـــارەکانی یۆنـــان، تەنیـــا ســـنووری خۆیـــان بـــە نیشـــتیمان دەزانـــی و دەرەوەی ئـــەو ســـنوورانەیان بـــە ســـەرزەمینی تاریـــک و بەربـــەر دادەنـــا. ڕۆژگاری درێـــژ، نەیتوانـــی ســـەرزەمینی فیرعەونـــی، بکاتـــە نیشـــتیمانی یەهـــوود و هۆزەکـــەی مووســـا. ئـــەو قســـەی پێغەمبـــەری ئیســـلام دەکەوێتـــە کەوانـــەی مەبەســـتی مـــن کـــە دەڵـــێ "حـــب الوطـــن مـــن الایـــمان". هـــەر ئـــەو جێگیرییـــەی ڕۆڵـــی ســـەزەمین لـــە تەکوینـــی ئینســـاندایە کـــە بـــە درێژاییـــی مێـــژوو، کۆمەڵـــگاکان، کولتـــوور داوێنـــە نـــاو یەکـــدی، بـــەڵام ســـەرزەمین ناگۆڕنـــەوە. میللەتێـــک لەوانەیـــە بـــە درێژاییـــی مێـــژوو چەندیـــن جـــار زمـــان و کولتـــووری گۆرابـــێ، بـــەڵام ســـەرزەمینی نەگۆڕیـــوە. بـــۆ؟ چونکـــە ئـــەوە لـــە تواناییـــی بنیاتەمـــدا نییـــە. ئەفســـانەی گەڕانـــەوە بـــۆ ســـەرزەمینی گەنـــم و هەنگویـــن لای بەنـــی ئیســـڕائیل، ڕەنـــگ لـــە تێکەڵیـــی مـــرۆڤ و ســـەرزەمین دەداتـــەوە.

لـــەم ڕۆژگاری مۆدێرنـــدا، هەمـــوو دەوڵەتـــەکان نیشـــتیمانی دانیشـــتوانەکانیان نیـــن. ئـــەو میللەتانـــەی بـــە زۆر ڕاپێچـــی ســـەر دەوڵەتێکـــی دراوســـێ کـــراون، دوای تێپەڕینـــی ســـەد ســـاڵ، ئینجـــا هـــەر کێشـــەیان هەیـــە.

هاونیشـــتیمانیبوون لـــە قۆناغـــە جیاجیاکانـــی مێـــژوودا، گۆڕانـــی بەســـەردا هاتـــووە، بـــەڵام لـــە پەیوەســـتەییی رووح و نیشـــتیمانی لـــە لای مـــرۆڤ کـــەم نەکردۆتـــەوە. لـــە مێـــژووی ســـێهەزار ســـاڵی پێشـــوو، لـــەو ســـەرزەمینانەی جموجۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی تێیانـــدا زۆر بـــووە، ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتییـــان وردتـــر بـــووە و دیققەتـــی زیاتریـــان لـــە زمانســـازیدا هەبـــووە، بۆیـــە چەمکـــی جیاجیایـــان بـــۆ فەرمانـــڕان و فەرمانڕانیـــی خۆیـــی و بێگانـــە و پێناســـەی هاوزمـــان و هاوکولتـــوور، درووســـت کـــردووە. لـــە یۆنانـــی کۆنـــدا ئیـــتن، لـــە لای عـــەرەب و فـــارس قـــوم، شـــعب، ملـــة، کیـــش بـــە کار هاتـــوون. لـــە کوردیـــدا هیـــچ دەقێکـــی کۆنمـــان نییـــە تـــا بزانیـــن چ چەمکێکـــی بـــۆ بـــە کار هاتـــووە. هەڵبـــەت نـــە فەرمانڕانیـــمان هەبـــووە و

نــە بەشــدارییەکی کولتووریشــمان کــردووە تــا ئەســەری زمانەکەمــان بدۆزینــەوە. بۆیــە ئــەو چەمکانــە لــە زمانــی کوردیــدا تــازەن.

لــەم ســەردەمەدا بــە دانیشــتوانی ســەرزەمینێک کــە بــە درێژاییــی مێــژوو لێــی ژیابــن و کولتــووری هاوبــەش بــۆ ژیــان کۆیــان بکاتــەوە و هەســتی وابەســتەیی بــە خــاک و هاوبەشــی لەگــەڵ دانیشــتوان هەبێــت و یــەک تیپــی ســایکۆلۆژیای گشــتی پێکــەوە گرێیــان بــدات، پێــی دەگوتــرێ میللــەت. چەمکــی میللــەت زادەی قۆناغــی ســەرمایەدارییە (مۆدێــرن). لــەم ســەردەمەدا کــە ئەلتەرناتیڤــی سۆســیالیزم شکســتی هێنــا، بیرمەنــدان زیاتــر چەمکــی مۆدێــرن لــە جیــات ســەرمایەداری بــە کار دێنــن. لــەو قۆناغــەدا گۆڕانێکــی بنەڕەتــی کەوتــە نــاو پێکهاتــەی کۆمەڵــگا و ڕۆڵ و پێگــەی چینــە کۆمەڵایەتییــەکان، چینــی بــۆرژوازی هاتــە کایــەوە کــە بەرهەمهێنــەری ســەرەکیی نــاو سیســتەمی ئابووریــی نــوێ بــوو. چینــی کرێــکار و کارمەنــدان و توێــژی ڕووناکبیــران، هــەر یەکەیــان ڕۆڵــی خــۆی لــە قۆناغــی نوێــدا بــە جۆرێــک دەگێــڕا کــە تێکــڕای سیســتەمی کۆمەڵایەتــی دادەڕشــتەوە. دەوڵــەت و ســوپا و دەزگای بیرۆکراســی، وڵاتیــان پێکــەوە گــرێ دا و بەرژەوەنــدی و ســایکۆلۆژیای نــوێ بــۆ دانیشــتوان درووســت دەبــوو. هەمبەســتەیی هاووڵاتیــان لــە چوارچێــوەی ســنووری دەوڵەتــی تــازەدا، لەســەر بنەمــای هەســتی ئینتیــما بــۆ دەوڵەتــی نەتەوەیــی، دەڕســکا. خوێنــدەواری و گۆڕانــی فەرهەنگــی، لەســەر بنەمــای سیســتەمی نوێــی ســەرمایەداری، پــەرەی ســەند و حــەزی خۆجیاکردنــەوە لــە میللەتانــی دیکــە، ســەریهەڵدا. ئــەو تایبەتمەندییانــە، دانیشــتوانی وڵاتــی کــردە خاوەنــی هەســتێکی نــوێ کــە لــە قۆناغەکانــی پێشــوو، لــە هەمــان نیشــتیماندا، وجــوودی نەبــوو. میللــەت بریتییــە لــەو تایبەتمەندییــە نوێیانــە، بۆیــە نەتــەوە بــە بەرهەمــی سیســتەمی ســەرمایەداری دادەنــدرێ (والرشــتاین، ١٣٨١).

کــورد بــە درێژاییــی هــەزاران ســاڵە لــەم نیشــتیمانەدا دەژییــن و پێگەیشــتن و گەشــەکردنی کۆمەڵایەتییەکــەی پەیوەســتە بــەم ئــاو و

خاکــە. مێــژووی ئێمــە، ڕۆژژمێــری ژیانــی زۆر ســادەی پێکهاتەیەکــی ئێتنیکــی بــووە و گۆڕانــی تێــدا ســادە و کــەم و هێــواش بــووە. کولتــووری کــورد، جیــا لــەو زیادەیــەی لــە شارســتانییە دراوســێکان وەریگرتــووە، بــە چەشــنێکی ئەســیل و خاڵــس ماوەتــەوە و زمانەکەشــمان لــە هەمــان ئاســتدا بــووە. چونکــە دەوڵەتمــان بەڕێــوە نەبــردووە، بۆیــە زمانەکەمــان لــە ســنووری گفتوگــۆی ژیانویســتیی ڕۆژانــە و فولکلۆرەکــەی فراوانــتر نییــە و لــە چەنــد شــێوەزاریدا دەژییــت. کاتێــک ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لەژێــر گوشــاری کۆڵۆنیالیزمــدا گۆڕانــی تێکــەوت و کۆمەڵــگای تەقلیــدی شــڵەژا و ناوچەکــە بەســەر چەندیــن دەوڵەتــی نوێــدا بــەش کرایــەوە، کوردســتانیش کەوتــە نــاو گۆڕانکارییەکــە و هەســتی نەتەوایەتــی لەلایــەن ڕووناکبیــران و ســەرکردە سیاســییەکان، بــرەوی پــێ درا. لــە ڕاســتیدا ئــەوە کاریگەریــی گۆڕانــی کۆمەڵــگا دراوســێکامنان و هۆشــیاربوونەوەی ڕووناکبیــران بــوو کــە هەســتی نەتەوەیــی بــڵاو دەکــردەوە. هەســتی "ئێمــە کوردیــن" لــە بەرانبــەر ئەوانــی دیکــەی تــورک و فــارس و عــەرەب دروســت بــوو، ئــەوە لــە کاتێکــدا کــە پرۆســەی بــە مۆدێرنبوونــی کوردســتان لــە ســەرەتادا بــوو، کــە تــا ئێســتایش تــەواو نەبــووە. بۆیــە لەســەر هەندێــک بنەمــای "نەتەوەبــوون" گرفتــمان تێدایــە. ناوچەگەرییتــی و شــێوەزاری زمــان، ڕێــگای یەکبوونــی مۆدێرنانەمــان لــێ ســەخت دەکات. ئێمــە ئێســتایش هــەر لەنــاو پرۆســەی پێکهاتندایــن و تێکەڵبوونمــان گرفتــی تێدایــە.

دیاردەیەکـی فراوانـی قۆناغـی نەتەوایەتـی، سـەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیـای ناسیۆنالیسـتییە لـە نـاو هەسـتی نەتەوایەتیـدا. ناسـیۆنالیزم بریتییـە لـە دروسـتکردنی ئایدیۆلۆژیایەکـی نەتەوەپەرسـتی، کـە لەوێـدا هەمـوو خواسـتە ڕاسـت و خەیاڵییەکانـی هەڵچوونـی هەسـت و حـەزی نەتەوایەتـی، دەکرێنـە فکـر و دەخرێنـە نـاو بزووتنـەوەی سیاسـییەوە. ناسـیۆنالیزم مێـژووی ڕاسـتەقینە و ئەفسـانەیی خـۆی، دەکاتـە کەرەسـتەی فکـری خـۆی و ئامـرازی دروسـتکردنی نەتـەوە، هاووڵاتیانـی بـۆ تەیـار دەکات تـا بـۆ هێنانـەدی، تـێ بکۆشـن. فکـری ناسـیۆنالیسـتی، هـەوڵ دەدات

حەقانییەت بە بوونی نەتەوەکەی و هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکانی بدات. جا لێرەدا بوار بۆ زیادەڕۆیی لە ئامانج و ناواقیعبینی لە خواستەکاندا دەکرێتەوە. تا ئەو جێیەی دیفاع لە بوونی نەتەوە و کامڵبوونی و دروستکردنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیەتی بێت، ئەوا ناسیۆنالیزم تەعبیر لە نیشتیمانپەرەرییتی و نەتەوایەتی دەکات. کاتێک فراوانخوازی و بەرچاوتەنگی بەرانبەر بە مافی نەتەوەکانی دیکە و حەزی تواندنەوەی بە تۆبزییانەی پێکهاتەکانی دیکە بکاتە ئامانج، ئیدی لەوێوە ناسیۆنالیزم دەبێتە باوەڕێکی شۆڤێنی و فکرێکی سیاسییانەی توندوتیژ. بۆ نموونە فراوانخوازییتیی ناسیۆنالیزمی ئەڵمان، لە نازیزمدا خۆی نیشان دا و بووە هەڕەشە بەسەر پێکهاتە ناوخۆکان (جوو) و نەتەوە دراوسێکان و هەموو جیهان. هەروا ناسیۆنالیزمی یەهوود، داگیرکردن و ئاوارەکردنی نەتەوەی فەلەستینی کردووەتە ئامانج. هەروەها ناسیۆنالیزمی عەرەب، تواندنەوە و نەهێشتنی نەتەوە دراوسێکانی (ئەنفال) کردۆتە ئامانج. ناسیۆنالیزمی تورک و فارس، بوونی نەتەوەی کورد، نکوڵی دەکەن (پیفتاخل، ١٣٨٤).

لەوەڕایە کە ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا، لە نەتەوایەتی جیایە و زیاتر بیروباوەڕێکی توندڕۆیانەیە کە سەرچاوەکەی لە زیادەڕۆیی نەتەوەپەرستێتی و نیشیمانپەروەریی هەڵدێنجێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەی سەردەمی مۆدێرن (سەرمایەداری) هات و لەگەڵ ئەوانیش کەوتۆتە ژێر پرسیار و گوشارەوە. سەرمایەداری لە دووسەد ساڵ لەمەوپێشەوە، لەگەڵ خۆیدا ئایدیۆلۆژیاکانی ئانارشیزم و کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و فاشیزم و سەهیۆنیزم و نازیزم و لیبرالیزم و ئیسلامی سیاسی هێنا. ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیای نوخبەی توندڕۆی نەتەوەخوازە و زێدەڕۆیی لە شێوە و قەبارەی دروستبوونی نەتەوەی خۆی دەکات (خسروی، ١٣٩٦).

ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، ڕووحی توندوتیژی و شەڕانگێزی لە

میللەتـــدا دەچێنــێ و وای لــێ دەکات بــە گومــان بڕوانێتــە میللەتانــی دیکــە، ســەرەنجام تەبایــی نێودەوڵەتــی لاواز دەکات و ئاشــتیی جیهانــی دەخاتــە مەترســییەوە. هەمــوو شــەڕەکانی نێــوان دەوڵەتــان و نێــوان میللەتــان، لــە ناســیۆنالیزمی توونــدڕۆوە دێــت. ناســیۆنالیزم وێنەیەکــی لێــڵ لــە میللەتــی خــۆی و میللەتانــی دیکــە، لــە بەرچــاو دروســت دەکات.

بەجیهانیبــوون، میللەتــان و کۆمەڵگاکانــی لێکــدی نزیــک خســتۆتەوە و ڕوانــگای واقیعیانــە و هاوکارییانــەی کردووەتــە ئامــڕازی لێکحاڵیبــوون و ددانهێنــان بــە بوونــی یەکــدی. ئەمــە هەمــوو ئایدیۆلۆژیاکانــی خســتۆتە بــەر پاڵەپەســتۆ و ناســیۆنالیزمیش یەکێکــە لــەوان. پاشەکشــەی ناســیۆنالیزم، واناگەیێنــێ کــە پێگەیشــتنی بەنەتەوەبــوون بوەســتێ یــان گومــان بخرێتــە ســەر مافــی میللەتــان بــۆ گەشــەکردن و خۆبەڕێوەبــردن (ارنــت ،۲۰۰۸).

لــە کوردســتاندا بزووتنــەوەی سیاســی، مۆرکــی ڕزگاریخوازانــەی هەیــە و بــۆ ســەلماندنی نەتــەوە و هێنانــەدی ئامانجــە ڕەواکانــی کار دەکات. مســتەفا بارزانــی، لــە داڕشــتنی بیــری نەتەوەســازی و ڕزگارکردنــی، ڕۆڵــی بنیاتنــەری هەیــە. ئــەو بنەماکانــی ڕەوایەتــی ددانپیانــان و مافــی ئــازادی و لێبووردەیــی و هــاوکاری، لەنــاو بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کوردســتاندا داڕشــت. بارزانــی بیــری نیشــتیمانپەروەرییێتی و نەتەوەســازی و نەتەوەپارێــزی، کــردە بنەمــای هەوڵدانــی کۆمەڵــگای کوردســتان بــۆ ڕزگاری. هــەر ئــەو فکــرە، بووەتــە زامنــی ناتووندوتیژیــی نەتەوەیــی و گیانــی هــاوکاری لەگــەڵ میللەتانــی دراوســێ و دوورکەوتنــەوە لــە بیــری تۆڵەســەندنەوە (مەســعود بارزانــی/ بارزانــی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کوردســتان).

## ٤-١٠ سیاسەت و دەوڵەت

سیاســەت دیاردەیەکــە، جموجۆڵــی کۆمەڵایەتــی ڕووەو یەکخســتنی هێــز، نیشــان دەدات. جەوهــەری سیاســەت بریتییــە لــە دۆزینــەوەی بــاوەڕ و ڕێــگا بــۆ کۆکردنــەوەی هەرچیــی زیاتــری هێــزی مەڵاســخواردووی نــاو کۆمــەڵ و ئاڕاســتەکردنی بــە میکانیزمێکــی گونجــاوی فەرهەنگــی کۆمەڵگاکــە، بــەرەو درووســتکردن یــان دەستبەســەرداگرتنی دەســتەڵات. دەوڵــەت شــێوەی بەرجەســتەکراوی هێــزی کۆمەڵگایــە (هیجــل/ فلســفة ا لحق ) .

دیــاردەی هێــز لــە مێــژووی کۆمەڵــی مرۆڤــدا، هێنــدەی مێــژووی خــودی مرۆڤایەتــی درێــژە. بەبــێ بەکارهێنانــی کۆمەڵایەتییانــەی- مەعقولانــەی هێــز، بنیاتــەم نەیدەتوانــی تواناکانــی کــۆ بکاتــەوە و ئامانجــە ژیارییەکانــی بێنێتــە دی. ئــەو ئامانجانــە بریتیــن لــە ئاســایش و خــۆراک و پــەروەردە و بەردەوامــی.

لــەو کاتــەوەی، گەلــە ســەرەتاکانی بنیاتــەم، توانــای گۆڕینــەوەی پەیــام و لێکحاڵیبوونیــان پەیــدا کــرد، پڕۆســەی وەگەڕخســتنی هێــز، لــە ڕێــی دەنــگ و ئامــاژەوە دەســتی پــێ کــردووە و زەرورەتــی یەکخســتنی ئــەو هێــزە، بــووە جێــی بایــەخ و پاڵنەرێــک بــووە بــۆ مشــورخواردن. ئەنجامــی ئــەو پڕۆســە هێزییــە، درووســتبوونی شــێوەیەکی دیکــەی دەرکەوتنــی هێــزە کــە لــە ئەنجامــی پێکــەوە بەســتران و پەیوەندییەکانــی خێــزان و دابەشــکردنی کار و ئەرکەکانیــان، دێتــە دی. ئــەو شــێوە نوێیــە، دەســتەڵاتی پــێ دەگوتــرێ. دەســتەڵاتی ســەرۆکی خێــزان، شــێوەی یەکەمــی درووســتبوونی دیــاردەی دەســتەڵاتە کــە تایبەتــە بــە کۆمەڵــگای مرۆڤایەتــی (ســبینوزا، ٢٠٠٥).

دەستەڵات، بریتییە لە کۆکردنەوە و دابەشکردنی هێز، لەنێوان کۆمەڵێکی دیاریکراو. سەرەتاییترین شێوەی کۆمەڵی بنیاتەم، سەرەتاییترین شێوەی دەستەڵاتیشی خوڵقاند. دەستەڵات کۆکردنەوەیەکی میکانیکیی

هێزی تاکەکان نییە، بەڵکوو بەرایەند و ئەنجامی پەیوەندی و کارلێکی تاکەکانی ناو کۆمەڵێکی ئۆرگانیکە. ئەگەر خڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر تاک بە شێوەی ئۆرگانیک و کارلێک نەبێت، ئەوا دەبێتە هێزێکی کوێری ڕووخێنەر کە تەنیا ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە. مەترسیی ئاپۆڕە نامونەزەمەکانی مرۆڤ لەوەدایە. هەر هەوڵدانێک بۆ ڕێکخستنی هێزی مەڵاسخواردووی ناو کۆمەڵ، بە ئامانج و ئەرکی دیاریکراو، جموجۆڵێکە زەرورەت و زانایی دەوێت و شێوەیەکی نوێی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی درووست دەکات کە لە ڕاستیدا کارکردنە لەسەر واقیعێکی نوێ کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگا، ئەو بزووتنەوە ئامانجدارە، سیاسەت درووست دەکات. سیاسەت زانست و لێهاتوویی تێگەیشتنە لە بوونێکی نوێ کە کۆمەڵە (گل محمدی، ١٣٩٥).

هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، لەخۆیدا بەشێکە لە بزووتنەوەی سیاسی و هەوڵدانە بۆ مامەڵەکردن بە دەسەڵات. بۆیە سیاسەت و دەسەڵات پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. هەر لە کۆمەڵە سەرەتاکانەوە تا ئێستا بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی (سیاسی) باوەڕ و پەیامی دیاریکراویان هەبووە. لە کۆمەڵە سەرەتاکاندا، ئەو باوەڕ و پەیامانە دەچەسپان و دەبوونە جۆرێک لە باوەڕی نەگۆڕی کۆمەڵەکە و بڵاو دەبوونەوە. ئەفسانە و ئوستوورەکانمان لەوەوە درووست بوون. لە قۆناغی دوایی و پێشکەوتووتردا، ئەو باوەڕ و بزووتنەوەکانیان، دەبوونە دین و پەیامبەرەکانیان بریتی بوون لە سەرکردە و بیرمەندەکانیان. تەنانەت جموجۆڵی جیاوازیخوازانەی ناو دینەکان، کە کەسانێک سەرکردایەتیی دەکردن، دواجار بوونە مەزهەبی جیاجیا، هەر لە چەشنی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بوون. سەرباری ئاڵۆزیی باوەڕیی دینەکان، دواجار هەموویان بە دەسەڵات و فەرمانڕانیی داکەوتن. ئەوە پێشینەی دیاردەی حیزبییە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و زاکیرەی مرۆڤایەتیدا (انصاری، ١٣٧٩).

دەوڵەت لە هەرە سەرەتاییەوە، ئەنجامی ئەو بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییانەیە کە بە باوەڕی خۆیان، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن. دەوڵەت، ماشێنی هەڵسوڕاندنی دەستەڵاتی کۆمەڵگایە. دەستەڵات ملکی کۆمەڵگایە و لە دەرەوەی ئەو بوونی نییە. ئەو کۆمەڵگایانەی جموجۆڵیان زۆر بووە و شێوەی جیاجیای دەستەڵاتیان تاقی کردۆتەوە، ئەزموونی خۆیان لە درووستکردنی سیاسەت و دەوڵەتبەڕێوەبردن هەیە. بیری دەوڵەمەند، لە ئەنجامی ئەزموونی دەوڵەمەندی کۆمەڵگاکان پەیدا دەبێ. خەزێنی زانین و مەعریفەی مێژوویی میللەتان (کۆمەڵگا کولتوورییەکان) لە ڕێکخستنی کۆمەڵگاکانیان و دامەزراندنی دەوڵەتەکانیاندایە. دیاردەی دەوڵەت، بە درێژایی مێژوو و بە ئەزموونی کۆمەڵگاکان، لە سادەوە بۆ دەوڵەتی ئاڵۆزی ئەم سەردەمە درووست بووە. بۆیە دەوڵەت بەرهەمی بالای هێزی ناو کۆمەڵگایە، هێزێکە لێی بەهێزتر نییە. ئەمە سەرچاوەی خاوەندارییێتیی کۆمەڵگایە بۆ دەوڵەت. کۆمەڵ خاوەنی متڵەقی دەوڵەتە.

بزووتنەوەی سیاسی ئەم ڕۆژگارە، پیرێکە تەمەنی بۆ بەر لە دەهەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. پێنجهەزار ساڵ بەر لە ئێستا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خێزانێک دەرچوو، بووە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی فراوان و شارستانییەتەکان درووست بوون. قۆناغەکانی بە ڕوونی لە شارستانییەتەکانی دۆڵی رافیدێن و لێوارەکانی نیل، دواتر ئەزموونی یۆنان و ڕۆم و ڕۆژهەڵاتی ئیسلام و چین دەست پێ دەکات و لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانس، بنەمای بۆ داندرا و لە سەدەی بیستەمدا، گەیشتە قۆناغی بالای خۆی. لەم ڕۆژگارەدا، ڕەوت بەرەو بووژاندنەوەی کۆمەڵگاکان و پێکەوەبەستنی جیهانییە (دەوڵەتی کۆزمۆپۆلیایی) ( گیدنز، ١٣٨٣).

هەڵبەت، ئیمە لە قۆناغێکی پێشکەوتوودا دەژیێن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەکانی کامڵتر و پسپۆڕیتر بوون. ئیتر بزووتنەوەکان نابن بە دین و مەزهەبی دینی. بەلام ڕۆڵی

خۆیـان لـه هەڵێنجانـی بـاوەڕە پێویسـتەکانی کۆمەڵـگا و شـێوازی ئاڕاسـتەکردنی خەڵـک، دەبینـن. لـە هەمـوو ڕۆژگارەکانـد، کۆمەڵـگاکان، بەبـێ بزووتنەوەکانیـان، پێـش ناکـەون و گەشـە ناکـەن. لـەم زەمانەشـدا دیمۆکراسـی، بەبـێ دیـاردەی حیزبـی، درووسـت نابێـت.

لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا، دیـاردەی حیـزب، لـەم جۆرانـەدا دەردەکـەوێ: حیزبـی تەقلیـدی (سـوننەتی)، حیزبـی بـە سـەرکردە کارێزماییـەکان، حیزبـی دەسـتەبژێر (نوخبەیـی)، حیزبـی ئۆلیگارکـی ( تاقمێکـی دیاریکـراو)، حیزبـی دیمۆکـرات. ئـەو حیزبانـەی تەقلیدیـن، لـە بەڕێوەبردنـدا، پابەنـدی هەندێـک داب و نەریـتن و بـە مێـژوو بۆیـان ماوەتـەوە، هەمیشـە بەیعـەت بـەو کەسـە دەکـەن کـە نۆبەتـی سـەرکردایەتیکردنیەتی و گـوێ بـۆ هیـچ پێوەرێکـی دیکـە ناگـرن. ئـەو حیزبانـەی لەسـەر بنەمـای ڕوانگاکانـی سـەرکردەیەکی کارێزماتیـک بەڕێـوە دەچـن، کارێزماییـن. هەندێـک حیـزب، نوخبەیەکـی دیاریکـراوی وڵات، لەنـاو خۆیانـدا، میکانیزمـی بەڕێوەبـردن درووسـت دەکـەن، ئەوانـە حیزبـی نوخبەییـن. لـە هەندێـک وڵاتـدا، ژەنەڕاڵـەکان و هەندێـک دیاریکـراو، سیاسـەت بەڕێـوە دەبـەن و حیزبیشـی بـۆ درووسـت دەکـەن، ئەوانـە ئۆلیگارکیـن. باشـترین جۆریـش، حیزبـە دیمۆکراتەکانـن کـە بـە پرۆسـەیەکی هەڵبـژاردن، سـەرکردە و ئۆرگانـەکان هەڵدەبژێـرن (فولادونـد، ١٣٧٧).

تایبەتمەندییەکانـی هـەر کۆمەڵگایـەک، لـە جـۆری پەیوەندییـەکان و بـاوەڕەکان و مێـژووی مەعریفـەی دانیشـتوان و رابـردووی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـی، حیزبیـان لـێ درووسـت دەبـێ، بارودۆخێـک پێـک دێنـێ کـە پێـی دەگوتـرێ کەشـی سیاسـی (فـەزای سیاسـی). نوخبـەی سیاسـیی وڵات، لـەو کەشـەدا دەردەکـەون و درووسـت دەبـن. ئـەوە نوخبەیـە، حیزبـەکان درووسـت دەکات و بەڕێوەیـان دەبـات. لێکۆڵینـەوە لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و زانیاریـی نوخبـە (دەسـتەبژێر)ی سیاسـی، سرووشـتی حیزبـەکان دەردەخـات. چاکسـازی لـە حیزبـی سیاسـیدا،

دەبــێ لەوێــوە دەســت پــێ بــکات. نوخبــەی سیاســی، لــەم ڕۆژگارەدا، کار دەکات تــا متمانــەی دەســتەڵات لــە کۆمەڵــگا وەربگــرێ. جــا مــەرج نییــە، متمانەکــە دیمۆکراســی لــێ بکەوێتــەوە. دیمۆکراســی، بەرهەمــی بارودۆخــی کۆمەڵگایــە و بــە تۆبــزی ناســەپێندرێ. ڕادەســتکردنی هێــزی کۆمەڵــگا بــۆ میکانیزمێکــی دەســتەڵاتدارییەتی دیاریکــراو، دەوڵەتــی لــێ درووســت دەبــێ. لەوانەیــە ئــەو دەوڵەتــە خواســتی کۆمەڵگاکــەی یەکپارچەیــی خــاک، یــان یاســا، هاوولاتیبــوون، نەتەوەیــی، دیــن، فەرهەنــگ یــان نــەژاد بێــت. لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا دەوڵەتــە و ئاســۆی گۆڕانــی هەیــە. ئــەو میللەتانــە (کۆمەڵــگا) مێژوویــان هەیــە کــە لــە دەوڵــەت درووســتکردن و گۆڕانیــدا، نــەسرەوت بــن. بۆیــە میللەتــی بێدەوڵــەت، مێــژووی نییــە.

بــە ئاوڕدانەوەیــەک لــە کوردســتان، بۆمــان دەردەکــەوێ لــەو پرۆســەیەدا، چــالاک نەبــووە. ئەگــەر لــە زەمانــی کۆلۆنیالیزمــدا دابــەش کرایــن، بــەڵام لەوەوپێــش بەشــدارییەکی ئەوتۆمــان لــە گۆڕانکارییــە سیاســییەکانی ڕۆژهــەڵات نەبــووە. گومانــی تیــا نییــە، ئــەوە بەڵگــەی لێنەهاتــووی ئــەم میللەتــە نییــە. هۆکارەکانــی جیۆگرافــی و دوورەدەســتی ڕۆڵــی زۆریــان لــەو وەســتانە مێژووییــەدا هەیــە. دەبــێ لێــی بکۆڵینــەوە تــا گشــت کارتێــکارەکان، دەستنیشــان بکەیــن و مێــژووی فکــر و کار و ژیانــی سیاســیی کۆمەڵگاکەمــان هەڵکۆڵینــەوە و تێــی بگەیــن.

کەموکــوڕی و مۆرکــی بزووتنــەوەی سیاســیی کوردســتان و ئاســتەنگەکانی، لــەو مێــژووەوە دێــت. ئەگینــا ئــەو کەموکاســتیيانە، هــەر لــە خۆیانــەوە درووســت نەبــوون و بــە ئامــۆژگاری و خوێندنــەوە (بــە تەنیــا) چارەســەر ناکرێــن. ئــەوە کەشــی سیاســیی کۆمەڵگایــە، بزووتنــەوەی سیاســی و نوخبەکانــی و ســەرکردەکانی درووســت کــردووە. میکانیزمــی بەڕێوەچوونــی حیزبــەکان و حکوومەتیــش هــەر لەوێــوە هەڵقــوولاون. ئــەو بیســت ســاڵ ئەزموونــەی هەرێمــی کوردســتان، لــە دەوڵــەت بەڕێوەبــردن نیشــانی داوە، دەرخــەری ڕابردوویەکــی

هەزارە. ڕابردووی دەوڵەتداریی هەژار، نابێتە پاساو بۆ داگیرکردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان، بۆیە نابێ لە باس و لێکۆڵینەوەی بپرینگێینەوە. لە مێژوودا میللەتانی بێ مێژوو هەبوون کە بە چاوی کراوەوە، دەستیان ناوەتە درووستکردنی شارستانیەتی خۆیان و نموونەیەکی دانسقەیان پێشکەش کرد. ئیسرائیل و ئەمەریکا لەو جۆرەن، بە کەمێک جیاوازییەوە. ئێمەش دەتوانین بە چاوی کراوە و سەردەمیبوون، هەبوونی خۆمان لەوەی ئێستا جوانتر بسەلمێنین. میللەتان سەرچاوەی هەموو موعجیزەکانن و توانایان لەبن نایەت (بۆزئەرسەلان، ٢٠١٣).

## ئەنجامی گشتی

پڕۆژەی نووسینەکەی من بە کۆتایی گەیشت. لەم کتێبەدا هەوڵمداوە لە زۆر ڕووەوە پێناسەیەکی واقیعییانە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و کولتوورەکەی بکەم. پرۆسەی سیماگرتنی کولتووری کوردستانم لە ڕێڕەوێکی مێژووی ئاڵۆزدا بەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە مەنتقی هەموو دیاردەکانی تێبگەین. لەم کارەدا پەنام بۆ تاریف کردنی چەمک و ناوەکان بردووە ئەویش بە شێوەیەکی زانستی و واقیعییانە. چوار پارچەیی کوردستان و ئەو گۆڕانەی مێژووی داگیرکران کردوەیەتی لەبەر چاوم گرتووە. ئەوەش تێماندەگەیەنێت کە گۆڕانکاری بەرەوپێشەوە لە چ میکانیزمێکدا واقیعییانەیە و دەکرێ ئیشی لەسەر بکرێت. لەو چواچێوەیەدا باسی بزووتنەوەی سیاسی ڕزگاریخوازی کوردستانم کردوە و کارم لەو بوارەدا کردووە کە مۆرکی کۆمەڵگایەکی داگیرکراوی دابەش کراو چۆن بەسەر فکری سیاسی و بزووتنەوەکانی ڕەنگدەداتەوە. سەرکردەکانمان چۆن هەڵکەوتوون و ئایدیۆلۆژیاکانیان لە چی درووست بوون؟ دەکرێ بیر بکەینەوە توانایی بیرکردنەوەی سیاسی و فکری ڕۆشنبیران و ئایدیۆلۆژیاکان چەندە، چەند ئاستەمە لە کۆمەڵگای نەخوێندەواری داگیرکراو لە بیرکردنەوەی واقیعییانە نزیک بکەونەوە؟ بەلامەوە گرنگ بوو مێژوو و کولتووری هاوبەشی کوردستان و ڕۆژهەڵات شەن بکەم و بزانم چەندی ئێمە هاوبەشە لەگەڵ دراوسێ و هاوقاڕەییەکانمان. دین چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و جۆری بیرکردنەوەی هەبووە؟ کۆمەڵگای عیرفانی کوردستان چۆن دینی ئیسلامی وەرگرتووە و لە ژیاندا بەکاریدێنێت. لە کۆتاییدا ویستوومە ڕۆشنبیران بەرەو بیرکردنەوە لە باشترکردنی فکری سیاسی وبزووتنەوەکەی و ئەو ئەلتەرناتیڤەی لەگەڵ واقیعی کوردستان دەنگونجی و سەرلەنوێ تاریف بکرێتەوە، هان بدەم.

# سەرچاوەکان

## فارسی

ارنت، هانا (۱۳۷۹ ا) *اندیشیدن و ملاحظات اخلاقی*، نشر نی

آرنت، هانا (۱۳۸۸) *افول دولت-ملت و پایان حقوق بشر*، (قانون و خشونت) ترجمه: جواد گنجی؛ انتشارات رخ داد نو

اسمیت، فلیپ (۱۳۸۷) *درامدی بر نظریه فرهنگی*، نشر تهران : دفتر پژوهشهای فرهنگی: مرکز بینالمللی گفتگوی تمدنها

الهی نور، علی (۱۳۷۳) *برهان الحق*، چاپ دیبا، انتشارات جیحون

ال احمد، جلال (۱۳۹۷) *در خدمت و خیانت روشنفکران*، انتشارات فردوس

گنجی، اکبر (۱۳۸۳) *عالیجنابان خاکستری پوش*، انتشارات طرح نو

انصاری، منصور (۱۳۷۹) *هانا ارنت و نقد فلسفه سیاسی*، انتشارات مرکز

باطنی، محمد رضا (۱۳۹٤) *پیرامون زبان و زبانشناسی*، انتشارات اگه

باطنی، محمد رضا (۱۳۹۸) *درباره زبان*، انتشارات اگه

باطنی، محمد رضا (۱۳۹۸) *زبان و تفکر*، انتشارات اگه

بشیریه، حمید (۱۳۸۷) *فرهنگ از دیدگاه انسان شناسی و قوم شناسی*، انتشارات نگاه معاصر

بودریار، ژان (۱۳۹۲) *جامعه مصرفی، اسطوره ها و ساختارها*، انتشارات ثابت

باتامور، تام (۱۳۸۰) *جامعه شناسی سیاسی*، انتشارات قطره

پیرنیا، حسن (۱۳۹۸) *تاریخ ایران باستان*، انتشارات نگاه

پوپر، کارل (۱۳۷۹) *اسطوره چارچوب در دفاع از علم و عقلانیت*، انتشارات طرح نو

پلخانوف، گئورگی (۱۳٥٦) *نقش شخصیت در تاریخ*، انتشارات صدا

ترسک، رابرت لارنس (۱۳۸۰) *مقدمات زبانشناسی*، نشر نی

جهانبگلو، رامین (۱۳۸۲) *جهانی بودن*، انتشارات مرکز

جهانبگلو، رامین (١٣٨٦) *تفاوت و تساهل*، انتشارات مرکز

جهانبگلو، رامین (١٣٨٨) موج *چهارم*، نشر نی

جانسون، لزلی (١٣٧٨) *منتقدان فرهنگ*، انتشارات طرح نو

چامسکی، نوام (١٣٨٥) *سلطه یا بقا*، انتشارات دیگر

چامسکی، نوام (١٣٨٩) *زبان شناسی دکارتی*، انتشارات هرمس

چامسکی، نوام (١٣٩٠) *معماری زبان*، انتشارات روزبهان

چامسکی، نوام (١٣٩٣) *زبان و اندیشه*/١٩٩٧، انتشارات کتاب هرمس

حیدرپور، محمد و مزینانی، *اتوسا*. م (١٣٩١) *جامعه شناسی فرهنگ*، انتشارات جامعه شناسان

خسروی، کمال (١٣٩٦) *نقد ایدئولوژی*، انتشارات اختران

دو بووار، سیمون (١٣٩٩) *جنس دوم ١و٢*، انتشارات توس

دره بیدی، منوچهر صانعی (١٣٦٨) *فلسفه اخلاق در تفکرغرب*، انتشارات دانشگاه شهید بهشتی

دوسوسور، فردینان (١٣٩٢) *دوره زبانشناسی عمومی*، انتشارات هرمس

راندل،، جاناتان ( ١٣٩٧) *با این رسوایی چه بخشایشی*، انتشارات پانیذ

ربانی، رسول و کجباف، محمدباقر (١٣٩٠) *روانشناسی اجتماعی*، انتشارات دانشگاه أصفها ن

رابینسون، دیوید و کریس گارات (١٣٧٨) *اخلاق*، انتشارات شیرازه

زرین کوب، عبدالحسین (١٣٩٩) *پله پله تا ملاقات خدا*، انتشارات علمی

ژیژک، اسلاوی (١٣٩٠) *خشونت*، انتشارات نی

سالزمن، فلیپ کارل ( ١٣٨٨) *فهم فرهنگ*، انتشارات افکار

سن، امارتیا (١٣٨٣) *توسعه یعنی ازادی*، نشر نی

صفوی، کورش (١٣٩٩) *درامدی بر معنی شناسی*، سوره مهر

عضدانلو، حمید (١٣٨٤) *اشنایی با مفاهیم اساسی جامعه شناسی*، نشر نی

فروم، اریک (۱۳۹۹) *روانکاوی دین*، انتشارات مروارید

فروم، اریک (۱۳۹۹) *گریز از ازادی*، انتشارات مروارید

فولادوند، عزت الله (۱۳۷۷) *خرد در سیاست*، انتشارات طرح نو

کسرایی، محمد سالار (۱۳۸٤) *چالش سنت و مدرنیته در ایران*، انتشارات مرکز

گیدنز انتونی (۱۳۸۳) *جامعه شناسی*، انتشارات نی

گار، تد رابرت و کوردن هاوکینز (۱۳۸۸) *خشونت و جامعه*، پژوهشکده مطلعات راهبردی

گار، تد رابرت (۱۳۸۸) *منازعات مدنی، خشونت و جامعه*، پژوهشکده مطلعات راهبردی

گیلبرت، پل، *خشونت مردانه، خشونت و جامعه*

مید، مارگارت (۱۳۸۵) *فرهنگ و جامعه*، انتشارات نوید شیراز

میلانی، عباس (۱۹۸۹) *تجدد و تجددستیزی*، انتشارات اختران

ماتیل، دیورانت (۱۳۸٤) *دایرة المعارف ناسیونالیسم*، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی مجموعه مقالات/جهانی شدن، جهانی سازی

میلنر، اندرو و براویت، جف (۱۳۹٤) *درامدی بر نظریه فرهنگی معاصر*، انتشارات ققنوس

مدرسی، سیدمحمد رضا (۱۳۹۷) *فلسفه اخلاق*، انتشارات سروش

مارک.ار.بیسینجر (۱۳۸٤) *خشونت، دایرةالمعارف ناسیونالیسم*، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی

محمدی، احمد گل (۱۳۹۵) *چیستی، تحول وچشم انداز دولت*، نشر نی

ناظری، مهرداد (۱۳۹٦) *جامعه شناسی نخبه پروری*، انتشارات علم

وان بریین سن، مارتین (۱۳۷۸) *جامعه شناسی مردم کرد اغا*، شیخ و دولت، انتشارات پانیذ

والرشتاین، ایمانوئل (۱۳۸۱) *تاریخ سرمایه داری*، انتشارات قطره

ویتفوگل، کارل اوگوست (۱۳۹۱) *استبداد شرقی*، انتشارات ثالث

وینو، میشل (١٣٧٩) *قرن روشنفكران*، انتشارات علم

هريسون، لارنس و هانتينگتون، ساموئل (١٣٨٣) *اهميت فرهنگ*، انتشارات امير كبير

هلم هاردى، فريد (١٣٨٥) *اديان اسيا*، دفتر نشر فرهنگ اسلامى

هايامى، يوجيرو (١٣٩٧) *اقتصاد توسعه، از فقر تا ثروت ملل*، نشر نى

ياووز، م. هاكان (١٣٩٤) *سكولاريسم و دموكراسى اسلامى در تركيه*، نشر نى

ييفتاخل، اورن (١٣٨٤) *زادبوم و ناسيوناليسم*، دايرةالمعارف ناسيوناليسم

## عەرەبی

الجابرى، محمد عابد (٢٠٠١) *العقل الاخلاقى العربى*، مركز دراسات الحدة العربية

الجابرى، محمد عابد (٢٠١٠) *بنية العقل العربى*، مركز الدراسات الوحدة العربية

الوردى، على (١٣٧١) *لمحات اجتماعية من تاريخ العراق*، امير-قم

الوردى، على (٢٠١١) *شخصية الفرد العراقى*، دار ليلى- لندن

الوردي، علي (٢٠١٢) *دراسة حول طبيعة المجتمع العراقي*، جامعة بغداد

امين، احمد (١٩٣٢) موسوعة *الحضارة الاسلامية*، مهرجان القراة للجميع٩٧

المرنيسى، فاطمة (٢٠٠٥) *الجنس كهندسة اجتماعية*، الفنك

امام، عبدالفتاح (١٩٩٦) *افلاطون و المراة* ج١، *ارسطو و المراة*ج٢، الاهرام

الحنفى، عبدالمنعم (٢٠١١) موسوعة *علم النفس*٣ و ٢٠، نوبلس

انجيل متى، لوقا، يوحن

ارنت، حنة (٢٠٠٨) *فى الثورة*، المنظمة العربية للترجمة

ابراهيم، يسرى (٢٠٠٥) *فريدريک نيتشة فلسفة الاخلاق*، دارالتنوير

الشبيب، كاظم (٢٠٠٧) *العنف الاسرى*، المركز الثقافي العربي

الجابرى، محمد عابد (١٩٨٨) *المثقفون فى الحضارة العربية*، مركز دراسات الوحدة العربية

الجزائری، زهیر (٢٠١١) *المستبد*، معهد الدراسات الاستراتیجیة

بندا، جولیان (٢٠٢٠) *خیانة المثقفین*، الروافد

تورات، سفر التکوین/قران، *سورة الصافات ١٣٩*

تورات/سفر التکوین٢٢، القران/*سورة ابراهیم، الانبیا، الصافات*

حریقة، پولا (٢٠٠١ ا) *بسیکوبیدیا،ج ٤ و ١٢*، نوبلس

حریقة، پولا (٢٠٠١ب) *بسیکوبیدیا،ج١٠*، نوبلس

حجازی، مصطفی (٢٠٠١) *التخلف الاجتماعي*، المرکز الثقافي العربي

خشبة، درینی (٢٠٢٠) *اساطیر الحب و الجمال عند الیونان*، التنویر

کوش، دنیس (٢٠٠٤) م*فهوم الثقافة في العلوم الاجتماعیة*، المنظمة العربیة للترجمة

داود اوغلو، احمد (٢٠١٠) *العمق الستراتیجی*، مرکز الجزیرة للدراسات

دیورانت، ویل (١٢٠١٣) *تاریخ الحضارات، عصر الایمان*، المنظمة العربیة للتربیة و ا لثقا فة

دیورانت، ویل (٢٠١٣ب) *قصة الحضارة،م ٤١-٤٢*، المنظمة العربیة للتربیة و الثقافة

دیورانت، ویل ( ٢٠١٣ پ) *ب١١-١٢ الحضارة الرومانیة*، المنظمة العربیة للتربیة و ا لثقا فة

دیوڕانت، ویل (٢٠١٣ ت) *نشاة الحیاة،١-٢*، المنظمة العربیة للتربیة و الثقافة

دال، روبرت (٢٠٠٥) *الدیمقراطیة و نقادها*، الموسسة العربیة للدراسات

راسل، برتراند (١٩٩٠) *الاخلاق و الزواج*، دار غریب

سافیاییف، سرغي (٢٠١٩) *تفسیر علم الاعصاب لظاهرة الرویا والاحلام، حوارمع تلفزیون RT* (عەرەبی)

سبینوزا، باروخ (٢٠٠٩) *فلسفة الاخلاق*، المنظمة العربیة للترجمة

سبینوزا، باروخ (٢٠٠٥) *رسالة فی اللاهوت و السیاسة*، التنویر

سعید، ادوارد (٢٠٠٦) *المثقف و السلطة*، الرویة

شوی، اورزولا (٢٠٠٦) *اصل الفروق بین الجنسین*، التنویر

عبـــاس، فيصـــل ( ٢٠٠١ ا) *علـــم قيـــاس الشخصية*،لاموســـوعة الكـــبرى ج ٥ و٦، مكتبـــة ا لكتب

عباس، فيصل ( ٢٠٠١ ب) *علم النفس و التربية*، الموسوعة الكبرى ج ٣، مكتبة الكتب

عبـــاس، فيصـــل (٢٠١١ ا) *الموســـوعة الكـــبرى، ســـيكولوجية العنـــف*، المركزالـــشرق الاوســـط الثقـــافي

عبـــاس، فيصـــل (٢٠١١ ب) *الموســـوعة الكبرى،علـــم النفـــس و اللاســـطورة*، المركزالـــشرق الاوســـط الثقـــافي

عبود، سلام (٢٠٠٢) *ثقافة العنف فى العراق*، منشورات الجمل

عزة، شرارة بيضون (٢٠٠٧) *الرجولة و تغير احوال النسا*، المركز الثقافي العربيس

فريدمان، ميلتون (٢٠١١) *الراسمالية و الحرية*، كلمات عربية

فاولر، روجر (١٩٩٦) *النقد اللسانى*، مكتب الدراسات الحدة العربية

فيبر، ماكس (١٩٩٠) *البروتستانتية و روح الراسمالية*، مركز الانها القومي

كليفورد، گيرتز (١٩٧٣) *تاويل الثقافات*، المنظمة العربية للثقافات

كوش، دنيس (٢٠٠٧) مفهوم *الثقافة فى العلوم الاجتماعية*، المنظمة العربية للترجمة

كيست، جون س (٢٠٠٦) *اليزيدية*، دار العربية للموسوعات

كالفى، لويس جان (٢٠٠٨) *حرب اللغات و السياسات اللغوية*، النظمة العربية للترجمة

ليلكلريک، جيرار (٢٠٠٤) *العولمة الثقافية*، الكتاب الجديد

ماتلار، ارمان (٢٠٠٨) *التنوع الثقافى و العولمة*، الفارابي

مارتان، روبير (٢٠١٠) *مدخل لفهم اللسانيات*، المنظمة العربية للترجمة

مبروک، امل (٢٠٠٥) *الاسطورة و الايديولوجيا*، التنوير

هنجتنغتون، عمانوئل (١٩٩٩) *صدام الحضارات*، منتدى مكتبة الاسكندرية

هومى، ک.بابا (٢٠٠٦) موقع *الثقافة*، المركز الثقافي العربي

# کوردی

بارزانـــی، مەســـعود (١٩٨٢) *بارزانـــی و بزووتنـــەوەی رزگاریخـــوازی کوردســـتان*، چاپخانـــەی پ.د.ک

باقر، یاسین (٢٠١١) *کەسێتیی تاکی عێراقی*، چاپخانەی ئاراس

بۆزئەرسەلان، حەمید (٢٠١٢) *مێژووی تورکیای هاوچەرخ*، چاپخانەی ئاراس

ڤۆلتێـــر، فرانســـوا مـــاری اروئـــە (٢٠١١) *نامەیـــەک لەبـــارەی لێبووردەییـــەوە*، چاپخانـــەی ئـــاراس

شـــەعبان، عبدولحوســـێن (٢٠١١) *بناوانـــی لێبووردەیـــی لـــە هـــزری عەرەبـــی - ئیســـلامی*، چاپخانـــەی ئـــاراس

شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٩) *زمانەوانی* ، چاپخانەی موکوریان

قادر، سەرۆ (٢٠١٣) *کۆمەڵگا، دین و توندوتیژی*، چاپخانەی ئاراس

قـــادر، ســـەرۆ (٢٠٢٠) *بـــارزان و مێـــژووی بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانـــی کوردســـتان*، چاپخانـــەی موکریـــان

قادر، سەرۆ (٢٠٠٠) *ژیان بەبێ گفتوگۆ مەحاڵە*، چاپخانەی گوڵان

قاسملو، عەبدالرحمن (٢٠١٤) *کوردستان و کورد*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات

ل. دیفلیرملڤیـــن و رۆکیتچ،ســـاندرا بـــۆڵ (٢٠١٢) *تیۆریەکانـــی راگەیاندن*،چاپخانـــەی موکوریان

# نوایه


پـــەروەردە ١١, ١٢, ١٣, ١٥, ١٨, ١٩, ٢٠, ٣٣, ٣٤, ٣٨, ٣٩, ٤٢, ٦٢, ٦٤, ٩١, ٩٤, ١٠٣, ١٠٧, ١٠٨, ١١٢, ١٢٨, ١٢٩, ١٣٠, ١٣١, ١٣٢, ١٣٣, ١٣٤, ١٣٥, ١٣٧, ١٤٣, ١٤٤, ١٥٣, ١٥٥, ١٦٤, ١٦٧, ١٧٦, ١٨٩, ١٩٦

پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ٢٠

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی ٢٥

چەمک ١٣, ٣٣, ٣٦, ٤٠, ٤١, ٦٠, ٦٢, ٦٣, ١٠٩, ١٥١, ١٦٣, ١٦٩

ڕەوایی کولتووری ٤٢

ڕێوڕەسم ٩٢

ژن ٣٣, ٧٨, ٨٣, ٨٥, ١١٣, ١١٥, ١٣٦, ١٥٢, ١٥٨, ١٥٩, ١٦٠, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣, ١٦٤, ١٦٥, ١٦٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٨٠, ١٨٤

کولتـــوور ٢, ١١, ١٢, ١٣, ١٤, ١٥, ١٦, ١٧, ١٨, ١٩, ٢٠, ٢١, ٢٢, ٣٣, ٣٤, ٣٥, ٣٦, ٣٧, ٣٨, ٣٩, ٤٠, ٤٢, ٤٣, ٤٤, ٤٥, ٤٦, ٥٤, ٥٦, ٥٧, ٦٠, ٦١, ٦٢, ٦٣, ٦٧, ٦٩, ٧٥, ٧٧, ٨٧, ٨٨, ٩٠, ٩٥, ٩٦, ٩٧, ٩٨, ٩٩, ١٠٠, ١٠١, ١١٣, ١١٤, ١١٦, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٥, ١٢٨, ١٢٩, ١٣٠, ١٤٢, ١٤٦, ١٥٢, ١٥٨, ١٦٠, ١٦٢, ١٦٧, ١٦٨, ١٧٨, ١٨٨, ١٩١

کولتووری جیهانی ٥٤

کولتووری و وەرگرتن ٨٨

کۆڵۆنیالیزم ٢٣, ٢٤, ٢٥, ٢٦, ٢٧, ٥٦, ٦٥, ٧٠, ٧١, ١١٨, ١٣١

کۆمەڵایەتـــی ٢, ٤, ٥, ٩, ١٣, ١٤, ١٥, ١٧, ١٨, ٢٠, ٢٣, ٢٩, ٣٠, ٣٢, ٣٣, ٣٦, ٣٧, ٣٨, ٤٣, ٤٦, ٦٣, ٦٤, ٦٩, ٧١, ٧٧, ٨٥, ٩١, ٩٢, ٩٤, ٩٥, ٩٧, ٩٨, ٩٩, ١٠٠, ١٠٥, ١٠٦, ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١٣, ١١٤, ١١٥, ١٢٣, ١٢٤, ١٢٦, ١٢٧, ١٢٨, ١٢٩, ١٣٠, ١٣٤, ١٣٦, ١٣٨, ١٤٠, ١٤١, ١٤٤, ١٤٨, ١٥٢, ١٥٣, ١٥٥, ١٥٦, ١٥٧, ١٥٨, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣, ١٦٨, ١٧٠, ١٧١, ١٧٣, ١٨٠, ١٨١, ١٨٣, ١٨٦, ١٨٨, ١٩٠, ١٩٢, ١٩٦, ١٩٧, ١٩٨, ٢٠٠

کۆمۆنیزم ٢٢, ٦٧, ٧١, ٧٢, ٧٣, ١٠١, ١٨٠, ١٨٤, ١٩٥

کۆمۆنیست ٣٠, ٦٧, ٧١, ٧٢, ١٠١, ١١٨, ١٨٥

کۆمۆنیستی ٣٠, ٦٧, ٧١, ٧٢, ١٠١, ١١٨, ١٨٥

گومان ٨, ٥١, ٩٨, ٩٩, ١٠٠, ١١٦, ١٩٥

یەهودییەت ١١٩

ب

باوەڕ ٧, ١٤, ١٦, ١٧, ١٨, ٢٠, ٢٢, ٢٣, ٣٤, ٣٦, ٣٨, ٤٢, ٤٥, ٤٦, ٥٠, ٥٢, ٥٥, ٥٦, ٦٣, ٦٤, ٦٩, ٧٩, ٩٢, ١٠٠, ١٠٢, ١٠٧, ١١٣, ١١٤, ١١٥, ١٢٣, ١٢٤, ١٢٨, ١٣٤, ١٣٦, ١٤٤, ١٤٦, ١٥٢, ١٥٦, ١٥٩, ١٦٠, ١٩٦, ١٩٧

باوەڕبەخۆنەبوون ٧, ٥١

بندەستەیی ٤٦, ٤٧

بەجیهانیبوون ٦, ٦٠, ٦٧, ٦٨, ٦٩, ٧٠, ٧٥, ٧٧, ٨١, ٨٣, ٨٥, ١٠٦, ١٤٠, ١٨٤, ١٩٥

بەها ١٥, ١٦, ١٧, ٣٢, ٣٣, ٣٨, ٤٩, ٦٠, ٦١, ٧٨, ٨٥, ٩٢, ١١١, ١١٤, ١١٨, ١٢٦, ١٢٧, ١٢٩, ١٤٢, ١٤٤, ١٤٨, ١٤٩, ١٥٢, ١٥٣, ١٥٦, ١٦٧, ١٦٨

بودایی ٥٢, ٥٧, ١١٨

ت

تەقلیدی ٩, ٢٣, ٢٦, ٢٩, ٦٩, ٨٠, ٨٦, ٩٤, ٩٨, ١١٧, ١٨٩, ١٩٣, ١٩٩

تەکیە ٢٩, ١٢٢, ١٢٦, ١٣٠

تەوڕات ٣٧, ٤٠, ٤١, ١٤٤, ١٦١, ١٩١

تیپی ١٤, ١٥, ٤٧, ٥٠, ٥٣, ١٠٤, ١٠٧, ١١١, ١٣٠, ١٤٣, ١٨٦, ١٨٧, ١٩٢

ج

جیۆگرافیای پچڕاو ٥٣

خ

خانەقا

خانەقا ٢٩

خورافە ١٣٦

خێڵ ٢٣, ٦٢, ١٠٣, ١٠٩, ١٣٧, ١٣٨

د

دین ٢, ٨, ١١, ٢١, ٢٩, ٣٠, ٣٦, ٤١, ٤٧, ٤٨, ٤٩, ٥١, ٥٢, ٥٣, ٥٨, ٦٢, ٦٤, ٧١, ٨١, ٨٩, ٩٠, ٩٥, ٩٦, ٩٨, ٩٩, ١١٣, ١١٧, ١١٨, ١١٩, ١٢٠, ١٢٢, ١٢٦, ١٣٩, ١٥١, ١٥٦, ١٥٧, ١٥٨, ١٦٤, ١٦٥, ١٨٣, ١٩٨, ١٩٩, ٢٠٠, ٢٠٤, ٢٠٩

ز

زمان ٢, ٧, ٨, ١٢, ١٣, ١٩, ٢١, ٣١, ٣٢, ٣٣, ٣٤, ٣٥, ٣٦, ٣٩, ٤٠, ٤١, ٤٢, ٤٣, ٤٤, ٤٦, ٤٧, ٥٥, ٥٦, ٥٩, ٦١, ٦٢, ٦٤, ٧١, ٨٩, ٩٧, ١٢٣, ١٢٩, ١٣٠, ١٣٣, ١٤٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧١, ١٧٣, ١٧٤, ١٧٥, ١٧٦, ١٩٠, ١٩١, ١٩٣

س

ستراکتۆر ١٣, ١٤, ٢٠, ٢٢, ٢٩, ٣٢, ٣٦, ٤٥, ٥٥, ١٠٢, ١٠٥, ١١١, ١١٤, ١٢٨, ١٣٥, ١٤٢, ١٦٨

سەرمایەداری ٢٣, ٢٦, ٢٧, ٢٨, ٦٧, ٧١, ٧٢, ٧٣, ١٦٣, ١٧٩, ١٨٤, ١٩٢, ١٩٣, ١٩٥

سوننە ٣٠, ١٣١

سووریا ٢١, ٤٦, ١٧٤

سیستەم ٨٥, ١٣٣, ١٣٦

ش

شارستانییەت ١٧, ٥٧, ٥٨

شۆڕشگێڕی ٢٧, ١٣٨, ١٣٩, ١٦٥

شیعە ١٣١

شینتۆ ٥٧

ع

عەشیرەت ٢٣, ٩١, ١٠٨, ١١٣

عەقڵییەت ٤٥

عوسمانی ٤, ٢٤, ٢٥, ٥٧, ١٢٦, ١٣١, ١٦٤

م

مرۆڤی هۆشمەند ١٣

مەسیحییەت ٥٩, ١٣٠, ١٥٦

مەعریفە ٥١, ٩٦, ١٣٥, ١٨٢, ١٨٩

مۆدێرن ٢٤, ٥٥, ١٥٧, ١٧٩, ١٨١, ١٨٣, ١٨٤, ١٨٦, ١٨٨, ١٩٢, ١٩٥

مێـــژوو ٢, ٣٠, ٤٢, ٥٥, ٥٩, ٦٧, ٨٠, ٩٠, ١٠٤, ١٠٦, ١٠٧, ١٠٩, ١١٢, ١١٩, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٥, ١٣٢, ١٤٢, ١٤٣, ١٤٤, ١٥١, ١٥٥, ١٦٠, ١٦٢, ١٩١, ١٩٢, ١٩٨, ١٩٩, ٢٠١

ن

نەتەوە ٢١, ٤٥, ٤٦, ٦٢, ٨٤, ١٠٨, ١٣٧, ١٥٧, ١٩٣, ١٩٤, ١٩٥

نەتەوەی باڵادەست ٥, ٧

نەژاد ٥٣, ٢٠٠

نیشانە ٣٦

ه

هەقە ١١٨

ي

ئاری ٨٠

ئاریایی ٤٨, ١٤٧

ئازادی ١٠, ٣٣, ٣٦, ٤٧, ٦٤, ١٠٢, ١٠٣, ١١٤, ١٣٨, ١٥٢, ١٩٥

ئاسیا ٢٣, ٤٨, ٥٢, ٥٣, ٥٧, ٥٨, ٥٩, ١٨٤

ئەخلاق ٣٣, ١١١, ١١٤, ١٤٨, ١٤٩, ١٥٠, ١٥١, ١٥٢

ئەفسانە ٣٧, ٤١, ٤٤, ٤٨, ٤٩, ٥٠, ٥٥, ٥٧, ٨٩, ٩٦, ٩٧, ١١٢, ١١٩, ١٤١, ١٤٣, ١٤٤, ١٤٥, ١٤٦, ١٤٧, ١٥٤, ١٨٢, ١٩٧

ئەورووپا ٢٣, ٥٣, ٥٦, ٥٧, ٥٨, ٥٩, ٦٠, ٧٠, ٧٧, ١٥٧, ١٨٤, ١٨٩

ئوستورە ٤٩, ١١٩

ئیسلام ٣١, ٤٢, ٤٨, ٥٣, ٥٨, ٥٩, ١٣١, ١٤٧, ١٥٦, ١٥٧, ١٦٥, ١٨٣, ١٩١, ١٩٩

ئینجیل ٤١

ئێران ٢١, ٤٦, ٥٢, ٧٣, ٧٤, ١٠١, ١٢٢, ١٢٧, ١٣١, ١٤٦, ١٦٤, ١٧٣, ١٨٥

ئێزدی ٢٩, ٣٠, ٣١, ٤٨, ٩٠, ١٢٦

لەم کتێبەدا من هەوڵم داوە پێناسەیەك لە کولتور و چەمکە پێویستەکانی بکەم. مەبەستیشم لەم کارە هەنگاونان بوو بۆ مناقەشەکردنی مێژوو و جۆری پێکهاتنی هەیکەلی کولتوری کوردستان. کۆشاوم تا هەموو پاڵوەکانی وجودی کۆمەڵگای کوردستان کە ئەم باسە بیگرێتەوە بخەمە بەر چاو و ڕای خۆمی لەسەر بدەم. جۆری بیرکردنەوە و ئەو واقیعەی تییدا دەژین وەسف کراوە و دەرهاویشتەکانیم باس کردووە. هەوڵمداوە سروشتی کۆمەڵگای کوردستان لە داگیرکرانی مێژووییدا باس بکەم و تەبیعەتی بناسێنم. کێشەی زمان و پەروەردەم خستۆتە بەر باسکردن و زەمینەی سەرهەڵدانی سیاسییەکانی و جۆری بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیم لە پەنجەرەی واقیعبینییەوە نمایش کردوە. هوڵمداوە باسی کاریگەری لێکدابڕانی چوارپارچەیی بکەم و فکرێك بۆ داهاتووی دوای ڕزگاربوونی هەر پارچەیەك بهاوێم. جیاوازیەکانم خستۆتە بەر باس و هەوڵمداوە یارمەتی ڕوانگای واقیعبینانە بۆ هاوکاری نێوان پارچەکان بدەم.



